# ئیمپراتۆریای لم

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

د. ڕەفیق سابیر

# ئیمپراتۆریای لم

## لەبارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم

**ئیمپراتۆریای لم**

**لەبارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم**

**د. ڕەفیق سابیر**

بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزانی ناوەرۆک:
دیزانی بەرگ:
نۆبەتی چاپ: چاپی چوارەم 2014
تیراژ: 1000
چاپی سێیەم
بڵاوکراو: ناوندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

هەواڵنامەی کتێب

وتەیەک بۆ چاپی سێیەم
پێشەکی
بەشی یەکەم– ئیسلام: ناکۆکیی نێوان پەیامی ئاین و دەوڵەتی خێڵ ..........
بەشی دووەم– ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی خێڵەکی
بەشی سێیەم– ئێران: ئیمپراتۆریای مەزهەب ..........................
بەشی چوارەم– تورکیا: ناسیۆنالیزمی عەسکەری ..........................
بەشی پێنجەم– عێراق: دەوڵەتی ناسیۆنالی کەمایەتیی مەزهەبی ............
پاشبەند ..................................................
هەندێ سیمای هاوبەشی دیکەی دەوڵەتانی ناسیۆنال خێڵەکی ...............
ئەنجام ..................................................

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

**سڵاو:**

**– لە شەرەفخانی بتلیسی و یادی چوارسەد ساڵەی نووسینی شەرەفنامە.**

**– لە ئیسماعیل بێشکچی.**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# وتەیەک بۆ چاپی سێیەم

کتێبی ئیمپراتۆریای لم هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی هەندێک لایەنی مێژووی کولتووری و فیکری و سیاسیی گەلە سەردەستەکانی کوردستان، لە سایەی ئاینی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامیدا.

دوای بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام و سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی، لە ناوچەکەدا، ژیان و سیستمی حوکمڕانی و کولتووری گەلانی بەموسڵمانکراو، ئایناوی کران و لەنێو باوەڕ و هزری ئیسلامی و جیهانبینیی عەرەبیدا لە قالب دران. دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی، کە دواتر گۆڕدرا بە ئیمپراتۆریا، لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەرەتای سەدەی سێزدەیەم، بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا دەسەڵات و کولتووری سیاسی و ئایدیۆلۆجیای ئاینیی ئیمپراتۆریاکە زاڵ بوون. پاش هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریای عەرەبی، دوو ئیمپراتۆریای تر، ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئیمپراتۆریای ئێرانی، دەرکەوتن. ئەوانیش هەمان ئایدیۆلۆجیا، کولتووری سیاسی و مێتۆدی حوکمڕانیی پێش خۆیان درێژە پێ دا. بۆیە ئەوان، بە تایبەتمەندیی خۆیانەوە، لە کۆپییەکی مۆدێلی دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی دەچوون.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئەو مۆدێلە تیۆکراتییەی

دەوڵەت، کە تاکە مۆدێلی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن بوو، لە ناوچیکەدا کۆتایی هات. لەسەر کەلاوەی ئەوان کۆمەڵێک دەوڵەتی ناسیۆنال، بە کۆمەکی کۆلۆنیالیزم، دامەزرێندران.

بەڵام دوای شکستی ئەو دەوڵەتانە، کولتوور سەیاسییەکەیان و نەریت و شێوازی حوکمڕانییان بە میرات مانەوە و بوون بە بنچینەی کولتووری سیاسیی دەوڵەتانی ناسیۆنال. گۆڕانکارییەکی گرنگ کە رووی دا ئەوە بوو ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستی (قەومی) جێگای ئایدیۆلۆجیای ئایینیی گرتەوە. بەڵام ئەو دەوڵەتە نوێیانەش لە دەسەڵاتێکی ئیستیبدادی، ستەمکار، و دیکتاتۆر زیاتر نەبوون و نین.

ئەو کولتوورە سیاسییە ئایینییەی لە ماوەی سەدان ساڵدا کەڵەکە بووە، هۆکارێکی گرنگی سەرهەڵدانەوەی ئایدیۆلۆجیای توندڕەوی ئیسلامی و توندوتیژیی ئایینییە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا. جێی سەرنجە ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی و خولیای سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسیی ئاینی، لە رێی توندوتیژییەوە، لە سەردەمێکدا بڕەوی پەیدا کردووە کە هەموو ئاینەکانی تر دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان لەدەست داوە. گەلانی دنیا، جگە لە گەلانی موسڵمان، ئاین و دەسەڵاتی سیاسییان بە تەواوی لە یەکتری جیا کردۆتەوە، بەم کارەش خۆیان لە ئیستیبداد و ستەمی ئاینی و دەستدرێژی و کۆنترۆلی دەزگا ئاینییەکان رزگار کردووە.
بەهێزبوونی دیاردەی توندوتیژیی ئاینی و خولیای

سەپاندنی دەسەڵاتی ئاینی، لە ڕێی تیرۆرەوە، کە هەندێک گروپی ئیسلامیی سوننەمەزهەبی عەرەب، ڕابەرایەتیی دەکەن، دەری دەخات کە ئەو کولتوورە ئاینییە سیاسییەی سەدان ساڵە دەهێندرێتەوە بەرهەم، هێشتا لەتوانایدا ماوە کە گەلانی عەرەب و هەندێک وڵاتی ئیسلامی، لە شارستانەتی و عەدالەت و پێشکەوتن و دیموکراتی دابڕێت و لەناو ستەم و تیرۆر و خورافە و بێدادییدا، بەندیان بکات.

ئیمپراتۆریا و دەوڵەتی ئیسلامی، بە هەرسێک مۆدێلی عەرەبی، تورکی و ئێرانی و مۆدێلە ناوچەییەکانی تریانەوە، نەیانتوانی، لە مێژووی هەزار و دووسەد ساڵەیاندا، تاکە یەک نموونەی دەوڵەتێکی مرۆڤدۆست و تۆزێک دادپەروەر پێشانی دنیا بدەن. میراتی سیاسی و کولتووریی ئەو دەوڵەتانە (جگە لە هەندێک کاری کولتووریی گرنگ، بەڵام کەمی سەردەمی عەباسییەکان) کولتووری کۆیلەداری و ستەم و تاڵان و فەسادی و بەکۆیلەکردنی ژن بوو، کولتووری تیرۆر و سەرپەڕاندن و لەناوبردنی خەڵکی لەخۆجیاوازی سەر بە ئاین و مەزهەب و کولتووری دی بوو، کە هێشتا ئەو کولتوورە لە وڵاتانی عەرەبی و زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا زاڵە. دوای ئەوانیش میراتگرانیان، دەوڵەتانی ناسیۆنال، نەیانتوانی کولتوورێکی نوێی سیاسی و مۆدێلێکی جیاواز و ئازادیخوازانە و مرۆڤدۆستانەی حوکمڕانی دابهێنن، کە بتوانێت هەر نەبێت لە تاکە

وڵاتێکیاندا، کەمێک دادپەروەری، ڕۆشنگەری، دیموکراتی، ئازادیی نەتەوەکان و یەکسانبوونی ژن و پیاو بچەسپێنێت. ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتانە بوونەتە نموونەی دەوڵەتی فاسید و فاشیل و ستەمکار، کە بەرەورووی قەیران و لەناوچوون بوونەتەوە.

خوێندنەوەی رابردووی سیاسی و کولتووریی ئەو نەتەوانە، کە راستەوخۆ لە ژیانی سیاسی و کولتووریی ئێمەشدا کاریگەر بوون، دەتوانێت بەلای کەمەوە، هانمان بدات تا بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین:

ئایا ئەو دیاردە سیاسی و کولتوورییانەی لەو وڵاتانە و لای خۆشمان دەرکەوتوون و ئەو ستەم و بێدادی و فەسادی و توندوتیژیەی لەگەڵیاندا هاتوون، دیاردە و روداوی رێکەوتن، یان ریشەی مێژوویی خۆیان هەیە؟

ئەم کتێبە یەکەم جار لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨ دا لە سوید، لە لایەن پەخشخانەی رابوونەوە بڵاو کرایەوە. لە چاپەکانی دواتردا، هەندێک بۆچوون و پەراوێز و سەرنج بۆ کتێبەکە زیاد کراون.

لەم چاپە نوێیەدا، کە چاپی چوارەمە، وێرای هەندێک دەستکاریی بچووکی زمانەوانی، کۆمەڵێک هەڵەی چاپ، راست کراونەتەوە.

**نووسەر**

# پێشەکی

## I

ڕەنگە باسکردنی مێژووی فیکری، کولتووری، سیاسیی کۆمەڵ و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ باسکردنی ئاینی ئیسلام، کارێکی ناتەواو بێت، چونکە ئەم مێژووە، بە تەواوی، بە ئاینی ئیسلام و بە مێژووی فیکری، کولتووری و سیاسیی ئیسلامەوە بەستراوەتەوە.

ئاینی ئیسلام، وەک ئاینێکی ئاسمانی، سیستمێکی فیکری و ڕۆحی و کۆمەڵێک بۆچوون و نەریت و دەستووری لەگەڵ خۆی هێنا، کە بە جۆرێکی پتەو تێکەڵی کولتوور و ژیانی فیکری و ڕۆحیی گەلانی بە موسوڵمانبووی ناوچەکە بوون. بەڵام ئیسلام لە سنووری باوەڕهێنانی تاکەکەسی و تەبشیردا نەمایەوە، بەڵکو شێوەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وەرگرت، واتا ئیسلام بوو بە ئایدۆلۆجیای بزاڤێکی سیاسی و دەوڵەت، بەمەیش لە سیستمێکی میتۆلۆجی و فیکری و تێڕامانی کەون و سروشتەوە گوێزرایەوە بۆ ناو واقیعێکی کۆمەڵایەتی و بوو بە بەشێک لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە ئاینی ئیسلام، لەو کۆمەڵگایانەدا،

سنووری فیکری و رۆحیی تێپەڕاند و تێکەڵاوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو.

بەڵام باسکردنی ئیسلام و ئەو بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێبازە فیکری و مەزهەبانەی تیایدا دەرکەوتن، دەخوازن کە ستروکتووری کۆمەڵایەتیی خێڵەکی/ بە دەویی دوورگەی عەرەب و سروشت و کولتووری خێڵە بەدووە بیابانشینەکانی ناوەڕاستی ئاسیا، تورکەکان و مەغۆلەکان، باس بکرێن. چونکە خێڵە بەدووەکانی عەرەب تەنیا یەکەمین بابەتێکی ئیسلام نەبوون، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئامرازێکی ئیسلامیش بوون. بە واتایەکی دی ئیسلام، لە سەرەتاوە تەنیا بۆ گۆڕینی ئەوان دەرنەکەوت، بەڵکو ئەوانیشی کردە ئامرازێک بۆ خۆبڵاوکردنەوە بە ناو گەلانی دەرەوەی دوورگەی عەرەبدا. بەم پێیە هەردوولا، ئەگەرچی پێک ناکۆک و ناتەبایش بووبن، کەچی لە ساتێکی چارەنووسسازی مێژووییدا بۆ یەکتری پێویست بوون.

کەچی خێڵە بەدووە تورکزمان و مەغۆلەکان، دواتر بوونە جێگری خێڵە عەرەبەکان و لە جیاتی ئەمان خۆیان کردە میراتگر و داکۆکیکاری ئیسلام، بە تایبەتی خێڵە تورکەکان، کە لە کاتی پەلهاویشتنی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەفەویدا، ئەم ئاینەیان لە زۆر ناوچەی قەفقاس و ئاسیا و ئەورووپادا بڵاوکردەوە.

ئاینی ئیسلام لە سەرەتادا لە دوورگەی عەرەبدا، مۆدێلێکی دەوڵەتی داهێنا کە دواتر، بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆریای عەرەبیی ئیسلامی و عوسمانی و سەفەوی، بەردەوام بوو. بە رای من تا ئەمڕۆیش زۆربەی مۆدێلەکانی دەوڵەت لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەم تا زۆر، هەمان شێوەمۆدێلی دەوڵەتن کە عەرەبەکان، لەسەر بنەمای ئایدۆلۆجیای ئاین دایان مەزراند. بۆیە هەروەک چۆن ئاینی ئیسلام، وەک سیستمێکی زانین (ئێپستیمی- المعریفی) و فەلسەفی، بنەمای جیهانبینی و نەریت و کولتووری گەلانی موسوڵمانی پێکهێناوە، بە هەمان شێوە ئیسلام وەک سیستمێکی سیاسی (ئیسلامی سیاسی) بناغەی فیکری سیاسی و دەوڵەتی لەو وڵاتانەدا دارشتووە.

لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی کورد و نەتەوە داگیرکەرانی کوردستان موسوڵمانن، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان ئیسلام و کولتووری خێڵایەتی و نەریتی ئاینیی دەوڵەت کارێکی فرە گرنگە بۆ خۆناسین و ناسینی سروشت و کولتووری سیاسیی ئەویدی (الآخر) کە بۆ ئێمە لە پلەی یەکەمدا نەتەوە سەردەستەکانی کوردستانن.

# II

ئەم باسە ناوەڕۆکی فەلسەفیی ئیسلام و مەسەلەی وەحی ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی ئەنترۆپۆلۆجیای ئیسلام، بە تایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ لایەنی سۆسیۆکولتووری و ناوەڕۆکی دەوڵەت، دەگرێتەوە.

ئیسلام، وەک هەر ئاینێکی ئاسمانی، تەنیا هەر سیستمێکی فەلسەفی و زانینی و میتۆلۆجی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی ئەنترۆپۆلۆجییشە. لایەنێکی لەو تێکستانە پێکدێت کە بنەما و سیستمی فیکری و فەلسەفیی ئاینەکە پێکدێنن، قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر. لایەنێکی دیکەی پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە، واتا مرۆڤ. چۆن لە تێکستە ئاینییەکان گەیشتووە. چۆن لە واقیعدا کاری پێکردوون، تا چەند ئاینەکەی بۆ بەرژەوەندیی شەخسی، چینایەتی و نەتەوەیی خۆی بەکارهێناوە. بە کورتی مەبەست لە لایەنی ئەنترۆپۆلۆجیای ئاین ئەوەیە کە خەڵک چۆن لە ئاینەکە گەیشتوون، چۆن بەرخودیان لەگەڵدا کردووە و پەیڕەویان لێ کردووە.

دیارە ئەم تێگەیشتن و بەرخودە دەشێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، یان لە گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئێتنیکییەوە، بۆ گروپێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی جیاواز بێت، بۆیە وەک ئەنجامێکی سروشتیی ئەم جیاوازییە، ناکۆکی و

هەواڵنامەی کتێب

جیاوازیی بیروڕا دروست دەبن. سەرەنجام لە ئاینی ئیسلام و هەر ئاینێکی دیکەی ئاسمانیدا چەندان مەزهەبی جیاواز هەن، کە هەر هەموویان رەوایی خۆیان لە خودی ئاینەکانیانەوە وەردەگرن. هەر هەموویان خۆیان بە راسترو بگرە راستترین دەزانن. هەر بەم ناوەشەوە، یان هەر بەپێی ئەم شەرعیەتی خۆبەراستترین زانینە لایەنگرانی دیکەی ئاینەکە، کە سەر بە مەزهەبی جیاوازن، بە لادەر لە ئاین دەزانن و بە توندی پەلاماریان دەدەن. رەنگە ئەو کوشتارە گەورانەی کە لەسەر جیاوازیی مەزهەبی، لە نێوان لایەنگرانی یەک ئاینیدا، کراون لەو کوشتارانە زۆر زیاتر بن کە لە نێوان لایەنگرانی دوو ئایندا کراون. بۆ نموونە کوشتاری نێوان مەسیحییە کاثۆلیک و پۆرتستانەکان، کوشتاری نێوان موسوڵمانە سوننەکان و شیعەکان..تاد.

ناکۆکی و جیاوازی و کوشتارەی نێوان لایەنگرانی یەک ئاین، ئەنجامی جیاوازی شێوەی تێگەیشتن و کۆششی سوود وەرگرتن لە ئاینەکەن، واتا لایەنی ئەنترۆپۆلۆجیای ئاینەکەن و پەیوەندیی راستەوخۆیان بە ناوەرۆکی ئاینەکەوە نییە، مەگەر لەو مەسەلانەدا کە تێکستە ئاینییەکان پێک ناکۆکن، یان دەرفەتی لێکدانەوە و تەفسیرکردنی جیاواز بدەن، بە تایبەتی کە زۆربەی تێکستەکانی قورئان و هەندێک تێکستی تەورات و ئینجیل بە زمانێکی ئەدەبیی بەرزی پڕ لە ئیحا و وێنەی شیعری نووسراون کە زەمینەی لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیاواز دەرەخسێنن.

بە کورتی ئەم باسەی من، لایەنی ئەنترۆپۆلۆجیی ئاینی ئیسلام دەگریتەوە، نەک لایەنی فەلسەفی و میتۆلۆجیی ئاین، بۆیە لەم باسەدا بە گشتی باسی ناوەرۆکی فەلسەفیی ئیسلام نەکراوە مەگەر لە شوێنێکدا کە باسەکە سەپاندبێتی.

# III

ئەو کولتوور و نەریتە سیاسییەی ئیمپراتۆریا ئیسلامییەکانی عەرەبی، عوسمانی و سەفەوی، بە درێژایی چەند سەدەیەک دایان هێنا، لە رەوشی مێژووی خۆیاندا، بوونە بەشێکی گەورە و زاڵی کولتوور و نەریتی سیاسیی وڵاتانی ناوچەکە، وەک میراتێکیش بۆ بزاڤی ناسیۆنالیستی تورک، فارس و عەرەب مانەوە. یان بوونە بەشێک لە سیستمی ئایدۆلۆجیی دەوڵەتی ناسیۆنال. بۆیە بە باشم زانی بەشێکی سەربەخۆ بۆ ناسیۆنالیزم و شێوەی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی ئەورووپا، ئاسیا...تاد لەگەڵ جیاوازیی شێوەی دەرکەوتنی لە وڵاتانی ژێر دەستی عوسمانی و ئێران تەرخان بکەم، بە کورتی سروشتیی خێڵەکی و شۆڤێنیستانەی ناسیۆنالیزم لەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە باس بکەم. چونکە لەو باوەڕەدام کە رەوشی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی تورک، فارس، عەرەب و کورد کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی

ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی دیکەی ئاسیا و ئەفریقا و.. تاد جیایان دەکاتەوە. ئەم تایبەتییانەش بەشێکیان پەیوەندییان بە بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو وڵاتانەوە هەیە، بەشێکیشیان ئەنجامی شێوەی تایبەتی کۆلۆنیالکردن و نفوزی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی کۆلۆنیالیی ئەوروپایین. لەبەر ئەوە دەوڵەتانی ناسیۆنالی تورک، فارس و عەرەب تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لەم تایبەتمەندییانە دەشێت یارمەتیمان بدات تا زیاتر سروشتی ئەو دەوڵەتانە بناسین، لەوەیش زیاتر رەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی زۆربەی ئەو دەوڵەتانە، بە درێژایی مێژووی ئەم حەفتا ساڵەی دوایی، لە هەموو دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە شۆڤێنیتر، شەڕخوازتر و دیکتاتۆرانەتر بوون و تا ئێستاش هەر بەم جۆرە ماونەتەوە. کەچی پرۆسەی دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە زۆر وڵاتانی دیکەی ئاسیادا، کە ئەوانیش ژێر دەستەی کۆلۆنیالیزم بوون، رەوتێکی تا رادەیەک بەرچاوی بڕیوە.

لەپاڵ ئەم بەشەی ناسیۆنالیزمدا، کە هەندێک سروشت و خاسیەتی گشتیی ناسیۆنالیزمی ئەو وڵاتانە و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا باس کراون، سێ بەشی تایبەتی ئەم کتێبە بۆ ئێران، تورکیا و عێراق تەرخان کراون. ئێران و تورکیا، وەک دوو ئیمپراتۆریای ئایینیی سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەب و وەک نموونەی دەوڵەتی ناسیۆنال،

عێراقیش وەک بەرهەمی کێشەی مەزهەبیی نێوان سوننە و شیعە، هەروا وەک نموونەی دەوڵەتی ناسیۆنالی شۆڤینی و تایفەچیی عەرەب. چونکە ئەو دەوڵەتانە:

یەکەم: وەک ئیمپراتۆریا (دیارە جگە لە عێراق) نموونە و مۆدێلی دەوڵەتانێک بوون، کە لەسەر بنەمای ئیسلام دامەزرێندرابوون، یان رەوایی خۆیان لە ئیسلامەوە وەرگرتبوو و خۆیان بە مەرجەعی ئایینی ئیسلام دادەنا.

دووەم: وەک دەوڵەتانێک لەوەتەی هەن بەشێکی کوردستانیان داگیرو و ژێر دەست کردووە. واتا ئەو چارەنووسە تراجیدییەی، کە لە سەدانساڵەوە تا ئەمڕۆ، کورد تێیدا دەژیت، ئەنجامی راستەوخۆی ژێردەستبوونی ئەو دەوڵەتانەیە. تا ئەمڕۆیش چارەنووسی کورد، بە دوور لە ویستی خۆی، بە چارەنووسی ئەو وڵاتانەوە بەستراوەتەوە.

ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالانەی کە دوای نەمانی سیستمی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی لە ناوچەکەدا دامەزرێنران، بەرهەمی هەمان بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری سیاسیی دەوڵەتە ئیمپراتۆریاکان بوون. بۆیە ئەو دەوڵەتانە، بە درێژایی مێژووی خۆیان، ئەو ستەم و تاوانە کەموێنانە، دیارە بە مۆدێرنکردنەوە! دێننەوە بەرهەم کە پێشتر ئەو ئیمپراتۆریایانە بەرامبەر بە گەلانی دیکە و لایەنگرانی ئاین

و مەزهەبەکانی دی کردبوویان.

بە کورتی لێکۆڵینەوەی مێژووی خێڵ وەک ستروکتووری کۆمەڵایەتیی دەوڵەتی رۆژهەڵاتی و ئاین وەک ئایدۆلۆجیای دەوڵەت رەنگە کلیلی تێگەیشتنی مێژوو و گەلێک دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی ئەمڕۆی ناوچەکە بن. چونکە ئەم مێژووە دوور و درێژە کێوێکی مەزنی کولتووری سیاسی و شێوە مۆدێلێکی بە موتڵەقکراوی ئەوتۆی دەسەڵاتی داهێناوە، کە تا ئێستا لەناو کولتوور و عەقڵی سیاسی و ئایدۆلۆجیای دەوڵەتدا وزەی خۆیان پاراستووە.

دیارە دەکرا لە بەشێکی سەربەخۆدا باس لە ناسیۆنالیزم و سروشتیی خێڵایەتیی بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد بکرێت، بەڵام رەوشی باسەکان و لایەنی میتۆدۆلۆجی (مەنهەج) و ئەو تایبەتمەندییانەی کە ناسیۆنالیزم و بزاڤی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا هەیەتی، بەرەو ئەوەیان بردم کە ئەم مەسەلەیە تێکهەڵکێشی باسکردنی ناسیۆنالیزم لە بەشەکانی ئێران، تورکیا و عێراق بکەم و بە پەیوەندی لەگەڵ بزاڤی ناسیۆنالیستی ئەو وڵاتانەدا باسی ناسیۆنالیزم و بزاڤی کورد بکەم.

دواجار دەبێت ئەوە بڵێم، کە لەم باسانەدا چەند توانیبێتم خۆم لە گێڕانەوەی رووداوی مێژوویی پاراستووە، تەنیا لەو شوێنانەدا کە پێم وابووە بۆ باسەکە یان بۆ ئەنجامگیری گرنگن، بە کورتی پەنام بۆ باسکردنی

ڕووداوی مێژوویی بردووە. چونکە نەمویستووە مێژوو بنووسمەوە، بەڵکو ویستوومە لە باسێکی سۆسیۆکولتووریدا هەندێک ئەنجام لە مێژووی فیکری و کولتووری و سیاسیی ئەو کۆمەڵگایانە، بە تایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ خێڵ/ بە داوەت و ئاین وەربگرم. بۆیە ڕەنگە باسەکە ئەو چاوەڕوانییەی لە خوێنەر هەبێت، کە خۆی هەندێک زانیاریی لە بارەی گەلێک لەو ڕووداوە مێژووییانە هەبێت کە، لەم کتێبەدا، ڕەنگە بە ڕاگوزار هێمایان بۆ کرابێت.

ئەو دوو بەشەی تایبەتن بە تورکیا و عێراق، کاتی خۆی لە گۆڤاری ڕابوون (ژمارە چوارەم و چواردەیەم) دا بڵاو کراونەتەوە. بەڵام لێرەدا، بە پەیوەندی لەگەڵ سەرجەمی کتێبەکە، گۆڕانێکی زۆریان تێدا کراوە، گەلێک شتیان لێ لابراوە و زۆر شتی دیکەیان خراوەتە سەر.

هەڵبەت ئەم کتێبە لافی ئەوە لێ نادات کە لە زۆربەی لایەنە گرنگەکانی ئەو مەسەلانەی کۆڵیوەتەوە، کە باسکران، بەڵام دەتوانێت خۆی وەک سەرەتایەک، بخاتە ڕوو کە حەتمەن بێ ناتەواوی نابێت و، پێویستە زۆر کاری دیکەی لەم جۆرەی بەدوادا بێت.

من لە ئێستادا هەر ئەوەندەم لە دەست هات، هیوادارم نووسەرانی دی لەم بوارەدا کاری باشتر ئەنجام بدەن.

ڕەفیق سابیر

کۆتایی ساڵی 1997

# بەشی یەکەم

## ئیسلام: ناکۆکیی نێوان پەیامی ئاین و دەوڵەتی خێڵ

هەواڵنامەی کتێب

# I

لـه سـەردەمی دەركـەوتنی ئـاینی ئیسـلامدا كۆمـەڵی عەرەب كۆمەڵێكی خێڵەكیی داخراو، پچڕپچڕ و پڕ لـە كێشـە و شـەڕی نێوخۆ بوو. عەرەبەكان تا ئـەو كاتـە وەك كۆمەڵـە خـەڵكێكی دوور لـە شارسـتانەتی و تـا رادەیـەك دابـڕاو لـە جیهـان دەژیـان. ئـەوان لـە رووی سیاسـییەوە یـەكگرتوو نـەبوون. كۆمەڵـە فیدراسـیۆنێكی خێڵایـەتییان، لـە شـێوەی دەسەڵاتی میرنشینی وەك (حمیر، الحیرە، غسـان و حیجـاز) لـــە ناوچـــە جۆربـــەجۆرەكانی دوورگـــەی عـــەرەب، دامەزراندبوو، كـە زۆربـەیان پێـك ناكـۆك بـوون. هـەر بـەم جۆرە عەرەبـەكان لە رووی ئاینییشـەوە بـەش بـەش بوون، بەشـێكیان بتپەرسـت و بەشـێكیان جوولەكـە و بەشـێكی دیكەشیان مەسیحی بوون.

زۆربـەی عەرەبـەكان خێڵـی كۆچـەری بیابانـنشـین، واتـا بەدوو (البدو) بوون و لـە سـایەی سیسـتمێكی كۆمەڵایەتیدا، كە تـەنیا لـە بیاباندا دروست بێت و بە بەداوەت ناسـراوە، دەژیـان. خێڵـە بـەدووەكان، وەك هـەموو خێڵـە بـەدووەكانی بیابـانی ناوەڕاسـتی ئاسـیا و بـاكووری ئـەفریقا، خـەریكی بـەخێوكردنی ئـاژەڵ بـوون و لـە بیابانـەكانی دوورگـەی

عەرەبدا، کە (لە مێژوودا بە گەورەترین سەرچاوەی بەدوو ناسراوە)[1] بە دوای لەوەڕگادا دەسووڕانەوە. بەشێکی دیکەی خەڵکی دوورگەی عەرەب لە چەند شار و شارۆچکەی وەک مەککە، مەدینە و حیجازدا نیشتەجێ بوو بوون و خەریکی بازرگانی و کشتوکاڵ بوون.

خێڵە بەدووەکان خەڵکێکی سەرەتایی و نەخوێندەوار بوون و لە کۆمەڵگایەکی پریمتیتیڤ (بیدائی) و داخراوی پێش مێژوودا دەژیان. ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتییان لەناو ئەڵقەیەکی داخراودا دەسووڕانەوە و هیچ گۆڕانێکی گرنگیان بەسەردا نەدەهات. هەروا ئەوان خەڵکێکی هەژار و دەستکورت بوون. ئەو داهاتە کەمەی بەهۆی ئاژەڵدارییەوە دەستیان دەکەوت بە حاڵ بەشی ژیانێکی کولەمەرگی دەکردن. بەدووەکان کشتوکاڵ، بازرگانی و هەر کارێکی سەنعەتی وەک ئاسنگەری، دارتاشی- تاد یان بە کارێکی سووک دەزانی و بە چاوێکی کەم سەیری ئەو خێڵ و تیرانەیان دەکرد کە سەرقاڵی کشتوکاڵ و سەنعەت و بازرگانی بوون. بە لای ئەوانەوە، دەبوو بژێوی و نان بە زەبری شمشێر و غەزوکردن پەیدا بکرێت، بۆیە غەزوکردن غەنیمەت (دەستکەوتی شەڕ) و تاڵان، بە کارێکی جوامێرانە دادەنرا و بەشێکی گرنگی کولتوورەکەیان بوو. بەم جۆرە خێڵکانی دوورگەی عەرەب، لەناو وشکی و قاتوقڕیی بیاباندا، بۆ مانەوەی خۆیان بە درێژایی ساڵ سەرقاڵی پەلامار و تاڵان و کوشتاری یەکتری و چەتەیی و ڕێگری

بوون. یان هەرچەند خێڵێکی بەدو پێکەوە لە ناکاو پەلاماری ئـەو شـارۆچکە و ئاوەدانییانـەیان دەدا کـە لـە رۆخـی بیابانەکان بوون و تالانیان دەکردن.

شـەڕی خێڵـەکیی نێوان ئـەو خێڵانـە رەگـەزێکی دیکـەی کولتوورەکەیان بوو. ئەم جۆرە شـەڕە، کە مێژوونووسـانی عەرەب بە (ایام العرب) ناوی دەبەن، بە رادەیـەک خوێناوی بووە کە جاری وا بووە دوو خێڵ یان زیاتر، لەسەر شتێکی بچووک و بێبایـەخ بـە شـەڕ هـاتوون و بـە درێژایی دەیـان سـاڵ کوشـتاریان لـە یـەکتری کـردووە. بـۆ نموونـە شـەڕی (ئەلبەسوس) کە لەسەر حوشترێک لە نێوانی خێڵی بەکر و خێڵی تەغلوبدا رووی دا، نزیکـەی چل سـاڵ درێژەی کێشـا، لـەو ماوەیـەدا ئـەم دوو خێڵـە هـەزاران کەسـیان لـە یـەکتری کوشت[(2)].

لەم کۆمەڵگایە خێڵەکییەدا، کە شـەڕ و پێکدادان و تـالان گرنگتـرین رەگـەزی کولتوورەکـەی بـوو، ئـاینی ئیسـلام دەرکەوت و بڵاوبۆوە. لـە سـەرەتادا تـەنیا کۆمەڵـە خـەڵکێکی کـەم، کـە بـە ئەلئەنسـار (الانصـار) و ئـەلموهاجرین (المهاجرین) ناسرا بوون و زۆربەیان خەڵکی شاری مەککە و مەدینـە بـوون، هێـزی سـەرەکیی ئیسـلامیان پێـک دەهێنـا. بـەڵام دوای گرتنـی مەککـە و فـەتحی دوورگـەی عـەرەب لـە سـەردەمی پێغەمبـەردا، خێڵـە بەدوەکانی دوورگـەی عـەرەب بە پۆل چوونە ناو ئیسـلامەوە، چونکـە لێیان روون بوو کـە بە موسوڵمانبوونیان هیچ لە دەست نادەن، کەچی بـەم کـارە

هەواڵنامەی کتێب

دەشێت دنیا و قیامەت ببەنەوە. ئەو خێڵانەیش کە بە بتپەرستی مابوونەوە بە توندی پەلاماردان و کران بە موسوڵمان. بەم جۆرە هەموو خێڵەکانی دوورگەی عەرەب پێکەوە لە شێوەی فیدراسیۆنێکی سەربازیی عەشیرەتیدا یەکخران.

خێڵە بەدووەکان بوونە هێزی سەرەکی و هەرە شەڕکەری ئەم فیدراسیۆنە و لەشکری عەرەبیی ئیسلامی.

خەڵکی دوورگەی عەرەب، کە لە سایەی یەک ناوەندی دەسەڵات و یەک سەرکردەدا کۆ کرانەوە، نەک هەر بوون بە بابەتێکی ئیسلام، بەڵکو لە هەمان کاتدا بوونە ئامرازێکی مەزنی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە دنیادا.

ئیسلام وەک ئاینێکی نوێی ئاسمانی، سیستمێکی نوێی فیکری و رۆحیی هێنا. دەیەویست هۆشیاریی خەڵکی دوورگەی عەرەب لەسەر بنەمایەکی نوێ دابڕێژرێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە سەرەتای رەنگدانەوەی خۆی لە سیستمی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵدا دەرخست. گۆڕینی نەریتی جاهیلییەت و کولتووری دێرینی خێڵەکانی دوورگەی عەرەب و چەسپاندنی کولتوورێکی نوێ، لەسەر بنەمای برایەتیی ئاینی و یەکسانی، بەشێک بوون لە پێداویستییەکانی بەردەوامبوونی ئەم پرۆسێسە. لەم جۆرە حاڵەتانەدا کارتێکردنی هاوبەش و موراعاتی هاوبەشی نێوان دوو شێوە سیستمی کولتووری (کۆن و نوێ) دەبنە

پێداویستییەکی حەتمی. هەردوو لایان بە رادەی جۆراوجۆر، کار لە یەکتری دەکەن. ئەنجام بە شێوەیەک لە شێوەکان جۆرێک تەبایی و پێکەوەهەڵکردن لە نێوانیاندا روودەدات، چونکە هەردوولا چەند پێک ناکۆک بن هێندەیش بۆ یەکتری پێویستن. هەر بۆیە هەموو ئاینەکان، وەک دیاردەی مێژوویی– کۆمەڵایەتی، تەنیا گۆڕانیان بەسەر کۆمەڵ و سیستمی فیکری و کۆمەڵایەتیدا نەهێناوە. بەڵکو خۆیشیان لەگەڵ کۆمەڵدا گونجاندووە.

دەرکەوتنی ئیسلام زەمینەیەکی نوێی بۆ یەکخستنی ژیانی رۆحی– ئاینیی خێڵەکانی دوورگەی عەرەب رەخساند. لە هەمان کاتدا بناغەیەکی پتەوی بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی خێڵایەتی و یەکخستنی ژیانی سیاسیی خەڵکی عەرەب دارشت. چونکە ئیسلام، وەک ئاینێکی ئاسمانی، لە سنووری ئیمان و باوەڕهێنانی تاکەکەسدا نەمایەوە، بەڵکو شێوەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی وەرگرت. هەر بەم پێیە بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام، تەنیا چەند ساڵێکی کەم، کە لە سەرەتاوە تا کۆچکردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە، لە سنووری بانگێشە و تەبشیردا مایەوە. ئایەتەکانی ئەو سەردەمە، کە بە ئایەتە مەکییەکان ناسراون، زیاتر بانگەوازن بۆ باوەڕهێنان بە خودا و پێغەمبەر و دوورکەوتنەوە لە کاری خراپە و هاندان بۆ کاری چاکە و– تاد.. بەڵام دواتر، کاتێک لایەنگرانی پێغەمبەر زۆربوون و

موسوڵمانان بوونە هێزێکی لەشکان نەهاتوو، ئیدی ئیسلام شێوەی بزاڤێکی سیاسی و ئایدۆلۆجیای دەوڵەتی وەرگرت، کە دەیەویست بە زەبری هێز و دەسەڵات و توندوتیژی پرینسیپ و دەستوورەکانی خۆی لە کۆمەڵدا بچەسپێنێت. ئەو ئایەتانەی لەو قۆناغەدا دەرکەوتوون (ئایەتە مەدینییەکان) و فەرموودەکانی ئەو سەردەمەی پێغەمبەر، زۆربەیان شێوەی یاسا و دەستووریان هەیە و بۆ چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو، یان بۆ وەڵامدانەوەی مەسەلەیەکی رۆژ هاتوون و دەبوو وەک شەریعەتێک، کە دەسەڵاتێکی ئاینی و سیاسیی لە پشتەوە بوو، پەیڕەویان لێ بکرێت.

کەچی ئاینی مەسیحی ئەم جۆرە پرۆگرام و دەستوور و ئامانجە سیاسییەی نەبوو. مەسیح و جێگرەکانی تەنیا لە رێگەی بانگێشە و تەبشیرەوە ئاینەکەی خۆیان بەناو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە و بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەت نەدەکردەوە. مەسیحیەت، وەک دەسەڵاتێکی خودایی، بە تەریبی (موازی، پەرەلێل)ی دەسەڵاتی دنیایی خۆی دەردەبڕی. دەیەویست بە دوور لە دەسەڵاتی ستەمکارانەی دەوڵەتی رۆم، پەناگەیەکی ئارامی رۆحی، کە لە سایەی دەسەڵاتی خودادا بێت، بۆ مرۆڤ دابین بکات. دەوڵەتی رۆم بە درێژایی سێ سەدە بەربەرەکانێی ئەو ئاینەی کرد. بەڵام مەسیحییەت، کە وەک هەر ئاینێکی نوێ هیوایەکی نوێی دا بە مرۆڤ، لایەنگرانی زۆری بۆ پەیدا بوو. ئەوەبوو

ئیمپراتۆری رۆم، کۆنستەنتین، نەیتوانی لەناوی ببات. لە سەدەی چوارەمی زایندا، ئاینی مەسیحی کردە ئاینی رەسمیی دەوڵەت. بەمەش ئاینەکە رەوتێکی دیکەی وەرگرت، کڵێلسا بوو بە شەریکە حوکمڕان و ئامرازی دەستی دەوڵەت و ئاینی مەسیحی کرا بە لایەنێک لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە.

گۆڕینی ئاینی ئیسلام، لە پەیامێکی ئاسمانییەوە بۆ بزاڤێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت، پرۆسێسی گواستنەوەی سیستمێکی میتۆلۆجی و تێڕامانی کەون و سروشت بوو بۆناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی. ئەم گۆڕانکارییە کۆمەکی بە چەسپاندن و بڵاوبوونەوەی خێرای ئاینی ئیسلام کرد. بەڵام لە هەمان کاتدا دیلێمایەکی زانینی (ئەلمەعریفی) و پراکتیکیی بۆ ئاینەکە دروست کرد. چونکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵ دەبوو زانین بگۆردرێت بە ئایدۆلۆجیا و سیاسەت. تێڕامان لە کەون و سروشت و ئەودیوسروشت بگۆڕدرێن بە هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵ و دەوروبەر، یان خۆگونجاندن لەگەڵیان. هەروا دەبوو بەرژەوەندیی دەسەڵات بخرێتە پێش دادپەروەری. ئەم کارەش پێویستیی بە زەبرپەروەی و شێوازی توندوتیژانە هەبوو، هەروا نەیدەتوانی بە بێ ئابوورییەکی بەهێز، کە تەنیا لە رێگەی تالانی و غەنیمەت و کۆیلەدارییەوە دەستەبەر دەکرا، بەردەوام بێت.

گۆڕینی ئیسلام بۆ ئایدۆلۆجیای دەوڵەت سروشتی ئاینەکەی گۆڕی. لە هەمان کاتدا زەمینەی بۆ جیاوازی و ناکۆکی و دەستەبەندی لە نێوان موسوڵمانانداا خۆش کرد، کە پاش کۆچی دوایی محەمەد یەکسەر ناکۆکییەکان بە توندی دەرکەوتن. ئەم ناکۆکییانە بەشێکیان پەیوەندییان بە مەسەلەی دەسەڵات (جێگری پێغەمبەر) و سروشتی خێڵایەتیی کۆمەڵی عەرەب و چۆنیەتی تێگەیشتن و تەفسیری قورئانەوە هەبوو، بەشێکیشیان، وەک مێژوونووسانی ئەو سەردەمەی ئیسلام باس دەکەن، ئەنجامی ساخکردنەوە و دەستکاریکردنی هەندێک ئایەت بوو.

لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا کۆمەڵە نوسخەیەکی قورئان لە شام و عێراق و وڵاتانی دیکە هەبوون. کە جیاوازییان لە نێواندا هەبوو. عوسمان، لە ساڵی سیی کۆچیدا، دەستووری دەرکرد کە ئەو نوسخەیەی قورئان، کە لە سەردەمی ئەبوبەکردا نووسرابۆوە، بکرێتە ئەساس و هەموو نوسخەکانی دیکە بسووتێندرێن((3)) ئەمەیش ناکۆکی زۆری لەناو موسوڵماندا دروست کرد. چونکە هەندێک سورە لە نوسخەی عوسماندا، کە بە قورئانی دەوڵەت دادەندرا، هەبوون کەچی لە نوسخەکانی دیکەدا نەبوون، یان بە پێچەوانەوە بۆ نموونە گروپی ئاینیی ئەلموعتەزیلە سورەی ((المسد)) یان بە بەشێک لە قورئان نەدەزانی، هەروا ئەلخەواریجەکان سورەی ((یوسف)) یان

سـەر لەبـەر رەت دەکـردەوە. لـەوەیش زیـاتر، بـە پێـی مێژوونووسـانی ئـەو سـەردەمەی ئیسـلام قورئـانی ئەسـڵی سێیەکی لـە قورئـانی دەوڵـەت زیاتر بووە. قورئان بە پێی پێداویسـتییەکانی دەوڵـەت و بەرژەوەندییـە سیاسـیی و ئـابووری و کۆمەڵاتییـەکانی حوکمڕانـانی ئـەو سـەردەمە گەلێک دەستکاری و ئاڵوگۆڕی تێدا کراوە، هەندێک شتی لێ لابـراوە و هەنـدێکی دیکـەی بـۆ زیـادکراوە. بـە پێـی ئـەو سـەرچاوە مێژووییانـەی ئیسـلام حـەجاج، کـە فـەرمانی چەسپاندنی مەسحەفی دەوڵەتی پێ سپێردرابوو، هەر خۆی ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە تێکستەکاندا کردووە[4].

دەوڵـەت هـەر ئـاین و ئایدۆلۆجیایـەکی لـە پشـتەوە بێت پێویسـتی بـە میکـانیزمی تایبـەتی خـۆی هەیـە. بەرژەوەندییـەکانی دەوڵـەت و پاراسـتنی دەسـەڵات و ئاسایشی دەوڵەت، با بە زەبری ستەم و ئیستیبدادیش بێت، هەمیشە لە پێش مەسەلەی عەدالەت و یەکسانی و برایـەتیی ئاینییـەوە دێن. لـە هـەر کێشـەیەکی کۆمەڵایـەتی و سیاسـیدا ئەمانـە، بـەر لـە هـەر شـتێکی دی، لەبـەرچاو دەگیـرێن. لـەم حاڵەتانـەدا ئامـانج و نـاوەرۆکی عەدالەتخوازانـەی ئـاین، بـەو جـۆرەی کـە لـە تێکسـتە ئاینییەکانـدا هـاتوون، شـێوەیەکی نیسبی بەخۆ دەگرن و پابەندی بەرژەوەندییەکانی دەوڵـەت دەکـرێن. تەنانـەت خـودی ئاینەکـە مەودایـەکی ئەنترۆپۆلۆجییانـە وەردەگرێـت. تێکسـتە ئاینییـەکان، ئەگـەر

هەواڵنامەی کتێب

دەستکارییش نەکرێن، ئەوا بەو جۆرە لێکدەدرێنەوە و پیادە دەرێن کە دەسەڵاتداران مەبەستیانە، یان لەگەڵ بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا دەگونجێن. واتا مرۆڤ هەوڵ دەدات ئاینەکە بە جۆرێک بگۆڕێت، کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگونجێت. ئەمەیش ناکۆکی و دەستبەندی و ڕێباز و مەزهەبی جۆربەجۆر دروست دەکات.

ناکۆکی و کێشە نێوخۆییەکانی ئاینی مەسیحی، لە سەدەی چوارەمی زایین بەدواوە، کاتێک مەسیحییەت بوو بە ئاینی دەوڵەت، سەریان هەڵدا. کەچی ئەم ناکۆکییە نێوخۆییانە هەر دوای مردنی پێغەمبەر، لە ئیسلامدا دەرکەوتن. مەسەلەی جێگریی پێغەمبەر و ناکۆکیی نێوان خەلافەتی ئاینی و دەسەڵاتی دنیایی دەوڵەت و ستروکتووری خێڵایەتیی کۆمەڵی عەرەب سەرچاوەیەکی سەرەکیی دیکەی ئەم ناکۆکییانە بوون. لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبوتالیب، کە دواتر بە شیعە ناسران، سووربوون لەسەر ئەوەی عەلی کوڕی ئەبوتایب، کە لە (اهل البیت) بوو، ببێتە خەلیفەی موسوڵمانان و جێگری پێغەمبەر. لە هەمان کاتدا عەلی لەو باوەڕەدا بوو کە ئیسلام پێش ئەوەی ئاینی فتوحات و غەزو بێت ئاینی هەق و دادپەروەرییە، کەچی معاوییە، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئومەوی و سەرکردەکانی دیکەی قورەیش، تەواو بە پێچەوانەوە بۆ ئیسلامیان دەڕوانی. واتا ناکۆکیی نێوان عەلی و معاویە

هەواڵنامەی کتێب

ناکۆکییەک بوو لە نێوان دوو سیستمی بەرامبەریەک و دوو جیهانی لێکجیاواز و پێک ناکۆکدا: یەکێکیان نوێنەری خەلافەتی ئاینی و ئەویدییان نوێنەری دەوڵەتی دنیایی بوو[5].

شەڕی ئەلسەفین (الصفین) کە شەڕێکی سیاسیی خوێناویی نێوان لایەنگرانی عەلی و لایەنگرانی مەعاوییە بوو، ئەنجامی توندبوونی ئەو ناکۆکییە بوو. ئەو شەڕە، کە بە قازانجی مەعاوییە/ دەسەلاتی دەوڵەت تەواو بوو، لە لایەکەوە موسوڵمانانی کرد بە دوو بەش و دواتر بە چەندان بەشەوە و برایەتیی ئاینی، کە پێغەمبەر لە بەرامبەر برایەتیی خێڵایەتیدا هێنابووی، گۆڕی بە برایەتیی مەزهەبی. لە لایەکی دیکەوە ئەو یەکێتییەی بۆ یەکەم جار پێغەمبەر لە مێژووی عەرەبدا دروستی کرد، درزێکی گەورەی تێکەوت و زۆری نەبرد بە تەواوی هەرەسی هێنا. عەرەبەکان بە هۆی جیاوازیی مەزهەبی و بۆچوونی ئاینییانەوە، پارچە پارچە بوون. بەشی هەرە زۆری ئەسحابەکانی پێغەمبەر لەناو بران. سەرکردە عەسکەرییەکان، وەک چینێکی نوێ، دەسەلاتیان زەوت کرد. کێشە و شەڕی خێڵایەتیی جاران و تەعەسوبی خێڵایەتی، لە فۆرمێکی نوێی مەزهەبی و ئاینیدا دەرکەوتنەوە. بنەماڵەی ئومەوییەکان، بە کوشتن و لەناوبردن، دەسەلاتیان لە بنەماڵەی پێغەمبەر زەوت کرد. ئەنجام زنجیرەیەکی نەپساوی شەڕ و پێکدادان : کێشەی خوێناویی نێوان

ئومەوییەکان و لایەنگرانی عەلی، ئومەوییەکان 66–750 و عەباسییەکان 750–1258 عەباسییەکان و شیعەکان. شەڕ و کێشەی نێوان ناوەندی خەلافەتی عەباسی و ناوەندی خەلافەتی شیعە مەزهەبی فاتمییەکان لە میسر...تاد.

لە لایەکی دیکەوە ئەو شەڕە نەریتێکی لە مێژووی ئیسلامدا داهێنا، کە تا رووخانی ئیمپراتۆریای عەرەبی، لە سەردەمی عەباسییەکان و دواتر، بگرە تا ئەمڕۆ، هەر بەردەوامە: نەریتی بە رەوازانینی کوشتاری نێوخۆی موسوڵمانان لەسەر مەسەلەی دەسەڵات و جیاوازیی مەزهەب و بیری ئایینی.

هەواڵنامەی کتێب

گۆڕینی ئاینی ئیسلام، لە پەیامێکی ئاسمانییەوە بۆ بزاڤێکی سیاسی و دواتریش بۆ ئایدۆلۆژیای دەوڵەت، رەنگە لە تەئسیری ئەم جۆرە پەیوەندییەی نێوان ئاینی مەسیحی و دەوڵەتی رۆم، ئاینی مانی و دەوڵەتی ساسانی بەدوور نەبوبێت، بەڵام پێدەچێت بەشێک بووبێت لە سروشت و پێداویستییەکانی مانەوە و چەسپاندنی ئیسلام لەناو کۆمەڵێکی خێڵەکیی بەدەویدا، کە کولتووری زەبرپەرستانەیان بە خوێن و زۆرداری و تاڵان ئاو درابوو.

مەسیح هەرچەندە نەیدەویست سیستەمی سیاسی بگۆڕێت و سیستەمێکی کۆمەلایەتیی عەدالەتخوازانە دابمەزرێنێت، کەچی ستەمکاران لەناویان برد. گەلێک باسکار و نووسەری عەرەب، لەو باوەڕەدان کە ئەگەر

محەمەد، وەک مەسیح، تەنیا لە ڕێگەی تەبشیرەوە ئاینەکەی خۆی بڵاو بکردبایەوە و پەنای بۆ دەسەڵات و زەبر و توندوتیژی نەبردبایە سەرنەدەکەوت. چونکە بە پێی کولتووری خێڵە بەدووەکانی عەرەب هێز نیشانەی هەق و ڕاستییە. ((ئەگەر محەمەد وەک مەسیح فەرمانی بە لایەنگرانی خۆی بکردایە: (ئەگەر یەکێک زلەیەکی لە ڕوومەتی ڕاستت دا ئەوا ڕوومەتی چەپتی بۆ ڕابگرە) ئەوا خێڵە بەدووەکان گاڵتەیان پێیان دەکرد و لاوازیان دەکردن و هەر بە خواردن دەیانخواردن. لاواز و زەبوون لە بیاباندا نابێت بمێنێت. ئەمە لە زەمانی کۆنەوە لە بیاباندا دەستووری ژیان بووە))[6].

زمانی قورئان، لە گەلێک جێگەدا زمانێکی توند و هاندەرانە و پڕ لە هەڕەشەیە. پەلامار و (فتوحات) و شەڕ و کوشتن، لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا، بە ڕەوا و پێویست دادەنێت و موسوڵمانان بۆ ئەو جۆرە کارانە هان دەدات[7]. هەروا پێغەمبەر، وەک سیاسەتمەدارێک تاکتیکیانە و، بە پەیوەندی لەگەڵ پارسەنگی هێز و مەسەلەی دەسەڵاتدا، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئاینە ئاسمانییەکانی دی دیاری کردبوو.

ئیسلام لە سەرەتای دەرکەوتنیدا، کە هێشتا بزاڤێکی لاواز بوو، خۆی بە تەواوکەری ئاینە ئاسمانییەکانی دیکە دادەنا. بە پێی قورئان (سورەی بە قەرە، ئایەتی 62)

پێغەمبەرانی جوولەکە و مەسیحی بە پێغەمبەری موسوڵمانانیش دادەنران.

بەڵام کاتێک ئیسلام لە دوورگەی عەرەبدا بەهێز بوو، دەوڵەتی ئیسلامی هەڵوێست و رەفتاری خۆی بەرامبەر بە لایەنگرانی ئاینەکانی دیکەی گۆڕی. ئەوان بەگلاو دادەندران و کوشتنیان بە رەوا دەزانرا (سورەی ئەلتەوبە، ئایەی 28،30،31)، هەروا وەک سووکایەتی پێکردن جۆرەها باج و موڵکانە و سەرانە ((خەراج و جزیە)) یان بەسەردا سەپێندرا (یعطو الجزیە عن ید وهم صاغرون – سورەی ئەلتوبە، ئایەی 29،) ئەگەر نەشیان توانیبێت موڵکانە و سەرانە بدەن کراونەتە کۆیلە. بە کورتی لایەنگرانی ئاینەکانی دیکە وەک هاوڵاتیی پلەدوو سەیر دەکران و ستەمیان بەرامبەر دەکرا و لە هەندێک کاتدا بە توندی پەلامار دەدران((8)).

دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی لە سەرەتاوە نەیتوانی ئاینی جیاواز لە خۆی تەحەمول بکات و مافی یەکسانیی یاسایی و ئینسانی، بۆ هاوڵاتیانی خۆی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئاینییان دابین بکات. نەیتوانی دەستوورێکی یەکسان و عادیلانە بۆ پێکەوەژیانی هاوبەشی موسوڵمان و جوولەکە، موسوڵمان و مەسیحی، موسوڵمان و صائبی و زەردەشتی دابینێت. هەمیشە زۆرایەتیی حکومڕان (موسوڵمان) مافی کەمایەتی (لایەنگرانی ئاینەکانی دیکە) ی

پێشێل کردووە و ئەوانی بە هاووڵاتیی پلە دووی داناون.

لە سەردەمی عومەری کوری ئەلخەتابدا، بە پێی یاسایەکی تایبەت، کۆمەڵێک مەرجی سەخت بۆ پەیڕەوەکارانی ئاینەکانی دی ((زەمی)) دانرا، کە لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی متەوەکیل 847–861 بە فراوانی پەیڕەو کران. بە پێی ئەو یاسایە نەدەبوو زەمی پەرستگای نوێ دروست بکەن، بۆیان نەبوو لە دادگادا شایەتی بدەن. دەبوو جلی تایبەتی لەبەر بکەن، یان پشتێندی تایبەتی ببەستن تا بناسرێنەوە. بۆیان نەبوو بە سواری بە لای موسوڵماناندا تێپەڕن. نەدەبوو ماڵیان لە ماڵی موسوڵمانان بڵندتر بێت. بۆیان نەبوو ژن لە موسوڵمان بێنن. نەدەبوو رێگە بدەن موسوڵمانێک بێتە سەر دینیان، بەڵام دەبوو رازی بن کەسێک لە ئاینەکەیان هەڵگەڕێتەوە و ببێتە موسوڵمان. بۆیان نەبوو لە دادگای موسوڵمانان شایەدی بدەن تەنانەت ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندیی بە خۆشیانەوە هەبووایە.. تاد[9].

ئەم جۆرە رێبازە جوداخوازییانەی دەوڵەت، هەر دەوڵەتێک بێت، بەرامبەر بە هاووڵاتیان و ستەم سووکایەتیکردن بە کۆمەڵە خەڵکێک بەهۆی جیاوازیی ئاینییانەوە، ناتوانێت بناغەی کۆمەڵێکی ساخ دابمەزرێنێت و، کەمترین ئاستی عەدالەتخوازی بچەسپێنێت. کاتێک ئەو رێبازە توند و ستەمکارانە بوو بە نەریتێکی رەسمیی دەوڵەت و کۆمەڵی عەرەبیی ئیسلامی، ئیدی شێوەیەکی

فراوانتــری وەرگــرت و تــەنیا لــە ســنووری غەیرەدینــدا نەمایەوە، بەڵکو وەک ڕێسا و مێتۆدێکی دەوڵـەتی، بەرامبـەر هــەر کۆمەڵــە خــەڵکێک پــەیڕەو دەکـرا ئەگــەر بۆچــوون و تێڕوانینــی ئــاینی و مەزهــەبییان لــە تێـڕوانین و بۆچــوونی ئاینی و مەزهـەبیی ڕەسـمیی دەوڵـەت جیاواز بووایـە. واتـا ســتەم و چەوســاندنەوەی غــەیرە موســوڵمانان، بــەهۆی جیــاوازیی ئاینیانــەوە، بــوو بــە ســتەم و چەوســاندنەوە بەرامبــەر بــە موســوڵمانانیش، ئــەم جارەیــان بــە هــۆی جیـاوازیی مەزهــەب و بۆچــوونی ئــاینیی ناتــەبایان لەگــەڵ بۆچوونی ڕەسمیی دەوڵەتی ئیسلامیدا. ئەو ڕێباز و ڕەفتارە لـە سـەردەمی ئومەوییەکانـدا سـنووری ئـاینی و مەزهـەبیی تێپەڕانـد و خاسـیەتێکی نەتـەوەیی عەرەبییشــی وەرگـرت. ئومەوییــەکان گەڕانــەوە بــۆ شــانازیکردنی بەدەوییانــە بــە ڕەگـەزی عەرەبـەوە و بـە سـووکی بـۆ نەتـەوە موسـوڵمانە غــەیرە عەرەبــەکانیان دەڕوانــی و بــە (مــوالی) و (شــعوبی) ناویان دەبردن. لەوەش زیاتر ئومەوییەکان، کە بنەماڵەیـەکی بازرگانی مەکە بوون، کەوتنەوە جەزیە و خەراج ستاندن لە نەتــەوە غەیرەعەرەبــە موســوڵمانەکانی وەک قیبتیــەکان و سـریانەکان و فارسـەکان و تورکـەکان، وەک ئـەوەی ئـەوان نەبووبنە مسوڵمان [(10)]. چونکە ئەم جۆرە باج و سـەرانەیە دەسکەوت و داهاتێکی ئابووریی مفتی بۆ دێنان.

دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی لە سەرەتادا بە زەبری هێز

سنوورێکی لە نێوان خۆی و لە نێوان کەمایەتییە ئاینییەکانی دوورگـــەی عەرەبـــدا کێشـــا و نـــەیتوانی ڕێوشـــوێن و دەســـتوورێکی عادیلانــە بــۆ پێکــەوەژیانی خــۆی و ئاینــە جیاوازەکــان دابهێنێــت. ئەمــەیش نــەریتێکی لــە مێــژووی سیاسیی ئیسلامدا داهێنا: نەریتی ستەمی ئاینی بەرامبەر بە غەیرەدین، ستەمی مەزهەبی بەرامبەر بە غەیرە مەزهەب. دواتریش، لە سەردەمی ئومەوییەکاندا ستەمی نەتەوەیی بەرامبەر بە غەیرە عەرەب. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا غەیرەدین، غەیرەمەزهەب و غەیرەعەرەب کەمایەتی بوون. واتا لاواز و بێدەسەڵات بوون. لاواز و بێدەسەڵاتیش لەناو بەدوەکاندا نابێت بمێنێت. (ئەمە لە زەمانی کۆنەوە لە بیاباندا دەستووری ژیان بوو). ئەم ڕێبازە، لە گەڵ هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە ژن و بە کۆیلەگرتن و بە کەنیزەکردنی دەیان هەزار کەسی وڵاتانی فەتحکراو، کە سامانێکی مفت بوون بۆ سەرکردە عەسکەری و حکومڕانەکان، ناوەڕۆکی عەدالەتخوازانەی ئیسلام دەخەنە ژێر پرسیارەوە. لە هەمان کاتدا سروشتی ستەمکارانەی دەوڵەتەکە دەردەخەن، کە لە پرۆسێســـی فتوحاتـــدا بـــوو بـــە ئیمپراتۆیایـــەک، کـــە ئابوورییەکـــەی لەســـەر بنچینـــەی غـــەزوکردن و تـــاڵانی و غەنیمەت دامەزرێندرا. ئیمپراتۆریایەک کە چینێکی نوێی ئۆرۆســـتۆکراتی عەســـکەریی ســـاماندار و موڵکـــدار و کۆیلەداری بە کولتوور و ڕەچەڵەک بەدوو، ڕێباز و ڕەوش و پرینسیپەکانیان دیاری دەکرد.

# II

دەوڵەتی ئیسلام دەسەڵاتی خێڵە بەدووە عەرەبەکان و شەڕ و ناکۆکیی نێوانیانی لاواز کرد. هەموو ئەو خێڵانەی ملکەچی یەک ناوەندی دەسەڵات کرد. بەڵام دەوڵەتەکە نەیتوانی بە تەواوی کولتوور و عەقڵیەتی خێڵەکیی خەڵکی تازە موسوڵمانی دوورگەی عەرەب، کە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشە و ناکۆکییەک جگە لە شمشێر شتێکی دیکەیان بە بیردا نەدەهات، بگۆڕێت. کولتووری خێڵەکی و بەدەوییانەی کۆمەڵگەی دوورگەی عەرەب، کە سەدان ساڵ بوو ریشەی خۆی داکوتابوو، بە ئاسانی جێگەی خۆی چۆڵ نەکرد. بەڵکو کۆششی کرد تا، لە سایەی ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلامیدا، درێژە بە خۆی بدات و خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێت. بۆیە ئاسان نەبوو ئیسلام، وەک دیاردەیەکی نوێ، کولتوور و نەریتێکی سەرجەم نوێ و جیاواز، لە دوورگەی عەرەبدا بچەسپێنێت. واتا ئیسلام نەیتوانی لە دوورگەی عەرەبدا پەیامی دادپەروەری و برایەتی و یەکسانیی ئاینی، کە لە سەرەتادا بانگێشەی بۆ دەکرد و رەوایی دەرکەوتنی خۆی پێ دەسەلماند، بەسەر کولتووری بەدووەکاندا، کە لەسەر بنەمای غەزوکردن و تالان و توندوتیژی دامەزرێندرا بوو، زاڵ بکات. بە پێچەوانەوە ئیسلام خۆی وردە وردە لە بەردەم

پێداویستییەکانی دەوڵەت و خواستی چینی نوێی حوکمڕاندا پاشەکشەی پێ کرا. کولتووری زاڵی نەتەوەی عەرەب، کە بە کولتووری جەهالەت ناودەبرێت، وەک کولتوورێکی دێرینەتر و نزیکتر لە کەسایەتی و سایکۆلۆجیا و ئامانجی خێڵە بەدووەکان هەر بەردەوام بوو، لە فۆرمی نوێدا خۆی هێنایەوە بەرهەم. ناکۆکیی نێوان ئەم دوو کولتوورە، کولتووری بەدەوی و کولتووری ئیسلامی، بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ئیسلام هەر درێژەی هەبوو. کێشە سیاسی و مەزهەبی و فیکرییەکانی نێو دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی، کەم تا زۆر، لەم ناکۆکییە بەدوور نەبوون.

بزاڤە فیکری و سیاسییەکانی دژ بە ئیسلامی رەسمی (ئیسلامی خەلافەت) لەوانە خەواریج، شیعەکان، موعتەزیلەکان، بابەکییەکان، ئیسماعیلییەکان، فاتمییەکان و قەرامیتە... تاد، ئایدۆلۆجیایەکی ئایینییان هەبوو. هەموویان رەوایی خۆیان لە ئایینی ئیسلام وەردەگرت. لەو باوەڕەشدا بوون کە حکومڕانانی دەوڵەتی ئیسلامی لە پرینسیپ و رێبازی راست و عەدالەتخوازانەی ئیسلام لایان داوە. بۆیە زۆربەیان، لە پاڵ ئامانجی ئاینی ـ سیاسییاندا، ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیشیان هەبوو. داوای یەکسانی و عەدالەتخوازییان دەکرد. دژی ستەم و لادانانی دەوڵەت بوون لە هەندێک پرینسیپی ئاینی. بەڵام ئەو بزاڤانە، وەک چۆن دژی خێڵ و ئاینی رەسمی بوون، ئاوایش لە پێناو خێڵ و ئایندا بوون. واتا ئامانجی ئەم بزاڤانە گۆڕینی دەسەڵاتی خێڵێک بە

خێڵێک و جۆرە زانینێکی ئاینی بە یەکێکی دی بوو.

کاتێک لە سەردەمی عومەردا فتوحات، وەک ئەنجامێکی بە دەوڵەتبوونی ئیسلام، دەستی پێ کرد دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی پێویستی بەهێزی کار (شەڕکەر) هەبوو تا بتوانێت بەرەنگاری هەردوو ئیمپراتۆریای بیزەنتی ـ مەسیحی و ساسانی ـ زەردەشتی ببێت و ئاینی ئیسلام لە ناوچەکانی بندەستی ئەم دوو ئیمپراتۆریایەدا، بڵاو بکاتەوە، بەدووەکان کە لە نێو خوێندا گەورە بوو بوون و بە درێژایی مێژووی خۆیان بەهۆی شەڕ و پەلامار و غەزو بەشی سەرەکیی بژێوی خۆیان دابین دەکرد، بوونە کاریگەرترین هێزی لەشکری عەرەبی. ئەوان بە تەواوی نەریت و کولتووری خۆیانەوە روویان لە وڵاتانی دی کرد، بە ناوی ((جیهاد))ەوە کەوتنە پەلاماری ئەو وڵاتانە. بە پێی هەندێک سەرچاوە تەنانەت خێڵە عەرەبە مەسیحییەکانی دوورگەی عەرەبیش لە فەتحی میسر و سوریا و ئێراندا بەشداربوون[(11)].

خێڵە بەدووەکان لە بەرامبەر بەشداربوونیان لەو شەڕانەدا، بەشێکی دەستکەوتەکان (غەنیمەتەکان) یان، وەک پاداشت پێ دەدرا. دەستکەوتەکانیش بە پێی، سورەی ئەنفال – ئایەی 41 لە نێوانیاندا دابەش دەکرا: پێنجیەکی دەستکەوتەکان (غەنیمەتەکان) بۆ پێغەمبەر و بیت المال و چوار لە پێنجیشی بۆ جەنگاوەران بوو، کە دوای تەواوبوونی شەڕ پێیان دەدرا.

فتوحات و تالانیی شەڕ، لەشکری بەدووەکانی عەرەبی (بە مەسیحییەکانیشەوە) یەکخست و یەکگرتووانە ڕەوانەی دەرەوەی دوورگەی عەرەبی کردن و هەموو جیهانی وەک موڵکێکی حەڵاڵ خستە بەردەستیان. بەم کارەش لە لایەکەوە شەڕی نێوخۆی خێڵەکانی عەرەب بە شەڕی نێوان عەرەب و نەتەوە غەیرە موسوڵمانەکان گۆڕدرا. لە ئەنجامدا کوشتاری گەورە لە خەڵکی سەر بە ئاین وباوەڕەکانی دی (جوولەکە، مەسیحی، بتپەرست، زەردەشتی و سابئی) کرا. لە لایەکی دیکەوە زەمینەیەکی لەبار ڕەخسا تا خێڵە بەدووەکان، لە بارودۆخی شەڕدا، ئازادانە و دوور لە کۆنترۆڵ، خەریکی تالان و چەتەیی و کوشتن ببن و درێژە بە نەریت و کولتووری خۆیان بدەن.

کاتێک فتوحات لە سنوورێکدا ڕاگیرا و شەڕی کافران! تەواو بوو، لەشکرەکە دەرفەتی ئەوەی نەما کە، لە دەرەوەی سنووری جیۆگرافیی ئیسلامدا، درێژە بە کوشتن و تالانکردن بدات، ئیتر ڕووە و ناوخۆ وەرچەرخایەوە. ئەو هێزە شەڕکەر و پەلاماردەرە، کە سەرکردەکانی چینێکی نوێی ئەرستۆکراتیی عەسکەری و ئاغای شەڕیان پێک دێنا، بوو بە ئامرازێک بە دەست خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسییەوە بۆ پەلامار و لەناوبردنی هەر بزاڤێکی ئیسلامی و سیاسی و عەشیرەتیی دژ بە خۆیان، بۆ نموونە دژی بزاڤی شیعەکان، خەواریج و قەرامیتە، بنەماڵەی عەلی و

نــەوەکانی پێغەمبــەر...تاد). ئیـدی کوشــتاری بــە کۆمــەڵی موســوڵمان و تــاڵان و کۆیلــەکردنیان، لــە لایــەن لەشــکری ئیســلامییەوە، بــوو بــە بەشــێک لــە پێداویســتیی مانــەوەی هەردوو خەلافەتی ئومەوی و عەباسی.

لە سەردەمی خەلافەتی ئومەویدا (661–750) کوشتاری نێوخـۆی موسـوڵمانان هـەموو سنووریکی بەزانـد. خـەڵکی موســوڵمانی هــەردوو ویلایــەتی کووفــە و بەســرە، کــە لایــەنگری عــەلی بــوون، حــوکمڕانیی ئومەوییــەکانیان بــە ناشەرعی دەزانی. ئومەوییەکان پەلاماریان دان و زیاتر لە هەشت هەزار کەسیان لێ کوشتن [(12)]. حەججاج، کە والیی ئومەوییەکان بوو لە عێراق، لە ماوەی 20 ساڵی حوکمڕانیدا لــە نێـوان 100–120 هــەزار کەســی موســوڵمانی عێراقــی کوشت. کاتێکیش دوای مردنی دەرگای زیندانەکان کرانـەوە، بە پێی هەندێک سەرچاوەی ئیسلام 80 هـەزار موسـوڵمانی زیندانیکراویان تێدا بوو، کە 30 هەزاریان ژن بوون. [(13)].

هــەر لــەو ســەردەمانەدا، خــەڵکی موســوڵمانی شــاری کوردنشینی هەمەدان کوشتارێکی فراوانیان لێ کرا و ژنانی شارەکە بەدیل بران و لە بازاڕەکاندا هـەڕاج کران. ئـەم ژنـە کوردانــە، وەک بروکلمــان دەنووســێت: (هــەوەڵین ژنــە موسوڵمان بوون کە لە سەردەمی ئیسلامدا هەڕاج بکرێن و خەڵکی بیانکڕێت)[(14)].

ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین ڕووداوی سەردەمی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی ئەو پەلامارە بێت کە بە فەرمانی یەزیدی کوڕی مەعاویە کرایە سەر خەڵکی موسوڵمانی شاری المدینە، کە بە حوکمڕانیی یەزید ڕازی نەبوون. دوای داگیرکردنی شارەکە سەرلەشکری ئومەوییەکان، مسلم بن عقبە المریی، ڕێگەی بە سەربازەکانی دا تا سێ ڕۆژ و سێ شەو، ئازادانە و بە ئارەزووی خۆیان بکوژن و تاڵان بکەن و دەستدرێژی سێکسی (جنسی) بکەنە سەر ژنان. هەندێک سەرچاوەی مێژووی ئیسلام دەنووسن کە لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژییە جنسییەی کرایە سەر ژنانی مەدینە، حەوت هەزار منداڵی بیژوو لە شارەکەدا لەدایک بوون[(15)].

کاتێک عەباسییەکان (750–1258) دەسەڵاتی ئومەوییەکانیان لەناو برد نزیکەی 100 تا 600 هەزار کەسیان لە ئومەوییەکان کوشت. خەلافەتی ئیسلامیی تا ناوەڕاستی سەدەی سێزدەیەم، کە لە لایەن هۆلاکۆوە ڕوخێنرا، بە هەمان میتۆدی ئومەوییەکان لەگەڵ لایەنگرانی مەزهەب و بزاڤە ئیسلامییە نەیارەکانی خۆیدا دەجووڵایەوە، ئیدی ئەم ڕێباز و نەریتە، دواتر وەک میراتێک بۆ هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانیی سوننەمەزهەب و ئێرانیی شیعەمەزهەب مایەوە.

هەر بە پێی هەمان نەریت ڕێباز بوو کە سوڵتان سەلیمی عوسمانی 1470–1520 بە فەتوایەکی ئاینی، خوێنی شیعەکانی حەڵاڵ کرد. لە پەلاماریدا بۆ سەر گەیلان

و مازەندەران چل هەزار موسوڵمانی شیعەی کوشت[16].
یان سەفەوییە شیعەکان بە دەیان هەزار خەڵکی سوننە مەزهەبی کوردیان کوشت.

بە کورتی ڕەشەکوژیی موسوڵمانان بە دەستی موسوڵمانان و تاڵانکردنی ماڵ و سامانیان و حەڵاڵکردنی سەر و ناموسیان بوو بە دیاردەیەکی هێندە ئاسایی و ڕەوای سەردەمی ئیمپراتۆریای عەرەبیی ئیسلامی، کە پێشتر مەگەر لە کولتووری بەدووەکاندا وێنەی بووبێت.

ئەگەر لەشکری دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی ئاوا توند و دڵڕەقانە لەگەڵ موسوڵمانان جووڵابێتەوە، ئاخۆ دەبێت چۆن لەگەڵ ئەو گەلە ناموسوڵمانانەی بندەستی، ڕەفتاری کردبێت؟

فەیلەسوفی ناسراوی عەرەب ئیبن خەلدون (1332–1406) لەو باوەڕەدایە کە عەرەب دەست بەسەر هەر وڵاتێکدا بگرێت وێرانی دەکات. چونکە، بە رای ئەو عەرەب نەتەوەیەکی وەحشییە... سروشتەکەیان ئەوەیە کە شتی ناودەستی خەڵک بڕفێنن و رزقیان لە سایەی شمشێرەکانیاندایە، ئەوان نەک هەر سڵ لەوە ناکەنەوە کە ماڵ و سامانی خەڵک بەرن، بەڵکو هەر کە چاویان بە ماڵ و سامانی خەڵک کەوت تاڵانی دەکەن[17].

ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حوکمڕانانی عەباسی،

ستەم و بێدادی، کێشە و ناکۆکیی نێوان لابالەکانی ئیسلام و شەپۆلی تورکە خواریزم و سەلجوقییەکان، خەلافەتی عەرەبی ئیسلامییان بنکۆڵ و لاواز کرد. هەر لە سەدەی دەیەمەوە لە سوریا و لوبنان و فەلەستین دەوڵەتی حەمدانییەکان (929–1003) دامەزرێندرا بوو. لە میسر دەوڵەتی شیعەمەزهەبی فاتمییەکان (961–1171) و لە ئاسیای ناوەڕاست و ئێران چەندان دەوڵەتی دیکەی سەربەخۆ دروست بوو بوون. هەروا وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ئیسپانیا خۆیان لە دەسەڵاتی عەرەب ئازاد کردبوو. خەلیفەی موسوڵمانان (موعتەسەم) لە بەغدا، کە نوقمی فەسادی و سەرقاڵی سەدان ژن و جەواری و کەنیزەکانی بوو، وەک سیمبولێکی ئاینی مابۆوە، تا لە ساڵی 1258 دا هۆلاکۆ کوشتی و دوایی بە خەلافەتی عەباسییەکان هێنا((18)).

بەڵام دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی، لە ماوەی نزیکەی شەش سەدەیەکدا، نەتەوەی عەرەبی لە قۆناغی پێش مێژوو، یان لە قۆناغی بەداوەتەوە، گواستەوە بۆ قۆناغی شارستانەتی. ژیانی ئابووری و ئاوەدانی و زانستی و کولتووریی عەرەب بۆ یەکەم جار گەشەیان کرد. بە سەدان شار و شارۆچکەی نوێ دروست کران. لە سەردەمی عەباسییەکاندا شارستانەتیی ئیسلام بە رووی فیکر و کولتووری مەسیحی، گریکی و ئێرانیدا کرایەوە. لەو رێگەیەوە عەرەب سوودێکی زۆریان لە شارستانەتیی

هەواڵنامەی کتێب

گەلانی ژێردەستیان و لە زانا و خوێندەوارانی نەتەوە موسوڵمانەکان وەرگرت. فەلسەفەی یۆنانی و تێکستە ئاینییەکانی زەردەشتی و مانی کرانە عەرەبی، کە بناغەیەکی پتەویان بۆ بیری فەلسەفی و سەرهەڵدانی فەلسەفەی عەرەبیی ئیسلامی دارشت. کتێبی جۆراوجۆر لە بواری مێژوو، فەلسەفە، پزیشکی، ماتماتیک، لۆجیک، جیۆگرافیا، کیمیا و فیزیا نووسران. عەرەبەکان، بە هاوکاریی گەلانی دیکەی موسوڵمان، شارستانەتییەکی گەورەیان لە ناوچەکەدا دامەزراند. زۆربەی بەرهەمە فیکری و فەلسەفی و ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمانە بە شاکار و بەرهەمێکی داهێنەرانەی فیکری و کولتووری دادەنرێن.

هەروا لە سایەی دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامیدا بەشی هەرە زۆری خێڵە رەوەندەکانی بیابانی دوورگەی عەرەب لە ناوچەکانی میسر، عێراق، باکووری ئەفریقا، سوریا، لوبنان، فەلەستین.. تاد، نیشتەجێ بوو بوون. زمانی عەرەبی، وەک زمانی قورئان و پێغەمبەر، هەر لە سەرەتای سەدەی هەشتەمەوە کرابوو بە زمانی رەسمیی ئیمپراتۆریای عەرەبیی ئیسلامی. ئەم زمانە لە سوریا و میسر و باکووری ئەفریقا جێگەی زمانی گریکی و لە عێراقدا جێگەی زمانی فارسیی گرتبۆوە. بە کورتی پێکهاتی دیمۆگرافیی ئەو وڵاتانە بە تەواوی گۆڕدرا بوو، ئەو وڵاتانە بەعەرەب کرابوون. خێڵە بەدووەکانی دوورگەی عەرەب، کە لە شار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتانەدا نیشتەجێ بوو بوون،

سوودیان لە کولتووری خەڵکی ئەو ناوچانە وەرگرتبوو. لە هەمان کاتدا نەریت و کولتووری خۆیان لەوێدا بڵاو کردبۆوە. گەلانی فارس، کورد، بەلووچ، گەلە تورکزمانەکان و بەشێکی هیندستان...تاد کرابوونە موسوڵمان. زۆربەی ئەو نەتەوانەی نەتواندرا بکرێن بە عەرەب، زمان و کولتووریان، بەهۆی سەرداربوونی زمان و کولتووری عەرەبییەوە، رەوتی سروشتیی گەشەکردنی خۆیان لە دەست دا و بەر پەلامارێکی توندی کولتووری کەوتن. بەڵام دواتر ئاینی ئیسلام و ناوەندە ئاینی و زانستییەکان و فەلسەفەی عەرەبیی ئیسلامی رۆڵێکی گەورەیان لە پێشخستنی کولتوور و ئەدەب و بیری فەلسەفیی ئەو گەلانەدا گێڕا. لە لایەکی دیکەوە کولتووری سیاسی و نەریتی ستەمکارانەی سەدان ساڵەی ئومەوییەکان و عەباسییەکان بوونە بەشێک لە کولتوور و نەریتی سیاسیی ئەم کۆمەڵگایانە. بە کورتی فتوحاتی عەرەبی دوو جۆرە کولتووری لەگەڵ خۆی هێنا: کولتووری ئیسلام و کولتووری خێڵە بەدووەکان، کە بە ئاوێتەی یەکتری بوو بوون.

ئاینی ئیسلام کاتێک لە دوورگەی عەرەبدا، کە سەرچاوەی سەرهەڵدانی بوو، نەیتوانی کولتووری نێگەتیڤی خێڵە بەدووەکان و جاهلییەت ریشەکێش بکات، ئاسان نەبوو بتوانێت کولتووری خێڵە بەدووەکانی دەرەوەی

دوورگەی عەرەب بگۆڕێت. کاتێک شاڵاوی خێڵە بەدووە تورکزمانەکان و مەغۆلەکان، لە بیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە، روویان لە ناوچەکە کرد دەرەتانێکی زیاتر بۆ کولتووری ستەم رەخسا. ئیدی کولتوور و نەریتی تەواوی خێڵە بەدووەکانی ئاسیا، فراوانتر بە ناوچەکەدا بڵاو بوونەوە. بە تایبەتی کە زۆربەی خێڵە تورکزمانەکان، بە خۆیان و نەریت و کولتوورییانەوە، لە ناوچەکەدا مانەوە و دواتر بوونە میراتگری دەوڵەت و خەلافەتی ئیسلامی.

## III

هەواڵنامەی کتێب

دوای ئەوەی خێڵە بەدووەکانی عەرەب لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بوون و ژیانێکی شارنشینانەیان دەست پێ کرد، هێرش و پەلاماری خێڵە بەدووەکانی بیابانی گۆبی Gobi و ناوەڕاستی ئاسیا دەستی پێکرد. لە سەرەتادا خێڵە تورکزمانەکان و دوای ئەوان خێڵە مەغۆلەکان، کە هەردووکیان سەر بە گرووپی گەلانی ئالتایین، هێرشێکی عەسکەریی بەربڵاویان هێنا و گەلێک شار و ناوەندی شارستانەتیی چین، هیندستان، ئێران و ناوچەی دیکەی ئیسلامی و بەشێکی ئەوروپایان وێران و تاڵان و داگیر کرد. ئیدی رەوشی شارستانەتیی ناوچەکە جارێکی دی

گەشەکردنی سروشتیی خۆی لەدەست دا. شەپۆلێکی دیکەی کوشتار و وێرانکاری ناوچەکەی گرتەوە.

ئیبن خەلدوون لە باسی دیاردەی هێرشی یەک لە دوای یەکی بەدووەکاندا دەڵێت کە دوای ئەوەی بەدووەکان دەستیان بەسەر شاردا گرتووە و خەڵکەکەیان ژێردەست کردووە، ئیدی ئەوان خەریکی دامەزراندنی شارستانەتی بوون و توانای جارانی شەڕ و پەلاماردانیان لە دەست داوە. دوای ئەمان کۆمەڵە خێڵێکی دیکەی بەدوو، بە تەواوی وزەی شەڕکەرانەیانەوە، لە بیابانەکانەوە هاتوون و پەلاماری شارەکانیان داوە و دەسەڵاتیان لە کۆنە بەدووە شارنشینەکان ستاندووە، ئیتر ئەمان جێگەی ئەوانی پێش خۆیان گرتۆتەوە[(19)].

خێڵە تورکزمانەکان، هەر لە سەدەی دەیەمەوە تا سەدەی چواردەیەم، زنجیرە هێرشێکی نەپساوەی وێرانکارانەیان بۆ سەر ناوەندەکانی شارستانەتیی ئاسیا و گەلێک شوێنی ئەوروپا دەست پێ کرد. هەر جارەی کۆمەڵە خێڵێکی رەوەند و بەدوو، کە لە ئاژەڵ بەخێوکردن و شەڕ و تالان و کوشتن بەولاوە کارێکی دیکەیان نەدەزانی، یەکیان دەگرت، پەلاماری شار و ناوچە ئاوەدانەکانیان دەدا و دەستیان بەسەردا دەگرتن. قەرەخانەکان، غەزنەوییەکان، ئەتابەگییەکان، خەواریزمەکان، قەرە قۆینلۆ، ئاق قۆینلۆ و عوسمانییەکان...تاد تێکڕایان گرووپی خەڵک و خێڵی چەکداری تورکزمانی ناوەڕاستی ئاسیا بوون، کە بە لێشاو

بەدوای یەکدا دەهاتن و وەک دڕندە پەلاماری یەکتری و پەلاماری شار و گوندەکانیان دەدا. زۆربەی ئەو خێڵە چەکدارە تورکانە بەدوو یان خێڵی شوانکارەی رەوەند و خەڵکێکی پریمیتیڤ (بیدائی) بوون. ئەوان، پێچەوانەی عەرەبەکان، هیچ پەیامێکی ئاینییان نەکردبوو بە بەهانەی هێرشەکانیان. کاتێکیش بوون بە موسوڵمان، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە رەفتاری دڕندانەیان و سروشتی شەڕخوازانەیان و لە کولتووری بەدەوی و سیاسییان دروست نەبوو. ئەو خێڵانە گەلێک ناوچەی وڵاتانی ئاسیا و ئەورووپایان تاڵان کرد و تێیدا نیشتەجێ بوون. لە سەدەی یازدەیەمدا، لە سایەی دەسەڵاتی سەلجوقیدا ئاسیای بچووک، کە گریکی بوو، بە تورک کرا. ناوچەکانی ئازەربایجان، خوراسان و خواریزم (کۆماری تورکمانستانی جارانی سۆڤییەت) کە فارسیزمان بوون، بەتورک کران[(20)]

لە سەرەتای سەدەی سیازدەیەمدا هێرشی خێڵە بەدووە مەغۆلەکان، کە زۆربەی لەشکرەکەیان تورک بوون، بە رابەری جێنگیز خان، ناوچە موسوڵمانەکانیان بە تەواوی شڵەژاند. زۆربەی شار و ناوەندە شارستانییەکان کەوتنە بەر پەلامارێکی نوێی توند و بەربڵاوی ئەم خێڵە بەدووانە، کە لە بیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ تاڵان و وێرانکردن بە دنیادا بڵاو بوو بوونەوە.

ئەگەر خێڵە بەدووەکانی عەرەب، دوای وێرانکردنی

شارستانەتیی ساسانی و بیزەنتی توانییان شارستانەتییەکی نوێی ئیسلامی دابمەزرێنن، ئەوا خێڵە رەوەند و بەدووەکانی تورک و مەغۆل، دوای خۆیان، تەنیا وێرانە و دواکەوتن و جەهالیەتیان بەجێ هێشت.

مەغۆلەکان کۆمەڵە خێڵێکی رەوەندی بەدوو بوون و لە بیابانی گۆبیی Gobi لە ناوەڕاستی ئاسیادا دەژیان. ئەوان هیچ شار و ناوەندێکی شارستانەتییان نەبوو. بە خۆیان و مالات و رەشماڵەکانیانەوە بە دوای لەوەڕگادا دەسووڕانەوە. ئەوانیش وەک خێڵە تورکزمانەکان خەڵکێکی سەرەتایی (پریمیتیڤ) و درندە بوون. بێجگە لە راو و ئاژەڵداری و شەڕ و تالان و پەلاماری شار و شارۆچکەکانی نزیکیان، کاری دیکەیان نەدەزانی. لە کۆتایی سەدەی دوازدەیەمدا چینگیزخان، بە زەبری هێزی خێڵەکەی خۆی، توانیی خێڵە بەدووەکانی مەغۆل و تاتار، کە گروپێکی مەغۆلەکان بوون و، خێڵە تورکزمانەکانی بیابانی گۆبی و ناوەڕاستی ئاسیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. چینگیزخان ئەنجومەنێکی دامەزراند. ئەنجومەنەکە ئەوی بە پاشای تێکڕای خەڵک هەڵبژارد. هەروا یاسا (Yasa)یەکی بۆ رێکخستنی کاروباری دەوڵەتەکەی دانا. یاساکە هێندەی ئاینێک لەلای ئەو پیرۆز بوو. هەموو خەڵکی وڵاتەکەی ناچار کرد کە پەیڕەویی یاساکەی بکەن. ئەوانەی سەرپێچییان لە یاساکە بکردایە بە توندی سزا دەدران[21].

چینگیزخان بەو لەشکرە یەکگرتووە شەڕانییەوە، کە

دڕندەترین و کارامەترین جەنگاوەرانی سەردەمی خۆیان بوون، بۆ تالان و وێرانکردن کەوتنە پەلاماری دنیا. یەکەم جار بەرەو چین، کە نزیکترین ناوەندی شارستانەتیی بوو رۆیشت. دواتر زۆربەی وڵاتانی ئاسیا و بەشێکی ئەورووپای داگیر و تالان کرد و توانی گەورەترین ئیمپراتۆریای ئەو سەردەمە دابمەزرێنێت.

دڕندایەتیی لەشکری مەغۆل بە ئەندازەیەک بوو کە لە کاتی گرتنی شارێکدا، ئەگەر هەر جۆرە بەرەنگاربوونەوە و بەرهەڵستییەکیان بەرامبەر بکرایە، ئەوا هەموو خەڵکەکەیان دەکوشت و شارەکەیان تالان و وێران دەکرد. بەم کارە دەیانویست ئیرادە و وورەی خەڵکی شارەکانی دیکەی بە تەواوی بڕوخێنن((22)).

چینگیزخان کە باوەڕی بە خودایەکی نەمر هەبوو، پێی وابوو کە خوداوەند مەغۆلەکانی هەڵبژاردووە و ئەرکێکی پیرۆزی پێ سپاردوون. ئەرکەکەش ئەوەیە کە دنیا داگیر و (فەتح) بکەن. بەیاننامەکانی دەوڵەتی مەغۆل بە ناوی خوا و "خانەوە بڵاو دەکرانەوە. بەڵام چینگیزخان، بە پێچەوانەی پێغەمبەری مسوڵمانان، محەمەد، ئاینی خۆی بە زەبری هێز و و توندوتیژی و کوشتن بەسەر خەڵکی دیکەدا نەسەپاند. بە پێچەوانەوە ئازادیی تەواوی بە هەموو ئاینەکان دابوو. مەسیحی، موسوڵمان، جوولەکە و بودی، تێکڕایان بە تەواوی ئازاد بوون، هەر جۆرێک حەز دەکەن، خواپەرستیی خۆیان بکەن و ئاینەکەیان لە ناوچەکانی ژێر

دەسەڵاتی مەغۆلدا بڵاو بکەنەوە، بەو مەرجەی دەست بۆ ئازادیی خەڵکی دی درێژ نەکەن»[23].

دەوڵەتی مەغۆل، وەک دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی و دەوڵەتی خێڵە تورکزمانەکان ستروکتورێکی کۆمەڵایەتیی خێڵەکیی هەبوو، کە لە ئەنجامی یەکخستنی خێڵە بەدووەکانی بیابان و پەلکێشانیان بۆ سایەی دەسەڵاتێکی ناوەندی و سەرکردەیەکی بەهێزەوە سەری هەڵدابوو. ئەوانیش ئامانجیان ئەوە بوو کە دەست بەسەر شار و ناوەندە شارستانەتەکانی دەوروبەریاندا بگرن. مەغۆلەکان نە خۆیان هیچ شارستانەتی و شارێکی ئەوتۆیان هەبوو، نە هیچ شار و ئاوەدانی و شارستانەتییەکان لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا دامەزراند. شاری بەغدا، کە گەورەترین ناوەندی کولتووری و بازرگانیی ئەو سەردەمە بوو، ئەوان وێرانیان کرد و تەورێزیان کردە پایتەختی خۆیان. ئەوان سەد ساڵێک (لە ساڵانی 1230 بەدواوە تا ساڵی 1335) لە ئێران حوکمڕانیان کرد.

مەغۆلەکان لەو ماوەیەدا کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی کولتووری فارسەوە. لە سەردەمی مەغۆلەکاندا کولتووری فارسی، کە حوکمڕانانی مەغۆل (ئیلخانییەکان) بایەخیان پێ دەدا، ئاستێکی بەرزی گەشەکردنی بە خۆیەوە دیت. سەردەمی زێڕینی ئەدەبی کلاسیکیی فارس لە سەدەکانی سێزدەیەم و چواردەیەمدا دەرکەوت. ئەو سەردەمانە بەرهەمێکی زۆری مێژوویی و شیعر نووسران. مەغۆلەکان

لە ئێراندا کەوتنە بەکارهێنانی زمانی فارسی. ئەم زمانە لە ڕێگەی تورکەکان و مەغۆلەکانەوە بە فراوانی بە ئاسیادا بڵاو بووەوە[(24)].

هێرشی مەغۆلەکان کۆمەکی زۆری بە تورکەکانیش کرد. یەکێک لە ئەنجامە هەرە خراپەکانی هێرشی مەغۆل ئەوە بوو کە خێڵە تورکزمانەکان زیاتر و بەربڵاوتر بە ئاسیادا بڵاو بوونەوە. لە سەردەمی ئیمپراتۆریای هۆلاکۆ و وەچەکانیدا، نزیکەی هەموو گەلە تورکزمانەکان، لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای مەغۆلیدا، جێگای خۆیان گرتبوو. تورکەکان لەگەڵ دواکەوتوویی و پریمیتیڤیی خۆیاندا، لە مەغۆلەکان پێشکەوتووتر بوون. زمانەکەیان پێشتر بەهۆی چەند ناوەندێکی دەسەڵاتی خێڵە تورکزمانەکانەوە خۆی سەپاند بوو. گەلێک کارمەندی ئیداری و سیاسیی مەغۆلەکان تورک بوون و فەرمانەکانی خانی مەغۆلیان بە خەتی تورکی، یان دروستتر بڵێم بە خەتی ئویگوری بڵاو دەکردەوە. مەغۆلزمانان لەناو ئیمپراتۆریای مەغۆلیدا، هەمیشە کەمایەتی بوون و سەرەنجام لەناو دەریای زمانی تورکیدا نقوم بوون. زمانی مەغۆلی، بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی لە سەردەمی فەتحی ئیسلامیدا، پاشەکشەی کرد[(25)] بۆ ناوچە ئەسڵییەکانی خۆی، مەغۆلستان، هەر لەوێشدا مایەوە و دەرفەتی بە زمانی تورکی دا تا لە سەرانسەری دەشتاییەکانی ئاسیا- ئەوروپا و ئەودیویانەوە

خۆی بسەپێنێت[26].

مەغۆلەکان، کاتێک دەوڵەتەکەیان دامەزراند، هیچ ئاینێکی رەسمییان وەک ئایدۆلۆجیای ئیمپراتۆریاکەیان هەڵنەبژارد. رەنگە لەمەدا چاویان لە دەوڵەتی چین کردبێت، کە تا ئەو کاتە تاکە ناوەندێکی شارستانەتیی ناسراو بوو لەلای مەغۆلەکان. خێڵ و تیرە مەغۆل و تورکزمانەکان ئازادیی ئاینیی تەواویان هەبوو. ئەوان بەشێکیان بودی و بەشێکیان مەسیحیی نەستۆری و شەیتانپەرست و مەزدەکی بوون و ملکەچی یاسای چێنگیزخان بوون. ئەم خێڵانە پێکەوە لەسەر بنەمای زەروورەت، یان هێگل وتەنی بۆ تالان و ژێردەستکردنی گەلە خاوەن شارستانەتییەکان، یەکیان گرتبوو. گرنگترین شت بۆ چێنگیزخان ئەوە بوو کە هەموو کەسێک پەیڕەوی لە یاساکەی بکات. دواتر کاتێک مەغۆلەکان لە سەردەمی هۆلاکۆدا بەغدایان گرت، زانییان کە ئاین لە لای خەڵکی ناوچەکە گرنگە و ئاینی ئیسلام دەتوانێت رۆڵێکی گرنگی بۆ درێژەدان بە داگیرکردنی ناوچەکە و بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتەکەیان هەبێت. بۆیە هۆلاکۆ بوو بە موسوڵمان و زۆربەی لەشکرەکەی بە ئاسانی ئاینی خۆیانیان گۆڕی و بوونە موسوڵمان.

لەو سەردەمانەدا هەموو دەوڵەتە مەزن و ئیمپراتۆریاکان، جگە لە دەوڵەتی چین، ئاینییان کردبوو بە ئایدۆلۆجیای خۆیان. دەوڵەت نەک تەنیا شەرعییەتی خۆی،

بەڵکو دەستوور و پرینسیپەکانی حوکم و سیستمی کۆنترۆڵی خۆی، لە ئاینەوە وەردەگرت. ئیمپراتۆریا و دەوڵەتی بێ ئایدۆلۆجیا و بێ بپرینسیپی ئاینی، دیاردەیەکی ناتەواو بوون. ئەو ئیمپراتۆریا و دەوڵەتانە، کە پێکهاتێکی فرە نەتەوەییان هەبوو، لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ئاینی، یان مەزهەبی دامەزرێندرا بوون. ئەوان دەوڵەتی فرەنەتەوە بوون و مەسەلەی ئێتنۆ – کولتووری (ئێتنیکی– کولتووری) رۆڵێکی لە دروستبوونی ئەواندا نەبوو.

ئیمپراتۆریای ساسانی ئایدۆلۆجیاکەی ئاینی زەردەشتی– مانی بوو. ئیمپراتۆریای بیزانتی، لە سەرەتای سەدەی چوارەمەوە، وەک باس کرا، ئاینی مەسیحیی کردە ئاینی رەسمیی خۆی. ئەو دەوڵەتانەی دواتر لە سەدەی پازدەیەم بەدواوە لە ئەورووپا دامەزرێندران (بریتانیا، ئیسپانیا و فرەنسا) تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم هەر لەسەر بنەمای ئاینی/ مەزهەبی بوون. یەکەمین دەوڵەتی ناوەندیی عەرەب لە بناغەی ئاین و بە ناوی ئیسلامەوە دامەزرێندرا. ئیسلام نەک هەر بەهێزترین هۆکاری یەکگرتنی خێڵەکانی عەرەب بوو، بەڵکو بەهانەی فراوانخوازی و داگیرکردن و پەرەگرتن و زلبوونی دەوڵەتەکشیان بوو. تورکە خواریزمەکان ئیسلامیان کردبوو بە ئاینی رەسمیی دەوڵەتەکەیان. کاتێک تورکە عوسمانییەکان، لە سەرەتای سەدەی پازدەیەمدا، بوونە ئیمپراتۆریایەکی مەزنی ناوچەکە خۆیان وەک ناوەندی

هەواڵنامەی کتێب

رەسمیی خەلافەتی ئیسلامی و سەرۆکی دەوڵەتیان وەک خەلیفەی شەرعیی موسوڵمانان ناساند. دواتریش تورکە سەفەوییەکان، کە لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا ئیمپراتۆریای سەفەوییان لە ئێراندا دامەزراند، ئەوانیش ئاینی ئیسلام (مەزهەبی شیعەگەری) یان کردە ئایدۆلۆجیای دەوڵەتەکەیان. هەردوو ئیمپراتۆریا تا روخاندنیان، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، هەر بە هەمان ئایدۆلۆجیا و بەهانەی ئاینییەوە درێژەیان بە دەسەڵات و ستەمکردن دا. کەچی ئاینی مەسیحی، وەک ئایدۆلۆجیای دەوڵەتی ئەوروپایی، لە سەدەی هەژدەیەمەوە، وردە وردە رۆڵی خۆی بزر کرد، چونکە ئاین و دەوڵەت لە یەکتری جیا کرانەوە. دواتریش دەوڵەتی ناسیۆنالیستی، لەسەر بنەمای ئێتنۆکولتووری، بوو بە مۆدێلی باوی دەوڵەتانی ئەوروپایی.

هەواڵنامەی کتێب

ئاینی ئیسلام زۆر دوای ئاینەکانی جوولەکە، زەردەشتی و مەسیحی دەرکەوت. پێش ئیسلام، ئاینی جوولەکە و مەسیحی لە دوورگەی عەرەبدا بڵاو بوو بوونەوە و بە سەدان خێڵی عەرەب چووبوونە سەر ئەم دوو ئاینە. هەروا لەناو خێڵەکانی مەغۆل و تورکزمانانی بیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیادا خەڵکانێک ئیمانیان بەو ئاینانە هێنابوو. بەڵام ئەو خێڵە بەدووانە، لەناو ئەو هەموو ئاینانەدا، کە پێشتر ریشەیان لەناو کولتوور و نەریت و ویژدانی ئەواندا بووە، هەموویان بە ئیسلامەوە گیرسانەوە. هەتا توانییان

سوودیان لە ئیسلام وەرگرت و ملکەچی کولتوور و نەریتی خۆیانیان کرد. دەشێت بە موسوڵمانبوونی ئەوان، پەیوەندی بە ئیمان و باوەڕەوە نەبوو بێت، بەڵکو بەشێک بووبێت لە پێداویستیی زەوتکردنی دەسەڵات و سوود وەرگرتن لە ئیسلام بۆ بەشداربوون لە غەزوو و تالآنکردن و بۆ رەواییدان بە حوکمڕانیکردنی گەلە موسوڵمانەکان.

تورکەکان، سوودێکی زۆریان لە ئیسلام وەرگرت. چۆن خۆیان ویستیان و تا چەند توانییان بە قازانجی بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان هێنا. راستییەکەی تۆرکەکان هۆکارێکی گرنگی دارمانی خەلافەتی عەباسی بوون.

عەباسییەکان، بە تایبەتی لە سەردەمی خەلیفە مەئمون و موعتەسەم، کوڕی هاروون ئەلرەشید، پشتیان بە تورکەکان و فارسەکان دەبەست. فارسەکان وەک خەڵکی خوێندەوار و خاوەن کولتوور، لە دەزگا ئیداری و مالی و کولتوورییەکانی دەوڵەتدا شوێنی گرنگیان پێ درا بوو. تورکەکانیش وەک خەڵکی شەڕکەر، کرابوون بە هێزێکی عەسکەریی گەورەی دەوڵەتی عەباسی. ئەو هێزە عەسکەرییە بۆ پەلاماری هەر بزاڤێکی دژ بە دەوڵەت و بۆ تەمبێکردنی خێڵە عەرەبە نەیارەکانی عەباسییەکان و بۆ کۆنترۆڵکردنی دەیلەمییەکان، کە دەستیان بەسەر لەشکردا گرتبوو، بەکار دەهێنران. لە ئەنجامدا ئەم تورکانە دەزگا گرنگەکانی سوپا و دەوڵەتیان خستە ژێر دەستی خۆیان و

بە مەیلی خۆیان کاربەدەستانیان لادەبرد و دادەمەزراند. خەلیفە تەنیا وەک سیمبولێک مابۆوە.

بەڵام تورکەکان بە نۆرەی خۆیان کۆمەکێکی زۆری بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامیان کرد. هەر لە کۆتایی سەدەی دەیەم و سەرەتای سەدەی یازدەیەمەوە بەشێکی گەورەی خێڵە رەوەند و بەدووە تورکزمانەکان، کە موسوڵمان بووبوون، لە ئێران و زۆر ناوچەی وڵاتانی دیکەی ئاسیا و ئەوروپادا نیشتەجێ بوون. دواتریش کۆمەڵە خێڵێکی دیکەی تورکە بەدووەکان، کە هێزی هەرە گەورەی لەشکری مەغۆل بوون، روویان لە ناوچەکە کرد. لەو رێگەیەوە بە چین و رووسیا و ئۆکراینیا ئێران و هەندێک وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسدا بڵاوبوونەوە و لە زۆربەی ئەم ناوچانەدا نیشتەجێ بوون. ئەو خێڵە تورکانە پێگەی ئیسلامیان لە گەلێک ناوچەی ئاسیا و هەندێک شوێنی ئەوروپا و هیندستان و چین چەسپاند. دواتریش تورکە عوسمانییەکان و تورکە سەفەوییەکان، کە لە ئێران و ناوەڕاستی ئاسیا و ناوچەکانی ئەنادۆڵ نیشتەجێ بوو بوون، بە ناوی ئاینەوە دوو ئیمپراتۆریای مەزنیان لە ناوچەکەدا دامەزراند. ئەمان لەجیاتی عەرەبەکان، خۆیان کردە پارێزەر و داکۆکیکاری ئیسلام و درێژەیان بە هەمان مۆدێلی ئیستیبدادی و تیۆکراتیی دەوڵەت دا. لە هەمان کاتدا ئەو دوو ئیمپراتۆریایە بوونە میراتگر و داسەپێنەری نەریت و کولتووری نێگەتیڤی خێڵە

هەواڵنامەی کتێب

بەدووەكانی نزیكەی تەواوی بیابانەكانی ئاسیا، لە لێواری چینەوە تا دوورگەی عەرەب. ئەم كولتوور و نەریتە، بە درێژایی سەدان ساڵ، نەریتی باو و كولتووری زاڵی ئەو دەوڵەتانە بوون و لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و سیستمی دەسەڵات و شێوە و خەسڵەتی حوكمڕانیدا ڕەنگی داوەتەوە. وەک لە بەشەكانی دواتردا باسی دەكەین.

## IV

هەوڵنامەی کتێب

دەوڵەتی عەرەبی، بە هەردوو قۆناغی ئومەوی و عەباسییەوە، مۆدێلێكی تایبەتی دەوڵەتی تیۆكراتیی ئاسیایی داهێنا، كە ستروكتووری كۆمەڵایەتیی دەوڵەتەكە خێڵ/ بەداوەت بوو. ئابوورییەكەی، لە بنەڕەتدا، پشتی بە خەراج و دەستكەوتی هەرێمە فراوانە ژێر دەستەكان دەبەست. هەروا بنەمای زانین و فیكر و ئایدۆلۆجیاكەی ئاین بوو.

ئاین تەنیا سەرچاوەی شەریعەت و دەستووری دەوڵەت نەبوو، بەڵكو تاكە سەرچاوەی زانین بوو. بۆیە دەوڵەت و زانین بە جۆرێكی ئۆرگانیكی پێكەوە گرێ دران. دەسەڵات لە پاڵ قەڵای ئاین- زانیندا، زانینیش لە هەناوی دەسەڵاتدا خۆیان داكوتا.

بەكاربردنی دەسەڵات تەنیا شێوەی دەربڕین و

ڕەنگپێدانــەوەی عــەقڵی خێـڵ نـەبوو بـەڵکو، لـە چوارچێـوەی سیســتمی کۆمەڵایــەتیی خێڵــدا، بەرهەمهێنانــەوەی زانینــیش بــووە. خــودی دەســەڵات، کــە بــە نــاوی ئــاین و لــە ئاینــەوە ســەری هەڵــدابوو، پاســەوانی ئاینەکــە بــووە. هــەر دیــد و بۆچوونێکی دیکەی فیکری و زانینی (ئێپستیمی، المعرفی) کە لەگــەڵ خوێندنــەوە و لێکدانــەوەی ڕەســمیی دەســەڵات بــۆ ئاینەکــە، کــە خوێندنــەوە و لێکدانەوەیــەکی ئــەنترۆپۆلۆجی بووە، نەگونجابێت، دەسەڵات بە توندی بەرەنگاری بۆتـەوە و ســـەرکوتی کـــردووە ((27)). لـــە هـــەمان کاتـــدا زانینـــی بەرهەمهێنراو بۆتە پاڵپشتی ئایدۆلۆجیا و چەپەری شەرعیی دەسەڵات.

دەوڵــەتی عــەرەبیی ئیســلامی دەســەڵاتێکی ســێنترال و بــەهێزی تیــۆکراتیی ئاســیایی دامەزرانــد، کــە ســنووری نەتــەوەیی وڵاتــی عــەرەبیی بــڕیو وەک ئیمپراتۆریایــەک چەندان وڵاتی دیکەی گرتەوە. دەوڵەت، کە ڕەوایی خۆی لـە ئاینەوە وەرگرتبوو، هـەر خـۆی تاکە مەرجەع و پارێزەری ئــاین و ســەرچاوەی موتڵــەقی هــەموو ڕاســتییەک بــوو. سەرۆکی دەوڵەتیش (خەلیفە) جێگری پێغەمبەر و نوێنەری خودا بوو لەسەر زەوی.

دەسەڵات بە درێژایی سەدان ساڵ کولتوور و سیستمی ئایدۆلۆجی و زانینیی تایبەت بە خۆی هێنایە بەرهەم، کە دواتر خودی سیستمەکە گۆڕدرا بە دەسەڵاتێک.

کۆشش بۆ پاراستنی زانین و فیکری دەسەڵات، خۆی لە خۆیدا، مەودایەکی موتڵەقی دا بە جووتبوونی فیکر و زانین لەگەڵ دەسەڵات. بۆیە دەوڵەت بە توندی بەرخودی لەگەڵ هەر دیاردەیەکی لەخۆجیاوازی فیکری- زانینیدا کردووە، کە لەگەڵ لێکدانەوەی ئاینی- زانینیی خۆی و پرینسیپە بە دەسەڵاتکراوەکانیدا نەگونجابێت. چونکە هەڕەشەی راستەوخۆی دروست کردووە. پەنابردنە بەر داپلۆسین و توندوتیژی، کە هەمیشە بە ناوی پارێزگاریی ئاین، واتا پارێزگاریی زانین بووە، لە ناوەرۆکدا بۆ پاراستنی دەسەڵات بووە. بەڵام ئەم کارە، لە هەمان کاتدا، بە موتڵەقکردنی شێوەیەکی زانینیش بووە. نزیکەی هەموو ئەو بزاڤە فیکری و مەزهەبی و سیاسییانەی لە مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامیدا سەریان هەڵداوە، بنەمایەکی قووڵی زانینی-فیکری و کولتوورییان بووە و خوێندنەوەیەکی جیاوازی ئیسلام بوون. نوێنەرانی فیکریی ئەو بزاڤانە، بنەما و بەهانە فیکرییەکانی خۆیان لە هەمان سەرچاوەی زانین (قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر)ەوە وەرگرتووە. بە ناوی پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی هەمان زانینەوە، رەوایی خۆیان دەرخستووە. ئەو بزاڤانە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتییان هەر چۆنێک و ئامانجییان هەر چییەک بووبێت، لە دوا ئەنجامدا ویستوویانە هەمان ئایدۆلۆژیای ئاینی بێننەوە بەرهەم. بۆیە سەیر نییە کە بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ئیستبدادی- تیۆکراتیی عەرەبی، عوسمانی و ئێرانی تا

سەرەتای ئەم سەدەیە، هیچ بزاڤێکی سیاسی، بە مەبەستی جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئاین لە یەکتری، یان بە ئامانجی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی موتڵەقی ئاین بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵدا دەرنەکەوت. کەچی لە ئەوروپادا خەبات دژی دەسەڵاتی کەنیسە و بە ئامانجی جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئاین، لە سەدەکانی ناوەڕاست بەدواوەوە، سەریان هەڵدا. باوەڕ ناکەم بە تەنیا هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی، لەگەڵ گرنگیاندا، هۆکاری ئەم جیاوازییە روون بکەنەوە. بۆیە پێویستە بە دوای هۆکارە زانینییەکان، بە تایبەتییش بۆ پەیوەندی ئۆرگانیکیی نێوان زانین و دەسەڵات، لە ئیسلامدا، بگەڕێین.

کڵێسای ئەوروپایی، وەک مەرجەعی ئاینی مەسیحی، ناوەندێکی سەربەخۆی دەسەڵات بوو، کە بە جۆرێکی تەریبی (موزای) لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت خۆی سەپاند بوو. کەچی ئیسلام، لە دەوڵەتی تیۆکراتی ئاسیاییدا، خۆی ناوەرۆکی دەسەڵاتەکە بوو. خەلیفە تەنیا سەرۆکی دەوڵەت نەبوو، بەڵکو جێگری پێغەمبەر و سێبەری خودا بوو لەسەر زەمین. بۆیە ئەرکی ئەو بوو کە پارێزگاریی ئاین و دنیا بکات، یان وەک ئیبن خەلدوون دەڵێت (حفظ الدين وسياسه الدنيا) خەلیفە خۆی سەرچاوەی هەموو بڕیارێک بوو. تەواوی موسوڵمانانیش، بە بێ هیچ مەرجێک، دەبوو گوێڕایەڵی بن[(28)].

لەبەرئەوەی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ناکۆکییەک لە نێوان

هەواڵنامەی کتێب

دەسەڵاتی ئاسمانی و دەسەڵاتی دنیاییدا نەبوو، کێشەیەکی دەسەڵات لە شێوەی کێشەی نێوان کەنیسە و دەوڵەت دەرنەکەوت. توندبوونی ئەو کێشەیە لە ئەوروپادا دەرفەتی بۆ دەرکەوتنی هێزی سێیەم، گەل یان نەتەوە، ڕەخساند کە وەک هێزێکی نوێی سیاسی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە ژیانی سیاسییدا بگێڕێت. کەچی لە وڵاتانی ئیسلامیدا، لەبەر تێکئاڵانی ئاین و سیاسەت، واتا گردبوونەوەی دەسەڵاتی ئاسمانی و دنیایی لە دەستی خەلیفەدا، دەرفەتی ناکۆکیی لەو جۆرە و دەرەتانی دروستبوونی هێزی سێیەم نەڕەخسا. گەل ئەو کاتەو تا ئەمڕۆیش هەر هەمان ڕەوە، یان مێگەلی خەلیفە و سوڵتان، یان مەلیکە. ئەوانیش وەک حاکم و وەک سێبەری خودان لە سەر زەمین و دەبێت بەبێ هیچ مەرجێک گوێڕایەڵیی فەرمانەکانیان بکرێت.

دیارە ئەو جۆرە تێگەیشتن و خوێندنەوە ئەنترۆپۆلۆجییەی تێکستە ئاسمانییەکان (قورئان) ئەنجامی جیاوازیی نێوان ئاستی تێگەیشتن و بەرژەوەندیی تاکەکەس و لەبەر هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە. خاوەنەکانیان چاوەڕوانیی تایبەتی خۆیان لە دەوڵەتی موسوڵمانان هەبووە. کاتێک خەلیفەکانی ئیسلام لە پرینسیپ (مەبدەئی)ی ئاین لایان داوە و ستەم و فەسادی دەوڵەت زیاد بووە، ئەوان شەرعییەتی ئاینیی دەسەڵاتەکەیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە[29]. کێشە و بزاف و

راپەڕینەکان، کە هەندێکیان هۆکاری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی و نەتەوەییشیان لە پشتەوە بووە، لە سەرەتاوە ناوەرۆکێکی فیکری-زانینییان بەخۆوە گرتووە. ئایدۆلۆجیایەکی ئاینییان هەبووە و بە ناوی ئاینەوە بوون. ئەوان بە سیستمێکی دیکەی زانینیی ئیسلامی، کە رەوایی خۆی لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە هێناوە، دژی قەڵای زانینی (ئیسلامیی رەسمی) و نوێنەرەکەی (دەوڵەت-خەلیفە) راوەستاون. بۆ نموونە ئایدۆلۆجیا و ستروکتووری مەعریفیی شیعەکان یان موعتەزیلەکان، کە یەکەمین بزاڤی فیکریی نێو ئیسلام بوو و داوای کرد عەقڵ سەرچاوەی زانین بێت و پشت بە گومان و ئەزموون ببەسترێت و مرۆڤ وەک تاکەکەس ئازادیی دەربڕینی هەبێت.

هەموو ئەو بزاڤە فیکری- سیاسییانەیش، کە هەمان ستروکتووری کۆمەڵایەتی- خێڵەکی و زانینی- ئاینییان بووە، بەو ئامانجە بوون کە شێوەیەکی دەسەڵات- زانین بە شێوەیەکی دیکەی دەسەڵات- زانین بگۆڕن.

ئەگەر یەکیەتیی موتلەقەی نێوان ئاین- زانین و دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی نەبوایە، بەلای زۆرەوە کێشە فیکریو مەزهەبییەکانی نێو ئیسلام هۆکاری گەشەکردنی فیکری و فەلسەفی دەبوون، نەک ببن بە سەرچاوەیەکی ئەو لافاوی خوێنەی، کە هەردوو خەلافەتی عەرەبیی ئومەوی و عەباسی دروستیان کرد. کەواتا تەنیا دەوڵەت پارێزەری

هەواڵنامەی کتێب

زانینەکە نەبوو، بەڵکو زانینیش وەک دەسەڵاتێک لە خۆیدا، پاریزەری دەوڵەتەکە بوو. زۆربەی رووناکبیرانی ئەو سەردەمانەی عەرەب و رووناکبیرانی گەلانی دیکەی موسوڵمان تێکەڵی ئەو سیستمە سیاسییە/ زانینییە بوون‌و تیایدا توانەوە. ئەوانەشیان کە هەوڵیان دابێت لە دەرەوەی ئەو سیستەمەدا بمێننەوە، بەشێکیان گۆشەگیر کەوتوون، بەشێکی دیکەیان یاخی بوون و ویستوویانە فیکر و زانینێکی رەخنەگرانە و جیاواز بهێننە بەرهەم. تا ئەو زانینە جیوازەیش، وەک بەرهەمێکی دیکەی عەقڵی خێڵ، بە نۆرەی خۆی، بکرێتە دەسەڵاتێکی موتڵەق. بۆیە وەک بەشێک لە پرۆسێکی فیکری- کۆمەڵایەتی و سیاسی پەلاماردراون و تێکشکێندراون. شەهیدانی فیکر و پەیڤ، لە مێژووی فیکر و کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش زۆرن. ئەمەش ناوەرۆکی فیکری و زانینیی کێشەکان دەردەخات. لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی خەسڵەتی داخراو و توندوتیژانە و زەبوەشێنانەی دەوڵەت بووە، کە بە شێوەیەکی یەکجار توند بەرخودی لەگەڵ هەر دیاردەیەکی فیکری و زانینیدا کردووە، کە لەگەڵ لێکدانەوەی رەسمیی ئیسلام و پرینسیپە بە دەسەڵاتکراوەکانیدا نەگونجابێت. چونکە راستەوخۆ هەڕەشەی لە دەسەڵاتەکە کردووە. پەنابردنە بەر داپلۆسین و توندوتیژی، کە هەمیشە بە ناوی ئاین و خوداوە بووە، پێش هەر شتێک بۆ پاراستنی دەسەڵات بووە، نەک خودا و ئاینەکە.

بەڵام دەسەڵات و کێشەی دەسەڵات، بۆ نموونە، لە کوردستاندا رەوتێکی مێژوویی تەواو جیاوازی گرتووە. کورد لە رووی سیاسییەوە قەت یەکگرتوو نەبووە. کۆمەڵی کوردەواری هەمیشە و تا ئێستاش مۆزاییکێکی فرەخێڵ، فرەئاین، فرەمەزهەب، فرەگرووپی ئێتنیکی، فرەدیالێکت و فرەمیرنشین بووە. هەمیشە کوردستان بەسەر چەندان دەسەڵاتی ناوچەییدا دابەش بووە. دەسەڵاتی سیاسی، لە سەردەمەکانی نێوان سەدەی چواردەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، شێوەی کۆمەڵە دەسەڵاتێکی خێڵەکیی میرنشینی بووە، کە هەر میرنشینەی لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستاندا سەری هەڵداوە و دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشێکی جیۆگرافیای نەتەوەییدا سەپاندووە. ئەو دەسەڵاتە لە بنەڕەتدا چڕبوونەوە و پەرەگرتنی دەسەڵاتی خێڵێک، یان بنەماڵەیەک بووە. لە ئەنجامی بۆشایی دەسەڵات، واتا لاوازی یان نەبوونی دەسەڵاتی عوسمانی، یان سەفەوی و قاجاری گەشەی کردووە، بەهێز بووە و سنووره جیۆگرافییەکەی خۆی، لەسەر حیسابی خێڵ و تیرەکانی تری دەوروپشتی، یان بە کۆمەکی ئەوان بەرین کردووە و تا ئەو جێیە رۆیشتووە کە دەسەڵاتێکی تری وەک خۆی پێشی پێ گرتووە و لە نوختەیەکی جیۆگرافی، کە نوختەی پارسەنگی هێز بووە، رایگرتووە.

بۆیە کورد لە رێگەی گردبوونەوەیەکی خێڵەکیی

ناوچەیی (میرنشینی) و بە هۆی کولتوور و زمان- دیالێکتی ناوچەییەوە، نەک لە ڕێگەی یەکیەتیی نەتەوەیی و دەوڵەت و دەسەڵاتێکی ناوەندییەوە، وەک نەتەوە خۆی پاراستووە. ئەمەیش هێزێکی دیکەی داوە بە سیستم و کولتووری خێڵایەتی و تا ئەمڕۆ گیانی خێڵایەتی و ناوچەگەری و لەهجەپەروەریی بەهێز کردووە. چونکە پاراستنی ئەم سیستم و کولتوورە بەشێک بووە لە پێداویستیی مانەوە و میکانیزمی خۆپاراستنی خێڵەکییانە لە بەرامبەر هێرشی بیانیدا: عەرەب، عەجەم، مەغۆل، یان خێڵ و تیرەی دراوسێ، کە بە لەهجەی جیاواز دواون و لە دیدی خێڵایەتییەوە ترسناک بوون، چونکە زۆر جار گرفت و کێشەیان دروست کردووە.

ئەو میرنشینانە ستوکتوورێکی کۆمەڵایەتیو کولتووریی خێڵەکییان بووە، بەڵام نە بنەمای ئاینی و زانینی، نە ئایدۆلۆجیایەکیان بووە. میر هێز و دەسەڵاتی خۆی لە خێڵەکەیەوە، نەک لە خوداوە وەرگرتووە، بەڵام وەک سوڵتانێکی گزگل لە ناوچەی بندەسەڵاتیدا ڕەفتاری کردووە.

دەسەڵاتی میرنشینی، کە تاکە شێوەی دەسەڵاتی کورد بووە، بە دەگمەن و بۆ ماوەیەکی کەم ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی بە خۆیەوە دیوە، کە دەسەڵات بە بێ ئەو جۆرە سەقامگیرییانە ناتوانێت پرۆسێسی خۆ بەموتڵەقکردنی و پرۆسێسی بەدەسەڵاتکردنی زانین درێژە پێ بدات. میرنشینی کوردی

هەواڵنامەی کتێب

بەردەوام ڕووبەڕووی هەڕەشە و فشار و پەلاماری داگیرکەران (مەغۆلەکان، تورکی عوسمانی و سەفەویی ئێرانی) بوونەتەوە. هەروا، وەک کۆمەڵە خەڵکێکی پریمیتیڤ و دواکەوتوو، بەردەوام لەناو خۆیاندا سەرقاڵی شەڕ و پێکدادان و تالانکردنی یەکتری بوون. بۆ نموونە شەڕی نێوان میرنشینی بابان و سۆران، شەڕی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و بابان، کوشتاری ئێزیدییەکان بە دەستی میری ڕەواندز و میر و خێڵی تر. هەروا شەڕی نێو خودی میرنشینێک، بۆ نموونە شەڕی نێو بنەماڵەی بابانەکان لەسەر دەسەلات. ئەو هۆکارانە توانا و سنووری دەسەلاتی میرنشینییان تەنگەبەر و لاواز کردووە. ڕێگەیان نەداوە پراکتیکی دەسەلات لای کورد درێژەی هەبێت و کولتووری دەوڵەت و سیستمی فیکری و ئێپستیمیی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت. لە ئەنجامدا هەوڵ بدات ئەو سیستمە لە ژیانی فیکری و ڕۆحیی کورددا بچەسپێنێت.

ئەگەرچی لە سایەی ئەو میرنشینانەدا، هەندێک دیاردەی گرنگی ئەدەبی و کولتووری، وەک کۆمەڵە دوورگەیەکی کولتووریی لێکدابڕاو دەرکەوتوون [30] بەڵام ئەو دیاردانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە سیستمی دەسەلاتەوە نەبووە. نەبوونی بنەمایەکی زانینی بۆ دەسەلاتی کوردی و لاوازی و بەردەوامنەبوونی پراکتیکی دەسەلات، دەرەتانێکیان بۆ ئەو دیاردانە و بۆ ڕۆشنبیریی ناوچەیی و زانین، کە بەشی گەورەی شیعر بووە،

ڕەخساندووە تا سەربەخۆیی نیسبیانەی خۆیان لە دەسەڵات بپارێزن. زانین و ڕۆشنبیری لە ئاین و ناوەندە ئاینییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەڵام دەسەڵاتی کوردی، بە پێچەوانەی دەسەڵاتی عەرەبیو تورکیو فارسی دەسەڵاتێکی ئاینی نەبووە، کە بە ناوی ئاین و لە ئاینەوە سەری هەڵدابێت و ڕەوایی خۆی لە ئاینەوە وەربگرێت، لە هەمان کاتدا خۆی بووبێتە پاسەوانی ئاینەکە.

دەسەڵاتی کوردی، کە دەسەڵاتێکی داخراو و تەنگەبەری میرنشینی بووە، هیچ بنەمایەکی ئایدۆلۆجی و فیکری و زانینیی نەبووە. هیچ لێکدانەوەو خوێندنەوەیەکی ڕەسمیی خۆی بۆ ئاینو زانین نەخستۆتە ڕوو، تا هەوڵ بدات لە ڕێی توندوتیژییەوە لێکدانەوە و تێگەیشتنە ئاینییەکانی خۆی بسەپێنێت. یان هەر دیاردەیەکی دیکەی فیکری- ئاینی، کە لەگەڵ خوێندنەوەو لێکدانەوەی ڕەسمیی دەسەڵات بۆ ئاینەکە نەگونجاو بێت، بە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دابنێت و پەلاماری بدات. هەروا دەسەڵاتی میرنشینیی کورد، بە هۆی لاوازیی خۆی و سروشتی لادێیانەی و لە ئەنجامی ئەو دۆخە سەختەی کە تێیدا بووە، نەیتوانیوە سیستمێکی فیکری و ئایدۆلۆجی و سیستمێکی زانینیی تایبەت بە خۆی بێنێتە بەرهەم، تا بیر لە داهێنانی شێوازی کۆنترۆڵی فیکر و زانین بکاتەوە. یان ئەو دەسەڵاتە نەیتوانیوە زانین و فیکر و زانست بە جۆرێکی نێگەتیڤانە بەکار بێنێت.

ڕەنگە لەبەر ئەو هۆکارانە بێت کە کێشەی دەسەڵاتو شەڕی نێوخۆ لەنێو کوردا، بە شەڕە تازەکانیشەوە، بنەمای فیکری و زانینییان نەبووە. ئەو شەڕە نێوخۆییانە، زیاتر شەڕی دەسەڵات و زەعامەتی حیزبی، تاکەکەسی، یان بنەماڵەیی و عەشیرەتی بوون.

لە مێژووی دەسەڵاتی میرنشینیدا تەنیا یەک کێشەی گرنگی فیکری و زانینی لەناو کورددا دەرکەوتووە، ئەویش کێشەی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بوو، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و لە سەردەمی میرنشینی باباندا بوو. ئەو کێشە فیکرییە سەرەتای قۆناغێکی نوێی فیکری و کولتووریو رواڵەتی سەرەتای بە شارستانبوونی کۆمەڵی کورد بوو. چونکە دوای سەدان ساڵ کێشە و ناکۆکیی خوێناویی خێڵەکی، یەکەمین جار بوو کە کوردستان کێشەیەکی فیکری و زانینی، بە خۆیەوە ببینێت. هەروا یەکەمین جار بوو لەناو کۆمەڵی کورددا، کێشەیەکی نا چەکداری و ناخێڵەکی، کە چاوی لە دەسەڵاتی خێڵەکی-سیاسیی نەبێت، دەربکەوێت.

بەڵام ئەو کێشەیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا بوو. بەو ئامانجە دەرنەکەوت، کە دەسەڵاتی سیاسی لە بابانەکان بستێنێت و خۆی جێگای بگرێتەوە. هەروا هیچ لایەنێکی کێشەکە دەسەڵاتێکی سیاسیی نەبووە، تا لایەنەکەی تر لێی زەوت بکات. واتا کێشەیەک نەبوو بۆ یەکتری سڕینەوە.

بەڵکو کێشەیەک بوو لە پێناو پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردندا. بۆیە دەسەڵاتی ئەو سەردەمە، کە خۆی هیچ بنەمایەکی فیکری و زانینیی نەبوو، تا بە بەراورد لەگەڵ ئەودا لایەنێک هەڵبژێریت، خۆی نەکردە لایەنێکی کێشەکە. بەو مانایەی کە دەزگای دەسەڵات بە قازانجی لایەنێک و بۆ سەرکوتکردنی لایەنەکەی تر بەکار بێنێت. چونکە سەرجەمی مەسەلەکە نەک هەر لە دەرەوەی بایەخدانی دەسەڵات بوو، بەڵکو ئەسڵەن بە خودی دەسەڵاتە میرنشینییە خێڵەکییەکە نامۆ بوو. دەسەڵاتێکی نا ئاینی و دوور لە فیکر و زانین، کە پێویستی بە هیچ ئایدۆلۆجیایەکی تایبەتی نەبێت، چی لەو جۆرە کێشە ئاینییە- فیکرییە داوە!

ئەو بابەتە باسی سەربەخۆی دەوێت، بۆیە لێرەدا بە کورتی دەڵێم: ئەو میرنشینانە، فیدراسیۆنێکی خێڵەکی بوون لە ناوچەیەکی تەنگەبەردا ماونەتەوە. هیچ ئایدۆلۆجیایەکی تایبەتییان نەبووە تا هێزێکی نوێ بەم یەکگرتنە بدات و کۆمەک بە گەورەبوونی دەوڵەتەکە و بە پرۆسێسی خۆبەموتڵەقکردنی دەسەڵات بکات. هەروا ئەو دەسەڵاتە پشتی بە ئابوورییەکی سروشتی و داخراو بەستووە و نەیتوانیوە هیچ شار و ناوەندێکی شارستانەتی غەزو بکات، تا دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و بە دەستکەوتی شەڕ (غەنیمەت) ئابووریی خۆی بەهێز بکات و سەر لە نوێ هێز و غەزوکردن بەرهەم بێنێتەوە و بیکاتە سەرچاوەیەکی

هەواڵنامەی کتێب

بـەردەوامی ئـابووری. ئـەو میرنشـینانە، بـەهۆی شـوێنی جیۆپۆلیتیکیی کوردستانەوە کەوتبوونە نێوان دوو ناوەندی بەهێزی دەسـەڵات، ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی، بۆیـە نەیانتوانیوە وزەی خۆیان رەوانەی دەرەوەی خۆیـان بکـەن و سنووری خۆیان فراوان بکەن. ئەنجام ئەو میرنشینانە، کە زیاتر بەرهەمی ئەو بۆشاییە بوون کە دەسـەڵاتی بێگانـە لـە کوردسـتاندا جیـی هێشـتووە، لـەناو ئەڵقەیـەکی داخـراوی کۆمەڵایـەتی، ئـابووری و جیۆگرافیـدا گیریـان خـواردووە، بەمـەیش بەهانـەی بـەردەوامبوون و مانـەوەیان لەدەسـت داوە.

هەواڵنامەی کتێب

## V

لـە سـەردەمی سـەرهەڵدانی دەوڵـەتی عـەرەبیی ئیسلامییەوە تـا نـەمانی هـەردوو ئیمپراتۆریـای عوسمانی و ئێرانـی، نزیکـەی هـەموو دەوڵەتـە مەزنـەکانی ناوچەکـە، لـە بنەڕەتـدا، ئـەنجامی پرۆسـەیەکی مێژوویـی گردبوونـەوە و یـەکگرتنی خێڵـە بـەدووەکان بـوون. ئـەو خێڵانـە هێـزی کۆمەڵایەتیی هەرە سـەرەکیی ئـەو دەوڵەتانە بـوون. ئـاینیش وەک ئایـدۆلۆجیای دەوڵـەت هـۆی پتـەوکردنی یـەکبوونی خێڵەکان و بەهێزکردنی دەوڵەتی خێڵ بووە.

ئیبن خەلدوون لای وایە کە مرۆڤایەتی بە سـەردەمێکی

درێـژی عیمرانـی بـەدەوی (وەحشـیگەری)دا رەت بـووە تـا گەیشـتۆتە سـەردەمی عیمرانـی شارسـتانەتی (التمـدن). لـە سـەردەمی یەکەمـدا خۆگردکردنـەوە لەسـەر بنچینـەی پەیوەندیی خوێن‌و خزمایەتی بووە، لـە سـەردەمی دووەمدا خۆگردکردنـەوە لەسـەر بنچینـەی خۆرێکخسـتن لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـدا بـووە. ئیـبن خەلـدوون دەمـارگیری (عەسـەبییەت) کـە حاڵـەتێکی هاوبەشـی رۆحـی و مەعنەویی ئەنـدامانی خێڵـە و لەسـەر بنچینـەی خـوێن و خزمایـەتی و وەلائی هاوبەش دروست دەبێت، بە هۆکاری دروستبوونی دەوڵەت دەزانێت. ئەم عەسەبییەتە، لە چوارچێوەی عیمرانی بەدەویـدا، سـەرەتاکانی نـاوکی دەوڵـەت پێکدێنێت، بـەڵام لـە پرۆسـەی کێشـە و پێکـدادانی نێـوان خێڵـەکان، بـەهۆی دەمـارگیری و لـە پێنـاوی مانـەوەدا، عەسـەبییەتێکی بـەهێز هـەموو عەسـەبییەتەکانی دیکـە ملکـەچی خـۆی دەکات و لـە کـۆی هـەموویان عەسـەبییەتێکی نـوێ پێکـدێت، کـە بناغـەی دەوڵەتە. ئەو خێڵانە پێکەوە وزە و توانای خۆیان ئاراستەی دەرەوەی خۆیان (شار، یان ناوەندێکی شارستانەتی) دەکەن و دەسەڵاتی خۆیان بەسەریدا دەسەپێنن.

لـە ئەنجامـدا دەوڵـەت بـۆ بـەدووەکان دەبێتـە پێداویسـتییەکی بابـەتی (ئـۆبجێکتیڤی)، کـە ژیـانی شـار و ئاوەدانی دەیسەپێنێت. ئەو دەوڵەتە، بە پێی ئیبن خەلدوون، بە هۆی بانگێشـە (دعـوە)ی ئاینییـەوە بـەهێز دەبێت، چونکە دەوڵـەتی بـەهێز ئەسـڵەکەی ئاینـە. بـەڵام خـودی بانگێشـەی

ئـاینی بـەبێ عەسـەبییەت، کـە پاڵنـەر یـان سـەرچاوەی دروسـتکردنی دەوڵەتـە، سـەرناگرێت [31] بـەم پێیـە ئـاین دەبێتـە حاڵـەتێکی نـوێی رۆحیـی هاوبـەش، کـە لـە پـاڵ عەسەبییەتدا، خەڵکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، هـەروا دەبێتە ئایدۆلۆجیای دەوڵەتەکە.

خێڵە بەدووەکانی عەرەب لە بیابانی دوورگەی عـەرەب دەژیـان، کـەچی خێڵـە بـەدووە مـەغۆل و (بەشـیک لـە خێڵـە تورکزمانەکان) لە بیابانەکانی ئاسیای ناوەڕاست مەڵبەند و سـەرچاوەیان بـوو[32]. ئـەو خێڵـە بەدووانـە، وەک کۆمەڵـە خـەڵکێک، لەسـەر بنچینـەی خـوێن و خزمایـەتی و وەلائـی هاوبـەش، سیسـتمێکی کۆمەڵایـەتییان پێـک هێنـاوە، سـەدان ساڵ لە سایەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە و ئابوورییـەکی سروشتیی سادە و نەگۆڕدا، ژیانیان بەسەر بردووە. ئەمانە هـیچ کـارێکی بەرهەمهێنەرانـەی کشـتوکاڵی و سـەنعەتییان نـەزانیوە و بـە چـاوێکی نـزم بۆیـان روانیـون. غـەزوکردن و غەنیمـەت و تـالان، سـەرچاوەی هـەرە بـەهێزی ئابوورییـان بووە، بۆیە بە کارێکی جوامێرانەیان داناوە.

بـەدووەکان کۆمەڵـە خـەڵکێکی بـزۆز و هەدانـەدەر و شەڕکەر بوون، کە لە بیابانەکاندا ژیانێکی سـەخت و پڕ لـە قاتوقڕی و نەدارییان بەسەر بردووە. ئەو بیابانە رووتـەن و ئاووهـەوا دژوارانـە نـە بـۆ کشـتوکاڵ دەسـت دەدەن، نـە

دارستان و رووەکیان تێدایە. بیابانی دوورگەی عەرەب، گەرم و ویشک و سووتێنەر و لماوییە. کەچی بیابانی گۆبی- ئاسیای ناوەڕاست، بە درێژایی ساڵ، جگە لە سێ مانگی هاوین، یەکجار سارد و پڕ زریان و بەستەڵەکە. سروشت و ئاووهەوای دژوار و سامناکی بیابان، راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر سروشت و شێوەی ژیان و کولتوور و نەریتی ئەو خێڵانە، کە بە گشتی زەبرپەروەر و توندوتیژ و شەڕانین. غەریزەی مانەوە و پێداویستیی تێرکردنی مێگەلەکانیان، کە سەرچاوەی سەرەکیی خۆتێرکردنیان بووە، بەرەو شەڕ و تالانی و پێکدادانی نێوخۆی بەردەوامی بردوون. ئەو خێڵانە بە پێی دەستوور و یاسایەک، کە زیاتر لە یاسای جەنگەڵ چووە، بەشی هەرە گەورەی داهاتی خۆیان لە ڕێگەی غەزو و چەتەیی و تالانکردنی خێڵە لاوازەکانەوە، یان بەهۆی پەلاماری خێرا و لە ناکاوی شار و شارۆچکەکانی رۆخی بیابانەوە، دابین کردووە.

ئیبن خەلدوون، لای وایە کە عەرەبەکان تەنیا بە خەڵکی لاواز و بێدەسەلات دەوێرن. ئەوان بە هۆی ئەو سروشتە دڕندانەی کە خەڵکی تالانکەر هەیەتی، پەلاماری ئەوانە دەدەن کە بە لاوازیان دەزانن و دەتوانن بە ئاسانی و بێ ئەوەی تووشی بەرەنگاری و مەترسیی گەورە ببن، تالانیان بکەن و دەستیان بەسەردا بگرن. خۆیان لەو خێڵانە نادەن

کە لە چیا سەختەکاندا، لە دەستدرێژی و فەسادی ئەمان (عەرەب) خۆیان پاراستووە[33].

راستییەکەی ئەمە تەنیا نەریت و سروشتیی خێڵە بەدووەکانی عەرەب نەبووە، بەڵکو نەریت و سروشتی تەواوی بەدووەکان و خێڵە شوانکارە و نیمچە رەوەندەکان بووە، کە سروشتی سەختی ژیانیان و غەریزەی خۆپاراستن و مانەوەی خۆیان و ماڵاتەکانیان وابەستەی ئابوورییەکی کردوون، کە پشت بە غەزوکردن و غەنیمەت و تاڵان ببەستێت. بۆیە لەناو ئەو خێڵە بەدوو و رەوەندانەدا هەستی دادپەروەری و رێزگرتنی مرۆڤ و ماڵ و سامانی مرۆڤ شوێنەواریان نەبووە و نییە. دژواریی ژیان و پێداویستیی مانەوە، مەحکومبوونیان بە ئابووریی غەنیمەت و تاڵان، دەرفەتیان نەداوە هەستی مرۆڤدۆستی و دادپەروەری لەناویاندا دەربکەون و پەرە بگرن.

خێڵە بەدووە مەغۆلەکان، پێش ئەوەی لە سایەی چێنگیزخاندا یەکبگرن و پەلاماری دنیا بدەن، لەنێو خۆیان و لەگەڵ خێڵە تاتار و تورکزمانەکانی ناوچەکەیاندا، بەردەوام لە شەڕدا بوون. کاتێک ناوچەیەکیان دەگرت زۆرترین خەڵکیان دەکوشت، بۆ ئەوەی ژمارەی خەڵکی ئەو ناوچانە کەم بکەنەوە تا ناوچەکەیان بکەنە لەوەڕگای ماڵاتەکانیان[34].

غەزوکردنو غەنیمەت، سەرەنجام خێڵە بەدووەکانی

لەناو ئەڵقەی داخراوی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە-ئابوورییە دەربازکردووە و رووە و دەرەوەی بیابان بردوونی. شار و ناوەندە شارستانەتییەکانی رۆخی مەملەکەتەکەیان (بیابان) شارستانەتیی چین لە رۆخی بیابانەکانی گۆبی، شارستانەتیی ساسانی و بیزەنتی لە رۆخی بیابانەکانی دوورگەی عەرەب، بوونەتە ئامانجیان. ئەو خێڵانە شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆییان گۆڕیوە بە شەڕ دژی گەلانی دی. هەموویان یەکگرتووانە، پێکەوە بە شەڕ و پەلاماردان، دەستیان بە سەر شار و شارۆچکەکاندا گرتووە و تالان و وێرانیان کردوون. بەم کارەیش شڵەژان و وێرانەیەکی گەورەیان ناوەتەوە.

لەم خوێندنەوە خەڵدوونییەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەداوەت، ئاین و غەرو سێکوچکەی کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆجی و ئابووریی دەوڵەت بوون.

سیستمی خێڵایەتیی بەداوەت، کە بنچینەی دامەزراندنی چەند ئیمپراتۆریایەک بووە، وەک هەر سیستمێکی دیکەی کۆمەڵایەتی، بنەمای ئابووری و کولتووریی خۆی هەیە. واتا بە داوەت چەند کۆمەڵایەتییە هێندەیش ئابووری و کولتوورییە.

ئابوورییە: بەهۆی ئەو شێوازی بەرهەمهێنانەی کە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە پشتی پێ دەبەستێت. داهاتی ئابووریی هەرە گەورە و سەرەکیی خێڵە بەدووەکان، وەک

باس کرا، ئابووریی غەزو یان غەنیمەت و تالان، واتا دەستکەوتی شەڕ بووە، کە بەگوێرەی نەریت و کولتووری بەدووەکان، کارێکی ڕەوا و جوامێرانەیە. هەروا غەنیمەت پاڵنەری چالاکیی خێڵە بەدووەکان و گەورەترین هۆکاری بەردەوامبوون و مانەوەیان بووە. ئەو خێڵەی نەیتوانیبێت غەزو بکات، ئەوا خۆی غەزو کراوە و لەناو براوە.

غەنیمەت، وەک دەستکەوتی شەڕ، لە پەلامار و شەڕی بەدووەکاندا بە سەر شەڕکەراندا دابەش کراوە. بەڵام سەرۆکی خێڵ هەمیشە بەشە زۆرەکەی بردووە. چونکە میوانانی خێڵ روویان لە دیوەخانی ئەو کردووە. ئەندامانی خێڵ لە ساتی نەداری و قاتوقڕیدا پەنایان بۆ ئەو بردووە. دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە پشتی بەم شێوازی ((بەرهەمهێنان))ی ئابوورییە (غەنیمەت) بەست و مەودایەکی موتڵەق و ناوەرۆکێکی شەرعیی پێ دا. هەروا غەنیمەتەکان، بە پێی هەمان نەریت و کولتووری بەداوەتی عەرەبی، بەسەر شەڕکەراندا دابەش دەکران (وەک لە قورئاندا، سوورەی ئەنفال ئایەی 41 دیاری کراوە) پێنجیەکی بۆ پێغەمبەر دادەندرا (واعلموا انما غنمتم من شیء فان لله خمسه وللرسول ولذی القربی والیتمی والمسکین وابن السبیل) (واتا؛ بزانن بە راستی هەر جۆرە سوود و غەنیمەتێک بە ئێوە بگات یەک پێنجەمی- "پێنجیەک"ی ئەوە بۆ خوا و بۆ پێغەمبەر و خزمان و هەتیوان و مسکێنان و لە ڕێگا ماوانە) ((35)). ئەو

غەنیمەتـەیش هـەموو جۆرە دەسـتکەوتەکانی وەک: تـاڵانی ماڵ و سامان و مـاڵات، زەوتکردنی زەوی، بە کۆیلـەکردنی کـورٍ و کـچ و ژن و پیـاو (کـەنیزە و غولمـان) جزیـە و دەستکەوتی دیکـەی دەگرتـەوە. بەشـێکی ئـەو دەسـتکەوت و داهاتە ئابوورییە (خەراج، جزیە) لە سەرەتای فتوحاتدا تـەنیا لە غەیرەدین (ناموسوڵمان) دەستێندرا. بـەڵام کاتێک خـەڵکی میسر و ئێران و مـەغریب...تاد بە پۆل بوونـە موسـوڵمان، دەوڵـەتی عـەرەبی سـەرچاوەیەکی مفـت و هـەرە گـەورەی ئـابووریی لـە دەسـت چـوو، بۆیـە ئومەوییـەکان جەزیـە و خەراجیان بە سـەر نەتـەوە موسوڵمانە غـەیرە عەرەبەکاندا سەپاند.

فەوزی مەنسوور لەو باوەڕەدایە کە عومەر لە فتوحاتدا پرۆژەکـەی ئـەوە بـووە کـە بـەو داهاتـەی بەهۆی موڵکانـەی وڵاتـانی فـەتحکراوەوە بـە دەسـت دەهێنـدرێت، کۆمـەڵێکی عەرەبیی ئیسـلامی لـە دوورگـەی عەرەبدا دابمـەزرێنێت، بێ ئـــەوەی لـــە رووی کۆمەڵایـــەتی و ئیـــداری و ئایینییـــەوە دەستکاریی جەوهەری رێکخستنی ئەو وڵاتانە بکرێت((36)).

فتوحـات شـێوە بەرهـەمهێنانی غـەزووی کـردە شـێوەی زاڵـی ئـابووریی دەوڵەتـە ئیسـلامییەکان. سـەمیر ئـەمین ئـەم شـێوازە زاڵـەی ((بەرهـەمهێنان))ی ئـابووری، بـە ئـابووریی خـەراج، یـان شـێوازی خـەراجی نـاو دەبـات. محەمـەد عابـد جـابری نـاوی شـێوازی بەرهـەمهێنانی پـەلاماردان (الغـزو)ی لێ دەنێت((37)).

هەروا سیستمی بەداوەت کولتوورییە: چونکە ئەو کۆمەڵە خەڵکە، لە پرۆسەی ژیانی مێژووییاندا، کۆمەڵێک نەریت و بەها و دەستووری تایبەتی خۆیان و تێڕوانین و تایبەتمەندیی کولتووری و سایکۆلۆجیی خۆیان هەیە، کە بە هۆیانەوە لە خەڵکانی دیکە جیا دەکرێنەوە. کۆمەڵناس و بەدوناسی عێراقی دوکتۆر عەلی ئەلوەردی کولتووری بەدو لە سێ رەگەزی سەرەکیدا کۆ دەکاتەوە:

1. دەمارگیری (العصبیه)
2. پەلاماردان (الغزو)
3. جوامێری (المروءه) ((38)).

شیعری سەردەمی جاهیلی و سەرەتای سەردەمی ئیسلام پڕن لەو نموونانەی کە بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش، لایەنەکانی کولتووری بەدوو دەردەخەن، لەوانە خۆهەڵنان بە غەزو و شەڕ و تالانەوە، بێزهاتنەوە لە کاری بەرهەمهێنەرانەی کشتوکاڵی، سەنعەتی و کاری بازرگانی، بە کەمڕوانین بۆ ژن، تۆڵەستاندنەوە، لووتبەرزی و بەخۆنازین، خێڵپەروەری و بەخێڵنازین...تاد.

ئەم دوو لایەنە ئابووریی‌و کولتوورییە خاسییەتی هەرە سەرەکیی ئەو ئیمپراتۆریایانە بوون کە بەدووەکان دامەزرێنەر و (هێزی کار)ی دامەزراندنی بوون. بەڵام ئەو پرۆسێسە مێژووییە، دامەزراندنی دەوڵەت، بەهۆی ئاینەوە کامڵ و بەردەوام بووە، چونکە ئاین وەک دیاردەیەکی

موتڵەق و وەک هۆکاری یەکبوونی رۆحی و وەک ئایدۆلۆجیا، سیفەتێکی موتڵەقی بەو دەوڵەتانە داوە.

* * *

ئەگەر ئەو دەوڵەتە خێڵەکییانەی پێشتر باس کران لە بنەڕەتدا بەرهەمی بزاڤی بەدووەکان بوون و پشتیان بە ئابووریی غەنیمەت بەستبێت و بەپێی کولتووری بەدووەکان بەڕێوە چووبن، ئەوا ئەو دەوڵەتانە، هەر خۆشیان، پارێزەری ئەو کولتوور و نەریت و شێوازە ئابوورییانەیش بوون. مێژووی ئەو دەوڵەتانە، مێژووی بڕەوپێدانی غەنیمەت و تالان بووە. مێژووی بەرهەمهێنانەوەی کولتووری خێڵەکی و بەخوێنئاودراوی بەدووەکان بووە، مێژووی بە موتڵەقکردنی ئایدۆلۆجیا و فیکر و زانینی- ئاینیی رەسمیی دەوڵەت بووە.

زەبر و ستەمی دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی و ئومەوی و عەباسی بەرامبەر بە خەڵکی موسوڵمان و غەیرە موسوڵمان، تاوانی مەغۆل- تاتار و تورکانی خواریزم و سەلجوقی و عوسمانی و سەفەوی و قاجاری بەرهەمی ئەو کولتوورە بەدەوییە نێگەتیڤە بوون.

کاتێک، لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، هەردوو ئیمپراتۆریای ستەم، ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی،

نـەمان شـێوازێکی دێرینـی دەوڵـەتی تیـۆکراتی- خێڵـەکیی ئاسـیایی لـەناو چـوو. لەسـەر کـەلاوەی ئـەوان کۆمەڵـە دەوڵەتێکی ناسیۆنال و ((مۆدێرن)) دامەزرێندران، کە بوونە میراتگری سیاسی و کولتووریی دەوڵەتانی پێشوو.

ناسـیۆنالیزمی نەتـەوەکانی تـورک، عـەرەب و فـارس لەگەڵ رواڵەتی لاییتی (عەلمانی)یاندا، بەڵام لە چوارچێوەی هەمان ستروکتووری کۆمەڵایەتی .. خێڵـەکیی خێڵدا بوون. ئەوانیش باوەڕیان بە ماف و ئازادیی هیچ رەگەز و لایەن و باوەڕێکی جیاواز لە خۆیان نەبوو. ئەنجام لەسەر کەلاوەی ئـەو ئیمپراتۆریایانـە، کۆمەڵـە دەوڵـەتێکی ئۆتـۆکراتی، واتـا حوکمی موتڵەقی تاکەکەس، دەرکەوتن کە هەمان کولتووری ستەم و میتۆدی داپلۆسینەرانەی ئیمپراتۆریاکانی خۆیانیان، لە فۆرمێکی نوێدا، هێنایەوە بەرهەم.

کولتووری سیاسـی و سـتەمی سـەدان ساڵەی دەوڵـەتی تیۆکراتیی ئیسلامی لە دژی هەر رەگەزێکی جیاوازی ئاینی، مەزهەبی، سیاسـی و نەتەوەیی، بوون بـە بەشـێکی چەسپاو لە سروشتی دەوڵەتی ناسیۆنال- خێڵەکی ناوچەکە.

کاتێـک ئایـدۆلۆجیای ناسـیۆنالیزم، وەک ئایـدۆلۆجیای دەوڵـەت، جێگـای ئایدۆلۆجیای ئـاینیی گرتـەوە، داپلۆسـینی مرۆڤ و ستەمی ئاینی و مەزهەبیی بەرامبەر بە کەمایەتیی نەتەوەیی، ئاینی و مەزهەبی هەر بەردەوام بوون. ستەم و چەوسـاندنەوە بوونـە بەشـێک لـە سیسـتمی فیکـری-

ئایـدۆلۆجی و کولتـوور و نـەریتی سیاسـیی دەوڵـەتانی ناسیۆنال خێڵەکی وەک تورکیا، ئێران و عێراق و سووریا، کە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆجیای زۆرایەتی (نەتەوەیی، یان مەزهەبی) دامەزرێندراون. ئەو دەوڵەتانە پاشماوەی جۆرە ئیمپراتۆریایەکن کە ستروکتووری کۆمەڵایەتییان خێڵ و بەداوەت و ئایدۆلۆجیایان ئاین و ئابوورییەکەیان دەستکەوت و تاڵان بوو. ئەمانە میراتگرێکی سروشتیی کولتوور و نەریتی سیاسیی سەدان ساڵەی ئەو ئیمپراتۆریانەن. هەمان کولتوورو نەریتی سیاسیی ئەوان دێننەوە بەرهەم، داپلۆسینی هەر رەگەز و لایەنێکی لە خۆیان جیاواز، بۆ نموونە کورد، بەشێکی ئۆرگانێکی ئایدۆلۆجیای نەتەوەییانە، تاڵانکردنی کوردستانیش بەشێکە لە ئابووریی غەنیمەت و خەراجی ئەو دەوڵەتانە.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. الدکتور علی الوردی، دراسە فی طبیعە المجتمع العراقی، المکتبە الحیدریە،1996، ص31
2. دکتور السید عبدالعزیز سالم، تأریخ العرب فی عصر الجاهلیە، مؤسسە شباب الجامعە، 1988، ص 430-433

یان شەڕی نێوان خێڵی عەدنانییەکان و خێڵی قەحتانییەکان، کە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام، لەو ناوچانەی داگیریان کردبوون، هەر بەردەوام بوو. ئەو دوو خێڵە لە ئەندەلوسی ئیسپانیا شەڕێکی خوێناوییان کەوتە نێوانەوە، چونکە کابرایەکی سەر بە خێڵی عەدنان پەلکە مێوی لە رەزی کابرایەکی قەحتانیدا چنیبۆوە، هەروا ئەو دوو خێڵە لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا، لە لوبنان و فەلەستین کوشتارێکی زۆریان لە یەکتری کرد. بڕوانە: الدکتور علی الوردی، مصدر سابق ص59

3. لە کتێبی (المختصر فی تأریخ البشر ص 167) دا هاتووە: ((ثم دخلت سنە ثلاثین فیها بلغ عثمان ما وقع من امر القرآن من أهل العراق فأنهم یقولون قرآننا اصح من قرآن أهل الشام لانا قرانا علی أبی موسی الاشعری، وأهل الشام یقولون قرآننا اصح لانا قراونا علی المقداد بن الأسود وکذلک غیرهم من الأمصار فاجمع رایە ورای الصحابە علی أن یحمل الناس علی المصحف الذی کتب فی خلافە ابی بکر

هەواڵنامەی کتێب

رضی الله عنه وکان مودعا عند حفصه زوج النبی صلی الله علیه وسلم وتحرق ما سواه من المصاحف التی بایدی الناس ففعل ذلک ونسخ من ذلک المصحف مصاحف وحمل کلا منها الی مصر من الأمصار وکان الذی تولی نسخ المصاحف العثمانیه بأمر عثمان زید بن ثابت و عبدالله بن الزبیر وسعید بن العاص وعبدالرحمن بن الحارث بن هشام المخزومی وقال عثمان أن أختلفتم فی کلمه فاکتبوها بلسان قریش فأنما نزل القرآن بلسان قریش)). (المختصر فی تأریخ البشر: تأریخ أبی الفداء، دار المعرفه للطباعه والنشر 1972 ص167). من صادق جلال العظم، ذهنیه التحریم، مرکز الأبحاث والدراسات الأشتراکیه فی العالم العربی نیقوسیا 1994 ص214-215

4. هەمان سەرچاوە لا 215،219

هەندێک سەرچاوەی دیکەی ئیسلام ئەم قسانە ڕەت دەکەنەوە.

5. عباس محمود العقاد، عبقریه الأمام ص 80- من الدکتور علی الوردی، مهزله العقل البشری، طبعه 2 دار کوفان لندن 1994ص 185

6. الدکتور علی الوردی، دراسه فی طبیعه المجتمع العراقی، مصدر سابق، ص103 ، بەڵام هادی ئەلعەلەوی و گەلێک نووسەری دیکەی عەرەب پێیان وایە کە ((سەرکەوتنی پێغەمبەری چەکدار سەرەتای قەیرانی چەمکی پێغەمبەرایەتی (النبوه)یە، کە بە قازانجی دەوڵەت زەوت کرا.

هادی العلوی، فصول من تأريخ الأسلام السياسی، نيقوسيا–قبرص، 1995ص 39)

7. بـۆ نموونـه لـه قورئانـدا وشـه‌ی کوشـتن، بـه مانـا جۆراوجۆره‌کانییـه‌وه 174 جـار دووبـاره بۆتـه‌وه، کـه‌چی وشه‌ی نوێژکردن، که یه‌کێکه له پێنج روکنه‌کانی ئیسلام، به مانا جۆراوجۆره‌کانییه‌وه، ته‌نیا 99جار له قورئاندا دووباره بۆتـه‌وه. هـه‌روا لـه قورئانـدا سـه‌باره‌ت بـه کوشتنی کـافران هاتووه: فلم تقتلوهم ولکن الله قتلهم... واتا (ئه‌ی ئیمانداران) ئێـوه نـا بـه‌ڵکو خـودا (کـافرانی) کوشـت. ((سـوره‌ی ئـه‌نفال ئایه‌ی حه‌ڤده‌یه‌م)).

8. بـۆ نموونـه لـه سـه‌رده‌می پێغه‌مبـه‌ردا شه‌شسـه‌د تـا هه‌شتسه‌د جووله‌که، له خێڵی به‌نی قـه‌ریزه (بنی قريظه) به فـه‌رمانی خـودی پێغه‌مبـه‌ر کـوژران، بـه‌و تومه‌تـه‌ی کـه په‌یمانشکێنییان له‌گه‌ڵ کردبوو.

هـــه‌روا ژن‌و منـــداڵ‌و مـــاڵ‌و ســـامانیانی به‌ســـه‌ر موسـولْمانانـدا دابـه‌ش کـرد. لـه کاتێـکدا پێغه‌مبـه‌ر ده‌یتـوانی ئـه‌وان، وه‌ک جووله‌کـه‌کانی خێڵـی بـه‌نی ئه‌لنـه‌زیر (بنـی النضـير) و بـه‌نی قینقـاع لـه مه‌دینـه ده‌ربکـات و پـێش بـه‌م تاوانی کوشتنه بگرێت. بۆ زیاتر بڕوانه:

هادی العلوی، مصدر سابق 37

9. بـۆ زیـاتر بڕوانـه: لۆرانـت شـابری، آنـی شـابری، سياسه و اقليات فی الشـرق الأدنـی، ترجمـه الـدکتور ذوقـان قرقوط، مکتبه مدبولی القاهره، ص 28)

هەواڵنامەی کتێب

10–بندلی جوزی، من تأريخ الحركات الفكريه فی الأسلام، ط3، دار الجليل، 1982 ص56، 58، 62

بۆ نموونە ئەمازيخييەكان (بەربەرەكان)ی المغرب، لەگەڵ ئەوەی بوو بوونە موسوڵمان، کەچی ئومەوييەكان جزيەيان لە خەڵكی مەغريب دەستاند و ژنەكانيان بە كۆيلە دەگرتن چونكە عەرەب نەبوون. بۆ زياتر لەم بارەيەوە بڕوانە:

د. محمود اسماعيل، الحركات السريه فی الأسلام، كتاب روز اليوسف، مصر ص34

11. لۆرانت شابری، آنی شابری، مصدر سابق ص 19

12. هادی العلوی، مصدر سابق، ص287

13. هەمان سەرچاوە، لا 353

14. بروكلمان، تأريخ الشعوب الأسلاميه، فيليب حتی، تأريخ الأعراب، ص25

15. انساب الأشراف، ج2 ق2 ص46، من هادی العلوی، مصدر سابق، ص342

16. احمد كسروی، بهائيگری شيعيگری صوفيگری، انتشارات نويد1989، ص138

17. ابن خلدون، المقدمه، دار العوده بيروت، 1981، ص، 118 شايانی باسە كە ئيبن خەلدون، لە چەندان شوێنی ئەم كتێبەيدا (بۆ نموونە لاپەڕە 96–97، 115،214) عەرەب، تورك، توركمان و كورد بە خەڵكانی دڕندە و دوور لە

شارستانەتی نا ودەبات، چونکە بە لای ئەوەوە ئەم نەتەوانە بە زەبری شمشێر و پەلاماردان بژێوی خۆیان پەیدا دەکەن و تالانکردنی خەڵکی دی کار و پیشەیانە. هەروا دووپاتی دەکاتەوە کە عەرەب لە خەڵکی تر بەدەوی ترن و هیچ نەتەوەیەکی دی هێندەی عەرەب لە شارستانەتییەوە دوورنین. زۆر لە ناسیۆنالیستانی عەرەب، لەوانە ساطع الحصری، بە توندی دژی ابن خلدون نووسیویانە و داوای سووتاندنی بەرهەمەکانیان کردووە، چونکە پێیان وایە سوکایەتی بە عەرەب کردووە.

18. رۆژی 9ی مانگی سەفەری ساڵی 655ی کۆچی (1258 ی زایینی) هۆلاکۆ شاری بەغدای گرت. مێژوونووسی عەرەب د.فوئاد عەبدولمەعنی ئەلسەیاد، لە کتێبی (مێژوونووسی گەورەی مەغۆل رەشید فەزلوڵلا هەمەدانی) دا دەنووسێت کە هۆلاکۆ دوای ئەوەی دەستی بەسەر کۆشک و سامانی خەلیفەی عەباسی، موعتەسەمدا گرت، فرمانی کرد کە ژن و خزمەتکار و دارودەستەی خەلیفە بژمێرن. دوای ژماردنیان حەوسەد ژنە حەریم و جەواری و دووهەزار پیاو بوون. خەلیفە لە هۆلاکۆ پارایەوە کە تەنیا ژنەکانی بدەنەوە و پێی وت: ئەو ژنانەم پێ بدەوە کە هەتاو (ضوء الشمس) و تریفە (نور القمر) بەریان نەکەوتوون. خەلیفە مەبەستی ئەو ژنە باڵاپۆشانەی بوو، کە لەناو شوورەی کۆشکەکەیدا بوون و تەنیا خۆی بۆی هەبوو چاوی پێیان بکەوێت. هۆلاکۆ فرمانی بە خەلیفە کرد

کە لەناویاندا سەد ژن هەڵبېژێرێت. بەڵام دوای ئەوە هۆلاکۆ موعتەسەمی کوشت.

بڕوانە: د.رجاء النقاش، ءالا النساء.. یا مولای! جریدە الاهرام، 17–5–2003

19. ابن خلدون، المقدمە، ص99

20– Michael Norberg, Asiens historia Fran forntiden till 1914 Natur och kultur, Stockholm 1971, S.114 -115

21. بە پێی ئەو یاسایە: (تەنیا یەک خودا هەیە کە خوڵقێنەری زەمین و ئاسمانە، هەر خۆی بەخشندەی ژیان و مردنە... رابەرانی ئاینی و مەلا و مجەوری مزگەوت و قەشە...تاد، هەروا دوکتۆر و مردووشۆر باج و زەکاتیان لێ ناستێندرێت. یاساخە لەگەڵ هیچ سەردارێک یان گەلێک ئاشتی بکرێت ئەگەر خۆی بەدەستەوە نەدات. هەر کەسێک پێش ئەوەی جەنێراڵە سەرکردەکەی رێگەی بدات دەست بە تالآنی دوژمن بکات بە مردن حوکم دەدرێت. هەر کەسێک ئەسپێک، گایەک، یان شتێک کە هێندەی ئەمان بە نرخ بێت بدزێت سزایەکەی مردنە و جەستەیشی دەکرێت بە دوو پارچەوە...تاد) لە بارەی بەندەکانی دیکەی ئەم یاسایە بڕوانە:

Harold Lamb Djingis Khan, Översättare: Claes Gripenberg, Raben & Sjögren Stockholm S.188-190).

22. دڕندایەتیی مەغۆلەکان ئیرادەو بیرکردنەوەی مرۆڤی فەلەج دەکرد .مێژوونووسی ئیسلام، ئیبن ئەلئەسیر ( أبن الأثیر، لە ناو رووداوەکانی ساڵی 628ی کۆچی

1231ی زایینیدا دەنووسێت : سەربازێکی مەغۆل کابرایەکی گرت، بەڵام چەکی پێ نەبوو بیکوژێت. بۆیە پێی گوت : ((سەرت لە سەر ئەرز هەڵنەبڕیت و نەجوڵێیت!)) ئیدی سەربازەکە چوو لە ئۆردوگا سەربازییەکەی شمشێرێک بێنێت .کاتێک گەڕایەوە بینی کابرا لە جێی خۆی نەجوڵاوە. هەر لەوێ کابرای کوشت. بڕوانە : ج ،ج . ساندرز ، تأریخ فتوحات مغول، ترجمە، أبو القاسم حالت، انتشارات امیر کبیر تهران 1361 ص 215

23. هەمان سەرچاوە لا 71

24. Ingegerd Bauder , Iran under shaher och mullor, Inte bara shià En bok om Iran, Stockholm 1992, s.15

25. دەکرێت ئەم دیاردەیە بە دیاردەی حکوومەتی ئەیووبییەکان و زمانی کوردی بەراورد بکەین. سەلاحەدین و بنەماڵەی ئەیوبییەکان لە ساڵانی 1171– 1249 حوکمڕانیی میسر و سوریا و موسڵ و باکووری ئەفریقایان کرد، کەچی زمانی کوردی نەیتوانی لە هیچ کام لەم ناوچانەدا خۆی بسەپێنێت. لە جیاتیان جێگەی بۆ زمانی عەرەبی و تارادەیەک فارسی و تورکی (کە بەشێکی لەشکری سەلاحەدین تورکە کۆیلە ئازاد کراوەکان بوون) چۆڵ کرد. چونکە یان بنەماڵەی سەلاحەدین بە کولتوور و زمان و ئەدەبی کوردی ئاشنا نەبوون. یاخود ئەوکاتە زمانی کوردی ستێکی ئەوتۆی پێ نەنووسرابوو، نەیتوانیبوو ببێتە زمانی دەستەی خوێندەواری چینی

سەرەوەی کۆمەڵ. کەچی ئەوکاتە زمانانی فارسی و عەرەبی بوو بوونە زمانی ئەدەبیات و زانست.

26. ج-ج ساندز، تأريخ فتوحات مغول، ص 170

27. گۆلد تسهير دەنووسێت : ئومەوییەکان، بۆیە هێندە بە توندی بەرەنگاری ئەو یاخی و شۆڕشگێڕانە دەبوونەوە کە لەبەر هۆکاری ئاینی شۆڕشیان دەکرد، چونکە لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمانە دوژمنی ئیسلامن و پێویستە لە پێناو بەرژەوەندیی مەزنی و پاراستنی ئیسلامدا بە شمشێر تەمبێ بکرێن. بە باوەڕی ئەوان نەدەبوو جیاوازی لە نێوان چاکەی ئیسلام و چاکەی دەوڵەتدا بکرێت.

د.على الوردى، مهزله العقل البشرى، ص 126

28. بە پێی قورئان، سوورەی ئەلنساء ئایەی 59 دەبوو هەموو موسوڵمانان، بەبێ مەرج ئیتاعەتی پێغەمبەر و اولى الأمر (مەبەست لە سەرکردەی سەربازییە) بکەن. (يا أيها الذين أمنوا أطيعوا الرسول و اولى الأمر منكم وأن تنازعتم فى شىء فردوه الى الله أن كنتم تؤمنون). وەک زانراوە ئەم ئایەتە بەهۆی کێشەیەکی نێوان خالید کوڕی وەلید و عەمار بن یاسر هاتووە، کە کێشەکەیان دەبەنە لای محەمەد. هەروا ئیبن خەلدوون، سەبارەت بە دەسەڵاتی ئاینی و دنیایی خەلیفە دەنووسێت: لما تبين أن حقيقه الخلافه نيابه عن صاحب الشرع فى حفظ الدين وسياسه الدنيا، فصاحب الشرع متصرف فى الأمرين أما فى الدين فبمقتضى التكاليف الشرعيه الذى هو مامور بتبليغها و حمل الناس عليها، وأما

سیاسه الدنیا فبمقتضی رعایته لمصالحهم فی العمران البشری)). أبن خلدون، المقدمه، مصدر سابق، ص173

29. بۆ نموونە حوسێن، کە لە دژی دەسەڵاتی ئومەوییەکان راپەڕی رایگەیاند کە (ئەمەوییەکان ئیتاعەتی شەیتان دەکەنو پشتیان کردۆتە ئیتاعەتی خودا و فەسادیان بڵاو کردۆتەوە.... حەرامیان حەڵاڵ و حەڵاڵیان حەرام کردووە). کەچی قازی ئەو سەردەمەی موسوڵمانان، ئیبن ئەلعەرەبی، سەبارەت بە کوژرانی حوسێن بە دەستی ئومەوییەکان فەتوای دا کە ((ئەو بە شمشێری باپیری کوژرا)) واتا بە شمشێری ئیسلام کوژرا. رەنگە ئیبن ئەلعەرەبی لەو باوەڕەدا بووبێت کە حوسێن لە ئیسلام لای داوە. یان لەبەر هەلپەرستی و ماستاوکردن بۆ دەسەڵاتی ئومەوییەکان ئەو فەتوایەی داوە! بۆ زیاتر بڕوانە: د.علی الوردی، مهزله العقل البشری، ص126

30. بۆ نموونە ئەدەبی نووسراو بە دیالێکتی کرمانجی لە سەدەی شازەیەم بەدواوە لە سایەی میرنشینەکانی باکووری کوردستان. ئەدەبی نووسراو بە لەهجەی گۆران، سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، لە سایەی میرنشینی ئەردەڵاندا. ئەدەبی نووسراو بە لەهجەی کرمانجیی خواروو، سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لە سەردەمی میرنشینیبابانەکاندا.

31. إبن خلدون، المقدمه، ص123–122 ، 126–125

32. مارتین فان برونەسێن، وەک زۆر کۆمەڵناسو

باسکاری دیکە، بە داوەتو خێڵە بەدووەکان لەگەڵ خێڵە شوانکارە رەوەندەکانو خێڵ بە گشتی تێکەڵ دەکات. بۆیە بیابانەکانی عەرەب بە یەکەمین کانگای خێڵە شوانکارە رەوەندەکان، یان جەنگاوەرە خێڵەکییەکانو کوردستان بە کانگای دووەم حیساب دەکات. بڕوانە:

Bruinessen Martin van, Agha Shaikh and State: On the Social Po- litical Organization of Kurdish, London 1982

یان چاپی کوردی ئەم کتێبە: مارتین فان برونەسێن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، کوردۆ کردوویە بە کوردی، بەرگی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی رۆژ لە سوێد، 1996 بەڵام ئەم بۆچوونەی مارتین هەڵەیە، چونکە بەداوەت سیستمێکی کۆمەڵایەتییە و تەنیا لە بیاباندا دەردەکەوێت. راستە بەداوەت سیستمێکی خێڵەکییە، بەڵام هەر سیستمێکی خێڵەکی بەداوەت نییە. جیاوازیی نێوان خێڵە بەدووەکان و خێڵە رەوەندەکان و نیمچە رەوەندەکان لە جیاوازی نێوان ئاووهەوا و سروشتی پڕ لە قاتوقڕیی بیابان و نێوان چیا و دەشتەکانەوە دێت. بەداوەت پشت بە ئابوورییەکی تایبەتی دەبەستێت و کولتوور و نەریتی تایبەتی خۆی هەیە، وەک باس کراوە. رەنگە جیاوازیی نێوان ئەم دوو سیستمە کۆمەڵایەتییە و دۆخی ژیان و گوزەران هۆکارێک بێت کە خێڵە کوردەکان، نەیانتوانیوە رۆڵێکی نزیک لە رۆڵی خێڵە بەدووە عەرەب و مەغۆل و تورکەکان لە مێژوودا بگێڕن. ئەوان بەو داهاتەی لە زەوی و ئاژەڵداری (جارجارە

چەتەیی و ڕێگرییش) دەستیان کەوتووە، بەڕیوە چوون و ناچار نەبوون پەلاماری شار و شارۆچکەکان بدەن و داگیریان بکەن.

33. ابن خلدون، المقدمه ص 118

34. Harold Lamb, Djingis khan, s.81

35. القرآن الكريم لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی، وەرگێڕ: مامۆستا محەمەد ساڵح ئیبراهیمی، ناشر: ستاد منطقه 2 کشوری سازمان تبلیغاتی اسلامی، ئێران، لا 182

36. سمير أمين- برهان غليون، حوار الدوله والدين، المركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، ط1، 1996 ص100

37. المواقف، العدد 70-71 ص 60

38. الدكتور على الوردى، دراسه فى طبيعه المجتمع العراقى، مصدر سابق، ص38.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

## ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی خێڵەکی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

ناسیۆنالیزم و بزاڤی ناسیۆنالیستی، لەم دوو سەدەیەی دواییدا، بەرچاوترین دیاردەی سیاسیو کۆمەڵایەتیی دنیا بوونو رۆڵێکی گەورەیان لە پێشکەوتنی مێژووی ئەم دووسەد ساڵەی دنیادا گێڕاوە. بۆیە گەلێک جار هەردوو سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم بە ((سەردەمی ناسیۆنالیزم)) ناو دەبرێن.

لەم دوو سەدەیەدا زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی ئەوروپا سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان بەدەست هێنا. سیستمی کلاسیکیی کۆلۆنیالی گەیشتە ئەوپەڕی گەشەکردن و دواجار تێکشکێندرا و زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی کۆلۆنیالکراو و ژێردەست ئازادبوون. بەڵام هێشتا مەسەلەی نەتەوەیی، لە گەلێک وڵاتدا، لەوانە لە خودی ئەوروپای رۆژئاوادا، کە چاوگەی ناسیۆنالیزم بوو، بە تەواوی چارەسەر نەکراوە. بۆیە هێشتا ناسیۆنالیزم و سەربەخۆیی نەتەوەیی یەکێکن لە مەسەلە گرنگەکانی سەردەم، کە پێشکەوتن و سەقامگیربوونی ئاشتی و ئارامی و تەبایی لە دنیادا، پێویستیان بە چارەسەرکردنیان هەیە.

ناسیۆنالیزم سیستمێکی فیکرییە، کە لەسەر بنچینەی بارودۆخێکی ئۆبژێکتیڤیی بوونی گروپێکی ئێتنیکی، نەتەوە،

کە زمان و کولتوور و مێژوو و هەستی هاوبەشیان هەیە، سەرهەڵدەدات بۆ ئەوەی نرخ و بەرژەوەندیی نەتەوەکە، لە بەرامبەر نرخ و بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی دیکەدا، بەرزتر و بە گرنگتر بگرێت و بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەیی، لە ڕێگای سیاسەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆوە، دابین بکات. دابینکردنی ئەم سیاسەتەش دەخوازێت کە ئەو چوارچێوە جیۆگرافییەی نەتەوەکەی تێدا دەژیت، کۆنترۆڵ بکرێت، واتا دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێندرێت. بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئامانجی سەرەکی ناسیۆنالیزم و هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیستییە.

ناسیۆنالیزم لە هەر وڵاتێکدا، بە پێی پرۆگرام و ڕێباز و ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی، سروشت و ناوەرۆکەکەی دیاری دەکرێت، کە دەشێت ئازادیخواز و ڕزگارکەر، یان شۆڤێنیست و مەزنخواز و هێرشبەر بێت.

بەڵام ناسیۆنالیزم بە گشتی لە قوناغێکی دیاریکراوی مێژووی خۆیدا، وەک دیاردەیەک، پێداویستییەکانی گەشەکردنی ژیانی مادی و ڕۆحیی نەتەوە دەیسەپێنن، پێداویستیی پێشخستنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و یەکخستنی هەرێمە فیۆداڵییە لێکدابڕاوەکان، یان پێداویستیی ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانە و کۆلۆنیالیزم، کە ڕێگری گەشەکردنی سروشتیی نەتەوە ژێردەستەکەن. بۆیە ناسیۆنالیزم لەو جۆرە حاڵەتانەدا ناوەرۆکێکی دیموکراتانە بەخۆ دەگرێت. بەڵام ناسیۆنالیزم

دوای بەدیهێنانی ئەرکی مێژوویی خۆی، دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال، دەشێت ناوەرۆکێکی شۆڤینیستانە بە خۆی بگرێت و بە گشتیش ناتوانێت دیموکرات و عەدالەتخواز بێت.

دیارە رای جۆربەجۆر لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم هەیە. تەنانەت هەندێک باسکار دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بۆ سەردەمی ئانتیکی گریکو شەکسپیر دەگێڕنەوە ((1)). بەڵام زۆربەی باسکاران لەو باوەڕەدان کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی نوێیەو لە دوای شۆڕشی فرەنسا، بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، لە ئەوروپا دەرکەوت. چونکە دەوڵەتەکانی پێشوو، بۆ نموونە ئینگلتەرا و ئیسپانیا، لەسەر بنەمایەکی ئاینی- مەزهەبی، نەک نەتەوەیی، دامەزرێندرابوون و مەسەلەی یەکبوونی ئێتنۆکولتووری (ئێتنیکی- کولتووری) رۆڵێکی ئەوتۆیان لە پێکهێنانی ئەو دەوڵەتانەدا نەبوو.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەوڵەتی ناسیۆنال، لە زۆربەی هەرە زۆری ئەورووپای رۆژئاوادا، لەسەر بنەمای یەکبوونی نەتەوەیی، یان یەکبوونی ئێتنۆکولتووری، دامەزرێندران. ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالانە بەرهەمێکی سروشتیی پەرەگرتنی بزاڤی ناسیۆنالیستیی ئەو وڵاتانە بوون. دوای ئەوە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتو ناوەڕاستی ئەورووپادا، کە داگیر کرابوون (یۆنان، بۆلگارستان، رۆمانیا، یۆگۆسلاڤیا، ئەلبانیا،

چیکۆسلۆڤاکیا، پۆلۆنیا، فینلاند و هەرسێک وڵاتانی بەڵتیک...تاد) بزاڤی ناسیۆنالیستی بە خێرایی گەشەی کرد. بەشێک لەو وڵاتانە لە سەدەی نۆزدەیەم و بەشێکی دیکەیان سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی ئازاد بوون. دەوڵەتی ناسیۆنال لەو وڵاتانەدا، جگە لە یۆگۆسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیا، بە گشتی لەسەر بنەمای یەکبوونی ئیتنۆکولتووری (ئیتنیکی-کولتووری) دامەزرێندران.

دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە ئەورووپادا ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە گەورە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە بوو، کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە، ئەورووپا بە خۆیەوە دیتن. گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پرۆسێسی بەسەنعەتکردن و مۆدێرنکردن و زۆربوونی دانیشتوانی شارەکان، گۆڕانێکی فراوانیان لە وڵاتانی ئەورووپادا دروست کرد. لە هەمان کاتدا مەسەلەی یەکخستنی ناوەند و هەرێمە فیۆدالە لێکدابڕاوەکان، لە سایەی دەسەڵاتێکی ناوەندی و دروستبوونی هەست و هۆشیاریی هاوبەشی نەتەوەیی و ئینتیما بۆ نەتەوە و دەستگرتنی سەرمایەداری بەسەر بارودۆخی سیاسی و بازاڕی نێوخۆدا، بوونە مەرجێکی گەشەکردنی پەیوەندیی ئابووریی سەرمایەداری ومۆدێرنکردنی کۆمەڵ.

شۆڕشی فرەنسا و دەرکەوتنی بزاقی رۆشنگەری، بە تایبەتی بیری رۆمانتیکەکان، کە مەسەلەی سنووری دەوڵەتیان بە مەسەلەی ئێتنۆکولتوورییەوە بەستەوە، رۆڵێکی گرنگیان لە پێگەیشتنی ناسیۆنالیزمدا گێڕا. دەستەی رووناکبیر، یان ((ئێلیتی نەتەوەیی)) کە پێشەنگی بیرو بزاقی ناسیۆنالیستی بوون، بە سێ قۆناغ گەشەیان بە بزاڤەکە دا:

یەکەم- ئەو ئێلیتە نەتەوەییانە بۆچوونێکی تایبەتییان لە بارەی تایبەتمەندی و کاراکتێری نەتەوە پێکهێنا و بڵاو کردەوە.

دووەم- بە کۆمەکی گرووپی تا رادەیەک گەورە کەوتنە هاندان و وروژاندی راستەوخۆی نەتەوەیی.

سێیەم- کۆششیان کرد تا ناسیۆنالیزم وەک بزاڤێکی جەماوەری رێک بخەن[2].

بەهۆی ئەم پرۆسێسەوە ناسیۆنالیزم گرنگی و ناوەرۆکێکی سیاسی بە ئینتیمای ئێتنیکی- نەتەوەیی بەخشی، هەستی خۆناسینی نەتەوەیی و هەستکردن بە بەرژەوەندیی هاوبەش و کەسایەتیی هاوبەشی نەتەوەیی، لە ناو ئەندامانی گروپ- نەتەوەدا، بەهێز کرد.

ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی ناسیۆنال لە هەر وڵاتێکی ئەوروپادا، بە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووریو سیاسیی وڵاتەکە شێوە و رەوشی تایبەتیی دەرکەوتن و گەشەکردنی خۆی وەرگرت. هەر بەم پێیە ئەنجامەکانیش لە هەر وڵاتێکدا جیاواز بوون. بەڵام

دەکرێت بە گشتی، بێ ئەوەی ئەو تایبەتمەندییانە فەرامۆش بکرێن، باس لە سێ جۆر، یان مۆدێلی سەرەکی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی ناسیۆنالی ئەوروپایی بکەین:

یەکەم: ناسیۆنالیزمی ئێتنۆکولتووری، کە بە مۆدێلی ئەڵمانی، و ئیتالیایی ناسراوە.
بەپێی ئەم شێوە مۆدێلە، کە رۆمانتیکەکان بانگێشەیان بۆ دەکرد، دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای یەکبوونی نەتەوەیی، یان یەکبوونی ئێتنۆکولتووری، لە سەرەتادا لە ئەڵمانیا و ئیتالیا، دامەزرێندران. هەموو هەرێمەکانی ئەڵمانیاو ئیتالیا، کە سەر بە رەگەزێکی هاوبەشی ئێتنۆکولتووری بوون، یەکخران. ئینتیمای نەتەوەیی جێگای ئینتیمای ناوچەگەری، پێناس (هەویە- ئایدێنتێتی)ی نەتەوەیی جێگای ئایدێنتێتیی ناوچەگەری و ئینتیما بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی جێگای ئینتیما بۆ دەسەڵاتی ناوچەگەرییان گرتەوە. ئەمە مۆدێلی باو و زاڵی ئەوروپاییە و بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو دادەندرێت.

دووەم: ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، کە بە مۆدێلی فرەنسایی ناودەبرێت. ئەمە بەرهەمی شۆڕشی فرەنسا و کۆماری فرەنسایە. لەوێ دەوڵەت لە کۆمەڵە گرووپێکی جیاوازی ئێتنۆکولتووری و لەسەر بنچینەی هاووڵاتیبوون دامەزرێندرا. لە رێگەی دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتەوە

تواندرا گروپ و کۆمەڵەخەڵکە جیاوازەکانی سەر بە زمان و کولتووری جیاواز، کە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتێکی ناوەندیدان، لە بۆتەیەکدا هەماهەنگ (ئینتیگرێرە) بکرێن. یەکبوونی کولتووری و ئینتیما و هەست و هۆشیاریی هاوبەشی نیشتمانی و ئینتیما بۆ وڵاتێکی هاوبەش، سەرەڕای جیاوازیی ئێتنیکی و کولتووری، لای هاووڵاتیان دروست بکرێن، یان (گوندییەکان بکرێن بە فرەنسایی)((3)).

بەڵام مۆدێلی فرەنسایی، سەبارەت بە دامەزراندنی نەتەوە، شتێکی دەگمەنە و ئاسان نییە کۆپی بکرێت، بۆیە تا ئێستا لە وڵاتانی دیکەدا سەرکەوتووانە و بێ گیروگرفت دووبارە نەبۆتەوە. نەتەوەی حوکمڕان، لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، نەیتوانیوە دەرفەتێکی یەکسان و هاوبەشی گەشەکردنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی بۆ هەردوو نەتەوەی سەردەست و بندەست برەخسێنێت. لە ئەنجامدا هەرێمەکانی کەمایەتیی نەتەوەیی شێوەی کۆلۆنیایەکی نێوخۆیان وەرگرتووە، بەشێکی گەورەی خەڵکی ئەو وڵاتانە نایەوێت خۆی بە هاووڵاتیی ئەو دەوڵەتە بزانێت، کە لەسەر بنچینەی زۆرایەتیی نەتەوەیی دامەزرێندراوە. وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەکولتوور، لەوانە بریتانیا و ئیسپانیا و کەنەدا، کە لە دوو نەتەوەی ئینگلیزیزمان و فرەنسیزمان پێک هاتووە. ئەم دەوڵەتانە ئێستا رووبەڕووی گرفتی گەورەی نەتەوەیی بوونەتەوە و مانەوەیان بەم شێوەیەی ئێستا جێگای گومانە، چونکە تا

دێت مەیل و بیری سەربەخۆ بوون و جیابوونەوە، لای گەلانی سکۆتلەندی و ویڵز لە بریتانیا، کاتالانی و باسک لە ئیسپانیا و خەڵکی کۆبیک لە کەنەدا، بەهێزتر دەبن.

سێیەم: مۆدێلی بانپێناس (سەرووپێناس - سوپەر ئایدێنتیتی) یان مۆدێلی دەوڵەتی ئایدۆلۆجیا. بە چاولێکەری لە مۆدێلی فرەنسایی مۆدێلی دامەزراندنی دەوڵەتی بانپێناس دەرکەوت، لەوانە دەوڵەتی سۆڤیەت و دواتریش یۆگۆسلاڤیا لە دوای ساڵی 1945 کە هەر لە سەرەتاوە نەیتوانی خۆی بچەسپێنێت [4]. دەسەڵاتی کۆمۆنیستی، ویستی خۆی لە هەستی ناسیۆنالیستی بپارێزێت و لە ڕێگای سیاسەتێکی بەئاگایانەوە، لە سەرەوەڕا جۆرە دەوڵەتێک لە کۆمەڵە نەتەوەیەک، دابمەزرێندرێت کە سنووری نەتەوەیی ببەزێنێت. بەڵام ڕاستییەکەی نەتەوەی سەردەست، رووس و سێرب خاوەنی ئەو دوو دەوڵەتە بوون.

ئەمریکا بە نموونەیەکی دەگمەن و سەرکەوتووی ئەم جۆرە مۆدێلە دادەنرێت. بەڵام ئەمە نموونەیەکی تایبەتییە و لە وڵاتێکی فرە نەتەوەییدا، کە خەڵکەکەی لەسەر خاکی لەمێژینەی خۆیان ژیابن، ڕووی نەداوە. بۆیە دیاردەیەکی دەگمەنە و کۆپی ناکرێت: ئەمڕۆ ناتواندرێت دەوڵەتێک لەو ڕێگەیەوە دابمەزرێندرێت کە هاووڵاتییانی ناوچەیەکی گەورە لەناو ببردرێن بۆ ئەوەی لە جیاتیان کۆچبەرانێکی زۆر، ئارەزوومەندانە و بە حەماسەوە بێن جێگایان پڕ

بکەنەوە، هەرچەندە ئەم تەقەلایە تا ئێستا لەناو هەندێک دەوڵەتدا هەر بەردەوامە[(5)].

پرۆسێسی سەرهەڵدان و گەشەکردنی سەرمایەداری و سەقامگیربوونی دەوڵەتی ناسیۆنالی ئەوروپایی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی وڵاتانی ئەوروپادا، دروست کرد. دەسەڵاتی ئاین لەناو دەوڵەت و لە ژیانی سیاسی و ئابووریدا هاتە لاوازکردن. مەسەلەی رۆڵی گەل و دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی، بە پەیوەندی لەگەڵ تاکەکەس و ماف و ئازادی و ئەرکەکانی مرۆڤ بە پێی دەستوور، هاتنە دیاریکردن.

بەڵام ئەم پرۆسێسە لەم سنوورەدا نەمایەوە. سەرمایەداری، کە بە پێی لۆجیکی بازاڕ، قازانج و منافەسە بەڕێوە دەچێت، هەر لە سەرەتاوە کەوتە داگیرکردنی گەلێک وڵاتی ئەفریقا و ئاسیا. کاتێکیش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا گۆڕدرا بە سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی، یان ئیمپریالیزم، ئیدی بە تەواوی کەوتە گەمارۆدان و تالانکردنی جیهان و، سیستەمی کۆلۆنیالیستیی گەیاندە دوندی گەشەکردن. دەوڵەتانی سەرمایەداریی کۆلۆنیالی بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و تالانکردنی وڵاتان و پەیداکردنی کەرەسەی خاو و کۆیلە و هێزی کاری هەرزان و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵاکانیان، زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و ئاسیایان داگیر و

کۆلۆنیال کرد. کۆلۆنیالکردنەکە لە هەندێک ناوچەدا شێوەی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی و داگیرکردنی راستەوخۆی سەربازیی بوو. لە هەندێک شوێنی دی شێوەی کۆلۆنیالیزمی نوێی وەرگرت. لە هەندێک ناوچەی دیکەشدا، بە تایبەتی لە ئەمریکا و ئوستراليا شێوەیەکی ئەوپەڕی دڕندانەی بەخۆگرت. زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتانە بە کۆمەڵ لەناو بران و خاک و وڵاتیان زەوت کران.

## II

هەواڵنامەی کتێب

ناسیۆنالیزم لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقادا، رەوتێکی تەواو جیاوازی بەخۆ گرت. لەو وڵاتانەدا دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بە شێوەی ئەوروپایی دووبارە نەبۆوە. چونکە ئەو وڵاتانە لە بارودۆخێکی تایبەتی سیاسی و کولتووریی جیاواز و لە ئاستێکی دیکەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتییدا بوون.

سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بزاڤی ناسیۆنالیستی، لەو وڵاتانەدا، لە کارتێکردنی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بیری ناسیۆنالیستی و رۆشنگەریی ئەوروپایی بەدوور نەبوو. بەڵام ئەم دیاردەیە، پێش هەر شتێک، بەرهەمی ناکۆکیی نێوان گەلانی ژێردەستە و کۆلۆنیالکراوی ئەو وڵاتانە و

نێوان دەسەڵاتی کۆلۆنیالیی بێگانە بوو. چونکە ئەم ناکۆکییە ڕێگەی هەر گەشەکردنێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی لە بەردەم ئەو وڵاتانەدا گرتبوو. سەپاندنی شێوە دەسەڵاتێکی ستەمکارانەی سیاسیی نامۆ و تاڵانکردن و دادۆشینی ئابووری و بڵاوکردنەوەی کولتوورێکی نامۆ، تێکڕایان هۆشیارییەکی هاوبەش و گیانی هاوچارەنووسی و هەستکردن بە مەترسیی دوژمنێکی هاوبەشییان، لە ناو خەڵکی ئەو وڵاتانەدا، دروست کرد. یان سنوورێکی تۆخیان بە نێوان (ئێمە) و (ئەوان)دا کێشا، کە لە ئەنجامدا شێوەی ناسیۆنالیزمی ئەنتی کۆلۆنیالی، یان ناسیۆنالیزمی خۆرزگارکار و بزاڤی ڕزگاریخوازیی دژ بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالییان، بەخۆ گرت.

خەباتی دژی کۆلۆنیالیزم، پێش شەڕی دووەمی جیهانی و دواتریش، بوو بە زەقترین دیاردەی سیاسی لە جیهاندا. بە هۆی ئەو خەباتەوە سیستمی کۆلۆنیالی، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی گرتبۆوە، هەرەسی هێنا. لە ئەنجامدا دەیان دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین دروست بوون.

بەڵام زۆربەی وڵاتانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی، ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆلۆنیالیزمی ئەوروپاییەوە داگیر نەکران، بەڵکو بندەستکردنی زۆربەی ئەو وڵاتانە و ئێران،

سەرەتا شێوەی وابەستەیی تەواوی ئابووری و سیاسیی وەرگرت. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئیمپراتۆریای عوسمانی هەڵوەشێندرایەوە و میراتەکەی (وڵاتانی بندەستی) بەسەر وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕەکە (بریتانیا، فرەنسا و ئیتالیا) دابەش کران. کۆلۆنیالکردنی ئەو وڵاتانە لە ڕێگەی ماندات و کۆنترۆڵی سیاسی و ئابووری و هاریکاریی هاوپەیمانە نۆکەرە نێوخۆییەکانەوە بوو. لە ئەنجامدا ناسیۆنالیزم و بزاڤی ناسیۆنالیستی، لەو وڵاتانەشدا، ڕەوتێکی تایبەتی گرت.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە، ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێران بە تەواوی کەوتبوونە ژێر نفوزی ئابووری و سیاسیی وڵاتانی سەرمایەداریی ئەوروپاییەوە. گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لەو دوو وڵاتەدا، ملکەچی بارودۆخی زاڵبوونی سەرمایەی بیانی و وابەستەبوونی سەرمایەداریی جیهانی کرا بوون. واتا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە جیاتی ئەوەی بەپێی مەرجە بابەتییە نێوخۆییەکان پێش بکەون، ملکەچی بارودۆخی دەرەکی و مەرجەکانی وڵاتانی سەرمایەداری و سەرمایەی بیانی کرابوون و دەرفەتی گەشەکردنی سەربەخۆیان نەبوو.

هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیۆدالیی ئاسیایی، یان پێش سەرمایەداریدا، بوون. بەڵام بە هۆی نفوزی سیاسی و

ئابووریی وڵاتانی سەرمایەداری و قەرزداری ئەم وڵاتانەوە، بە سیستمی سەرمایەداریی جیهانی و تۆڕی بازرگانیی جیهانییەوە گرێ درابوون و کرابوونە بازاڕی کاڵای وڵاتانی سەرمایەداری. ئەمەیش کۆسپێکی گەورەی بۆ گەشەکردنی سەنعەت و کاڵای بەرهەمهێندراوی نێوخۆ و بۆ سەرجەمی پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دروست کردبوو. لە ئەنجامدا ئەو دیاردانە بوو بوونە هۆکاری لاوازبوونی سیاسی و ئابووریی بۆرجوازی نیشتمانیی ئەو دوو وڵاتە.

لەو بارودۆخە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا سەرەتای پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری سەریان هەڵدا و بە سەختی بەرەوپێش چوون. گەشەکردنی ئەو پەیوەندیانە، لەگەڵ شێوەی حوکمی ئیستیبدادیی ئۆتۆکراتیی دەوڵەتی خەلیفەی عوسمانی و شایانی قاجاردا، ناکۆکییەکی بابەتییان پێک دەهێنا. هەروا وابەستەیی ئابووریی هەردوو دەوڵەت و سەختبوونی بارودۆخی ئابووریی کۆمەڵانی خەڵک و دەستێوەردانی زیاتری سیاسی و ئابووریی وڵاتانی سەرمایەداریی ئەورووپایی لە کاروباری نێوخۆ، بێزارییەکی فراوانیان نابۆوە. مەسەلەی گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو وڵاتانەدا بوون بە پێداویستییەکی حەتمی.

دەستەی رووناکبیری ئەو وڵاتانە، کە رابەری بیری ناسیۆنالیستی بوون، لە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخەدا و

بە ئیلهاموەرگرتن لە بیری رۆشنگەری و دیموکراتیی رۆژئاوا، کەوتنە خەبات بۆ گۆڕانکاری و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەستووری و سنووردانان بۆ دەسەڵاتی خەلیفە- شا و بۆ نەهێشتنی نفووزی سیاسیی بێگانە لە وڵاتدا. ئەو ئامانجانە بەشێک بوون لە پێداویستیی گەشەکردنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی.

بەڵام لەو وڵاتانەدا دەرکەوتنی چینی بۆرجوازی و گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لە سایەی وابەستەیی ئابووری و سیاسیی سەرمایەداریی بێگانە و لە چوارچێوەی دەرفەت و مەرجەکانی ئەواندا، گەشەیان دەکرد. بۆیە ستروکتووری کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانە گۆڕانێکی بنەڕەتیی ئابووری و سیاسی و کولتووری، لە شێوەی وڵاتانی ئەوروپاییان، بە خۆیانەوە نەدیت. لە ئەنجامدا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و چینی بۆرجوازی نیشتمانی و ناسیۆنالیزم لەو وڵاتانەدا بە شێوەیەکی شێواو و فەلەج لە دایک بوون.

کاتێک بیری رۆشنگەری و دیموکراتی و دەستووری، لە ئەوروپاوە گەیشتنە ناوچەکە، زەمینەیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان بۆ نەڕەخسابوو، بۆیە زیاتر وەک بیر و ئایدیایەک لە مێشکی کۆمەڵە رووناکبیرێکدا مانەوە. ئەوانیش لەژێر فشاری بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کولتووری و بەهۆی وابەستەیی سیاسییان بە

وڵاتانی کۆلۆنیالییەوە، پاشەکشەیان لەو بیرانە کرد. یان ئەو بیرانە، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ناسیۆنالیستانی ئەو نەتەوانەیان وروژاند بوو، لە جیاتی ئەوەی ببنە هۆکارێکی گۆڕینی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری، خۆیان تێکەڵی کولتوور و نەریتی سیاسیی خێڵەکی ئەو وڵاتانە بوون و ڕەنگی ئەوانیان گرت. بۆیە هیچ کام لە وڵاتانی تورکیا، ئێران و وڵاتانی عەرەبی (ژێردەستی عوسمانی) بزاڤێکی ڕۆشنگەریی ئەوتۆیان بە خۆیانەوە نەدیت، کە گۆڕانێک لە بنەمای فیکری و کولتووری و سیاسیی ئەو کۆمەڵگایانە دروست بکەن و دیموکراتی و بیری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بکەنە بەشێک لە کولتووری سیاسیی ئەو وڵاتانە و بەشێک لە پێداویستییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ.

دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال وڵاتانەدا، بەرهەمی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم، یان ئەنجامی خەباتی ڕزگاریخوازیی دژ بە کۆلۆنیالیزم نەبوون، بەڵکو ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالانە بە کۆمەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی وڵاتانی کۆلۆنیالی و سەرمایەداریی ئەورووپایی دامەزرێندران، یان چەسپێندران. ناسیۆنالیستانی ئەو وڵاتانە، بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پرۆژەی نەتەوەییو مەزهەبیی خۆیان بوونە داردەستی کۆلۆنیالیزم.

دەوڵەتانی کۆلۆنیالی ئەورووپایی، کە دوای شەڕی

یەکەمی جیهانی ناوچەکەیان بە تەواوی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، سنوور و شێوە و مۆدێلی زۆربەی دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی ناوچەکەیان، بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان دیاری کرد. لایەنی یەکبوونی ئێتنۆکولتووری، ئاینی و مەزهەبیی ئەو وڵاتانە هێندە لەبەرچاو نەگیران. دامەزراندنی کۆمەڵە دەوڵەتێکی عەرەبی بە مەبەستی لاوازکردنی عەرەب، دابەشکردنی کورد بە سەر چەند وڵاتێکدا، چاوپۆشیکردن لە کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەن و کورد و ئاسوری. هەروا داتاشینی دەوڵەتی فرەنەتەوە و فرەمەزهەب و سەپاندنی مۆدێلی "دروستکردن"ی نەتەوە بە زەبری دەسەڵاتی دەوڵەت، کران بە خولیا و ئامانجی سەرەکیی ناسیۆنالیستانی تورک، فارس و عەرەبی عێراق و سوریا.

ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالانە، لە پرۆسێسی سەرقاڵبوونی پێکهێنانی تاکە ناسنامەی (نەتەوەیی) پشتیان کردە هەر پرۆژەیەکی رۆشنگەری و دیموکراتانە. رێبازێکی شۆڤێنیستانە و عەسکەرییانەیان گرتەبەر. هەر هەنگاوێکی نوێ بۆ چەسپاندنی سنووری دەوڵەتی ناسیۆنال و دروستکردنی ئەو (ناسنامە نەتەوەییە) هەنگاوێکی نوێ بوو بۆ پەلاماردانی کولتووری و سیاسیی نەتەوەکانی دیکەی نێو وڵاتەکەیان. ئەو پەلاماردانە لە تورکیا و عێراق شێوەی لەناوبردنی فیزیکیو کوشتاری بە کۆمەڵیان بەخۆگرت. بەم جۆرە ستەمی نەتەوەیی و حاشاکردن لە بوونی نەتەوەیی

و جیاوازیی ئێتنۆکولتووری گەلانی نێو وڵاتەکانیان، بوون بە ڕێبازێکی ئاسایی دەوڵەتانی ناسیۆنال. وڵاتانی کۆلۆنیالی و سەرمایەداری، دواتریش سۆڤیەت، پشتگیری ئەو دەوڵەتانەیان کرد. چونکە ئەوان تەنیا بەرژەوەندیی ستراتیجیی خۆیان و ئامانجی سیاسی و ئابووریی خۆیان مەبەست بوو. وڵاتانی کۆلۆنیالی و سەرمایەداری کۆمەکیان بە گەلانی ئەو وڵاتانە نەکرد تا ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان پێش بخەن، یان بیرو بۆچوونی ڕۆشنگەریی ئازادی و دیموکراتی، کە دەمێک بوو لە وڵاتانی خۆیاندا دەرکەوتبوون، لەم وڵاتانەدا هان بدەن. بە پێچەوانەوە پێشیان لە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە بیرانە گرت، چونکە مەبەستیان بوو کە ئەو گەلانە بە ژێردەستی و دواکەوتوویی لەناو تاریکستانی بیری سەدەکانی ناوەڕاستدا بهێڵنەوە[(6)].

هەواڵنامەی کتێب

## III

بزاڤی ناسیۆنالیستی تورک، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، شوێنێکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەم بزاڤە ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر سروشت و چارەنووسی بزاڤی ناسیۆنالیستیی گەلانی دیکەی نێو ئیمپراتۆریای

عوسمانی (عەرەب، ئەرمەن، کورد، ئاسووری). هەروا ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس لەم کارتێکردنە بەدوور نەبوون.

ناسیۆنالیزمی تورک لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بۆ ریفۆرم و دەستوور و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە دژی دەسەڵاتی ئیستیبدادیی سوڵتان، خەباتی دەکرد. تورکە لاوەکان و ناسیۆنالیستانی نەتەوە موسوڵمانەکانی دیکەی نێو ئیمپراتۆریا(عەرەب، کورد) کە راستەوخۆ کەتبوونە ژێر کاریگەریی بیری رۆشنگەری و دیموکراتیی ئەورووپاییەوە، دەیانەویست لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا جێگای ئەم بیرانە بکەنەوە. مەسەلەی سەربەخۆبوون و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی، هێشتا بە بیری روناکبیرانی نەتەوە غەیرەتورکەکاندا نەهاتبوو. هێشتا ناسیۆنالیزم، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەک سیستمێکی فیکری و ئایدیۆلۆجیای سیاسی، لەناو ئەم نەتەوانەدا بەو ئەندازەیە پێنەگەیشتبوو کە سەربەخۆبوونی نەتەوەیی بکاتە ئامانجی خۆی.

بیری رۆشنگەری و ناسیۆنالیزمی ئەورووپایی کاتێک تێکەڵی کولتووری بەخوێنئاودراوی تورک بوون، دیاردەیەکی شێواویان هێنایە بەرهەم، دیاردەی پانتۆرانیزم و خۆلیای یەکخستنی گەلە تورکزمانەکانی دنیا، لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ چین و بولگارستان. ئەمە لە

کاردانەوەی بیری پانسلاڤیزم، کە رووسەکان کاریان بۆ دەکرد، بەدوور نەبوو. دەوڵەتی رووسیا لە ساڵی 1878 بە ناوی داکۆکیکردن لە گەلی سلاڤیی بولگار، کۆمەکی بە بولگارستان کرد تا لە بندەستی تورکیا رزگاری ببێت.

کاتێک ناسیۆنالیستانی تورک، تورکە لاوەکان، لە ساڵی 1908 دەسەڵاتی سیاسییان لەناو حکومەتی سوڵتاندا پەیدا کرد، ماهییەت و پرۆژەی شۆڤێنستانەی خۆیان بە زەقی دەرخست. ئەمان دەیانەویست ناوەرۆکێکی تورکی بە بەر ئیمپراتۆریای فرەنەتەوەیی عوسمانیدا بکەن و بە زەبری هێز، گەلانی دیکەی ناو ئیمپراتۆریا بکەن بە تورک. ئەمەیش هۆشیاریی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم و مەیلی سەربەخۆبوونی، لەنێو رووناکبیرانی ئەو گەلانەدا، دروست کرد. چونکە وەک چۆن توندوتیژی توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت، بە هەمان شێوە ناسیۆنالیزمیش ناسیۆنالیزم دێنێتە بەرهەم. بۆیە دەشێت سەرەتاکانی دەرکەوتنی بزاڤی ناسیۆنالیستیی عەرەب و کورد، پێش هەر شتێک، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە ستەمی تورک و ناسیۆنالیزمی تورک دابندرێن.

لە هەمان کاتدا وڵاتی هاوپەیمان، کە دەیانەویست ئیمبراتۆریای عوسمانی هەڵبوەشێننەوە و میراتەکەی لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن، کەوتنە هاندانی ناسیۆنالیستانی عەرەب و ئەرمەن و ئاسووری و کورد، بۆ جیابوونەوە لە

دەوڵەتی عوسمانی. رووسیا پشگیری ئەرمەن و ئاسوورییەکانی دەکرد. بەریتانیا گفتی بە رابەری ناسیۆنالیستانی عەرەب، شەریف حوسێن، سەرۆکی بنەماڵەی هاشمییەکان و میری مەککە دابوو کە، دوای نەمانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، دەوڵەتێکی گەورەی عەرەبی، بە رابەری هاشمییەکان، کە رەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر، دابمەزرێنن[7].

کە چی وڵاتانی هاوپەیمان، بریتانیا، فرەنسا، ئیتاڵیا و روسیا، هەر لە رۆژانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا (1916) بە نهێنی و بە پێی پەیمانی سایکس–پیکۆ تەواوی ناوچەکەیان، بە تورکیای ئێستاشەوە، لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد بوو، بێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ خواستی گەلانی عەرەب، ئەرمەن، ئاسووری و کورد بکەن[8].

هەواڵنامەی کتێب

تێکشکانی تورکیا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا تێکشکانی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی تورکیش بوو. وڵاتی عەرەبیی بندەستی عوسمانی و بەشێکی کوردستان لە دەست تورک دەرهێندران و خرانە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا و فرەنسا. سنووری جیۆگرافیای دەسەڵاتی تورک هێندە تەنگەبەر کرایەوە کە تەنیا لە بەشێکی کوردستان و ئەرمەنستاندا گیری خوارد. ئیتر تەواوی وزەی نەتەوەیی تورک و تەواوی هێزی وێرانکەرانەی تورک، کە جاران لە دەیان وڵاتی ئاسیا، ئەفریقا و ئەوروپادا بۆ تاڵان و کوشتار

لەکاردا بوون، ئاراستەی کورد و ئەرمەن کران.

خولیـــای دامەزرانـــدنی نەتـــەوەی تـــورک و وڵاتـــی تاکنەتـــەوەیی بـــە هـــۆی دەوڵەتـــەوە (مـــۆدێلی فرەنســـایی) ناســـیۆنالیزمی تـــورکی لـــە لایەکـــەوە بـــەرەو سیاســـەتی تواندنەوەی گەلانی دیکەی ناو تورکیا برد، لەلایەکی دیکەوە هانی دا پەنا بۆ لە ناوبردنی فیزیکی و کۆمەڵکوژیی ئەو گەلانە بەرێت و لە جێگەی ئەوان تورک نیشتەجێ بکات (مۆدێلی ئەمریکایی). لە هەمان کاتدا دەوڵەت، بە مەبەستی زۆرکردنی ژمارەی تورک، بە درێژایی سەدەی بیستەم تورکیای بە رووی تورکەکانی دنیادا ئاواڵە کرد. بە ملیۆنان تورکی بولگارستان، کازاخ و ئۆزگوری هەرێمی خینجیانگی رۆژئاوای باکووری چین و ئەفغانستان، لە تورکیا نیشتەجێ کران[(9)].

سیاسـەتی شۆڤێنستی دەوڵـەتی ناسیۆنالیستی تـورک رووبەڕووی بەربەرەکانێی توندی ناسیۆنالیستانی کورد و ئەرمەن بۆوە، کە داکۆکییان لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەکرد. ئەمەیش ناسیۆنالیستانی تورکی هارتر کرد. ئەو دڕندایەتییەی ناسیۆنالیزمی تورک بەرامبەر بەئەرمەن و کورد نواندی، دەشێت تەنیا بە دڕندایەتیی نازییەکانی ئەڵمان بەراوبەر بە جوولەکە، بەراورد بکرێت.

ئەمەیش راستیی ناوەڕۆکی ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیستی تورک و سروشتی رەگەزپەرستانەی تورک دەردەخەن.

بـــەڵام ئایـــا دەکرێـــت سروشـــتی رەگەزپەرســـتانەی

ناسیۆنالیزمی تورک لە مێژووی تورک و لە کولتوور و نەریتی بەربەریستانەی سەدان ساڵەی تورک، کە وەک نەتەوەیەک کاری کوشتن و تالان و داگیرکردنی وڵاتان بووە، جیا بکرێتەوە؟

بە کورتی مۆدێلی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک دەکرێت بە تێکەڵکردنی مۆدێلی فەرەنسایی ـ ئەمریکایی دابندرێت، فەرەنسایی بەهۆی سەپاندنی زمان و کولتووری نەتەوەی سەردەست و تواندنەوەی گروپی ئێتنیکی دیکە. مۆدێلی ئەمریکایی لە ڕێگەی لەناوبردنی بە کۆمەڵی دانیشتووانی ناوچەیەکی فراوانەوە، ئەرمەن و کورد، یان ڕاگوێزانیان و نیشتەجێکردنی تورک لە ناوچەکانیان.

ناسیۆنالیزمی فارس لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، لە بارودۆخێکی شێواوی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە سایەی وابەستەیی تەواوی سیاسی و ئابووریی ئێران بە بەریتانیا و ڕوسیاوە سەری هەڵدا، کە زیاتر وەک بیر (ئایدیا) یەک بوو. دەستەیەکی کەمی ڕوناکبیرانی فارس، ئەویش لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، کە فارس لە نیوەی خەڵکەکەی کەمترە، دەیانەویست ئەو بیرە ببەنە نێو خەڵکەوە. بەڵام ئەو بیرە هێشتا بە تەواوی زەمینەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەرەتانی بە واقیعبوونی خۆی بۆ نەڕەخسابوو. دەبوو لە سەرەوەڕا، بە زەبری دەسەڵاتی دەوڵەت و قانوون، خۆی بچەسپێنێت.

دەوڵـەتی ناسـیۆنالی ئێـران، بـە رابـەریی رەزاخـان و کۆمـەکی راستەوخۆی بریتانیا، لـەو سنوورە جیۆگرافییـەی کە دەوڵەتی قاجار توانیبووی بیپارێزێت، هاتـە دامەزراندن. واتا سنووری جیۆگرافیی ئەمڕۆی ئێران، بەرهەمی کۆمەکی راسـتەوخۆی بریتانیایـە، کـە دوای داگیرکردنـی عێـراق و کەنداوی فـارس، پاش شۆڕشـی ئۆکتۆبەری روسـیا، ئێران گرنگییەکی ستراتیجیی زیاتری بۆ بریتانیا پەیدا کرد. بۆیە بریتانیـا خـۆی شـێوە و رێبـاز و سروشـتی دەوڵـەتی ناسـیۆنالی ئێرانـی دیـاری کـرد[10] سـنووری دەوڵـەتی قاجاری، وەک سنووری دەوڵەتی نوێی ئێران، چەسپاند، بێ ئەوەی فاکتەری فرەنەتـەوەیی و فرەمەزهـەبیی ئێران لەبـەر چاوبگرێت. یان گوێ بەوە بدات کە ئەو سنوورە لە بنەڕەتدا بەرهـەمی داگیرکـاریی ئیمپراتۆریـای ئێرانییـە و بـە زەبـری ستەمی دەوڵەت پارێزراوە. کـاتێکیش، لـە سـەردەمی شـەڕی دووەمـی جیهانیـدا، قـەوارەی دەوڵـەتی ئێـران، بـە هـۆی دامەزرانـدنی کۆمـاری ئازەربایجـان و کۆمـاری مهابـادەوە، بەر هەڕەشەیەکی جیدی کەوت، دیسان بە کۆمەکی وڵاتـانی سـەرمایەداریی ئیمپراڵیسـتی(ئەمریکا و بریتانیـا) سـنووری ئێـران و ((یەکپارچـەیی خـاک))ی ئێـران هاتنـە پاراسـتن. ناسیۆنالیزمی فـارس، بـە چاولێکـەری ناسـیۆنالیزمی تـورک، دەیەویست مۆدێلی فرەنسـایی لـە ئێراندا بچەسپێنێت. واتا نەتـەوەکانی ئێـران، لـە چوارچێـوەی زمـان و کولتـووتی

نەتەوەی زاڵی فارسدا لەقالب بدات. بەڵام ئێران لە جۆرە مۆدێلێکی یوگۆسلاڤیی زیاتری لێ دەر نەچووە. ئێران تا ئێستا هەر بە مۆزایکێکی نەتەوەیی و ئاینی- مەزهەبی و کولتووری، ماوەتەوە و لە ڕێگای دەوڵەتێکی مەرکەزیی بەهێز و بە زەبری ستەم و ئیستیبداد ڕاگیراوە.

برتانیا، لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا عێراقی داگیر کرد. دواتر خۆی دەوڵەتی ناسیۆنالی بۆ عەرەبی عێراق دامەزراند. ساڵی 1924 دەسەڵاتی بریتانی لە عێراق، حوکمڕانی شێخ مەحموودی حەفیدی لە سلێمانی ڕوخاند. دواتر گەلی باشووری کوردستانی پەلکێشی ناو دۆزەخی عێراق کرد. بریتانیا خۆی، لە ئوردونەوە مەلکێکی سوننی، لە بنەماڵەی هاشمییەکانی ئوردن، کە وابەستەی بریتانیا بوون، بۆ عێراق ئیستراد کرد. هەر خۆی یاسا و دەزگای دەوڵەت و لەشکر و پۆلیس و هەموو دەزگاکانی دیکەی بەڕێوەبردن و خوێندن و پەروەردەی بۆ عێراق دامەزراند. بەڵام خودی دەوڵەتەکە و تەواوی دەزگاکانی دەوڵەت لەسەر ئەساسێکی تایفەگەریی سوننیی دژ بە شیعە هاتنە دامەزراندن. شیعەکان، کە نزیکەی لە سەدا هەشتای عەرەبی عێراقن، لە حوکمڕانیکردن و لە دەزگا گرینگەکانی دەوڵەت و لەشکر دوور خرانەوە. بەمەش ناکۆکیی نێوان شیعەکان و سوننییەکانی عێراق بە هێزتر کرا، وەک لە بەشی عێراقدا باسی دەکەین.

بریتانیا نەک هەر ڕێگەی ئەوەی نەدا کە لە عێراقدا پیشەسازی و سەنعەتی خۆماڵی پێش بکەون و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و بیر و کولتووری ڕۆشنگەری و دیموکرات گەشە بکەن، بەڵکو لایەنگری زۆری لە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە فیۆدالییەکان و نەریت و کولتووری خێڵەکی کرد. دەسەڵاتی بریتانیا لە عێراق سەرۆکعەشیرەت و فیۆداڵە ناوچەییەکانی بە دۆست و هاوپەیمانی خۆی دەزانی و دەیەویست، لە ڕێگای بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەوانەوە، پێگەی خۆی لە وڵاتدا بەهێز بکات. کاتێک، لە کۆتایی ساڵانی بیست و سەرەتای ساڵانی سییەکاندا، بریتانیا دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان و عێراقدا بە تەواوی چەسپاند، کەوتە بەهێزکردن و پەرەپێدانی سیستەمی فیۆدالی. لە هەر ناوچەیەکدا زەوییەکی زۆری بە ناوی سەرۆکخێڵە هاوپەیمانەکانی، تۆمار کرد و ئەوانی کردە فیودال و دەسەڵاتداری ناوچەکانیان. بەم جۆرە گەشەکردنی سیستەمی فیۆدالی- خێڵەکی، وەک کۆمەڵناسی ناسراوی عێراقی عەلی ئەلوەردی دەڵێت، لە ڕێگەی سیاسەتەوە (واتا دەسەڵاتی دەوڵەت) نەک لە ڕێگەی پێشکەوتنی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە، گەشەی کرد و چەسپێندرا.

بریتانیا توانای ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتیی سەرۆکخێڵەکانی بەهێز کرد. لە هەمان کاتدا پشتگیریی سیاسیی ئەو سەرۆکخێڵە- فیۆدالانەی کرد و زۆربەیان لای

دەوڵەت شوێنێکی تایبەت و بەرچاویان پێ درا. تەنانەت بەشێکییان، بە نەخوێندەوارەکانەوە، کران بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق. کاتێکیش کێشەیەک لە نێوان جووتیاران و فیۆدالەکاندا رووی بدایە، دەوڵەت یەکسەر پشتی فیۆدالەکانی دەگرت، چونکە بریتانیا و دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراق، دەیانویست لە رێگەی سەپاندنی دەسەڵاتی ئاغا-فیۆدالەکان لە ناوچەکانیاندا، کۆنترۆڵی ئەندامانی خێڵەکە و ناوچەکانیان بکەن. بە کورتی پاراستنی دەسەڵاتی ئەو سەرۆک خێڵە فیودالانە و راگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییەکان گەرەنتی درێژەپێدانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بریتانی بوون لە عێراقدا. لە هەمان کاتدا درێژەپێدانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی، گەرەنتی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی فیودالە ناوچەییەکان بوو.

بەو جۆرە کۆلۆنیالیزمی بریتانی بوو بە کۆسپی پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. هەروا خۆی سروشتی سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەیی دەوڵەتی عێراقی دیاری کرد. بەم کارەیش ناسیۆنالیستانی عەرەب لە عێراقدا، کە سوننیمەزهەب بوون، لە جیاتی خەباتی رۆشنگەری و رزگاریخوازیی نەتەوەیی، خەریکی کێشەی مەزهەبی و داپڵۆسینی شیعەکان بوون. کاتێکیش لە ساڵی 1924 بە دواوە بریتانیا باشووری کوردستانی بە عێراقەوە لکاند، دەوڵەتی عێراقی سەرقاڵی کێشەیەکی دیکەش کرد، ئەویش کێشەی کورد بوو. ئیدی دەوڵەتی

هەواڵنامەی کتێب

ناسیۆنالی سوننەمەزهەبی عەرەب لە عێراقدا، بۆ درێژەدان بە حکومڕانی عێراق، سەد لە سەد وابەستەی هێزی بریتانیا کرا. بە بێ کۆمەکی بریتانیا مەحاڵ بوو بتوانێت دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بپارێزێت. ئەمەیش یەکێک بوو لە ئامانجەکانی کۆلۆنیالیزمی بریتانی. بۆیە ئەو دەوڵەتە، کە کرابووە جەللادی شیعە و کورد، نەیتوانی نە سیکولار (عەلمانی) بێت، نە کەمترین رواڵەتی رۆشنگەری و دیموکراتیی هەبێت، یان داکۆکی لە بەرژەوەندیی نیشتمانیی عێراق بکات. لەجیاتییان بوو بە دڕندەترین و شەڕخوازترین دەوڵەتی عەرەبی.

ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراق هەر لە سەرەتاوە نەیانتوانی پەنا بۆ شێوە مودێلێکی فەرەنسایی بەرن. چونکەهەر لە ساڵی 1924 بە دواوە، کە کوردستان بە عێراقەوە لکێندرا، کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەو مەرجەی بەسەر دەوڵەتی عێراقدا سەپاند کە رێز لە زمان و کولتووری کورد بگرێت. بۆیە دەوڵەتی عێراق، هەر لە سەرەتاوە، رێگەی بە خوێندنی کوردی دا، بەڵام تەنیا لە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر. هەروا دەرکردنی کتێب و گۆڤار و رۆژنامەی کوردی تا رادەیەک ئازاد بوون. دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراق، نەیدەتوانی نکوڵی لە بوونی کورد بکات، کە نزیکەی لە سەدا بیستوهەشت تا لە سەدا سیی خەڵکی عێراقە، بەڵکو دەیەویست ناوچە پڕ لە نەوت و ستراتیجییەکانی باشووری کوردستان بە عەرەب بکات.

هەواڵنامەی کتێب

هەروا دەوڵەت، هەر لە سەرەتاوە، دەیەویست کورد لەرووی سیاسییەوە کەنار بخات (پاسیڤ بکات). بۆ ئەم مەبەستەیش دەیان هەزار کوردی فەیلی، کە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە بەغدا و ناوچەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بوو بوون، بە بیانووی ئەوەی کە ئەسڵیان ئێرانییە، بە هاووڵاتی نارەسەن داندران[(11)] بەم بیانووە لە مافی هاووڵاتیبوون و مافی دەنگدان و کاری گرنگی دەوڵەت بێ بەشکران. چونکە ئەمانە هەر کورد نەبوون، بەڵکو شیعەش بوون. واتا لە دوو سەرەوە بە سروشت و ئایدیۆلۆجیا و پرۆژەی ناسیۆنالیستیی عەرەبی عێراق نامۆ بوون[(12)].

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام دەوڵەتی ناسیۆنالی سووریا، کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی فەرەنسا، بۆ ناسیۆنالیستانی عەرەبی دامەزراند و بەشێکی کوردستانی پێوەلکاند، مۆدێلێکی فەرەنسایی بوو، بە کەمێک جیاوازییەوە. هەروا لەبەر ئەوەی کورد، لەم بەشەی کوردستاندا، گرفتی سیاسی و چەکداریی بۆ دەوڵەت دروست نەکرد، بە هانەیەک بۆ کوشتار و لە ناوبردنی بە کۆمەڵ نەدرایە دەوڵەتی سووریا. بەڵام دەوڵەتی سووریا، وەک عێراق، گەلی کوردی لە رووی سیاسییەوە پاسیڤ کرد. بەشی زۆری کوردەکانی ئەوێ، دیسان بە بەهانەی ئەوەی کە هاووڵاتیی سووری نین، مافی هاووڵاتیبوون و دەنگدان و کارکردن لە دەزگا

گرینگەکانی دەوڵەت و خوێندنی زانکۆیان لێ زەوت کرا.

ئەو ڕەفتارەی دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەبی سووریا و عێراق مێتۆدێکی کۆلۆنیالیی ناسراوە، کە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی، لە هەندێک ناوچەی کۆلۆنیالکراوی جیهاندا، پەیڕەویان کردووە. دوا نموونە لە باشووری ئەفریقا بوو، کە بەشیک بوو لە سیاسەتی ئاپارتاید.

سیستمی ئایدیۆلۆجی و سیاسەتی شۆڤێنیستانەی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، ناوەڕۆکی نادیمۆکرات و ستەمی ناسیۆنالیزم لەو وڵاتانەدا دەردەخەن. لەوەش زیاتر بەرای من کەمالیزم و بەعس، تا رادەیەکی کەمتر پانئێرانیزمی ئێرانی، شێوەیەکی ئاسیایی نازیزم و فاشیزمی ئەڵمانی و ئیتالیایین، کە لە رەگەزپەرستی و دڕندایەتییاندا، هەمان خەسڵەت و کولتوور و مێتودە ئەوروپاییەکانی ئەوانییان، تێکەڵ بە کولتوور و نەریتی بەربەریستانەی دەوڵەتی ئاسیایی کردووە و لە بارودۆخێکی تایبەتی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، تایبەتمەندیی خۆیان وەرگرتووە.

# IV

ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا لە سایەی بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی دەوڵەتی عوسمانیدا دەرکەوت. بزاڤی شۆڤێنیستی تورکە لاوەکان، رووناکبیرانی کوردی لە خۆی تەراند و بیری ناسیۆنالیستی لەناو ئەواندا بەهێز کرد. بەڵام ئەم بیرە لە کوردستاندا زەمینەیەکی گونجاوی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی بۆ نەڕەخسا بوو. چونکە کوردستان، وەک ناوچەیەکی هەرە دواکەوتووی ئیمپراتۆریای عوسمانی و دەوڵەتی قاجاری، مابووە. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیودالی و سروشتی خێڵەکی و ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و کولتووری و لێکدابڕانی جیۆگرافیی ناوچەکانی کوردستان لە یەکتر، بە قازانجی بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ناسیۆنالیزم نەبوون. لەبەر ئەم هۆکارانە ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا بە لاوازی و پەراگەندەیی و فەلەجی دەرکەوت.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کاتێک رووناکبیرانی کورد لە باکووری کوردستاندا دەستیان دایە خەباتی رۆشنگەری و ناسیۆنالیستی، هێشتا باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بەم جۆرە بیرانە ئاشنا نەبوو بوون. تەنانەت لە باکووری کوردستانیشدا ئەو خەباتە کولتووری و سیاسییە،زیاتر لە ئەستەنبووڵ و چەند شارێکی کەمی کوردستاندا بوون. کەچی زۆربەی خەڵکی کورد هێشتا لەژێر کارتێکردنی بیر و کولتووری عوسمانی و خەیاڵی ((برایەت))ی ئاینی و لەژێر فەرمان و رابەرایەتیی

سەرۆکخێڵەکاندا مابوونەوە، کە زیاتر عەوداڵی بەرژەوەندیی تەسکی خێڵایەتیی خۆیان بوون. واتا ناسیۆنالیزم پێگەیەکی جەماوەریی فراوان و بەهێزی لەناو شار و گوندەکانی کوردستاندا دانەمەزراندبوو. لەوەیش زیاتر بزاڤی ناسیۆنالیستی لە باکووردا یەکگرتوو نەبوو، وەک لە بەشی تورکیادا باسی دەکەین. لەبەر ئەم هۆکارانە، بزاڤی ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا، لەوە لاوازتر بوو کە بە تەنیا بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بێنێتە دی. دەبوو ئەمیش، وەک بزاڤی ناسیۆنالیستی عەرەب، بە کۆمەکی دەوڵەتانی کۆلۆنیالی ئەوروپایی، کە ئاغای ناوچەکە بوون، دەوڵەتی ناسیۆنال دابمەزرێنێت. بەشێکی فراوانی رووناکبیران و ناسیۆنالیستانی کورد هیوایەکی گەورەیان بەم مەسەلەیە هەبوو. بەڵام دەوڵەتانی کۆلۆنیالیی ئەوروپایی نەک هەر ئەم کارەیان بۆ کورد نەکرد، بەڵکو لە تێکشکاندنی بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد و لە دابەشکردنی کوردستان و رێگرتنی سەربەخۆیی گەلی کورد، رۆڵی سەرەکییان گێڕا.

دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک و فارس و عەرەبی عێراق و سوریا، لە کوردستاندا، هەمان ئەو رۆڵەیان پێ سپێردرا کە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپایی لە وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکاندا گێڕایان: دەستبەسەرداگرتنی کوردستان بە زەبری هێزی سەربازی، سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و سیستمی خوێندن و بەڕێوەبردن، تاڵانکردنی کوردستان و رێگرتن لە گەشەکردنی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد و تاد. لە هەموو

ئەمانەش خراپتر ئەوە بوو کە ئەم دەوڵەتانە کوردستانیان بە بەشێک لە خاکی خۆیان و کوردیان بە بەشێک لە گەلی خۆیان دانا و دادەنێن. کەچی کۆلۆنیالیستانی ئەوروپایی، لە ئایرلەندا و ئەلجەزایر و چەند جێگایەکی کەمی دیکە نەبێت، هێندە دوور نەڕۆیشتبوون.

بەم جۆرە کۆلۆنیالکردنی کوردستان تایبەتمەندی و شێوەیەکی تایبەتیی خۆی وەرگرت، کە لە شێوازی داگیرکردنی و سروشتی داگیرکەرانی کوردستانەوە هاتووە.

کوردستان هەر لە سەردەمی ئیسلامەوە ژێر دەستی عەرەب، دوەاتریش تورک و فارس بووە. ئەم نەتەوانە، لە رەوشی سەدان ساڵەی داگیرکردندا، بوونی خۆیان لە کوردستاندا کردبوو بە دیاردەیەکی باو. ئەمانە وەک کۆلۆنیالیزمی ئەوروپایی نەبوون کە هەم غەیرەدین و هەم لە ناوچەکە تازە و نامۆ بن. بەڵکو بۆ کورد ئاشنا و((برا))ی دینی بوون. خەڵکی کورد، بە درێژایی سەدان ساڵ، بە کولتوور و ئاینی ئەم نەتەوانە و تا رادەیەک بە دەسەڵاتیان، راهاتبوو. واتا داگیرکردن، لە سایکۆلۆجیای کورددا، زەمینەی بۆ پێکەوەژیانێکی نابەرامبەر لەگەڵ ئەم نەتەوانەدا داهێنا بوو. کەچی ئەم داگیرکردنە لای ناسیۆنالیستانی ئەو نەتەوانە زەمینەی فیکری و ئایدیۆلۆجیی بۆ دەستەبەسەرداگرتن و تالانکردنی کوردستان رەخساند بوو.

ئەو بیر و ئایدیۆلۆجییە تەنیا خۆی بەسەر بیر و

هۆشی خەڵکی نەتەوەی سەردەستدا نە سەپاند، بەڵکو دواتر خۆی خزاندە نێو بیری رووناکبیرانی کوردەوە و بوو بە بەشێک لە سیستمی ئایدیۆلۆجیی بزاڤی کورد، بە تایبەتی پاش ئەوەی نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستانی کورد، کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەباتیان دەکرد، یان لەناوبران، یان زیندانی و ئاوارە کران. ئیدی چارەنووسی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد کەوتە دەست کۆمەڵە خوێندەوارێک، کە لە چوارچێوەی سیستمی ئایدیۆلۆجیی داگیرکەرانەی نەتەوەی سەردەستدا، بۆ چارەنووسیی سیاسیی گەلی کوردیان دەڕوانی. سەرەنجام قبووڵکردنی بنەمای ئایدیۆلۆجیی پێکەوەژیانی نابەرامبەر و ژێردەستبوونی ئەم نەتەوە داگیرکەرانە، لە عەقڵی سیاسیی کورددا، بە ئاسایی داندران و مەودایەکی تارادەیەک ئەبەدییان بەخۆ گرت.

لەبەر ئەوە هێزە سیاسییەکانی کورد، هەر لە کۆتایی چلەکان بە دواوە تا ئەمڕۆ، لە چەسپاندنی واقیعی کۆلۆنیالکردنی کوردستان و راهێنانی کورد بە قبووڵکردنی دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەب و فارس و تورک، راستەوخۆ بەشداریان کردووە. چونکە بنەمای ئایدیۆلۆجی و خەباتی هێزەکانی کورد بە ئامانجی نەهێشتنی ژێردەستیی بێگانە و ئازادکردنی کوردستان نەبووە، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەم وڵاتانەدا، بۆ هەندێک دەسکەوتی تەسکی نەتەوەیی وەک ئۆتۆنۆمی وشتی لەم جۆرە و بۆ هەندێک دەسکەوتی شەخسی و بنەماڵەیی و عەشیرەتی بووە.

لە پاڵ ئەم ڕێبازەی هێزەکانی بزاڤی کورددا، کۆمەڵە فاکتەرێکی دی هەقیقەتی داگیرکردنی کوردستانیان. نەک هەر لەسەر زەوی بەڵکو لە بیر و هۆش و سایکۆلۆجیای مرۆڤی کوردیشدا چەسپاند:

یەکەم: ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی نەتەوەی داگیرکەر و ستەمی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک، عەرەب و فارس.

دووەم: ئایدیۆلۆجیا و بزاڤی چەپ و مارکسیی تورک و فارس و عەرەبی عێراق و سوریا، کە لە ناوەڕۆکدا هەر لە چوارچێوەی سیستمی ئایدیۆلۆجیی ناسیۆنالیزم و کولتووری ئیمپراتۆریایی ئەو نەتەوانەدا بوون.

سێیەم: دەوڵەتانی کۆلۆنیالی ئەوروپایی، کە خۆیان سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیان داتاشی و بە هەموو توانایانەوە فۆرمی شەرعییەتێکی نێودەوڵەتییان بە دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان بەخشی و مەسەلەی کورد و کوشتاری بەکۆمەڵ و تواندنەوەی کوردیان کردە مەسەلەیەکی نێوخۆی ئەو دەوڵەتانە. بە کورتی دەوڵەتە زلهێز و کۆلۆنیالیستەکان کوردستانیان کردە کۆلۆنیایەکی نێودەوڵەتی بێ ئەوەی، وەک ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت، مافی کۆلۆنیایەکی پێ ڕەوا ببینن.

هەواڵنامەی

ئەگەر خەباتکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئامانجی هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیستی بێت، کە دیارە وایە، ئەوا ناسیۆنالیزم، لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە دوای ڕوخاندنی حوکمداریی شێخ مەحموود و

هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا، لە دوای روخاندنی کۆماری مەهابادەوە، نییە. ئەگەر هەبێت ناپاکیی بەرامبەر بە ئامانجەکانی خۆی کردووە و دەکات.

بە رای من ئەمە تەنیا هەر ناوەڕۆکی قەیرانی بزاڤی کورد و هۆکارێکی سەرەکیی تێکشکانی ئەم بزاڤە نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئەم کارەساتەشە کە کورد تێی کەوتووە.

## V

ئاشکرایە هەر گروپێکی ئێتنۆکولتووری یان نەتەوەیی بە کۆمەڵە رەگەزێکی تایبەتیی وەک زمان، یان ئاین، یاخود کولتوور و نەریتی مێژوویی، کە دەبنە بنەمای ناسیۆنالیزم، خۆی لە گروپێکی دیکەی ئێتنیکی جیا دەکاتەوە. کاتێک ئەم تایبەتمەندییە نەتەوەییانە لە لایەن نەتەوەیەکی سەردەست و داگیرکەرەوە پەلامار دەدرێن، یان دەرفەتی خۆدەرخستن و گەشەکردنی سروشتییان پێ نادرێت، ئەوا لایەنێک یان چەند لایەنێک لەم رەگەزانە، دەبنە هۆکاری سەرەکیی توندبوونی ناکۆکیی نێوان هەردوو نەتەوەی سەردەست و ژێردەست، دەبنە بنچینەی خۆجیاکردنەوەی نەتەوەیی و زەمینەی خەباتی ناسیۆنالیستی پێک دێنن. راستەوخۆیش کار لە سروشت و ناوەرۆکی بزاڤی ناسیۆنالیستی دەکەن.

بۆیە دەوڵەتی ناسیۆنالی نەتەوەیی داگیرکەر، یان سەردەست، تەنیا لەسەر بنەمای رەگەزە نەتەوەییەکانی خۆی، کە وەک فاکتەرێک بۆ درێژەدان بە ژێردەستکردن بەکاریان دێنێت، سروشت و سیستمی ئایدۆلۆجیی خۆی دیاری ناکات، بەڵکو بە پەیوەندی لەگەڵ رەگەزە بنچینەییە کولتوورییەکانی نەتەوەی ژێردەستیش، کە داینەمۆی ناکۆکییەکەن، ئەم سروشت و سیستمە ئایدۆلۆجییە دیاری دەکات. هەروا بە پێچەوانەوە. واتا ناوەرۆکی دەوڵەتی نەتەوەی داگیرکەر و ناوەرۆکی بزاڤی ناسیۆنالیستی نەتەوەی ژێردەست وەک ئاوێنەی یەکترین، یان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە و لە پرۆسێسی ناکۆکیی نێوانیاندا، کار لە یەکتری دەکەن.

بۆ نموونە فاکتەری ئاین لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلانی بەڵکان، لە بەرامبەر سروشتی ئاینیی دەوڵەتی عوسمانیدا، هێندەی زمان و نەریتی مێژوویی گرنگ و سەرەکی بوو. لە باکووری ئایرلەندا مەزهەب و لە بۆسنیادا ئاین، هۆکاری بنچینەیی خۆجیاکردنەوەی نەتەوەیین، کەچی لە کوردستاندا، کە دەوڵەتە داگیرکەرەکان مسوڵمانن، ئاین نەک هەر دەورێکی لە خۆجیاکردنەوە لە داگیرکەر نەدیوە، بەڵکو هۆکاری تەزاندن و تەپاندنی هۆشیاریی نەتەوەیی بووە. لە جیاتییان هۆکاری زمان و کولتوور بونەتە بنەمای خۆجاکردنەوە لە داگیرکەران.

ئەگەر لەناو کورددا ئاین، لە جیاتی زمان و کولتووری نەتەوەیی، بنچینەی خۆجیاکردنەوە، بۆ نموونە لە تورک بوایە، ئەوا دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک ناچار دەبوو بە چەکی ئاین پەلاماری کورد بدات. واتا سروشت و سیستمە فیکری و ئایدیۆلۆجیی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک لە جیاتی ئەوەی هێندە بەرامبەر بە کورد شۆڤێنیست و رەگەزپەرستانە بێت، لەوانە بوو ئاینییەکی توندڕەو بووایە. بەڵام ئەنجامەکان لە ناوەرۆکدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەدەبوو. چونکە لە هەردوو حاڵەتدا بابەتە نامۆ و ناکۆکەکە، کورد، هەر دەبوو پەلامار بدرێت و لە ناو ببردرێت، بۆ ئەوەی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک بە ئامانجی خۆی بگات.

دیارە پێچەوانەی ئەمەیش راستە. واتا ئەگەر جیاوازیی ئاینی، نەک زمان و کولتوور و نەریتی مێژوویی، بنچینەی سەرەکیی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک بوایە لە وانەبوو، لە بەرامبەر ئەمەدا، ئاین لای کورد ببوایە بە بنچینە، یان فاکتەرێکی گرنگی خۆجیاکردنەوە لە تورک و خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی. لەم حاڵەتەیشدا جیاوازییەکی گەورە نەدەبوو، چونکە ئامانج هەر خۆرزگارکردن بوو لە دەسەڵاتی بێگانە، کە رێگەی هەموو جۆرە پێشکەوتنێکی لە بەردەم کورد داخستووە.

رەنگە لێرەدا پرسیارێک دروست ببێت: ئەی بۆچی خەباتی گەلی رۆژهەڵاتی کوردستان ناوەرۆکێکی ئاینی-

مەزهـەبی سـوننگەری دژ بـە نـاوەڕۆکی ئـاینی-مەزهـەبی شیعەگەریی ئێرانی وەرنەگرتووە؟

بەڕای من کۆمەڵە هۆکارێکی مێژوویی و نەتەوەیی لە پشت ئەم دیاریدەوەن.
پێش هـەموو شـتێک ناسیۆنالیزمی کورد، لـەو بەشـەی کوردستاندا، ئەگەر تا ئێستا هەبێت! لە ئـەنجامی خـەباتی دژ بـە دەوڵـەتێکی توندڕەوی شـیعەمەزهەبدا دروست نـەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی خەباتی دژ بە دەوڵەتی ناسیۆنالی ئێران، بە رابـەری رەزاخـان، دەرکـەوتووە، کـە بـە توندی زمـان و کولتـوور و نـەریتی مێژوویـی گـەلی کوردی پـەلاماردا بـوو. هـەروا بزاڤـی نەتـەوەیی کـورد لـەم بەشـەدا پەیوەندییـەکی راستەوخۆی لەگـەڵ بزاڤی باشـووری کوردستاندا بـووە و هەیـە. هـەردوو بزاڤ. لـە قۆنـاغی جۆراوجـۆردا کاریـان لـە یەکتری کردووە و دەکەن.
لەگـەڵ ئەمەشـدا گەرەنتییـەک نییـە کـە لـە داهـاتوودا فاکتـەری ئـاینی-مەزهـەبی، بـە تونـدی لـەناو بزاڤـی گـەلی رۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا خـۆی دەرنـەخات. ئەمـەیش تـا رادەیـەکی زۆر وەسـتاوەتە سـەر داهـاتووی کۆمـاری ئیسلامی ئێران و سروشت و رەوشی مەزهەبی و سیستمی ئایدیۆلۆجیی دەوڵەتەکە و توندبوونی ستەمی مەزهـەبی لە داهاتوودا.
رەنگـە ئـەم بـۆ چوونـە، سـەبارەت بـە پەیوەنـدی و

لێکچوونی سروشتی هەردوو لایەنی ناکۆکییەکە (کورد و داگیرکەرانی) یارمەتیمان بدات تا لەوە بگەین کە بۆچی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک وعەرەبی عێراق و تا رادەیەکیش ئێران و سوریا، لە بەرامبەر کورددا، هێندە شۆڤێنیست و رەگەزپەرستن. یان بۆچی لەناو نزیکەی بیست دەوڵەتی عەرەبیدا بەعس، کە شۆڤێنیترین و دڕندەترین لاباڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبە، تەنیا لە عێراق و سوریادا، دەسەڵاتی سیاسیی گرتۆتە دەست؟ ئایا ئەم دیاردەیە لە بوونی نەتەوەی کورد لەم دوو وڵاتەدا، کە هەڕەشە لە پرۆژەی ناسیۆنالیستیی عەرەب دەکات، بە دوورە؟

یان بۆچی دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراق، بە پێچەوانەی هەموو دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەب، سروشتێکی تایفەچی-مەزهەبی دژ بە شیعە وەردەگرێت؟ ئایا دەکرێت ئەم دیاردەیە لە بوونی شیعە، کە وەک زۆرایەتییەکی مەزهەبیی جیاواز، کە مەسەلەی بەشدابوون لە دەوڵەتدا دەسەپێنێت، جیا بکرێتەوە؟ یان بۆچی لەناو نزیکەی هەموو دەوڵەتانی عەرەبدا، لە سوداندا، کە لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا قەڵای بزاڤی چەپ بوو، شۆڕشی ئیسلامی و دەوڵەتی تووندڕەوی ئیسلامیی تێدا دەرکەوتووە؟ ئایا ئەمە لە مەسەلەی بزاڤی گەلی بە ئاین مەسیحیی باشووری سودان بە دوورە؟

هەواڵنامەی کتێب

# VI

ناسیۆنالیزمی تورک، فارس و عەرەب (مەبەست وڵاتانی رۆژهەڵاتی عەرەبە) بەرهەمی گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی بیری رۆشنگەری نەبوون. هەروا بزاڤێکی رزگاریخوازانە نەبوون، کە لە ئەنجامیی خەباتی دژی کۆلۆنیالیزم و داگیرکەردا دەرکەوتبن، بەڵکو لە بنەڕەتدا بزاڤێکی شێواو شەڕخواز و وابەستەی کۆلۆنیالیزم بوون. ئەوەندەی لە بەرامبەر دەوڵەتانی کۆلۆنیالی و سەرمایەداریی ئەوروپادا خۆیان بە بچووک و کەم دەگرت و دەگرن، هێندەش لە رووی نەتەوە بچوکەکانی نێو دەوڵەتەکانیاندا، کە بە زەبری هێزی کۆلۆنیالیزم ژێر دەستیان کراون، لوتبەرز و بەفیز و پەلاماردەر بوون و هەن.

دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک، فارس و عەرەب، ئەگەر چی رواڵەتێکی مۆێرن و سروشتێکی ناسیۆنالیستییان هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا، درێژەپێدەری دەوڵەتانێکن کە ستروکتووری کۆمەڵایەتییان خێڵ و بەداوەت و ئایدۆلۆجیایان ئاینی و ئابوورییەکان دەسکەوت و تالان بوو. یان لە بنەڕەتدا میراتگری سیاسی و کولتووریی

هـەردوو ئیپمراتۆریـای عوسـمانی و ئێرانـی بـوون. ئـەو دەوڵەتانـە ناسـیۆنالانە بزاڤـی ناسـیۆنالیزم، یـان لابـاڵێکی سەرەکی بزاڤەکە لە پشتیانەوە بوون، بـەڵام ستروکتووری کۆمەڵایەتی و سروشتیان هەر خێڵەکییانە بوو و بە هـەمان شـێوازی دەوڵەتـە تیۆکراتـەکانی پێشـوو، بـەرێوە دەچوون. ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزم لـەو وڵاتانـە، بە هـەمان شـێوازی ئایدیۆلۆجیای ئاینی، خۆی بە دیاریدەیـەکی موتلـەق دەزانی و بـاوەڕی بـە ئـازادیی هـیچ رەگـەز و ئایدیۆلۆجیایـەکی جیاواز لە خۆی نەبوو. ئەنجام ناسیۆنالیستانی ئەو وڵاتانە هـەمان کولتـووری سـتەم و میتـۆدی داپڵۆسـینەرانەی ئیمپراتۆریاکـانی خۆیـان، لـە فـۆرمێکی نوێـدا، هێنایـەوە بەرهەم.

زۆرێک لە روناکبیرانی ئەو وڵاتانە، بۆ نموونـە عـەرەب، مەسـەلەی دەرنەکـەوتنی دەوڵـەتی دیمـوکرات بـە هۆکـاری دەرەکییـە دەبەسـتنەوە: ئـەم هۆکـارە دەرەکییـە لای سـەمیر ئەمین سـەرمایەداریی جیهانییـە، لای محەمـەد عبید جابری دەسـتێوەردانی وڵاتـانی رۆژئاوایـە و لای ناسیۆنالیسـتانی عەرەبیش کۆلۆنیالیزمە.

بـێ گومـان هۆکـاری دەرەکـی رۆڵێکـی گرینگـی لـەم مەسـەلەیەدا هـەبووە. چونکـە وەک گوتمـان وڵاتـانی سـەرمایەداریی رۆژئـاوا، پـێش شـەڕی یەکـەمی جیهـانی، ئـابووریی ناوچەکـەیان خسـتبووە ژێـر کـۆنترۆڵی خۆیـان.



هەواڵنامەی کتێب

دوای شەڕیش، وەک داگیرکەر و براوەی شەڕ، کە تالآن و دادۆشینێکی ئابووریی بە رەوا دەزانێت، هاتنە ناوچەکە. ئەوان کۆمەکێکیان بە گەلانی ناوچەکە نەکرد تا کەمترین ئاستێکی ئەو رۆشنگەری و دیموکراتییەی، کە سەدەیەک زیاتر بوو لە وڵاتانی خۆیاندا دەرکەوتبوو، لە ناوچەکەشدا بڵاو ببێتەوە. بەڵام ئەم رۆڵەی ئەوان لە فاکتەرێکی یارمەتیدەر زیاتر نەبوو. هۆکاری سەرەکی دروستنەبوونی دەوڵەتانی دیموکرات لە ناوچەکە، پەیوەندی بە بارودۆخی نێوخۆی ئەم کۆمەڵگایانەوە هەیە، کە بەرهەمی پرۆسیسێکی مێژووییە. بە بێ ئەم هۆکارە نێوخۆییە لەبارە، هۆکاری دەرەکی، بە تەنیا نەیدەتوانی ئەو کارەساتە بنێتەوە. بۆیە هەر دەبێت لە فاکتەرە نێوخۆییەکاندا بۆ هۆکاری سەرەکیی بگەڕێن، بە تایبەتی فاکتەری ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری. چونکە گەلێک وڵاتی دیکەی ئاسیایی، وەک ئەم وڵاتانە ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم و وابەستەی سیستمی سەرمایەداریی جیهانی کران، بۆ نموونە هندستان، کۆریا، مالیزیا، سینگاپوور، چین، ڤێتنام... تاد کەچی ئەو بەربەرییەتەی لە تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا و سودان و هەندێک وڵاتی دیکەی عەرەبی، بەرامبەر بە کەمایەتی ئاینی، مەزهەبی نەتەوەیی پەیڕەو کران، لە هیچ کام لە وڵاتانی دیکەی ئاسیاییدا نموونەیان نەبووە و نییە.

سروشتی دەوڵەتی ناسیۆنالی ئەو وڵاتانە و تێکشکانی

پرۆژەی رۆشنگەری و لیبراڵ تیایاندا، لە ستروکتووری کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری، لە مێژووی زیاتر لە سیازدە سەدەی دەوڵەت و کولتووری سیاسیی ئەو وڵاتانە جیا ناکرێنەوە. ئەو کۆمەڵگایانە، لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ستەم و ئابووریی تالان و دەسکەوت و ئایدیۆلۆجیایەکی موتڵەقی ئاینی دامەزرێندرا بوون. مێژووی شەشسەد ساڵەی ئیمپراتۆریای عەرەبی ئیسلامی، مێژووی زیاتر لە پێنجسەد ساڵەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و چوارسەد ساڵەی ئیمپراتپریای ئێرانی و ئەو ستەم و تاوان و کولتوورە ئیستیبدادیەی بەرهەمیان هێنا، بوونە بەشێکی ئۆرگانیکی لە ژیانی سیاسی و کولتووریی وڵاتانی ناوچەکە. ئەو مێژووە، مێژووی تالان و وێرانکردنی وڵاتانی دیکە، مێژووی داپلۆسین و لەناوبردنی رەگەزی لەخۆجیاواز، مێژووی بە موتڵەقکردنی ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت و دەسەڵاتی خەلیفە و شا، سەرلەنوێ، بە جۆرێکی تر هێندرانەوە بەرهەم و کرانە نەرتیی سیاسیی زاڵی ئەو کۆمەڵگایانە. ئەم رابردووە مێژوویی و کولتوورییە بوو بە بنەمای فیکری و رۆحی و چاوگەی ئیلهامبەخشی ناسیۆنالیستانی تورک، عەرەب و فارس. ئەوان بە ئامانجی جۆشدانی هەستی ناسیۆنالیستی و شۆڤێنیزمی نەتەوەیی سەروەرییەکی خورافی و ئەبەدییان بەم رابردووە داوە.

مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو

بوونەوەرێکی کولتووری- نەتەوەیشە، واتا مرۆڤ تەنیا بەرهەمی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نییە کە تێیدا دەژێت، بەڵکو بەرهەمی ئەو مێژوو و کولتوورەیشە کە نەتەوەکەی، بە درێژایی بوون و مێژووی خۆی هێناونیەتە بەرهەم. ئەم کولتوور و مێژووە خاسییەتی گشتی و سایکۆلۆجیای نەتەوەیی و رەگەزە سەرەکییەکانی کەسایەتیی نەتەوەکە دیاری دەکەن. بۆیە بە رای من کاتێک باسی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی ناسیۆنالی ئەو وڵاتانە و هەر وڵاتێکی تر (بە کوردستانیشەوە) دەکرێت، گەڕانەوە بۆ رابردووی مێژوویی ئەو نەتەوانە گرینگییەکی گەورەی هەیە. چونکە ئەو بزاڤە ناسیۆنالیستی و ئەو دەوڵەتانە تەنیا بەرهەمهێنەرەوەی هەمان کولتوور و مێژوو نین، بەڵکو پێش ئەوە خۆیان بەرهەمی ئەم مێژوو و کولتوورەن.

کولتووری سیاسی و ستەمی سەدان ساڵەی دەوڵەتی ئاینی و تیۆکراتی، لە دژی هەر رەگەزێکی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی و سیاسی، بوونە بەشێکی چەسپاو لە سروشتی دەوڵەتی ئاسیایی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم هەڵوێستە ئایدیۆلۆجییە تیۆکراتییەی دەوڵەت نەریت و دەستوورێکی ئەوتۆی لە مێژوویی سیاسیی ئەو کۆمەڵگایانەدا چەسپاند، کە هەر دەستە و گرووپێکی جیاواز لە ئایدیۆلوجیا و ئاین و مەزهەبی زۆرایەتیی حوکمڕان، رەحمیان پێ نەکرێت و بە توندی رەفتاریان لەگەڵ بکرێت.

کاتێک ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزم، وەک ئایدیۆلۆیای دەوڵەت، جێگای ئایدیۆلۆیای ئاینی-ئیسلامیی گرتەوە، هیچ بزاڤێکی ئەوتۆی رۆشنگەری و دیموکرات و لیبراڵ لەو وڵاتانەدا دەرنەکەوتن، کە بتوانن گۆڕانێک لە بنەمای فیکری و کولتووری و سیاسیی ئەم کۆمەڵگایانە دروست بکەن. لەجیاتی دیموکراتی و لیبرالیزم و پاراستنی ئازادی و مافی مرۆڤ، داپڵۆسینی مرۆڤ و ستەمی نەتەوەیی، بەرامبەر بە هەر کەمایەتییەکی نەتەوەیی جیاواز، کرانە باوترین دیاردەی ئەو کۆمەڵگایانە. لە هەمان کاتدا ستەمی ئاینی و مەزهەبییش، بەرامبەر بە کەمایەتیی ئاینی و مەزهەبی(مەسیحی، جولەکە، سابیئی، یەزیدی، شیعە.تاد) وەک نەریتێکی رەسەنی ئەو وڵاتە ئیسلامییانە هەر بەردەوام بوون. لەسەر ئەو بنچینەیە سیستمی فیکری-ئایدیۆلۆجی و رێبازی سەرەکیی دەوڵەتی ناسیۆنال-خێڵەکی و میلیتاری و ئۆتالیتاریی ناوچەکە هاتنە دامەزراندن.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1- National Encyklopedin-14, bra Böcker 1994, s.40-42

2 - Rune Johansson, Nationer och nationalism: Teoretiska och - empiriska aspekter,Den problematiska etniciteten, Sven Tägil

3- سەرچاوەی پێشوو، ل 34-35

4- بۆ نموونە لە یۆگۆسلاڤیادا، هەر زوو لە ساڵی 1964ەوە پێناس ((هەویە- ناسنامە))ی یۆگۆسلاڤی، لە بەرامبەر پێناسی نەتەوەیی گەلانی ئەو وڵاتەدا پووچی خۆی سەلماند. لەو ساڵەدا تەنیا لەسەدا دەی خەڵک خۆی بە یۆگۆسلاڤی داناوە، بەڵام لە سەرژمێری ساڵانی 1981و1991 ئەم رێژەیە کەمتر بۆتەوە و گەیشتۆتە لەسەدا شەش و لەسەدا سێ. بۆ زیاتر لەم بارەیەوەبڕوانە:

Hakan Wiberg, ldentitet, etnicitet och konflikt, Statnation Konflikt, Bra Böcker, 1996, s.338-339

.

5- هەمان سەرچاوە ل.33

6- باسکار و رۆژنامەنووسی بریتانی پاتریک سیێل رووداوێکی سەرنجڕاکێش باس دەکات: رووناکبیری سووری ((زەکی ئەلئالووسی)) لە سەرەتای ساڵانی سییەکاندا، لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسایی خوێندن تەواو دەکات. لە سوریا دەبێتە مامۆستای قوتابخانەی ئامادەیی.

له دەرسەکانیدا ناوەرۆکی شۆڕشی فرەنسا و رۆشنگەری و ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ بۆ خوێندکاران باس دەکات. لەبەر ئەو کارە دەستەڵاتدارانی کۆلۆنیالیزمی فرەنسایی، له سوریا، دەیگرن و تێی دەگەیەنن کە ئەوەی گرینگە بەرژەوەندیی فرەنسایە و ئەم بیرانە شتی باشن، بەڵام بۆ ئەوروپا دەشێن و نابێت بهێندرێنە ناو ئەم وڵاتانە.
بڕوانە:

صادق جلال العظم، ذهنیه التحریم، مرکز الابحاث والدراسات الاشتراکیه فی العالم العربی، نیقوسیا1994 ص 188-189

7- وەک زانراوە T.E. Lawrence کە بە لەورانسی عەرەب ناسراوە، له کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، له لایەن بریتانیاوە نێردرایە لای بنەماڵەی هاشمییەکان و توانی قەناعەتییان پێ بکات، کە لە شەڕدا، لایەنگری دەوڵەتانی هاوپەیمان بکەن، ئەمانەیش لە بەرامبەر ئەوەدا، دوای تەواوبوونی شەڕەکە، دەوڵەتێکی گەورەی عەرەبی، بەرابەری هاشمییەکان دادەمەزرێنن. بڕوانە:

Jan Hjärpe, Araber och Arabism, raben prisma,Svergige 1994 s.124

8 ـ سەبارەت بەم رێکەوتنامەیە بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا 124-125

9 - lngvar Svanberg (red), Turkiet Bro eller barrier mellan Europa och Asien, Arena Sverige 1997, s.17

10- بۆ زیاتر بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەم کتێبە.

11- بـە پێـی یاسـای عێـراق، کـە دەسـەڵاتی بریتانیـا دایڕشـتبوو، هـاووڵاتی نارەسـەن ((نائەسـڵی)) ئـەو کەسـانە بوون کە تەسکەرە (شوناسنامە)ی عوسمانییان نەبوو، یان پێشتر لە سەرژمێری عوسمانییەکاندا ناونووس نەکرابوون. زۆربـەی کـوردە فەیلییـەکان و بەشـێکی گـەورەی شـیعە عەرەبەکانی عێراق، بۆ خۆدەبازکردن لە باج و سەرانە و ستەمی دەوڵەتی عوسمانی، یان بە هۆی پەیوەندیی رۆحیی و مەزهەبییان بە دەوڵەتی شیعەمەزهەبی ئێرانەوە، خۆیان لـە سـەرژمێری عوسـمانییەکاندا نـاونووس نـەکردبوو. کۆلۆنیـالیزمی بریتـانی و دوای ئـەوانیش ناسیۆنالیسـتانی عەرەبی عێراق ئەمەیان کردە بە هانەیەک، تا بەپێی یاسا بە هاووڵاتی نارەسەن وتەبەعییەی ئێرانی لە قەڵەمیان بدەن. بۆ زیاتر لەم بارەوە بڕوانە:

رجاء حسين الخطاب، العراق بين 1921-1927، دراسه فى تطور العلاقات العراقيه البريطانيه، جامعه بغداد ص165

12- ئـەو کـوردە فەیلییانـە، کـە نیـو ملیـۆن کـەس زیـاتر بوون، لـە سـەردەمی بەعسدا و هـەر لـە سـەرەتای ساڵانی 1970 بەدواوە دەست کرا بە دەرکردن و رەوانەکردنیان بۆ ئێران. لە سەرەتای خۆئامادەکردنی عێراق بۆ هەڵگیرسانی شەڕ دژی ئێران، ئەوانەی مابوونەوە، لەگەڵ سەدان هەزار شیعەی عەرەبدا، کە دڵسۆزییان بۆ دەوڵەت جێی گومان بوو، بۆ ئێران دەرکران. شێوەی راگوێزان و دەرکردنی فەیلییـەکان، کـە بەشـێکی گـەورەی بازرگـانی و ئـابووریی

بەغدادیان بە دەستەوە بوو، هەروا دەرکردنی شیعە عەرەبەکان، دروست وەک راگویزان و دەرکردنی جولەکەکانی سەردەمی نازییەکان بوو لە ئەڵمانیا. هەموو ماڵ و موڵک و سامانیان لە لایەن دەوڵەتەوە زەوت کرا. لاوەکانیان جیاکرانەوە و دوایی زۆربەیان لەناوبران. ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانیش، بە ئۆتۆمبیلی سەربازی، لەسەر سنووری ئێران هەڵڕێژران و بەدەم لێدان و تەقە بەسەرداکردنەوە، لە سنووری عێراق ئاودیو کران.

ئەم دڕندایەتییە بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان زۆر سەیر نییە، چونکە فەیلییەکان هەردوو لایەنی کوردبوون و شیعەبوونیان هەیە، بۆیە ستەمەکە بەرامبەر ئەوان، لە دیدی ناسیۆنالیزمی تایفەچیی عەرەبەوە، دەبوو دووقات (دەبڵ) بێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

## ئێران: ئیمپراتۆریای مەزهەب

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

ئیمپراتۆریای ئێرانیی ساسانی، تا دەرکەوتنی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی، لە سەدەی حەوتەمدا، هێزێکی گەورەی ناوچەکە بوو. دەسەڵاتی ساسانییەکان لە لایەکەوە ناوەڕاستی ئاسیای تا سنووری چین گرتبۆوە، لە لایەکی دیکەوە تا نزیک کۆستەنتینییە، ناوەندی ئەو سەردەمەی ئیمپراتۆریای بیزەنتی، گەیشت بوو.

ساسانییەکان لەسەدەی شەشەمدا، دوای کۆمەڵێک شەڕی سەخت لەگەڵ بیزەنتییەکاندا، بە تەواوی لاواز بوو بون. لە ناوخۆشدا دەزگاکانی دەوڵەت فەسادیان تێدا بڵاو بوو بۆوە. دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر ناوچە فراوانەکانی ژێردەستیدا رانەدەگەیشت. ستەمی کۆمەڵایەتی تا دەهات زیاتر دەبوو. شێوەی موڵکایەتیی فیۆدالّیی ساسانییەکان، کە زەوییەکانی کشتوکاڵی لە دەستی کۆمەڵە دەهقان و خانێکدا مۆنۆپۆل کرد بوون، چەوسانەوەیەکی هێندە دژواری بۆ جوتیار و کارمەندانی کشتوکاڵی هێنا بوو، کە زۆربەیان ژیانیان لەگەڵ کۆیلەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەمەیش بێزارییەکی فراوانی دروست کردبوو.

لە لایەکی دیکەوە ئەو سەردەمە یەکبوونی ئاینیی

ساسانییەکان لە گرێژنە چووبوو. ئاینی زەردەشتی ناکۆکی و ڕێبازی جیاجیای تێدا دەرکەوتبوو. پێشەوا و پیاوانی ئاینیی زەردەشتی (موبەدان و هیربەدان) سەرقاڵی کاری دنیایی بوو بوون و دەستیان خستبووە ناو هەموو کاروبارێکی ئیمپراتۆریای ساسانییەوە. ئەمەیش هێندە فاسید و بەدڕەوشتی کردبوون، کە خەڵک باوەڕیان بەوان و بە ئاینەکەیش لاواز بوو بوو. مانی و دوای ئەو مەزدەک کۆششیان کرد تا، هەر یەکەیان لە ڕێگای ڕێبازی ئاینیی خۆیەوە، گۆڕانێک لە بارودۆخی ڕۆحانی و ئاینیدا بکەن، بەڵام تێکشکێنران. لە هەمان کاتدا ئاینی مەسیحی لە ڕۆژئاواوە و ئاینی بودی لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوونە ناو ئێران. لە زۆر شوێن و ناوچەدا بڵاو بوو بونەوە و فشاریان بۆ ئاینی زەردەشتی دێنا. بەم جۆرە زەمینەی فیکری بۆ بڵاوبوونەوەی ئاینێکی نوێ ڕەخسا بوو.

بیزەنتییەکان لەبەر گیروگرفتی خۆیان، نەیانتوانی ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە. بەڵام (کارێک کە دەوڵەتی گەورەی ڕۆم بە ئاینی کۆنی مەسیحی نەیتوانی لە ئێراندا تیایدا سەرکەوتوو بێت، دەوڵەتی خەلیفەی عەرەب، بە ئاینی تازە دەرکەوتووی ئیسلام تیایدا سەرکەوتو ئەو جێگا چۆڵەی کە ئاینی مەسیحی نەیتوانی پڕی بکاتەوە ئاینی ئیسلام پڕی کردەوە)[(1)] .

کاتێک لەشکری عەرەبی ئیسلامی لە سەرەتای سەدەی

هەواڵنامەی کتێب

حەوتەمدا لە دوورگەی عەرەبەوە بەرەو رۆژهەڵات کشان، ساسانییەکان هێزی ئەوەیان نەمابوو تێکیان بشکێنن. ئەوەبوو یەکەمجار ساڵی 637 لە شەڕی قادسیەدا، دواتریش ساڵی 642 لە شەڕی نەهاوەنددا، ساسانییەکان بە تەواوی شکانو ئێران، بە کوردستانیشەوە، کەوتە ژێر دەسەڵاتی عەرەب. ئاینی ئیسلام وەک موژدەهێنەری ژیانێکی نوێی دوور لە ستەم و فەسادیی دەوڵەتی ساسانییەکان، بە ئێراندا بڵاو بووەوە.

عەرەبەکان، دوای داگیرکردنی ئێران، تاڵانێکی یەکجار گەورەیان کرد و بە هەزاران ژنو منداڵ و پیاویان، وەک کۆیلە بەرەو دوورگەی عەرەب برد. ئەو سامانە مادی و مرۆیی و داهاتە لە ژماردن نەهاتووەی عەرەبەکان دەستیان کەوت، نەک هەر هێزێکی نوێیان بە دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی بەخشی، بەڵکو ستروکتوور و ناوەرۆکی دەوڵەتەکەشیان گۆڕی.

ئێرانییەکان هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە لەشکری عەرەبەکان ئەو رزگارکەرە نەبوو کە چاوەڕێیان دەکرد. مورتەزا راوەندی لای وایە کە زۆربەی خەڵکی ئێران بە پەرۆشی دروشمەکانی پروپاگەندەی ئیسلامییەوە بوون، بە هیوای یەکسانی و برایەتیی ئیسلامی، بەرەنگاریی توندی پەلاماری عەرەبانیان نەکرد. بەڵام دوای سەقامگیربوونی حکومەتی عەرەبان، وردە وردە لە ناکۆکییەکانی نێوان عەلی

و عوسمان گەیشتن. سەختگیری‌و ستەمی ئومەوییەکان لە ئێران و بارگرانکردنی مالی و لافوگەزافی ئەوەی کە نەژادی عەرەبەکان لە نەتەوەکانی دیکەی جیهان بالاترە، ئێرانییەکانی بە ماهیەتی خەلیفەکانی ئومەوی ئاشنا کرد. خەڵک بەو ئەنجامە گەیشتن کە بە هەر شێوەیەک بێت کۆتایی بە کارەکانی فەرمانڕوایانی ئومەوی بێنن((2)).

ئێرانییەکان، کە خۆیان خاوەنی کولتوور و شارستانەتییەکی دێرین بوون، بە ئاسانی ملیان بۆ عەرەبەکان نەدەدا و بە چاوی نزم و وەک خەڵکێکی دواکەوتوو و سەرەتایی بۆیان دەڕوانین. زۆری نەبرد چەندان راپەڕین‌و شۆڕش و هەستانی جۆراوجۆر، لە دژی لەشکری عەرەبی ئیسلامی سەریان هەڵدا((3)). ئەو شۆڕش و راپەڕینانە تەقەلایەکی خەڵکانی ئێران بوون بۆ خۆرزگارکردن لە ستەم و دەسەڵاتی سیاسی و ئاینیی بێگانە.

هەندێک لە مێژوونووسانی عەرەب پێیان وایە کە شۆڕشی بابەک ناوەرۆکێکی ئاینیی مەزدەکی و نەتەوەیی هەبوو، کە فارس، ئازەری، کورد، ئەرمەن، رۆم و هەندێک خێڵی ئەودیو قەفقاس بەشدارییان تێدا کرد بوو ((4)).

عەرەبەکان لە کاتێکدا پەلاماری ئاین و کولتووری گەلانی ئێرانیان دا و دەسەڵات و ئاین و کولتووری خۆیان بە سەریاندا سەپاندن، هیچ گۆڕانێکی باشیان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ملیۆنان جوتیار و کارمەندی

هەواڵنامەی کێبر

لادێدا نەکرد. بە پێچەوانەوە لە پاڵ سوکایەتیی نەتەوەییدا، چەوسانەوەی ئەوانیان سەختر کرد، دەستیان بە تالآن و خەراج و سەرانەستاندن کرد و باجی نوێیان بەسەردا سەپاندن.

دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلام (ئومەوییەکان 661–750، عەباسییەکان 750–1258) تەنیا ناوەرۆکێکی سیاسی – ئاینی نەبوو بەڵکو لە پرۆسێسی گردبوونەوەی موڵک و ساماندا، خەسڵەتێکی ئابووریی فیۆدالیشی وەرگرت، کە دەستەی ئەریستۆکراتی حوکمڕان و فەرماندە گەورەکان خۆیان گەورەترین موڵکدار گەورەترین موستەسمیری فیۆدالی بوون. ئەوان بە جۆرەها شێوە، لەوانە لە ڕێگەی (الجاو) ((5)) زەوییەکانیان لە دەست موڵکدارەکان دەردەهێنا و بەناوی خۆیانەوە ناونووسیان دەکردن. ئومەوییەکان لە ماوەیەکی کورتی دەسەڵاتیاندا بە پیتترین زەوییەکانی میسر و عێراق و خوراسان و ئەودیو قەفقاسیان دەست بەسەردا گرت و ئەم زەوییانە کەوتنە دەست چینێکی بچووکی عەرەب کە لە حوکمڕانانەوە نزیک بوون، یان لە بنەماڵەی حوکمڕان بوون. بۆیە حوکمڕانان ڕاستەوخۆ، لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا، لایەنێک بوون. فشار و ستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەوان ڕێگەی لە گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیۆدالی گرت بوو. هەروا ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی جوتیاران و موڵکدار و خاوەن زەوییە بچووکەکانی سەختتر کردبوو. بە کورتی

ئەو ستەمە سەختە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی بۆ راپەڕینی دژ بە دەسەڵاتی عەرەبی، لە ئێراندا، رەخساند بوو. رێکەوت نییە کە یەکێک لە ئامانجە ئابوورییە- کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی بابەکییەکان ئەوە بووە کە ((ئەو زەوییە فراوانانەی پێشتر لە جوتیاران یان لە دەوڵەت زەوت کرابوون، لە خاوەنەکانیان بستێننەوە و بە خۆڕایی بە سەر جوتیارانی هەژاردا دابەشی بکەن)) ((6)).

لە هەمان کاتدا عەرەبەکان بۆ چەسپاندنی ئاینی نوێ و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسییان، پرۆسێسی داگیرکردنی کولتووریان دەست پێکرد. لە سەرێکەوە، لە جێگەی زمانی پەهلەوی، کەوتنە بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی زمانی عەرەبی، کە وزە و هێزی قورئان یارمەتیدەری ئەم کارەیان بوو. لە سەرێکی دیکەوە کەوتنە وێرانکردن و لەناوبردنی کولتوور و ئەدەبی ئێرانی و سووتاندنی هەر دەستنووس و کتێبێک، کە دەستیان دەکەوت. بەم کارەشیان دەیانویست ریشەی ئاین و ئایدیای پێشوو، لە ویژدان و بیری خەڵکدا هەڵکێشن و ئەوان لە رابردووی کولتووری و ئاینی و نەتەوەیی خۆیان داببڕن.

رێبازی سیاسی- کولتووریی عەرەبەکان ئەوە بوو کە دەبێت مێژووی فیکر و ئەدەب لە ئیسلامەوە، واتا لە عەرەبەوە، دەست پێ بکات. هەرچی لەم رووەوە پێش ئیسلام هێنراوەتە بەرهەم و نووسراوە، بەرهەمی گومڕایی و کوفرە و دەبێت لە ناو ببرێت. هەر بە پێی ئەم تێگەیشتنە

ئیسلامییە- عەرەبییە، عومەری کوڕی خەتاب فەرمانی دا تا کتێبخانەی شاری مەداین بسوتێندرێت. ئیبن خەلدوون لە کتێبی (المقدمه)دا دەنووسێت: کاتێک سەعد کوڕی ئەلوەقاس شاری مەداینی داگیر کرد، بە نامەیەک لە عومەری کوڕی خەتابی پرسی چی لەو هەموو کتێبانە بکات کە لە مەداین هەن. عومەر لە وەڵامدا نووسیبووی: هەموویان بە ئاودا بدە. ئەگەر ئەو شتانەی لەو کتێبانەدا هەن بۆ ڕێنماییکردن بن، ئەوا یەزدان قورئانی بۆ ئێمە ناردووە کە لەمانە ڕێنیشاندەرترە، خۆ ئەگەر ئەم کتێبانە بێجگە لە مایەی گومڕایی شتێکی دی نەبن، ئەوا یەزدان لە شەڕی ئەم کتێبانە بە دوورمان دەگرێت. لەبەر ئەوە هەموو ئەو کتێبانە بە ئاودا بدە، یان بیان سووتێنە[(7)].

ئێرانییەکان لە پاڵ ڕاپەڕین و کۆششی خۆرزگارکردندا، گەلێک شوێنی گرنگیان لە دەزگاکانی دەوڵەتی عەباسی و لە سەرکردایەتیی لەشکرەکانیدا گرتبوو. هەروا لە سەرەتای سەدەی دەیەمدا ڕۆژهەڵاتی ئێران‌و ڕۆژئاوای تورکستان لە لایەن سەردارانی سامانییەکانەوە حوکمڕانی دەکران، کە پایتەختەکەیان شاری بوخارا بوو. دەرباری ئەو سەردارانە ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرهەڵدانەوە و گەشەکردنی ئەدەب و زمانی فارسیدا گێڕا.

لەو سەردەمەدا فارسیی نوێ، وەک زمانی ئەدەبی، بەڵام بە ئەلفوبێی عەرەبی نەک پەهلەوی، دەرکەوت و بە

رادەیـەک گەشـەی کـرد کـە لـە سـەدەی دوازدەیـەم و سییێزەیەمدا، لە ئاسیای بچووکەوە تا هیندستان، زمانی زاڵی ئەدبیات بوو[(8)].

فیردەوسی (930؟–1020؟) رۆڵێکی هێندە گەورەی لە چەسپاندنی زمانی فارسیدا گێڕا، کە بە رۆڵی گرنگی دانتی لە چەسپاندنی زمانی ئیتالیایی و لۆسەر لە گەشەکردنی زمانی ئەڵمانیدا بەراورد دەکرێت. دواتریش شاکاری شاعیرانی وەک خەییام (سەدەی یازدەیەم)، جەلالەدینی رۆمی 1273– 1207 و حافز 1390–1320 کە تا ئەمڕۆ وەک شاکارێکی زیندووی ئەدەبی کلاسیک ماونەتەوە، وزە و توانایەکی نوێیان بە زمانی فارسی بەخشی و کردیانە زمانی چینی ئەریستۆکرات و سەرەوەی کۆمەڵ و زمانی ستاندارد.

دەوڵەتی عەباسی، لە سەرەتای سەدەی یازدەیەمدا، هێندە لاواز بوو بوو کە لە توانایدا نەما بوو بیر لە ئێران بکاتەوە. فاتمییەکان لە سەدەی دەیەمدا لە میسر حوکمڕانی خۆیان دامەزراند بوو. عەرەبەکان لە ئیسپانیا دەرکرابوون. باکووری ئەفریقا خۆی لە دەسەڵاتی عەباسییەکان دابڕی بوو. خەلیفەی عەباسی وەک رەمزێکی یەکگرتووی ئاینی، بەبێ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی سیاسی، مابۆوە. کاتێک خێڵە تورکە سەلجووقییەکان، لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەیەمدا، هاتنە بەغدا، عەرەبەکان دەسەڵاتیان لە ئێراندا نەمابوو. سەلجووقییەکان زمانی فارسییان کردە زمانی رەسمیی

هەواڵنامەی کتێب

خۆیان. ئێران لە سەرەتای سەدەی یازدەیەمەوە تا کۆتایی سەدەی پازدەیەم، شێوە دەسەڵاتی جۆربەجۆری خێڵە تورک و مەغۆلەکانی بە خۆیەوە دیت: سەلجووقییەکان، ئەتابەگییەکان، خواریزمەکان، مەغۆلەکان، کە دوای وێرانکردنی بەغدا لە ساڵی 1258دا شاری تەورێزیان کردە پایتەختی خۆیان. هەروا کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکیی تورکی قەرە قۆنیلۆ و ئاق قۆنیلۆ.

بەڵام لە ساڵی 1501 دا فیدراسیۆنێکی نێوان هەشت خێڵی تورکمان، بە سەرۆکایەتی ئیسماعیلی سەفەوی، کە شیعەیەکی [(9)] فەنەتیکی دژ بە مەزهەبی سوننە بوو، توانی دەسەڵاتی ئاق قۆنیلۆ تێک بشکێنێت. ئیسماعیل لە ناوچەی ئازەربایجاندا دەوڵەتێکی دامەزراند و دواتر خۆی کردە شای ئێران. شا ئیسماعیل، لە ماوەی چەند ساڵێکدا، دەسەڵاتی خۆی بە سەر تەواوی ئێران و کوردستان‌و باشووری عێراقی ئەمڕۆ و قەفقاس و نزیکەی نیوەی ئەفغانستانی ئەمڕۆدا سەپاند و ئیمپراتۆریای سەفەوی دامەزراند. دەسەڵاتی ستەمکارانەی خێڵە تورکەکانی بەسەر ئەو ناوچانەدا سەپاند. سەفەوییەکان سەرەتا زمانی ئازەری و دواتر زمانی فارسییان کردە زمانی رەسمیی دەوڵەتەکەیان. هەروا (مەزهەبی شیعەیان وەک ئامرازێکی سیاسی، بۆ دابینکردنی یەکبوونی نەتەوەیی ئێران، بەکارهێنا)[(10)].

# II

ئیمپراتۆریای سەفەویی ئێرانی، رەوایی ئاینیی خۆی لە ئیسلامەوە وەرگرت بوو. بەڵام ناوەرۆکێکی مەزهەبیی هەبوو، کە لەسەر بنەمای ئاینزای شیعەی دوازدە ئیمام دامەزرێندرا بوو. بەمەیش ئێرانییەکان بە تەواوی خۆیان لە ناوەندی رەسمیی ئیسلام، خەلافەتی ئیسلامیی سوننە مەزهەبی عوسمانی دابڕی. لەوەش زیاتر دەوڵەتی ئێران وەک مەرجەعێکی دیکەی ئیسلامی و وەک زلهێزێکی دیکەی ناوچەکە بە تەریبی (موازی)ی ئیمپراتۆریای عوسمانی خۆی دەرخست. ئەمەیش سەرهەڵدانەوەی ئەو وزە سیاسیو کولتووری و کۆمەڵایەتییە بوو، کە پێشتر توانیبووی ئیمپراتۆریای ساسانی بێنێتە بەرهەم، بەڵام ئەم جارەیان وزەکە لە فۆرمێکی ئیسلامی- مەزهەبیدا خۆی دەرخستەوە.

داگیرکردنی عەرەب ئەو وزەیەی ئێرانییەکانی خەفە کرد. ژیانی ئابووریی تێکدان. شارستانەتی و کولتوورەکەیانی وێران کرد و زمانی پەهلەوی، وەک زمانی نووسین و ئەدەبیات نەهێشت. بەڵام نەیتوانی ئێرانییەکان لەناو بەرێت. ئەوان خۆیان ئەو وزە و توانا سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەیان تێدا بوو، کە دواتر خۆیان بگرنەوە و وەک ناوەندێکی گرنگی کولتووری و سیاسی سەرهەڵدەنەوە.

ئێرانییەکان ستەم و وێرانکارییەکی زۆری لەشکری عەرەبیی ئیسلامییان دیبوو، خەباتێکی زۆریان بۆ خۆرزگارکردن کرد بوو. ئەوان وەک نەتەوەیەکی خاوەن شارستانەتییەکی دێرین، لە ماهییەتی ناسیۆنالیستانەی پەیامی ئاینیی عەرەب گەیشت بوون. بۆ ئەوان ئاسان نەبوو دەستبەرداری تەواوی کولتوور و شارستانەتیی دێرینی خۆیان بن. لە هیچەوە دەست پێبکەنەوە و بە کولتوورێکی تەواو جیاواز و بە زمانێکی دیکە خۆیان رابێنن. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە ئێراندا، زمان و ئەدەبی فارسی سەر لەنوێ دەرکەوتنەوە. وردە وردە لە ناو خێڵە مەغۆل و تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەودیو قەفقاسدا شوێنەواری خۆیان بەجێ هێشت. کارمەندانی مەغۆل، کە سەر بە نەتەوەی جۆراوجۆر بوون، سوودیان لە زمان و کولتووری فارسی وەرگرت و ناراستەوخۆ ئەو زمانەیان، لای سەردارانی خۆیان، جێگیر کرد. زمانی فارسی لەگەڵ مەغۆلەکاندا چووە ئاسیای ناوەڕاست و لەوێ، کە تازە بە تورک کرا بوو، بڵاو بۆوە. بەم شێوەیە لە ناو عوسمانییەکاندا خۆی چەسپاند. کاتێک دواتر خێڵە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست روویان لە ئێران کرد و دەسەڵاتیان پەیدا کرد. زمانی فارسی ((پاسپۆرت))ی ئەوان بوو. دواتر، لە جیاتی خەڵکی فارس، داکۆکییان لە زمانەکە کرد.

جێگای سەرنجە کە هەرچەندە، دوای لاوازبوونی دەسەڵاتی عەرەب لە ئێراندا، خێڵە تورکەکان و سەردەمێکیش مەغۆلەکان حوکمڕانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێرانیان کردووە، کەچی زمانی ڕەسمی و زمانی ئەدەبی، هەر فارسی بووە. ئەمەش تەنیا سروشتی دواکەوتووانەی کولتووریی خێڵە تورکزمانو مەغۆلەکان دەرناخات، بەڵکو گەشەکردنی ئەدەبی فارسو توانا و کاریگەری زمانی فارسییش پیشان دەدات. چونکە ئەم زمان و ئەدەبە توانیان ئەو لایەنە دەسەڵاتدارە جۆربەجۆرانە بخەنە ژێر سیحر و کاریگەریی خۆیان. دەکرێت ڕۆڵی ئەدەبی فارسی، بۆ چەسپاندنی زمانی فاراسی، وەک زمانی یەکگرتووی ئەدەبی، بە ڕۆڵی قورئان بۆ چەسپاندنی زمانی عەرەبی، بەراورد بکرێت. هەر بەم پێیە ئەو کاریگەرییەی کولتوور و زمانی فارسی، لە پێکهێنانی کەسایەتیی مرۆڤی فارس و بە ڕادەیەکی کەمتر لە کەسایەتیی هەندێک لە نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا بوویەتی، تا ڕادەیەکی زۆر بەو کاریگەرییە دەچێت کە قورئان و زمانی عەرەبی لە پێکهێنانی کەسایەتیی مرۆڤی عەرەبدا بوویەتی.

مەزهەبی شیعە، کە ڕێبازێکی فیکری- ئایینی دژ بە مەزهەبی سوننیی ئیمپراتۆریای ئیسلامی بوو، هەر لە سەردەمی کوژرانی ئیمامی عەلییەوە، بە خێرایی لە ئێراندا بڵاو بۆوە. پێدەچێت دژایەتیی ئێرانییەکان لەگەڵ ناوەندی

خەلافەتی ئومەوی و ناکۆکیی شیعەکان لەگەڵ هەمان ناوەنددا، هۆکارێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی ئەم مەزهەبە بوو بێت. چونکە هەردوولایان، لەبەر هۆکاری جیاواز، بە توندی لە لایەن هەمان ناوەندەوە دادەپڵۆسران. ئومەوییەکان، دەیانەویست گەورەیی و فەزڵی عەرەب بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنن. ئەوان توندتر لەگەڵ نەتەوە غەیرە عەرەبەکان دەجوڵانەوە، بە سووکی تەماشایان دەکردن، ناتۆرەی وەک (موالي و شعوبي) یان لێنابوون، ئەمەیش گیانی رقبوونەوە لە عەرەب و شانازیکرن بە رەگەزی نەتەوەیی لای ئێرانییەکان، بەهێزتر کرد بوو.

ئێرانییەکان هەمیشە و تا ئەمرۆ گەورەترین رۆڵیان لە بزاڤی شیعەگەریدا گێڕاوە. بۆیە ئەم مەزهەبە، بە تایبەتی شیعەی دوانزە ئیمام، کە هەندێک بە شیعەی عەجەم ناوی دەبەن، لە رەوشی مێژوویی و گەشەکردنی خۆیدا، لە کولتووری کۆنی ئێرانی نزیک بۆتەوە و تا رادەیەک ((بە ئێرانی کراوە)) واتا کەوتۆتە ژێر تەئسیری فیکری و کولتووری و ئاینی کۆنی ئێرانی. گەلێک نەریت و بۆچوونی شیعەکان ریشەی هاوبەشی لەگەڵ نەریت و بۆچوونی ساسانییەکان هەیە ((11)).

مەزهەبی شیعەگەری بۆ ئێرانییەکان باشترین و لەباترین رێگە بوو تا بە شێوەی تایبەتی خۆیان و بە دوور

لە دەسەڵاتی عەرەب پەیڕەوی ئیسلام بکەن. یان خەباتی ئێرانییەکان بۆ خۆدەربازکردن لە کولتووری رەسمیی خەلافەتی عەرەبیی ئیسلامی و دواتر بۆ خۆرزگارکردن لە دەسەڵاتی سیاسیی عەرەبەکان، شێوەی خەباتی مەزهەبیی شیعەگەریی بە خۆی گرت. ئەم مەزهەبە هەر زوو بوو بە ئایدۆلۆجیای بزاڤی سیاسیی خەڵکی ئێران.

پەیڕەوکردنی مەزهەبی شیعەگەری بۆ ئێرانییەکان تەنیا ئینتیمایەکی مەزهەبی – فیکری نەبوو، یان هەر ڕێگەیەک نەبوو بۆ پاراستنی گەلێک دابونەریتی دێرینی خۆیان، بەڵکو لە هەمان کاتدا هەڵگەڕانەوەیەکی سیاسی و فیکری – کولتووری و نەتەوەیی بوو لە خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی، کە وەک دەسەڵاتێکی بێگانە و نامۆ تەماشا دەکرا. بۆیە دەشێت بڵاوبوونەوە و چەسپاندنی شیعیزم لە ئێراندا، وەک پرۆسەیەکی سەرلەنوێ دروستبوونەوەی یەکێتیی ژیانی رۆحیی ئێرانییەکان دابنێت. ئەوان، بە هۆی ئەم یەکییەتییە رۆحییەوە، توانییان بە تەواوی و تا سەر خۆیان لە یەکێتیی ژیانی رۆحیی گەلانی دیکەی ئیمپراتۆریای ئیسلامیی عەرەبی و دواتر عوسمانی جودا بکەنەوە و ئازادانە ژیان و کەسایەتی و کولتووری خۆیان گەشە پێ بدەن.

شیعیزم شێوەیەکی ئێرانییانەی خوێندنەوە و تێگەیشتن و پەیڕەوکردنی ئیسلام بوو، وەک پەیامێکی ئاسمانی. لەم جۆرە خوێندنەوە و پەیڕەوکردنەی ئایندا، هەمیشە کولتوور و ئاستی رۆشنبیریی خەڵکەکە و بەرژەوەندییان و فاکتەری

تر رۆڵی سەرەکی دەبینین. بۆیە لە هەر ئاینێکدا بە دەیان لێکدانەوەی جیاواز و چەندان ئاینزا و رێباز و مەزهەب دەرکەوتوون.

ئیمپراتۆریای شیعەمەزهەبی ئێرانی، وەک مونافیس و ئەلتەرناتیڤێکی ئیمپراتۆریای سوننەمەزهەبی عوسمانی، سەرەتا لە ئێراندا و دواتریش لە ناوچەکەدا دەرکەوت. ئەو ئیمپراتۆریایە دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئێرانی (فارسی) نەبوو. دەوڵەت لە هەردوو قۆناغیدا (قۆناغی سەفەوییەکان 1736–1501 قۆناغی قاجارەکان 1925–1796) وەک ناوەندێکی ئیسلامی رەوایی و بەهانەی بوون و پەرەگرتنی خۆی لە ئاینی ئیسلامەوە وەردەگرت. راستەوخۆ بە ناوی ئاین و داکۆکیکردن لە ئاینەوە بەربەرەکانێ و دوژمنایەتیی مەزهەبی سوننە و خەلافەتی عوسمانی دەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

فاناتیزمی مەزهەبیی سەفەوییەکان کارەساتی گەورەی بۆ کورد نایەوە، چونکە کورد مسوڵمانی سوننی بوون و شا ئیسماعیل باوەڕی پێ نەدەکردن. کاتێک میرو سەرۆکخێڵانی کورد دڵسۆزی خۆیان بۆ دەربڕی و پێشنیاریان پێ کرد کە لە شەڕی عوسمانیدا یارمەتی بدەن. شا لە جیاتی پاداشت هەموویانی گرت و پەلاماری ناوچەکانیانی دا. ستەمی مەزهەبیی سەفەوییەکان کۆمەڵێک هۆز و عەشیرەتی کوردستانی ناچار کرد، کە لە شەڕی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا، لە ساڵی 1514 دا،

پشـــتگیریی عوســـمانییەکان بکـــەن. لـــە ئەنجامـــدا بەشـــێکی کوردســتان کەوتــە ژێــر دەســتی عوســمانییەکان. ئەمەش لــە ســاڵی 1539 دا بــە ڕێککەوتنامەیــەکی ڕەســمی، لــە نێــوان هەردوو دەوڵەتدا چەسپێندرا.

ســەفەوییەکان، لــە پــاڵ کوشــتاری بەکۆمــەڵی خــەڵکی کوردستاندا، لە لایەکەوە کەوتنە ڕاگوێزانی هەزاران خێزانی کــورد بــۆ خوراســان، لــە لایــەکی دیکەشــەوە هەشــت هــەزار خێزانیان لە تورکە ئەفشارەکان، بە زەبری شـەڕ و کوشـتار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیشتەجێ کرد. عەجەمـەکان ((بـە جۆرێک نیشتەجێ کراون کە لەمپەرێکی باریکی نەتـەوەیی- ئــازەریی ئــەوتۆیان لــە نێــوان کــورد و فارســدا دروســت کــردووە، کــە لــە هــیچ ناوچەیەکدا سنووری هاوبەشیان لــە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا نەهێشتووە. بەڵکو لـە هەمـوویدا عەجــەمی لــێ جێگیــر کــراوە))[12]. دەوڵــەت بــەو کــارە لــە لایەکـەوە سروشـتی دیمـۆگرافیی ناوچەکـەی گـۆڕی، لـە لایەکی دیکەوە عەجەمەکانی بە سەر کوردەوە کردە پۆلیس. لــــە ئەنجامــــدا بێبــــاوەڕی و هەنــــدێک جــــار شــــەڕ و دوژمنایەتییــەکی مێژوویــی لــە نێــوان کــورد و عەجەمــدا دروســت بــوو، کــە دەشــێت لــە داهــاتوودا مەترســییەکی گەورەی بۆ سەر پەیوەندیی نێوان هەردوو گەل هەبێت.

دوژمنایەتیی سیاسی- مەزهەبیی نێوان سەفەوییەکان و عوسـمانییەکان، لـە سـەردەمی شـا عەباسـدا 1588-1629 توونـدتر بـوو. ئیـدی بـە درێژایـی مێـژووی بـەرەو دواتـری

هەردوو ئیمپراتۆریاکە، هەر بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا چەندان شەڕ و پێکدادانی گەورە لە نێوانیاندا روویان دا، کە بە هۆیانەوە زۆر ناوچەی کوردستان و ئازەربایجان و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق وێران بوون. سەرەڕای ئەوەی ئەو شەڕانە کۆمەکیان بە لاوازبوونی هەردوو ئیمپراتۆریاکە کرد. ئیدی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە هەردوو ئیمپراتۆریا بوونە ئامانجی دەستێوەردانی ئیمپراتۆریای رووسی و بەریتانی، کە رۆژ دوای رۆژ نفوزی ئابووری و سیاسییان لە هەردوو ئیمپراتۆریا پیر و نەخۆشەکەدا زیادی کرد. لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی چارەنووسیان بە تەواوی کەوتە دەست وڵاتانی ئەورووپای سەرمایەداری.

کێشەی مەزهەبیی نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریایە بەهانەیەکی ئایدۆلۆجیی مونافەسەکردنی ئابووری و سیاسیی نێوانیان بوو. شیعەگەریی دەوڵەتی سەفەوی تەنیا فۆرمی ناوەرۆکێکی دیکەی سیاسی و کولتووری بوو. ئەو کە خۆی بە بەدیل- ئەلتەرناتیڤی (راستو دروست) ی ئیسلامی دەزانی، لە ناوەرۆکدا تەنیا زلهێزێکی ستەمکاری دیکەی ناوچەکە بوو. لە رووی گیانی مەزنخوازی و شێوازی حوکمڕانی و ستەمی نێوخۆی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، هیچ جیاوازییەکی نەوعیی لەگەڵ ئیمپراتۆریای عەرەبی و عوسمانیدا نەبوو. لەوان توندتر

لەگەڵ گەلانی ژێردەستیدا دەجوڵایەوە. دروست وەک ئەوان بوو بە دەسەڵاتێکی ستەمکار و فاسید. تا توانی وڵاتانی دیکەی تاڵان کرد و بە کۆمەڵ خەڵکی گەلانی دیکەی لەناو برد. وەک ئەوان پشتی بە ئابووریی خەراج بەستبوو و بە شێوەی جۆر بەجۆری باج و زەکات و موڵکانە و سەرانە و شتیتر، خەڵکی رووتان دەوە. هەرسێک ئیمپراتۆریا، ئەگەرچی لە سێ کولتووری جیاوازەوە هاتبوون، بەڵام هەرسێکیان، پشتیان بە ستروکتوورێکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش، ستروکتووری خێڵ و بەداوەت، بە ئایدۆلۆیایەکی رەسمی هاوبەش، ئاینی ئیسلام و بە یەک شێوەی بەرهەمهێنانی خەراجی بەستبوو. هەرسێکیان، نەک هەر کەوتبوونە ژێر کاریگەریی هەندێک لایەنی توندڕەوانەی کولتوورو ئاینی ئیسلامەوە، بەڵکو ئاینی ئیسلامیشیان خستبووە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. واتا تەنیا ئیسلام باوەڕ و هەندێک لایەنی ژیانی ئەوانی نەگۆڕی بوو، بەڵکو ئەوانیش تا توانیبوویان ئیسلامیان بە سوودی خۆیان گۆڕی بوو. هەر یەکەیان بە پێی نەریت و کولتووری خێڵایەتی و نەتەوەیی خۆی، بە پەیوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆی، ئیسلامی لە قاڵب دابوو. بۆیە ئەگەرچی بزاڤی شیعەگەری، لەچاو خەلافەتی رەسمیی ئیسلامدا، بزاڤێکی رادیکال و عەدالەتخواز بوو، کەچی کاتێک لە رێگەی خێڵە تورکە بەدووەکانەوە مەزهەبەکە فۆرمی ئایدۆلۆجیای دەوڵەتی وەرگرت،

شیعەگەری نەک هەر نەبوو بە ئایدۆلۆجیای بزاڤێکی ڕاست و عەدالــەتخواز، بــەڵکو وەک مەزهــەبی ســوننە بــوو بــە ئــامرازێکی دیکــەی ئیمپراتۆریــای ســتەم و داگیرکــردن‌و لەناوبردن، کە خەسڵەتی توندوتیژ و شەڕانیی خێڵە بەدووە جۆربەجۆرەکانی عەجەم و تورک و عەرەبی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ئەمەیش بە ئایدۆلۆجیاکردنی ئاین، هەر ئاینێک بێت، زیاتر دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

دوای تێکشــکاندنی دەوڵەتــی ساســانی، دەوڵــەتێکی بەهێزی (فارسی) لە ئێراندا دروست نەبوو. مایەی سەرنجە کە ناوەرۆکی ئێتنیکی دەسەڵاتی سیاسی و ئیمپراتۆریای ئێرانی، لەگەڵ سروشتی نەتەوەیی کولتوور و شارستانەتیی ئێران پێک ناکۆک بوون. دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا لەو گروپە نەتەوەییەوە سەری هەڵنەداوە کە کولتوور و شارستانییەکەی هێناوەتە بەرهەم، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی، لــە ســەردەمی ســەلجووقییەکانەوە (1030) هەمیشــە لــە دەرەوە و بەهۆی هێرشی خێڵە بەدووە تورکزمانەکان و مەغۆلەکانــەوە بەســەر ئێرانییەکانــدا ســەپێندراوە. ئــەو دەســەڵاتە بەشــێک نــەبووە لــە هێــزی کۆمەڵایــەتی و کولتووریی ئێران و لەوانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو هێزێکی سەرەوەی کۆمەڵ و دەرەوەی کولتوورەکە بووە. ماهییەتی ئێتنیکی و کولتووریی ئەو دەسەڵاتە (دەسەڵاتی خێڵە ڕەوەند و بەدووە تورکزمانەکانی وەک غەزنەوییەکان،

هەواڵنامەی کتێب

سەلجوقییەکان، مەغۆلەکان (1230–1235) و تورکە سەفەوییەکان) واقیعی نەتەوەیی ئێران و نە شێوەی بەرجەستەبوونی ئۆبجێکتیڤانەی کولتوور و شارستانەتییەکەی دەرنەخستووە. چونکە دەستەی حوکمڕان، لە دەرەوەی زۆرایەتیی نەتەوەیی فارس و کولتووری فارسەوە هاتبوون و خۆیان بەسەر ئێرانییەکاندا سەپاند بوو. واتە دیاردەیەکی بە جیاهەڵکەوتوو بووە و پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە خودی کۆمەڵ و کولتوور و شارستانەتییە فارسییەکەوە نەبووە.

بەڵام پێدەچێت خودی کولتوورەکە زەمینەی سەرهەڵدان و بەردەمبوونی ئەم دیاردەیەی تێدا بووبێت و دواتریش بە جۆرێکی سەیر خۆی لەگەڵ کولتوور و نەریتی دەسەڵاتی تورکە خێڵەکییەکاندا گونجاندبێت و لە زۆر رووەوە رەنگی ئەوانی گرتبێت.

هەواڵنامەی کتێب

دەسەڵاتی سیاسی لەو سەردەمانەی ئێراندا بە دەست ئەو خێڵە بیانیانەوە بووەکە بە پۆل لە ناوەڕاستی ئاسیاوە دەهاتن. ئەمانە کۆمەڵە خێڵێکی بەدووی بیدائی (پریمیتیڤ) و نەخوێندەواری شەڕکەر و خوێنڕێژ بوون، کە حوکمڕانیی خەڵکێکی خاوەن کولتوور و شارستانەتییان دەکرد. تورکەکان، پێشتر لە رێگەی ئاینی مانییەوە، کە لەناو هەندێک لە خێڵە تورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیادا بڵاوبوو بۆوە، ئاشنای زمانی فارسی و هەندێک لایەنی کولتووری فارس بوون. بە لای زۆرەوە هەر لە رێگەی

ئێرانییەکانیشـەوە ئاشـنای ئیسـلام بـوون. ئـەمان زمـان و کولتـووری ئێرانـی- فارسـییان کـردە ئـامرازی دەسـەڵاتێکی نامۆ بە خودی کولتوور و زمانەکە.

عەرەبـە موسـوڵمانەکان، کاتێـک ئێرانیـان داگیـر کـرد، پێـدەچێت ئێلیتـی روونـاکبیر و سیاسـەتمەداری ئێرانییـان، وەک بەرهـەم و نوێنـەری کولتـوور و شارسـتانییەکە، بـە جۆرێـک لـەناو بردبێـت کـە دواتـر نـەتوانێت ، وەک هێزێکی سیاسـیی رێکوپێـک، بـە ئاسـانی خـۆی بگرێتـەوە. دەوڵـەتی سـامانەکان، کـە دەسـەڵاتێکی ئێرانـی- فارسـی بـوو، لـە رۆژهـەڵاتی ئێـران و بەشـێکی ناوەڕاسـتی ئاسـیا حـوکمڕان بـوو، کۆششـێکی گـەورە بـوو بـۆ پێکهێنانـەوەی دەوڵـەتی ئێرانی. بەڵام فارسەکان، وەک خەڵکێکی نیشتەجێی سەرقاڵی کشتوکاڵو سەنعەتو بازرگانی،نەیانتوانی لە بەردەم شاڵاو و پـەلاماری دڕندانـەی خێڵـە تورکـە رەوەنـد و بەدووەکانـدا، کـە توانایـەکی بـەرزی جـەنگی و فیدراسـیۆنێکی بـەهێزی عەشیرەتییان هەبوو، خۆیان بگرن. مەحموودی غەزنەوی و خێڵـە تورکـە قەرەخانـەکان پێکـەوە، لـە سـاڵی 999 دا دەسەڵاتی سامانەکانیان لەناو برد. دواتریش تورکەکان بە تایبەتی لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا (سـەرەتای سـەدەی یازدەیـەم) زۆر فراوانتـر بـە ئێـران و ناوچەکـەدا بـڵاو بوونەوە. لەو سەردەمەدا ئاسیای بچووک، کە گریکی بوو بە تورک کرا. هـەروا ناوچـەکانی ئازەربایجان، خوراسـان و خـاریزم (کۆمـاری تورکمانسـتانی جـارانی سـۆڤییەت) کـە

فارسزمان بوون، بە تورک کران. بەو جۆرە تورکە سەلجوقییە نەخوێندەوارەکان بوونە سەرداری چەندان وڵاتی خاوەن کولتووری عەرەبی- فارسی[13].

ئەو هێرشە بەربڵاوانەی خێڵە تورکەکان بە تەواوی پێشیان لە پێگەیشتن و سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی ئێرانی (فارسی) گرت. پێدەچێت دەستەی خوێندەوار و چینی سەرەوەی فارس، هەر ئەوەیان بۆ کرابێت کە خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتە جۆراوجۆرە بیانییەکاندا بگونجێنن و لە ناو دەزگا گرنگەکانی دەوڵەتدا، جێگای خۆیان بکەنەوە. بە تایبەتی کە زۆر حوکمڕانی تورک دەیانەویست سوود لە توانا و لێهاتوویی فارسەکان وەربگرن. (بۆ نموونە رۆڵی گرنگی نیزام ئەلملوک، لە سەدەی یانزەیەمدا، لەناو دەوڵەتی سەلجووقیدا).

هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤ (هاوپەیمانییەکی) سەیری نێوان کولتوور و زمانی ئەو سەردەمانەی فارس و نێوان دەسەڵاتی زەبروەشێنانەی خێڵە بەدووە تورکەکان دەبینێت. هەر دەڵێی رێککەوتنێکی سروشتی و بێدەنگانە، لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا بووە، تا لە لایەکەوە تورکە حوکمڕانەکانی ئێران، لە رووی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عەرەبی و عوسمانیدا، زمان و کولتووری فارسی بکەنە قەڵا و قەڵغانی خۆیان. لە لایەکی دیکەوە زمان و کولتووری فارسی، بۆ داکۆکی لە خۆی، لە بەرامبەر زمان و کولتووری عەرەبیدا،

دەسەڵاتی سیاسیی تورکەکان بکاتە ئامرازی خۆپاراستن. ئەم (هاوپەیمانییە) دوای بەهێزبوونی بزاڤی شیعەگەری لە ئێراندا، بەتینتر بوو. چونکە خێڵە تورکەکانی ئێران بوونە بەشێکی گرنگی ئەم بزاڤە. بەڵام لەم هاوپەیمانییە دوو دووقۆڵییەدا، یان لەم شوکردنەدا، هەردوو لا، بە پێی میکانیزمێکی تایبەتی، کە هەمیشە لەم حاڵەتانەدا بە قازانجی دەسەڵاتە، کاریان لە یەکتری کردووە. ئەمەیش شێوەیەکی پەیوەندیی دیالێکتیکی نێوان کولتوور و دەسەڵات دەردەخات، چونکە دەسەڵات تەنیا هەوڵ نادات کولتوور بە جۆرێک بگۆڕێت و بەکار بێنێت کە لەگەڵ ماهییەتی خۆیدا بیگونجێت، بەڵکو دەسەڵات کەم تا زۆر ناچاریشە کە خۆی لەگەڵ زۆر لایەنی کولتوورەکەدا بگونجێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

## III

دەوڵەتی قاجاری، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەک زلهێزێکی کاریگەری ناوچەکە نەمابوو و بە تەواوی لاواز و پەرپووت بوو بوو. وڵاتانی ئەوروپایی، بە تایبەتی بریتانیاو روسیا، بە رادەیەک نفوزی ئابووری و سیاسییان لە ئێراندا پەیدا کردبوو، کە ئێران وەک نیمچە کۆلۆنیالییەکی ئەوانی لێ هاتبوو.

دەوڵەتی ئۆتۆکراتیی قاجاری خۆی بوو بە ڕێگر لەبەردەم گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دەرکەوتنی هێزی نوێی کۆمەڵایەتییدا.

ئێران لەو سەردەمەدا، لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، یان پێش سەرمایەداریدا بوو. سەرەتاکانی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تازە سەریان هەڵدابوو. ئێران بە هۆی نفوزی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی سەرمایەدارییەوە، بە سیستمی سەرمایەداریی جیهانیو تۆڕی بازرگانیی جیهانییەوە گرێ درابوو. سەرمایەی بیانی بە فراوانی خۆی خزاندبووە ناو ئێرانەوە، بەرهەمی ئابووریی سروشتی بەرەو بە کاڵابوون چوو بوو، کە ئەمەیش سەرمایەیەکی زۆری لای بازرگانەکان گرد کردبۆوە. لەو بارودۆخەدا بۆرجوازیی بازرگانی، وەک توێژ یان چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی، پێدەگەیشت و وەک ناوەندێکی ئابووری و هێزێکی کۆمەڵایەتی، خۆی دەرخست.

کەچی هێشتا لە ئێراندا بۆرجوازیی پیشەسازی، وەک هێزێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێ نەگەیشتوو. کەلوپەلی هێنراوی ئەورووپایی تەنگەی بە بەرهەمی پیشەیی نێوخۆ هەڵچنی بوو. ئەمەیش تەنیا خاوەن کارگە بچووکەکان و پیشەوەرانی هەراسان نەکرد بوو، بەڵکو هەڕەشەیەکیش بوو لە رووی پیشەسازیی ئێراندا. بە تایبەتی کە (لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە سایەی

سیاسەتی قاجارەکاندا، زیاتر لە پەنجا کارخانە و ناوەندی پیشەسازی، کە زۆربەی پرۆژە پیشەسازییە نوێیەکانیان پێک دەهێنان و بە سەرمایەی نیشتمانی دامەزرێندرابوون، ئیفلاسیان کردبوو)[14]. بۆیە بۆرجوازیی بازرگانی زاتی ئەوەی نەدەکرد سەرمایەی خۆی لە بواری پرۆژەی پیشەسازیدا وەگەڕ بخات. ئەو زیاتر لە دەڵاڵێکی نێوان کاڵا و کەلوپەلی بەرهەمهێنراوی ئەوروپایی و نێوان بازاڕی ئێران دەچوو. ئەمەش مایەی لاوازیی پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و لە ئەنجامدا هۆکاری لاوازبوونی سیاسیی بۆرژوازیی نیشتمانی بوو.

لەو بارودۆخە ئابووریو سیاسییەدا، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ئێراندا سەریان هەڵدا. گەشەکردنی ئەو پەیوەندییانە، لەگەڵ شێوەی فیۆدالی و ئۆتۆکراتیی دەوڵەتی قاجاردا، ناکۆکییان پێک هێنابوو. لە ئێراندا دوو تویژی کۆمەڵایەتیی نوێ دەرکەوتبوون، بۆرجوازی بازرگانی (بازرگانی بازاڕ) و تویژی نوێی خوێندەوار، کە بیر و کولتووری رۆژئاوا کاری تێکرد بوون. ئەمانە دەیانەویست پەرلەمان و دەستوور لە ئێراندا، جێگەی دەسەڵاتی تاکڕەوی شایانی قاجار بگرێتەوە و نفوزی بێگانە (روسیا و بریتانیا) لە ئێراندا نەمێنێت.

راپەڕینی 1905ی روسیا و دەستێوەردانی راستەوخۆی بریتانییەکان، زەمینەیان بۆ تەقینەوەی پێشوەختی ئەو ناکۆکییە (راپەڕینی مەتروشەی سالی

1906) خۆش کرد. ئەمەیش هەوەڵین کۆششێکی بۆرجوازیی ساوای ئێران بوو، کە پێش ئەوەی بە تەواوی پێگەیشتبێت، ویستی ناکۆکیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتدا چارەسەر بکات، لە سایەی یاسا و حوکمێکی پەرلەمانی و دەستووریدا، ئازادی و ئارامی بۆ خۆی و بۆ گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دابین بکات. ئەم رووداوە هەمان کاتدا سەرەتای دەرکەوتنی بزاڤی ناسیۆنالیستیی فارس بوو.

بەڵام بە رای من ناسیۆنالیزمی فارس، لە بارودۆخێکی شێواوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، بە فەلەجی لە دایک بوو. چونکە ناسیۆنالیزمی فارس بەرهەمی راستەوخۆی گەشەکردنی سروشتیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نەبوو، بەو شێوە کلاسیکییەی کە لە ئەوروپادا روویان دابوو، بەڵکو زیاتر بەرهەمی بەجیهانیبوونی کولتوور و تەئسیری بیری رۆشنگەریی ئەوروپا و بزاڤی ناسیۆنالیستی تورکە لاوەکان (کە لەوان نزیکتر بوون لە ئەوروپاوە) و راپەڕینی 1905ی روسیا بوو. هەروا دەشێت زەبوونی سیاسی و ئابووریی ئێران، لە رووی بریتانیا و روسیادا، هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی فارس بووبن، کە بە توندی دژی نفوزی روسیا و بریتانیا لە وڵاتدا، راوەستا. بۆیە ناسیۆنالیزمی فارس، زیاتر وەک بیر (ئایدیا) یەک بوو، لە مێشکی

دەستەیەکی کەمی رووناکبیرانی فارسدا، ئەویش لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، کە فارس لە نیوەی خەڵکەکەی کەمترە. هێشتا ئەم ئایدیایە زەمینەی تەواوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زەمینەی بە واقیعبوونی خۆی بۆ نەڕەخسا بوو. دەیەویست لە سەرەوە، بە زەبری دەسەڵاتی دەوڵەت و یاسا، خۆی بچەسپێنێت. بەڵام خۆی لەوە لاوازتر بوو کە بتوانێت، بە هۆی خۆبەماتریاڵکردنی (بوونی بە ئایدۆلۆجیای خەڵک) زەمینەی بەهێزبوون و گەشەکردنی خۆی بخوڵقێنێت. بە تایبەتی کە هێزەکانی بێگانە لە ئێراندا، لە هەر کێشەیەکی چارەنووسسازدا، دەوری یەکلاکەرەوەیان هەبوو. بۆیە بە گشتی نە بارودۆخی نێوخۆی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فرەنەتەوەیی، نە بارودۆخی سیاسیی دەرەکی (فشاری روسیا و بریتانیا) بە قازانجی ناسیۆنالیزمی فارس و سەرجەمی بزاڤی نیشتمانیی ئێران بوون. ئەوەبوو محەمەد عەلی شا، ساڵی 1908 بە کۆمەکی دەوڵەتی روسیا، پەلاماری بزاڤی مەشروتەکانی دا. بە فەرمانی ئەو، کۆلۆنێل لیاخۆف، ئەنجومەنی شورای میلیی تۆپباران کرد و ژمارەیەکی زۆری ئازادیخوازانی کوشت و ژمارەیەکی دیکەیان گیران. تەنیا ژمارەیەکی کەمی رابەرانی مەشروتە، کە توانییان خۆیان بگەیەننە سەفارەتخانەی بریتانیا، دەستگیر نەکران [15].

تۆپبارانکردنی ئەنجومەنی شورای میللی، تۆپبارانکردنی پرۆسێسی ساوای دیموکراتی و ناسیۆنالیزمی ئێران بوو،

کە سەرەنجام پرۆسێسی دیموکراتی تێکشکێندرا و ڕەوتی سروشتیی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم تەواو شێوێندرا. ئەمەیش زەمینەی بۆ کەسێکی وەک ڕەزاخان خۆش کرد، تا لەجیاتی نوێنەرانی سروشتیی ناسیۆنالیزمی فارس و بە کۆمەکی بریتانیا، دەوڵەتی نەتەوەیی و مۆدێرنی ئێران دابمەزرێنێت و ساڵی 1926 تاجی شایەتی بنێتە سەر. بەم کارەش تەنیا دەستی بە سەر تاج و تەختی پاشایانی قاجاریدا نەگرت، بەڵکو بزاڤی ناسیۆنالیستی فارسیشی زەوت کرد. ئەمە لە نوکتە یان کۆمیدیا، بەڵام کۆمێدیایەکی تراجیدیانە دەچوو.

دەوڵەتی ناسیۆنالی ئێران، دوای خۆسەپاندن و تێکشکاندنی هێزە دیموکرات و چەپەکانی ئێران، بە لای کەمی، ڕووبەڕووی سێ کۆسپ و تەحەدای گەورە بووەوە:

**یەکەم: سروشتی فرە نەتەوەیی ئێران**

دەوڵەتی ناسیۆنالیستی ڕەزاخان، کە لەسەر کەلاوەی دەوڵەتی قاجاری و بە کۆمەکی بریتانیا دروست بوو، سەرەتای سەردەمێکی نوێی لە مێژووی ئێراندا هێنایە گۆڕێ. بە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەشدا قۆناغێکی نوێی ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و ناوچە غەیرەفارسەکاندا سەری هەڵدا.

ڕەزاخــان، بــە چــاولێکردن لــە کــەمال ئــەتاتورک، دەیەویست دەوڵـەتێکی سیکولار (عـەلمانی) و کۆمەڵگایـەکی مۆدێرن و تاکنەتەوەیی لە ئێراندا دابمەزرێنێت.

لە کۆتایی ساڵانی بیست و سەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا، پرۆسێسی بەمۆدێرنکردنی ئێران دەستی پێکـرد. ڕەزاخـان ویسـتی لـە ڕێگـەی کۆمـەڵێک دەزگـای سیاســی، عەســکەری، قــانوونی و دەزگــای خوێندنــەوە، دەســەڵاتی ناوەنــدیی دەوڵــەت، بەســەر تــەواویی ئێرانــدا، بســەپێنێت و پرۆگرامــی مــۆدێرنکردنی ئێـران پیـادە بکـات. ئامانجی سەرەکی بەمۆدێرنکردن، وەک ئەبرەهامیان دەڵێت: ئەوە بوو کە ئێران لە ئیمپراتۆریایەکی فرە ئێتنیکی (Multi-ethni) را بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی یەککگرتوو، کە لە یەک گـەل، نەتەوە، زمان، کولتوور و دەسەڵاتی سیاسیی پێک هاتبێت ((16)). ئەمــەش هــەمان ئــەو کــارە بــوو کــە پێشــتر کــەمال ئەتاتورک، لە تورکیا، دەستی پێ کردبوو.

ڕەزاخــان دەیەویســت یــەکبوونی خــاکی ئێــران، وەک جوگرافیا، بەهۆی یـەکبوونی ((نەتـەوەی ئێران)) وەک زمـان و کولتووری هاوبەش، قایم بکات. ئەمەش لە پراکتیکدا تەنیا یـەک مانـا و نـاوەڕۆکی هـەبوو: سـەپاندن و سـەرداركردنی زمانی فارسی و کولتوور و نەتەوەی فارس بەسـەر زمـانو کولتووری نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا، وەک سـەرەتایەک بۆ تواندنەوەی نەتەوەییان. هەر بۆیە دەوڵەت بە توندی کەوتـە پـەلاماردانی کولـتووری گـەلانی غـەیرەفارس و پێشـێلکردنی

مافی نەتەوەییان. بۆ نموونە لە کوردستاندا نەک هەر زمانی کوردی بەڵکو تەنانەت جلوبەرگی کوردییش یاساخ کرا[17].

ئەم ڕێبازە، لە مێژووی ئێراندا، دیاردەیەکی نوێ و بەرهەمی دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس بوو. چونکە پێشتر زاڵبوونی کولتووری فارس و بەکارهێنانی زمانی فارسی، وەک زمانی ڕەسمیی ئیمپراتۆریای سەفەوی و قاجاری، بەو مەبەستە نەبوو کە زمانان و کولتووری گەلانی دیکەی ئێران یاساخ بکرێن و نەتەوەکانی دی لە چوارچێوەی نەتەوەی فارسدا بێنە تواندنەوە.

بەڵام ئێران مۆزایکێکی نەتەوەیی و مەزهەبییە، هەروا وڵاتێکی فرە نیشتمانە، واتە گەلەکانی دیکەی غەیرەفارس لەسەر خاکی فارس ناژین، بەڵکو خاک و وڵاتی خۆیان هەیە. لەوەیش زیاتر ئەو وڵات و گەلانە (ئازەری، کورد، بلووچ و عەرەب) بەشێکن لە خاک و گەلێکی گەورەتر، کە هاوسنوورن. ڕووداوەکانی ئەو بەشانەی دی ڕاستەوخۆ کاریان تێ دەکەن. بۆیە مۆدێلی دروستکردنی وڵاتێکی خاوەن یەک پێناس (ئایدێنتیتی- شوناس)ی نەتەوەیی (فارسی) بە هۆی دەوڵەتەوە، کارێکی مەحاڵ بوو.

ئەم ڕێبازە سیاسییەی دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس، کە ستەمی نەتەوەیی بۆ گەلانی غەیرەفارس هێنا، لەگەڵ خۆیدا بێزاری و گیانی خۆپاراستنی نەتەوەیی و هەستی ناسیۆنالیزمی ئازادیخواز (خۆرزگارکەر)ی لای ئەو گەلانە

پێش خست. لە ساڵانی سییەکاندا، چەند یاخیبوون و راپەڕینێک بەرپا بوون. ئەو راپەڕینانە لە لایەن ئەو سەرۆکخێڵانەوە رابەرایەتیی کران کە بەمۆدێرنکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، راستەوخۆ زیانی پێ گەیاندبوون و نەیان دەویست مل بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت بدەن. لە کوردستان و هەندێک ناوچەی دیکەدا، بێزاری و تووڕەیی خەلک لە سیاسەتی شۆڤێنیستیی دەوڵەت، هۆکارێکی دیکەی یاخیبوون و راپەڕینەکان بوو ((18)).

راپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان و ئازەربایجان، دامەزراندنی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و رووداوەکانی دواتریش، هەڕەشەیەکی راستەوخۆیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی ئێران، پێک هێنا، لە هەمان کاتدا پووچیی رێبازی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیی فارس و ناوەرۆکی خورافییانەی پێناس (هەوییە)ی تاقانەی میللی ئێرانیان ئاشکرا کرد. هەروا سەلماندیان کە ئێران، وەک یۆگۆسلاڤیای هەڵوەشاوە، قەوارەیەکی سیاسیی بەزۆر دروستکراوە و بە زەبر و هێزی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر راگیراوە. بۆیە هەمان چارەنووسی یۆگسلاڤیا چاوەڕێیەتی.

**دووەم: رۆڵی روسیا و بریتانیا، دواتریش ئەمریکا لە رەوشی**

## سیاسیی ئێراندا

ناسیۆنالیزمی فارس، تا رادەیەک وەکو ناسیۆنالیزمی تورک، لە سەرەتاوە غرورێکی گەورەی نەتەوەیی هەبووە. بۆیە بە لایەوە دابەشکرانی ئێران بە ناوچەی نفووزی روسیا و بریتانیا و بوونی لەشکری ئەم دوو دەوڵەتە، لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئێراندا، سوکایەتییەکی نەتەوەیی بوو. هەروا دەستتێوەردانی دەسەڵاتی بریتانیا لە کاروباری نێوخۆی ئێران و سەپاندنی رێککەوتنامەی ساڵی 1919 بەسەر ئێراندا، بێزارییەکی گەورەی لە ئێراندا دروست کرد بوو. بە درێژایی ئەو ماوەیە، تا سەپاندنی دەسەڵاتی رەزاخان، ئێران لە کێشە و قەیرانێکی سیاسیی گەورەدا دەژیا. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا چەند جارێک حکومەت هاتە گۆڕین. چەندان رابوونی گەورە، لە سەرتاسەری ئێراندا بەرپا بوون، کە تێکڕایان دژی دەوڵەتی قاجار و زۆربەیان دژی نفوزی بێگانە بوون لە ئێراندا ((19)). بێزاربوون لە نفوزی بێگانە مەیلێکی سروشتیی ئابووری و سیاسیی بزاقی بۆرجوازیی نیشتمانیو ناسیۆنالیزمە، کە دەیەوێت خۆی دەست بەسەر بازاڕی ناوەندیی وڵات و سەروەریی خاک و ئاو و ئاسمانی خۆیدا بگرێت. زەبوونبوونی ئێران، لە بەرامبەر بریتانیادا، بۆ بۆرجوازیی نەتەوەیەکی وەک فارس، کە خۆی بە میراتگری ئیمپراتۆریایەکی گوایا دوو هەزار ساڵە و سەردار و ئاغای

چەندان نەتەوەی دیکەی ناوچەکە دەزانی، لە تەوهینیش زیاتر بوو.

بەڵام ناسیۆنالیزمی فارس، وەک ناسیۆنالیزمێکی لاواز و فەلەج، لەوە بێهێزتر بوو کە بتوانێت، بۆ نموونە وەک تورکیا، پەلاماری لەشکر و دەسەڵاتی بێگانە لە وڵاتدا بدات. بریتانیا، کە دوای کشانەوەی روسیا لە ئێران، بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، مەیدانەکەی بۆ چۆڵ بوو بوو. زۆر بە توندی دژی ئەو بزاڤەی هێزەکانی ئێران راوەستا. دەیەویست، بە هەر شێوەیەک بێت، پێش لە رووداوێکی لە شێوەی تورکیا بگرێت. چونکە دوای شۆڕشی بەلشەفی روسیا و جێگیربوونی هێزی بریتانی لە عێراق و کەنداوی فارسی، ئێران گرنگییەکی زیاتری بۆ بەرژەوەندی و ستراتیجیای بریتانیا و بۆ پێشگرتن لە تەوژمی کۆمۆنیزم و دەوڵەتی سۆڤیەت، هەبوو. بریتانییەکان بە کۆششی زۆری خۆیان و لە رێگەی رەزاخان و کەسانی دیکەی سەربەخۆیانەوە[(20)] بزاڤەکەیان تێکشکاند و دەوڵەتی ناسیۆنالیستیی فارسیان بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەویست، (دوڵەتێکی دژ بە دیموکراتی، دژ بە بەرژەوەندیی بەرزی نیشتمانیی ئێران، ئەلقە لە گوێی بریتانیا و دژ بە کۆمۆنیزم) دامەزراند. دواتریش کاتێک، لە سەرەتای پەنجاکاندا، بزاڤی موسەدیق و بەرەی میللی، وەک نوێنەری بۆرجوازیی نیشتمانی و لاباڵی لیبرالی ناسیۆنالیزمی فارس، ویستیان

بارودۆخەکە بگۆڕن و ئێران بە رەوتێکی نیشتمانی و سەربەخۆ لە دەسەڵاتی بریتانیا و ئەمریکادا بەرن، هەر زوو بە کودەتایەکی سەربازی، کە ئەمریکا کۆمەکی پێ دەکرد، تێک شکێندران.

### سێیەم: دەسەڵاتی دەزگای ئاینی

مەلاکانی شیعە و دەزگای ئاینی، بە درێژایی چەند سەدەیەکی مێژووی ئێران، رۆڵ و نەخشێکی تایبەتیی سیاسی و ئابووریان هەبوو، خودی ئیمپراتۆریای ئێرانی، وەک پێشتر باسکرا، لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمەوە، لە سەر بنەمای مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمام، یان وەک ئیمپراتۆریای مەزهەب، دامەزرێندرا. مەزهەبی شیعەگەریی ئامرازی بەکاری پێکەوەگرێدانی خەڵکی شیعەی سەر بە ئێتنیکی جیاواز و ئایدۆلۆجیای ئیمپراتۆریای ئێران بوو. هەروا دەزگای ئاینی و مەلاکان توانای گەورەی ئابوورییان، لە رێگەی موڵکداری و پەیوەندییان بە بازاڕەوە، هەبوو.

مەرگی ئیمپراتۆریای مەزهەب و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی ئێران، مەرگی رۆڵی ئایدۆلۆجیای شیعەگەری و نەمانی نفوزی رۆحی و سیاسیی مەلاکان نەبوو لە ئێراندا.

شیعەگەری لە سەردەمی دەوڵەتی ناسیۆنالیشدا، هۆکارێکی گەورەی پێکەوە گرێدان و جۆشدانی چەند

نەتەوەیەکی شیعەمەزهەب بوو، کە لە دۆخی لاوازیی هۆشیاریی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو سەردەمەدا، دەیتوانی رۆڵی ئایدۆلۆجیای نیشتمانی بگێڕێت. خەڵکی چەند نەتەوەیەکی شیعەمەزهەبی ناو ئێران، لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا ببێتە ڕێگر لە بەردەم گۆڕانکاریی رادیکالانەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری جەسپاندنی دیموکراتیدا. رابەرانی مەزهەبیی شیعە و دەزگای ئاینی، کە دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد بە دەزگای کاسۆلیکیی پاپایی ئەورووپای دەشوبهێنێت، رۆڵێکی گەورەیان لە بزاقی مەشروتەدا گێڕا. دواتریش ویستیان تا رادەیەک خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێی سیاسییدا بگونجێنن، لە کات و سوێنی پێویستدا پێشی رووداوەکان بگرن و دواتر خۆیان جڵەو و کۆنترۆڵی بکەن. بەمەیش شیعەگەری، وەک ئایدۆلۆجیا و رێبازێکی سیاسی، هەر هۆکاری یەکبوون نەبوو، بەڵکو بوو بە رێگرێکی دیکەی گەشەکردنی سروشتیی کۆمەڵگای ئێران و ناسیۆنالیزمی فارس. ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییانەی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەسەر ئێراندا هاتن نەیانتوانی سنوورێکی بنبڕ بۆ دەسەڵاتی دەزگای ئاینیی ئێران دابنێن، یان رۆڵی رۆحی و سیاسیی رابەرانی شیعە، لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بە تەواوی لاواز بکەن. پێکهاتی مەجلیسی ئێران، لە سەردەمی مەشروتە و یەکەمین قانوونی ئەساسی

((دیموکراتیک)) ئەو ڕۆڵە گەورەیە دەردەخەن کە مەلاکان و دەزگای ئاینی لە ژیانی نوێی سیاسیی ئێراندا هەیان بوو. بەگوێرەی یاساکە ئەنجومەنێکی تایبەت لە پێنج مەلا موجتەهید- پێک هاتبوو تا (چاو بە هەموو بڕیارێکی مەجلیسدا بگێڕێتەوە و بڕیار بدات کە ئاخۆ بڕیارەکانی مەجلیس، لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا دەگونجێن تا بخرێنە بەردەمی شا، کە ئەویش مافی ئەوەی نەبوو، بە بێ ڕەزامەندی ئەم ئەنجوومەنە پێنج کەسییە، هیچ یاسایەکی نوێ بڕیار بدات[21]

دەزگای ئاینی، کە دەستی بەسەر سیستمی خوێندن و بەشێکی گەورەی ئابووریی وڵاتدا گرتبوو، بەو توانا مەزنە ئابووری و دەسەڵاتە فیکری و ڕۆحییە- ئاینییەی هەیبوو، کۆسپێکی گەورەی بەردەم گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی فارس و ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزم بوو. ئەوان ناسیۆنالیزمیان بە داهێنانێکی ئەوروپایی دەزانی. هەروا بە توندی دژی دامەزراندنی کۆمار و دژی دەوڵەتی سێکولار (عەلمانی) بوون، کە یەکێکە لە پرینسیپەکانی ناسیۆنالیزم. دژی هەر ریفۆرم و گۆڕانێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری بوون، کە زیان بە بەرژەوەندیی ئەوان بگەیەنێت. بوار و مەیدانی کاری (ئایدۆلۆجییان) گەلێک لە بوار و مەیدانی کاری ئایدۆلۆجیی ناسیۆنالیزمی فارس بەرینتر بوو، چونکە جگە لە بەشێکی کورد و بلووچ و تورکمان، هەموو نەتەوەکانی ئێرانی دەگرتەوە.

هەواڵنامەی کێڕ

ئەو سێ دیاردەیەی باسکران سێ کۆسپی سەرەکی بەردەم گەشەکردنی ئێران و گەشەکردنی سروشتیی ناسیۆنالیزمی فارس و پێکهاتنی ((هەویەی میللی))ی ئێران بوون. هەر کامیان، بە درێژایی سەدەی بیستەم، دەرفەتێکی گونجاوی بۆ برەخسایە، وەک دیاردەیەکی سیاسیی کاریگەر و هەڕەشەیەکی راستەوخۆ لە دەوڵەت، دەردەکەوت: کۆماری ئازەربایجان و کوردستان لە سالآنی چلەکاندا، موسەدیق و بزاڤی نیشتمانی لە سەرەتای سالآنی پەنجاکاندا، بزاڤی سیاسیی مەزهەبیی خومەینی لە سەرەتای سالآنی شەستەکاندا، سەر لە نوێ بزاڤی چەکداریی کورد لە کۆتایی سالآنی شەستەکاندا.

هەواڵنامەی کتێب

شێوە و میتۆدی دەوڵەتی ناسیۆنالی شاهەنشایی، تا رووخاندنی، لە مانگی فەبریوەری (سەبات)ی ساڵی 1979 دا، بەرامبەر ئەو دیاردانە، سروشت و خاسییەت و تا رادەیەکی زۆریش چارەنووسی دەوڵەتەکەیان دیاری کرد:

یەکەم: دەوڵەتێکی شۆڤینیستانەی توندڕەو بەرامبەر بە نەتەوە غەیرەفارسەکان و داپلۆسینی هەر بزاڤێکی کولتووری و سیاسیی ئەو نەتەوانە.

دووەم: زۆرترین وابەستەیی و نۆکەری بۆ بێگانە (لە سەرەتادا بریتانیا و دواتر ئەمریکا).

سێیەم: سیاسەتێکی هەندێک جار مامناوەندی، زۆرجاریش توند و داپڵۆسێنەرانە بەرامبەر بە دەزگای ئاینی و بزاڤی ئاینیی شیعەکان.

ئاشکرایە دەوڵەتێکی لەم جۆرە، جگە لە دەوڵەتێکی ئیستیبدادی و دیکتاتۆری، تەنانەت بەرامبەر بە خەڵکی فارسیش، ناتوانێت شتێکی دیکە بێت. ئەم خەسڵەتە دیکتاتۆری و ئیستیبدادییە، کە لە ماهیەتی دەوڵەتەکەوە سەری هەڵدابوو، بە نۆرەی خۆی بوو بە خاڵێکی لاوازی دیکەی دەوڵەتی ئێران و کۆسپێکی دیکەی بەردەم پێشکەوتنی سیاسی و گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ئێراندا.

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەهۆی ریفۆرمی زەوی و گرانبوونی لە ناکاوی نرخی نەوت و ئەو داهاتە زۆرەی بە هۆیەوە بە لێشاو دەڕژایە ئێران، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە خێراییەک، کە پێشتر لە ئێراندا وێنەی نەبووە، بەرەو پێش چوو. دەوڵەت لە ڕێگەی ریفۆڕمی زەوییەوە، بۆ یەکەمین جار، گۆڕانێکی گەورەی بە قازانجی گەشەکردنی سەرمایەداری، لە لادێیەکانی ئێراندا، دەست پێ کرد. ریفۆرمەکە ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و نێوان شێوەی موڵکایەتیی فیۆدالیی زەویدا دروست بوو بوو،

چارەسە کرد، دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی ئاغا و موڵکدارە گەورەکان و مەلاکانی لە لادێدا نەهێشت. ئەمەیش پێگەی سەرمایەداریی لە ئێراندا بەهێز کرد. ئەو رووداوە بۆ گەلی کوردیش پێشکەوتنێکی گەورە بوو، چونکە نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئاغا و سەرۆکخێڵ و بنەماڵەکان لەناو بزاڤی رۆژهەڵاتدا (وەک رابەر یان وەک سەرۆکجاش) نەما. چارەنووسی کورد و بزاڤی رزگاریخوازیی کورد، لەو بەشەی کوردستاندا، نەکەوتە دەست سەرۆکخێڵ و عەشیرەتەکان، یان دەست بنەماڵەیەک.

ئەو ئاڵوگۆڕانە و پارەی زەبەندی نەوت، گۆڕانکاریی نوێی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییان لە کۆمەڵدا دروست دەکرد. لە هەمان کاتدا نایەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کێشە و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانیان قووڵتر کردەوە. ئەو دۆخە نوێیەی، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە هاتبووە پێش، پێویستیی بە کرانەوە و جۆرە ئازادییەک هەبوو کە شێوەی ئۆتۆکراتیی دەوڵەت، واتە حوکمی موتڵەق و ئیستیبدادیی تاکەکەس، دەرفەتی دابینکردنیانی نەدەدا. لە ئەنجامدا ناکۆکیی لە نێوان گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و نێوان دەسەڵاتی ئیستیبدادیی شادا دروست بوو. شۆڕشی گەلانی ئێران (ساڵی 1979) کە شۆڕشێکی بۆرجوازیی نیشتمانی بوو، ئەنجامی ئەو ناکۆکییە بوو. لە هەمان کاتدا هەوڵدانێکی دیکە بوو، لە بارودۆخێکی دیکەدا، بۆ

تەواوکردنی ئەو پرۆسێسەی بە مەشروتە دەستی پێ کرد و لە سەردەمی حوکمی موسەدیقدا تێک شکێندرایەوە.

بەڵام ئەم شۆڕشە دیاردەیەکی نوێی لەگەڵ خۆی هێنا، دیاردەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، کە ئەمە نەک هەر بۆ مێژووی نوێی ئێران، بەڵکو بۆ مێژووی نوێی وڵاتانی ئیسلامییش شتێکی نوێ بوو. هەروا وزە و هیوایەکی نوێی بە بزاڤی سیاسیی ئیسلامی لە ناوچەکەدا بەخشی، هیوای گەیشتن بە دەسەڵات و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی.

دەرکەوتنی خومەینی وەک رابەرێکی رۆحیی شۆڕشی ئێران، دیاردەیەکی نوێ نەبوو لە بزاڤی سیاسیی ئێراندا. پێشتر رابەرانی ئاینیی شیعە لە بزاڤی تنباک (توتن) و بزاڤی مەشروتە و بزاڤی خۆماڵیکردنی نەوتدا رۆڵی سەرەکییان هەبوو[22]. بەڵام ئەوەی نوێ بوو ئەوەبوو کە پێشتر رابەرانی شیعە، لە هیچ کام لەو بزاڤانەی پێشوودا، مەبەستیان وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو، بەڵکو ئامانجیان پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری و پێگەی ئاینی-مەزهەبی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بوو. هەروا بزاڤەکەیان رواڵەتێکی نیشتمانی، نەک ئاینی هەبوو، کە دژی نفوز و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی رۆژئاوا بوو لە ئێراندا. ئامانجی ئاینیی ئەوان لەو سنوورەدا بوو کە دەیانویست دەستوور و

یاسای ئێران لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا کۆک و گونجاو بن، نەک خۆیان دەسەڵاتی سیاسیی بگرنە دەست و دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێنن.

مەسەلەی دامەزراندنی حوکمی ئیسلامی، لە سەردەمی نوێدا، یەکەمین جار، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، لە لایەن رابەرانی ئاینیی سوننەمەزهەب، بزاڤی ئیخوان ئەلموسلمین و بزاڤی ئەلمەودودی هاتە باسکردن. ئایەتوڵڵا محەمەد باقر ئەلسەدر، کە خومەینی لەم ساڵانەی دواییدا بە مامۆستای خۆی دەزانی[(23)] یەکەمین رابەرێکی رۆحیی شیعەکان بوو، کە لە ساڵانی شەستەکاندا، بە تەئسیری رابەرانی رۆحیی ئەو دوو بزاڤە سوننەمەزهەبە، کۆمەڵێک تێزی سیاسی و ئابووریی لەبارەی حوکم و دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامی نووسی. بەلای زۆرەوە تێزی سیاسیی ئەم دوو بزاڤە و ئەلسەدر کاریان لە خومەینی کرد، تا پرۆژەی دەوڵەتێکی ئیسلامی بکاتە ئامانجی سەرەکیی خۆی. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران خومەینی، بە سوود وەرگرتن لە نفوزی مەزنی رۆحی و سیاسیی خۆی، توانی بە پەلە و بە سێ قۆناغ پرۆژەکەی جێبەجێ بکات:

دەنگدان بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی (30–31ی ئاداری 1979). راگیری بۆ قانوونی ئەساسی ئێران (2–3 ی دیسەمبەری 1979)، هەڵبژاردنی مەجلیس (بەهاری 1980)،

کە کەمتر لە نیوەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو دەنگیان دا. ((24))

گۆڕینی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ شۆڕشێکی ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تەنیا ئەنجامی لاوازی و پچڕپچڕی بزاڤی نیشتمانیی ئێران نەبوو، بەڵکو پێش ئەوە ئەنجامی ئەو ڕۆڵە گرنگەیە کە مەزهەبی شیعەگەری، لە ماوەی زیاتر لە پێنج سەدەدا، لە ژیانی سیاسی و کولتووری و ڕۆحیی ئێراندا، گێڕاویەتی. لەوەیش زیاتر ئاین لە سەرجەمی مێژووی ئێراندا هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی سیاسی و کولتووری و یەکبوونی ڕۆحیی خەڵکدا بووە. ئاین و دەوڵەت لە مێژووی ئێراندا بە رادەیەک پێکەوە بەستراون کە مرۆڤ لە ماوەی نزیکەی دوو هەزار ساڵدا، دەوڵەتێکی ئێرانی بێ ئایدۆلۆجیای ئاینی نابینێت. ساسانییەکان و ئاینی زەردەشتی و مانی، سەفەوییەکان و شیعەگەری. کەچی لای خەڵکی چین، دروست بە پێچەوانەی ئێرانییەکانەوە. ئاین، ئاینی تاوی یان بوودایی، قەت ڕۆڵێکی هێندە گرنگی لە ژیانی سیاسییدا نەدیوە. کۆنفۆشیۆش وەک فەیلەسوفێک کۆمەڵێک دەستووری گرنگی بۆ کۆمەڵ دانا. بە پێی ئەو دەستوورە دەبوو دەوڵەت دادپەروەرانە و بە گوێرەی یاسا حوکمڕانی بکات. لەم حاڵەتەدا پێویست ناکات مرۆڤ پەنا بۆ هێزێکی

میتافیزیکی (خودا) بەریێت. هەروا بوودا مەسەلەی بوون و نەبوونی خودای بۆ عەقڵ و توانای دەرککردنی هەر مرۆڤێک بەجێ هێشت.

ئێران خۆی، وەک ئیمپراتۆریایەک، بەرهەمی شیعەگەری بوو. بە واتایەکی دیکە شیعەگەری ئەو هێزە رۆحییە هاوبەشە و ئەو ئایدۆلۆجیایە بوو، کە بە هۆیەوە ئێرانییەکان توانییان خۆیان لە ناوەندی رەسمیی ئیسلام دابېڕن و یەکبوون و سەربەخۆبوونی ئێرانیانەی خۆیان دابین بکەن. کەچی مەزهەبی سوننە ئەو رۆڵەی لە ژیانی رۆحی و سیاسیی تورکەکاندا نەبوو. ئسلام و سونەگەری، بۆ تورک، هۆکاری زیندووبوونەوەی نەتەوەیی و خۆجیاکردنەوە لە عەرەب نەبوو. هۆکاری گەیشتن بە دەسەڵات و پیکهێنانی دەوڵەت نەبوو. ئاین و ئیسلام بۆ ئەوان شتێکی نوێ بوو. ریشەی قووڵی بە مێژوو و کولتوور و ژیانی رۆحیی ئەواندا رۆ نەچووبوو.. ئیسلام و سونەچێتی، بۆ تورک، زیاتر ئامرازێک بوو. هۆکارێکی بەهێزکردنی دەسەڵات و کۆیلەکردنی گەلانی موسوڵمان بوو. بۆیە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کە ئاینی ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی توانای سیاسییان لەدەست دا. کەمال ئەتاتورک توانی، بە ئاسانی، سیستمی خەلافەتی ئیسلامی هەڵوەشێنێتەوە و رۆڵی سیاسیی ئاین لە تورکیادا نەهێڵێت. لە جیاتییان دەوڵەتێکی عەسکەریی سێکولار (عەلمانی) یان دروستتر بڵێم دژ بە ئاین، دابمەزرێنێت، کە ئایدیۆلۆجیای

ناسیۆنالیزم بکرێتە بناغەی یەکبوونی نەتەوەیی تورک. لە جیاتی ئاین و دەزگای ئاینی، عەسکەر و هێزی سەربازی ببنە پارێزەر و گەرەنتی مانەوەی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک.

کەچی لە ئێراندا لەتوانادا نەبوو ئەو کارە بکرێت. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی فارس، شیعەگەری و رابەرانی ئاینیی شیعە، بەردەوام رۆڵی گرنگیان لە ژیانی سیاسیی ئێراندا گێڕاوە. لەوەیش زیاتر دەتوانم بڵێم کە ئاینزای شیعەگەری هۆکارێکی سەرەکیی راگرتنی قەوارەی ئێرانە. تا ئێستا، ناسیۆنالیزم لە ناو ئازەرەکانی ئێراندا لاوازە و زۆربەی ئازەرەکان هێشتا فارسەکان، لە ئازەرە تورکزمانە سوننەکانی ئەودیو سنووری ئێران، بە نزیکتر لە خۆیان دەزانن. ئەمەش تەنیا لەبەر هۆکاری ئابووری نییە، بەڵکو بە رای من، دەبێت لە هۆکاری مەزهەبیشدا (شیعەبوون) بۆ لێکدانەوەی ئەو دیاردەیە بگەڕێین.

ئەو رۆڵەی مەزهەبی شیعەگەری لە ماوەی سەدان ساڵدا لە مێژووی ئێراندا دیویەتی، دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەسەڵاتێکی ئاینی- مەزهەبی هەیە و رابەرانی ئاینی چارەنووسی ئێران و گەلەکانی بڕیار دەدەن. کەچی لە تورکیادا، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیاوە، عەسکەر و جەنەراڵەکان، نەک مەلا و ئاخوندەکان، چارەنووسی سیاسیی وڵاتەکەیان

بەدەستەوەویە. چونکە تورک خۆی، لە بنەڕەتدا، نەتەوەیەکی عەسکەرییە. نەتەوەیەکە لە رەوشی شەڕ و پەلاماری چەکداری و کوشتن و داگیرکردندا پێگەیشتووە و توانیویەتی خۆی لە ناوچەکەدا جێگیر بکات، دەست بەسەر خاک و سامان و وڵاتی خەڵکی دیکەدا بگرێت. هەر بە زەبری شەر و هێزی عەسکەرییش توانی، لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە و دەوڵەتی خۆی پێک بهێنێت. بۆیە رۆڵی عەسکەر و هێزی چەکداری لە ژیانی نەتەوەی تورکدا، هیندەی رۆلی مەزهەبی شیعەگەری، لە ژیانی ئێرانییەکاندا، گرنگ و گاریگەرە. ئەمڕۆ رۆڵی سیاسیی عەسکەر لە تورکیادا بەرەو لاوازی دەڕوات. بە رای من رۆڵی سیاسیی ئاخوندە شیعەکانیش لە ئێراندا، هەمان چارەنووسی دەبێت.

ئاین- مەزهەب فاکتەرێکی گرنگی راگرتنی قەوارەی ئێستای ئێران بووە. بەڵام هەر هەمان فاکتەر چەپەرێکی قایمی بەردەم کرانەوە و دیموکراتی و پێشکەوتنی ئێرانە. لە هیچ سەردەم و زەمانێکدا ئایدیۆلۆجیای ئاینی و حوکمی ئاینی و مەزهەبی نەیانتوانیوە و ناشتوانن ئازادی و کرانەوە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن بۆ کۆمەڵ دابین بکەن. ئێران وەک چین و هیندستان خاوەنی کولتوور و شارستانەتییەکی دێرینە. ئەگەر دیکتاتۆریای ئاین و مەزهەب نەبووایە، دەبوو ئەمڕۆ، لە رووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، لە ئاستێکی نزیک ئەو دوو

هەواڵنامەی کتێب

وڵاتــە بوایــە. خــۆ ئەگــەر ســامانی نــەوت و گونجــاویی کەشوهەوا و شیاویی خاکی ئێران بۆ کشوکاڵ و ئاژەڵداری و هیتــر لەبــەرچاو بگــرین، دەبــوو ئێســتا ئێــران، لــەزۆر لایەنەوە، هەر نەبێت، لە پێش هیندستانەوە بووایە.

# IV

ئیمپراتۆریای ئێرانی، لە سەرەتای سەدەی شازدەیەم تا ســەرەتای ســەدەی بیســتەم، جۆرەهــا شــێوازی ســتەم و لەناوبردنی بە کۆمەڵی، بەرامبەر کورد، بەکار هێنا. تا توانی ژیانــە مــادی و رۆحییەکــەی وێــران کــرد. بــە درێژایــی ئــەو ماوەیــــە کوردســــتان، بــــەهۆی داگیرکــــردن و ســــتەمی مەزهەبییــەوە، گرفتــاری دادۆشــین و نــەزیفێکی بــەردەوامی ئــابووری و مرۆیــی بــوو. تــالان و بــاج و ســەرانە و راووڕووتــی دەوڵــەت، پــەلاماری وێرانکارانــە و کوشــتاری بــەردەوامی لەشــکری ســەفەوی و قاجــاری، کوردســتانیان کــاول کــرد و دەرفــەتێکیان بــۆ پێشــکەوتنی ئــابووری و ســەرهەڵدانی شێوەی نوێی پەیوەندییەکانی بەرهــەمهێنانیان لە کوردستاندا نەهێشتەوە. هــەر کاتێکیش بــە هــۆی لاوازی دەســـەلاتی ناوەنـــدیی دەوڵـــەت لـــە کوردســـتاندا، نیمچـــە گردبوونەوەیـــەکی ســـامانی ئـــابووری و فیدراســـیۆنێکی

هەولێرنامەی کتێب

عەشیرەتی لە شێوەی ناوەندێکی دەسەڵاتی سیاسیی میرنشینیدا دەرکەوتبێت، ئەوا هەر زوو، لە یەکەمین دەرفەتێکی لەباردا، پەلامار دراوە و سەر لە نوێ نەزیفی ئابووری و مرۆیی و دادۆشین و تالان و وێرانکردن دەستی پێ کردۆتەوە.

ئەو هۆکارانە و ستروکتووری خێڵایەتیی کۆمەڵی کورد و سروشتی شاخاویی وڵاتەکە، کوردستانیان کردبوو بە کۆمەڵگایەکی داخراوی پچڕ پچڕ، کە لەسایەی ئابوورییەکی سروشتیی داخراو و کولتوورێکی دابڕاودا، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئابووریی فیۆدالی و نەریتە خێڵەکییەکان، بە جۆرێکی رۆتینی و لە دەرەوەی زەماندا، خۆیان دەهێنایەوە بەرهەم و لە ئەڵقەیەکی داخراودا دەسوڕانەوە.

بەو جۆرە کوردستان بە درێژایی سەدان ساڵ کەمترین دەرفەتی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی پێ نەدرابوو. لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران (رەنگە جگە لە بلوجستان و تورکمانستان، کە خەڵکەکەیان سونین و دووچاری هەمان چارەنووسی کورد بوو بوون) دواکەوتووانەتر هێڵرابۆوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کوردستان کۆمەڵگایەکی فیۆدالی و عەشیرەتی بوو، کە تیایدا پەیوەندییەکانی فیۆدالی زاڵ بوون. هێشتا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەرنەکەوتبوون. خوێندنگای

نوێ لە کوردستاندا نەبوون. ئەو ناوندە رۆشنبیری و ئەو بوژانەوە ئەدەبی و رۆشنبیرییەی لە سەردەمی میرنشینی ئەردەڵاندا سەریان هەڵدا بوو، بە رووخاندنی میرنشینەکە لەناو برا بوون. بۆیە نەیانتوانی بوو نەریتێکی بەردەوامی رۆشنبیری و ئەدەبی بەجێ بێڵن، کە دواتر دەستەی خوێندەواری کورد پێ بگەیەنن.

لە لایەکی دیکەوە سروشتی مەزهەبیی ئیمپراتۆریای ئێرانی و سروشتی مەزهەبیی دەزگاکانی خوێندن، کۆسپێکی سەرباریان لە رووی پێگەیشتنی دەستەی نوێی رووناکبیری کورد و ناسیۆنالیزمو سەرجەمی بزاڤی نەتەوەیی کورددا دروست کردبوو، دەوڵەتی شیعەمەزهەبی ئێران، لەبەر بێباوەڕی بە کوردی سوننەمەزهەب، دەرفەتی ئەوەی نەدا بوو کادری ئیداری و دەستەی خوێندەوار و ئێلیتی سیاسیی کورد، لە ناو دەزگاکانی دەوڵەتدا، پێ بگەن. هەروا کاروباری خوێندن تا سەردەمی رەزاخان هەر لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری دەزگای ئاینییدا بوو. بۆیە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا هێشتا ئەو دەستە نوێیەی رووناکبیران پێ نەگەیشتبوو کە بیری بۆرجوازیی ئەوروپایی و رۆشنگەری کاری تێکردبن و دید و تێڕوانینی نوێی رۆشنگەری و نەتەوەیی لە لا دروست کردبن.

کەچی لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، کە بەم شێوە مەزهەبییە جیاوازی لەگەڵ کورد نەدەکرا، هەر لە کۆتایی

سەدەی نۆزدەیەمەوە، ئەو دەستە رووناکبیرە پێ گەیشت بوو. لە ساڵی 1845 دا بە پێی یاسا خوێندن بە خۆڕایی و ئیلزامی بوو. خوێندنی نوێ و عەلمانی بە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دەستی پێ کردبوو. خوێندنگاکانی مزگەوت خرابوونە ژێر چاودێریی دەوڵەتەوە[(25)]. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، گەلێک خوێندنگا و قوتابخانەی نوێ لە کوردستانی عوسمانیدا کرا بوونەوە. بە سەدان رووناکبیر و کادیری ئیداری کورد، لەو قوتابخانە و خوێندنگایانەدا پێ دەگەیشتن و دواتر لە دەزگا عەسکەری و مەدەنییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کاری گرنگیان پێ دەسپێردرا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەو رووناکبیرانە، کە بەرهەمی ئەو قوتابخانە نوێیانە بوون، شانبەشانی رووناکبیرانی تورک، چالاکانە لە بزاڤی سیاسیی دژ بە دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی و بزاڤی رۆشنگەریدا بەشداربوون. هەندێکیان لە رابەرایەتیی بزاڤەکەدا بوون، تەنانەت یەکێک لە رۆژنامەکانی تورکە لاوەکان (الاجتهاد) لە لایەن رووناکبیرێکی کوردەوە، دوکتۆر عەبدوڵلا جەودەت، لە قاهیرە دەردەکرا[(26)]. دواتریش زۆربەی ئەو رووناکبیرانە بوونە رابەرانی بیری ناسیۆنالیستی و ئێلیتی سیاسی و رووناکبیریی کورد، لە باکوور و تا رادەیەکیش لە باشووری کوردستاندا. کەچی ئەو سەردەمە هێشتا لە ئێراندا ئەو ئێلیتە رووناکبیر و

سیاسییەی کورد، لە خوێندنگا و دەزگا دەوڵەتییەکانی قاجاریدا پێ نەگەیشتبوون.

هەروا نزیکی و پەیوەندیی راستەوخۆی تورکیا بە ئەورووپاوە، بیری رۆشنگەری و ناسیۆنالیستییان تەنیا نەهێنایە ناو تورکەوە بەڵکو، بە رادەی جۆراوجۆر، هێناشیانە ناو رووناکبیرانی عەرەب و کورد و گەلانی دیکەی ژێر دەستی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە. کاتێکیش بیر و ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیستیی تورک، رێبازێکی شۆڤێنیستانەی بەرامبەر بە نەتەوە غەیرەتورکەکان گرت، بیری ناسیۆنالیستی و رێبازی سەربەخۆبوون، لە ناو رووناکبیرانی غەیرە تورکدا، بەهێزتر بوون.

بۆیە ناسیۆنالیزم و بزاڤی رۆشنگەری، لە کوردستانی بندەستی عوسمانیدا زووتر و پێش کوردستانی بندەستی قاجاری سەری هەڵدا[27].

هەندێک لەو رووناکبیرانە (کوڕانی بەدرخان) لە نیسانی 1898 دا یەکەمین رۆژنامەی کوردییان (کوردستان) دەرکرد. ئەو رووناکبیرە نوێیانە دواتر چەندان بڵاوکراوە و رێکخراوی نەتەوەیی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییان دامەزراند. بۆیە ئەوان تەنیا دەربڕی خواستی نەتەوەیی کورد نەبوون، بەڵکو داکۆکیکاری مەسەلەی نەتەوەییش بوون و بە کردەوە خەباتی سیاسی، دیپلۆماسی، کولتووری و دواتر چەکدارییان بۆ رزگاربوون کرد.

لەو سەردەمەدا لە کوردستانی بندەستی ئێراندا هێشتا

هەواڵنامەی کتێب

ئەو دەستە رووناکبیرە نەتەوەییە دەرنەکەوت بوون. بەرای من نابێت هۆکاری ئەم دیاردەیە تەنیا بە پەیوەندیی لەگەڵ بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەی کوردستانی بندەستی ئێراندا لێک بدرێتەوە. چونکە پێش ئەوە دیاردەکە پەیوەندیی راستەوخۆی بە سیاسەتی مەزهەبچییانەی دەوڵەتیی ئێرانەوە هەیە. یان ئەمە ئەنجام و تایبەتمەندییەکی داگیرکردنی ئەم بەشەی کوردستانە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کوردستانی بندەستی ئێران، لە رووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە، لە باشووری کوردستان دواکەوتووتر نەبوو، کەچی لەگەڵ بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، سەرەتای ناسیۆنالیزم و بزاڤی ناسیۆنالیستی لە باشووری کوردستاندا سەریان هەڵدا. رەنگە لەو سەردەمەدا هەندێک شوێنەواری رۆشنبیری و سیاسیی میرنشینی بابان مابووبێت، بەڵام هەڵگرانی بیری ناسیۆنالیستی ئەو رووناکبیرانە بوون کە لە قوتابخانە نوێیەکانی کوردستانی عوسمانیدا پێ گەیشتبوون. زۆربەیان لە دەزگا عەسکەری‌و مەدەنییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کاری گرنگیان پێ سپێردرا بوو. ئەو رووناکبیر و خوێندەوارانە، دوای نەمانی ئیمپراتۆریاکە، لە باشووری کوردستاندا، بەشێکیان بوونە رێبەرانی بزاڤی رۆشنبیری و نەتەوەیی. ئەوان ئاگاداری بزاڤی نەتەوەیی کوردی باکوورو بزاڤی ناسیۆنالیستیی تورک و عەرەب و ئەرمەن و تا

رادەیەکیش ئاگاداری بیری رۆشنگەریی ئەورووپا بوون. زۆربەی کاربەدەست و کارمەندە گەورەکانی حکومەتی شێخ مەحموود لەمانە بوون، کە لەچاو سەردەمی خۆیاندا بیرێکی ناسیۆنالیسی روون و ئاستێکی پێگەیشتووی سیاسی و دیپلۆماسی و بەڕێوەبردنییان هەبوو[28]. پیرەمێرد، محەمەد ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، مستەفا یامولکی، رەفیق حیلمی و ئیسماعیل حەقی و رووناکبیرانی بنەماڵەی بابانەکان و ساحێبقڕان و قەزازەکان و دەیان رووناکبیر و چەندان نووسەری دیکەی ئەو سەردەمە و هەندێک وەزیر و کاربەدەستە کوردەکانی نێو دەوڵەتی تازەدامەزراوی عێراق لەو رووناکبیر و خوێندەوارانە بوون، کە زۆربەیان پێشتر لە خوێندنگا و قوتابخانە نوێیەکان و دەزگا دەوڵەتییەکانی عوسمانیدا پێ گەیشتبوون.

سیاسەتی مەزهەبیی دەوڵەتی ئێران، ئەو جۆرە دەرفەتەی بە گەلی رۆژهەڵاتی کوردستان نەدا[29]. دەستەی خوێندەوار و ئێلیتی سیاسیی کورد دەبوو لە دەرەوەی دەزگاکانی ئیمپراتۆریای مەزهەبی و لە سایەی میرنشینە کوردەکاندا پێ بگەن. مزگەوت و ناوەندە ئاینییەکان، تا سەردەمی رەزاخان، تاکە بنکەی خوێندن و پێگەیاندنی دەستەی خوێندەواری کورد بوون. ئەو خوێندەوارانە زۆربەیان دەبوونە مەلا و زانای ئاینی، نەک کارمەند و کاربەدەستی دەوڵەتی. ئەگەر چی ئەو ناوەندانەی خوێندن ئاستێکی بەرزی رووناکبیرییان هەبوو، بەڵام

خوێندنگەی مۆدێرن نەبوون، زانستی ئیسلامی و زمان و ئەدەبیاتیان تێدا دەخوێندرا، نەک زانستی نوێ. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێکاف) و رووناکبیرانی سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد، کە بە ناسیۆنالیست ناسراون، لەو خوێندنگا و ناوەندە ئاینییانە خوێندبوویان. ئەم دیاردەیە لە هیچ کام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نابیندرێت((30)).

لەبەر ئەو هۆکارانە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم لە کوردستانی بندەستی ئێراندا، نەک تەنیا وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان بە لاوازی و شێواوی لەدایک بوو، بەڵکو لەوان درەنگتریش دەرکەوت. لەوەش زیاتر ناکرێت ئەو بزاڤانە، بە جۆرێکی میکانیکی، وەک بەرهەمی دەرکەوتن و گەشەکردنی پەیوەندیی نوێی سەمایەداری، یان وەک ئەنجامی بە جیهانیبوونی کولتوور و تەئسیری بیری رۆشنگەری و بۆرژوازیی ئەورووپا دابندرێن، چونکە لە سەرەتای ساڵانی چلەکاندا هێشتا کوردستان کۆمەڵێکی پێش سەرمایەداری بوو. بیری ئازادی و رۆشنگەری هێشتا دەرنەکەوتبوون. ستەمی نەتەوەیی و تێکشکانی بیری دیموکرات و چەپ و لیبرال لە ئێراندا، دەرفەتی دەرکەوتنی بیر و کولتووری نوێی بە کوردستان نەدابوو. بۆیە دەکرێت بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد، پێش هەر شتێک، وەک ئەنجامێکی ناکۆکیی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەتی

هەواڵنامەی کتێب

بێگانە و گەلی کوردستان تەماشا بکرێت، چونکە دەسەڵاتی بێگانەیە (داگیرکار) سەرچاوەی ستەم و کۆسپی سەرەکیی بەردەم گەشەکردنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردستانە.

لاوازی و پێنەگەیشتنی لایەنێکی ناکۆکییەکە (کورد) لە بەرامبەر لایەنەکەی دیکەدا (دەوڵەتی داگیرکەر) هێشتا دەرفەتی ئەوەی نەداوە کە بتواندرێت ئەم ناکۆکییە، لە دۆخێکی رەخساودا و بە پشتبەستن بە هێز و کەرەستەکانی نێوخۆ، چارەسەر بکرێت. بۆیە هەر کاتێک هێزی لایەنەکەی دیکە (دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی) بە هۆی کۆدێتا، یان بە زەبری هێزێکی دەرەکی و جیهانی، لاواز بکرێت ئەم پارسەنگە، بۆ ماوەیەک، بە قازانجی کورد تێک دەچێت. لە ئەنجامدا دەرفەت و دەرەتانێک بۆ کورد دەڕەخسێت تا هەوڵ بدات ناکۆکییەکەی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بێگانەدا چارەسەر بکات. دەکرێت راپەڕینی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری، دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحموودی حەفید، بزاڤی چەکداریی سمکۆ، کۆماری کوردستان لە مهاباد، راپەڕینی بەهاری 1991 و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت لە باشووری کوردستان، تێکڕایان بە ئەنجامی ئەم تێکچوونی پارسەنگە و هەوڵدانی بەشێکی گەلی کوردستان (با لە ناوچەیەکی جیۆگرافیی دیاریکراویشدا بێت) دابندرێن، کە ویستوویەتی سوود لە دەرفەتی بێهێزی و لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی

هەولاتنامەی کیبر

لە کوردستاندا وەر بگرێت و ناکۆکییەکەی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی بێگانە چارەسەر بکات. تێکشکانی ئەو کۆشش و بزاڤانەش، پێش هەر شتێک نیشانەی لاوازی و پێنەگەیشتنی ناسیۆنالیزم و لایەنی خۆیی (سوبجێکتیڤی) بزاڤی رزگاریخوازیی کوردە، کە هۆکاری دەرەکی لە هەموویاندا، جگە لە حکومەتی هەرێمی باشوور، یارمەتیدەری تێکشکانەکە بوون.

رۆژهەلاتی کوردستان، لە سالانی چلەکانی سەدەی بیستەمدا و بگرە تا ریفۆرمی زەوی، هێشتا کۆمەڵگایەکی عەشیرەتیی پێش سەرمایەداری بوو. ناسیۆنالیزم و بزاڤی رزگاریخوازیی کورد، هێشتا نەبوو بوونە ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە بتوانن کارێک لە رووداوەکان بکەن و رۆڵێک لە گۆڕینی دۆخی سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا ببینن. بۆیە وەک چۆن دەستکەوتەکانی ئەو سەردەمانەی کوردستان، کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەرهەمی کار و کۆششی ئەوان نەبوون، بە هەمان شێوە پاراستنی ئەو دەستکەوتانەش لە توانای ئەواندا نەبوو. ئەوان زیاتر بوونە چوارچێوەی دیاردەیەک، کە لە زەمانێکی دیاریکراو و لە شوێنێکی سنووردادا (تەنیا لە ناوچەیەکی کەمی رۆژهەلاتی کوردستان، کە لە سەدا سیی خاکی کوردستانی ئێرانە [(31)]) دەرکەوت. لەگەڵ نەمانی پێداویستی و هەلومەرجی دیاردەکەدا، چوارچێوەکەیش بەهانەی

هەواڵنامەی کتێب

بەردەوامبوونی خۆی لە دەستدا و کەوت. ئەگەر دیاردەکە بەرهەمی سروشتیی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم بووایە، یان ناسیۆنالیزم رۆڵی سەرەکی لە پەیدابوونیدا بگێڕایە، دەبوو دواتریش بە شێوەیەکی دی بەردەوام بێت.

لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا، کاتێک لەشکری بریتانیا و سۆڤییەت چوونە ناو ئێرانەوە، دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی، لە هەندێک ناوچەی کوردستان و ئازەربایجان، لاواز بوو، یان نەمابوو. ئەمەش دەرفەتێکی گرنگی بۆ دەرکەوتنی ناکۆکیی نێوان کورد و دەوڵەتی ناوەندی رەخساند. هەروا بەرژەوەندیی سۆڤییەت ئەوەی دەخواست کە ناوەندێکی دەسەڵاتی ناوچەیی (محەلی) لەو ناوچانەی کوردستان و ئازەربایجاندا، کە لەشکرەکەی کۆنترۆلی دەکردن، بێتە دامەزراندن. سەرەتا لە دێسەمبەری ساڵی 1945 دا، دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهان، کۆماری ئازەربایجان هاتە دامەزراندن. دوای ئەویش لە جەنیوەری 1946 دا کۆماری کوردستان لە مەهاباد پێکهێندرا. هەردوو کۆمارەکە بەرهەمی ئەو دۆخە و بۆ بەرژەوەندیی سۆڤیەت بوون، کە دەیەویست، دوای شەڕ، هەندێک دەستکەوت و ئیمتیازات لە ئێراندا ، بە تایبەتی لە بواری نەوتدا، بەدەست بهێنێت [(32)].

ئەو بۆچوونە، کەم تا زۆر، بەو مەبەستە نییە کە لە گرنگی کۆمار و خەبات و راستگۆیی رابەرانی کەم بکرێتەوە. پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی سەلماندیان کە

شایستەی ئەوە بوون وڵاتێک حوکمڕانی بکەن. بەڵکو بۆچوونەکە بەو ئامانجەیە تا سەرنج بۆ ئەو ناکۆکییە مێژووییەی نێوان گەلی کوردستان و داگیرکەرانی، رابکێشرێت. هەر کاتێک بارودۆخێکی لەبار رەخسا بێت، ناکۆکییەکە، بە شێوەاز و ئاستی جۆراوجۆر، خۆی دەرخستووە، لە داهاتووشدا خۆی دەردەخاتەوە.

ئەو کاتانەی لە کوردستاندا دەسەڵاتێکی ناوچەیی میرنشینی هەبووە، ئەم ناکۆکییە داپۆشراوە، یان کزبووە و سەرەتای گۆڕانێکی نوێی ئابووری و کولتووری دەستی پێکردووە. چونکە خەڵکی راستەوخۆ ستەمی دەوڵەتێکی بێگانە و نامۆ بە زمان و کولتوور و نەریتیان لەسەر نەبووە. میرەکان خۆیان، وەک دەسەڵاتێکی خۆماڵی حوکمڕانییان کردووە. خۆیان خەڵکیان رووتاندۆتەوە. ساڵانە باج و سەرانەی خۆیان داوە بە دەوڵەتی ناوەندی. لە کاتی پێویستیشدا چەکداریان بۆ هاریکاری و کۆمەکی ئیمپراتۆریا ناردووە.

ئەم شێوە پەیوەندییەی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و میرنشینە کوردەکان، بە قازانجی هەردوولا بووە. چونکە لەم رێگەیەوە، دەوڵەتی ناوەندی، ئەو ئەرکەی لە کۆڵ خۆی کردۆتەوە کە لەشکرێکی گەورە لە کوردستان مۆڵ پێ بدات و پارەیەکی زۆری لێ خەرج بکات. فیۆداڵە دەسەڵاتدار و میرە کوردەکانیش خۆیان حوکمڕانی ناوچەکەیان بوون، چۆنیان ویستووە بەو جۆرە رەفتاریان کردووە. لەوەیش

گرنگتر گەلێک جار دەوڵەتی ناوەندی بۆ ئەم یان ئەو میر بۆتە پەناگە و پارێزەر. هەر کاتێک مەترسی نێوخۆ و کێشەی دەسەلات دەرکەوتبن، یان میرنشینێکی دیکەی کورد هەڕەشەی لێ کردبن. ئەوا پەنایان بۆ ئەم یان ئەو ئیمپراتۆریا بردووە و بە هێزی لەشکری ئەوان دەسەڵاتی خۆیان پاراستووە[(33)]. ئەم دۆخە دەرفەتی نەداوە هیچ میرنشینێک بە جۆرێک گەورە ببێت، کە دەسەڵاتی سیاسی و توانای ئابووریی لە سنووری خۆی تێپەڕێت و میرنشینێک (یان چەند میرنشینێک)ی دیکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و وەک ناوەندێکی بە هێزی دەسەڵات خۆی دەرخات. هەروا ئەم دیاردەیە ڕێخۆشکەرێک بووە، تا لە سایکۆلۆجیای مرۆڤی خێڵەکیی کورددا، حاڵەتێک دروست ببێت کە، لە سەرێکەوە گیانی نۆکەرایەتیی بێگانە لەلای بەهێز بێت. کەچی لە سەرێکی دیکەوە لە ڕووی هەر دەسەڵاتێکی ناوخۆیی و خۆماڵیدا خۆی بە شێر و قارەمان بزانێت. واتە مرۆڤی کورد چەند لە ڕووی دەسەڵاتی بێگانەدا خۆی بە کەم و بچووک داناوە و ئامادە بووە نۆکەرایەتیی بۆ بکات، هێندەیش لایەنی خۆماڵی (هەر کەس و لایەنێک بوو بێت) لەلا سووک بووە و ڕێزی نەگرتووە. بۆچی ڕێزی بگرێت لە کاتێکدا هەمیشە ناوەندێکی بێگانە لە پاڵییەوە بووە و هەیە، تا پەنای بۆ بەرێت و بە کۆمەکی ئەو ((گەورەیی)) و ئاغایەتی خۆی، لە ناوچەکەیدا، بسەلمێنێت!

ناکۆکیی نێوان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و

دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانە، سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانەن کە لە مێژووی ئەم دوو- سێ سەدەیەی دواییدا لە کوردستاندا سەریان هەڵداوە. رادەی پێگەیشتن و توانا و سنوور و تەنانەت ئامانجی بزاڤەکان، راستەوخۆ پەیوەندییان بە رادەی پێگەیشتنی هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسیی کوردەوە هەبووە.

بە رای من راستترە کە لەبەر رۆشنایی ئەم واقیعە مێژووییەدا راپەڕین و بزاڤە چەکدارییەکانی کوردستان، بخوێنینەوە. چونکە ئەم راپەڕین و بزاڤانە، پێش هەر شتێک، ئەنجامی ناکۆکییەکی مێژوویین. بەردەوامبوونی ناکۆکییەکە، واتە بەردەوامبوونی ئەم جۆرە یاخیبوون و سەرهەڵان و بزاڤانە. دیارە لەگەڵ تێپەڕینی زەماندا رواڵەت و فۆرم و گەلێک لایەنی ناوەرۆکی ئەو بزاڤ و سەرهەڵدانانە گۆڕدراون و دەگۆڕدرێن.

# V

مێژووی پێنج سەد ساڵەی دەوڵەتە جۆربەجۆرەکانی ئێران تەنیا مێژووی سەرکوتانەوە و لەناوبردنی فیزیکی و کولتووریی کورد و هەر رەگەزێکی لەخۆ جیاوازی مەزهەبی و نەتەوەیی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مێژووی

بە رەواییکردنی مەزهەبیو ئایدۆلۆجی و ئەخلاقیی ئەم سەرکوتانەوە و لەناوبردنە فراوانەشە. سەپاندنی حوکمی زۆرایەتیی، ستەمکردن بەرامبەر کەمایەتیی ئاینی، مەزهەبی و نەتەوەیی، دیارترین خەسڵەتی دەوڵەتی ئێران بووە. ئەمەش میراتی دەوڵەتی ئیسلامییە و لە ڕێبازی سیاسیی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە. چونکە ئیسلام بە چاوێکی یەکسان تەماشای مسوڵمان و نامسوڵمانی نەکردووە و ناکات. هەمیشە جیاوازی لە نێواندا کردوون.

حوکمی ئیسلامی، بە درێژایی مێژووی خۆی، نەیتوانی بنەما و دەستوورێکی عادیلانە، بۆ پێکەوەژیانی هاوبەشانەی نێوان مسوڵمان و نێوان جولەکە، مەسیحی، زەردەشتی و سابیئی، یان نێوان شیعە و سوننە دابێنێت. هەمیشە زۆرایەتیی ئیسلامیی حوکمڕان لایەنگرانی ئاینەکانی دیکەی بە هاووڵاتی پلەدوو داناوە. زۆرایەتیی سوننە ستەمی مەزهەبیی بەرامبەر بە کەمایەتیی شیعە بە ڕەوا زانیوە. بە پێچەوانەشەوە زۆرایەتیی شیعە ستەمی مەزهەبی بەرامبەر بە کەمایەتیی سوننە کردووە و دەکات. ئەمەیش کولتوور و نەریتێکی تایبەت بە خۆی لە وڵاتانی ئیسلامیدا، لەوانە لە ئێراندا، داهێناوە. کولتوور و نەریتی بە ڕەوادانانی چەوساندنەوەی کەمایەتی و بێباکبوون بەرامبەر تواندنەوە و لەناوبردنی هەر ڕەگەزێکی لەخۆ جیاواز. بۆیە عەدالەتخوازی، لە دەرەوەی عەقڵ و سیستم و دەسەڵاتی ئاینی و مەزهەبیی زۆرایەتییدا، بڕی نەکردووە.

دوای دەرکەوتنی بزاقی ناسیۆنالیستی، لە ناوچەکەدا، ئەم نەریت و کولتورە لە فۆرمی نەتەوەییدا، ستەمی زۆرایەتیی نەتەوەیی بەرامبەر بە کەمایەتیی نەتەوەیی، خۆی هێنایەوە بەرهەم و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

دەوڵەتی ئێران، لە مێژووی خۆیدا، بە هۆی دوو بەهانەی مەزهەبی و ناسیۆنالیستییەوە رەوابوونی لەناوبردنی کوردی (وەک دیاردەیەکی جیاوازی مەزهەبی و نەتەوەیی) بۆ گەلانی دیکەی ئێران سەلماندووە: بەهانەی مەزهەبی بۆ گەلانی شیعە، کە نزیکەی سەدی 85ی خەڵکی ئێرانن ((34)). بەهانەی نەتەوەیی بۆ فارس. ئەمەیش تایبەتمەندییەکی دیکەی شێوەی ستەمی دەوڵەتی ئێرانە بەرامبەر بە کورد، کە نە لە تورکیای عوسمانی و کەمالیزمدا، نە لە دەوڵەتی عەرەبیی سەردەمی ئیمپراتۆریای ئیسلامی و ناسیۆنالیزمدا بەم جۆرە بووە. شۆڤێنیزمی دەوڵەتی ناسیۆنالی ئێران هێشتا نەبۆتە ئەو شێوە ناسیۆنالیزمە بەلەسەیەی، کە وەک کەمالیزم و بەعس، تواندنەوە و جینۆسایدی کورد بکاتە بەشێک لە پرۆژەی ناسیۆنالیستیی خۆی. بەڵام ئەمە ئەنجامی سروشت و خەسڵەتی ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی فارس نییە. چونکە ئەم ئایدۆلۆجیایە، بە رادەیەک ناواقیعی و شۆڤینی و سامناکە، کە دەکرێت چاوەڕێی کاری لەو جۆرەی لێ بکرێت. هەروا پەیوەندیی بە ئایدۆلۆجیای مەزهەبییەوە نییە،

هەواڵنامەی کتێب

چونکە ئیمان و فانەتیزمی مەزهەبی و ناسیۆنالیستی دەرفەتی ئەم کارەی پێ دەدەن. بەڵکو زیاتر ئەنجامی لاوازیی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد و شێوەی فرەنەتەوەیی ئێران و کەمتوانایی ناسیۆنالیزمی فارسە.

لە سەردەمی مەشروتە و سەرەتای رەزاخاندا، ناسیۆنالیزم و بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ئێراندا هێشتا سەری هەڵنەدا بوو. یان هێندە بەهێز نەبوو، کە بە هەمان شێوەی تورکیا، هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی ئێران بکات. دوای روخاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بزاڤەکە تێک شکێندرا و تا ئێستا نەیتوانیوە، بە شێوەی بزاڤێکی جەماوەری، یان بزاڤێکی چەکداری هەڕەشەی راستەوخۆ لە یەکپارچەیی خاک و دەوڵەتی ئێران بکات. رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ستەمی دەوڵەتی ئێران تا ئێستا، وەک تورکیا و دواتریش عێراق، شێوەی کوشتاری بەکۆمەڵ و جینۆسایدی وەرنەگرتووە. بەڵکو لە شێوەی لەناوبردنی کولتووری و رێگەگرتن لە پێشکەوتنی کەسایەتیی نەتەوەیی و تێکدانی ژیانی ئابووری و کولتوورییدا ماوەتەوە.

هەروا ئێران خۆی، وەک تورکیا و عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک نەهاتووە، بەڵکو پاشماوەیەکی ئیمپراتۆریا و مۆزایکێکی نەتەوەییە، کە لە چەند نەتەوە و چەند وڵاتێکی لێکدراو، یان پێکەوە لکێندراو، پێک هاتووە. بۆیە لەناوبردنی بە کۆمەڵی کورد، هەستی مەترسی لای نەتەوەکانی دیکەی وەک ئازەر، بلووچ، تورکمان و عەرەب

دروست دەکات. لەوەیش زیاتر ناسیۆنالیزمی فارس، کە تەنیا مەسەلەی فارس، یان دروستتر بڵێم مەسەلەی ئێلیتی فارسە، نەک مەسەلەی گەلانی دیکەی ئێران، هێشتا لاوازە و نەگەیشتۆتە هەرەتی گوڕوتینی خۆی. هێشتا تەنیا بەشێکی کەمی ئەرکی نەتەوەیی خۆی، بەرامبەر بە نەتەوەی فارس، بەجێ هێناوە. هێشتا بەشێکی وزەی وێرانکارانەی خۆی لە دژی گەلە غەیرەفارسەکانی ئێران، بە تایبەتی کورد، بەکارهێناوە. هێشتا وەک ناسیۆنالیزمی تورک و ناسیۆنالیزمی عەرەبی عێراق و سوریا، رەوتی سروشتیی خۆی بە تەواوی نەبڕیوە. بەڵام دیارە بە پێی دەرفەت لە کوشتاری خەڵکی کوردستان و لە حاشاکردن لە کورد و بە رەوازانینی داپلۆسینی هەر داخوازییەکی نەتەوەیی کورد، چەند بچووک بوو بێت، درێغی نەکردووە. ئەمەیش لە نەریتی سیاسیی ئێراندا نەک هەر مایەی شوورەیی و بەربەریزم نییە، بەڵکو بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و وەک شتێکی لاوەکی، بێباکانە سەیر دەکرێت. یان بۆتە بەشێک لە سیستمی ئایدۆلۆجی و کولتوور و نەریتی سیاسیی باو، کە زۆر تا کەم هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیشی گرتۆتەوە. ئەمەیش راستگۆیی پرۆژە و بیری دیموکرات و لیبراڵ و چەپی ئێران دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چونکە ئەوان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بەرهەمهێنانەوەی هەمان کولتوور و نەریتی سیاسیی باودا بەشداری دەکەن.

* * *

خوێندنەوەی مێژووی سیاسیی مەزهەب (ئایدۆلۆجیا) و دەسەڵاتی پێنج سەد ساڵەی ئێران، دەریدەخات کە ئەم مێژووە، بە پەیوەندی لەگەڵ کورددا، دوو شێوە ئایدۆلۆجیا و دەسەڵاتی هێناوەتە بەرهەم، کە هەردووکیان وەک دوو بەرداش بۆ پلیشانەوەی کورد لە گەڕدابوون: دەسەڵات و ئایدۆلۆجیای مەزهەبیی شیعەگەری، دەسەڵات و ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی فارس و عەجەم. هەردوو دەسەڵات و ئایدۆلۆجیا، بە بەهانەی تایبەتیی فیکری و نیشتمانی (ئێرانی)ی خۆیان، ڕەوایییان بە ستەمی نەتەوەیی و پەلامار و لەناوبردنی کورد داوە: یەکەمیان لەبەر ئەوەی زۆرینەی کورد، لە ڕووی ئایینییەوە، سوننەمەزهەب بووە. دووەمیان جونکە کورد، لە ڕووی نەتەوەیییەوە، هەڕەشەی لە پلانی نەتەوەیی و یەکبوونی خاکی ئێران کردووە. بۆیە ستەمی دەوڵەت وەک شمشێری دووسەرە بووە. ئەمەیش تایبەتمەندییەکی شێوەی ستەمی نەتەوەیی دەوڵەتی ئێرانە بەرامبەر بە کورد.

سەفەوییەکان و قاجارەکان بەهۆی مەزهەبی شیعەگەرییان و بە ناوی شەڕی دژ بە سوننەوە، کوشتارێکی بەربڵاویان لە کوردستاندا نایەوە سەدان هەزار کەسیان کوشت، یان لە کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕاگواست. سەدان گوندی کوردستانیان وێران کرد. ژیانی مادی و ڕۆحیی کوردیان تێک دا و ڕێگەی هەر

جۆرە گەشەکردنێکی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییان لە رووی گەلی کوردستاندا بەست. هەروا گەلێک ناوچەی کوردستانیان بە عەجەم کرد و کێشە و دوژمنایەتییەکی گەورەیان، بە قازانجی دەوڵەتی ناوەندی، لە نێوان کورد و عەجەمدا دروست کرد.

کەچی دەوڵەتی رەزاخان و کوڕەکەی، بە ناوی یەکبوونی خاکی ئێران و یەکبوونی هەویەی میللی ئێرانییەوە، هەمان تاوانی بەرامبەر بە گەلی کوردستان ئەنجام دا- راپەڕینی سمکۆ و کۆماری مەهابادی تێک شکاند و رێگەی گەشەکردنی نەتەوەیی لە کورد بەست. هەروا بە توندی کەوتە دژایەتیی بزاڤی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا[35]. ئەمڕۆش ئێران، کە نیمچە ((ئیمپراتۆریا)) یەکی مەزهەبییە، یان هەڵگری مەزهەبیی ئیمپراتۆریای ئێرانی و خولیای ناسیۆنالیزمی ئیسلامییە، رێبازی مێژوویی ئێران، دژی کورد، درێژە پێ دەدات.

ناکۆکیی نێوان گەلی کوردستان و دەوڵەتی ئێران بەرهەمی مێژووی دوورو درێژی داگیرکردن و ستەمی مەزهەبی و نەتەوەییە. دەسەڵاتی سەدان ساڵەی دەوڵەتی ئێران، وەک دەسەڵاتێکی نامۆ بە کورد، کۆسپی بەردەم هەر جۆرە پێشکەوتنێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی بووە.

بەم پێیە ناکۆکیی نێوان پەیوەندییەکانی ئابووریی فیۆدالی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە کوردستاندا، شێوەی کێشەی نەتەوەیی وەرگرتووە. بە

درێژایی ئەو ماوەیە، شێوەی حوکم لە تاراندا، شتێکی ئەوتۆی لە ماهییەتی ناکۆکییەکە نەگۆڕیوە، بەڵکو تەنیا کاری لە فۆڕم و ڕواڵەتی ناکۆکییەکە و شێوەی خۆنواندنەوەی کردووە. گۆڕانی شێوەی حوکم و دەسەڵات لە داهاتووشدا، دەشێت هەمان پرۆسێس دووبارە بکاتەوە، مەگەر ئاین، یان ناسیۆنالیزم ڕۆڵی سەرەکیی سیاسی لە ئێراندا نەبینین، یان ناکۆکییەکە بە پێی پرینسیپی مافی ئازادیی خۆبڕیاردانی چارەنووس: پێکەوە ژیانی یەکسانانە، یان جیابوونەوە، چارەسەر بکرێت.

ئەگەر فەناتیزمی مەزهەبی و عەقڵییەتی نادیموکراتانە و خولیای ناسیۆنالیستی و تا ڕادەیەک ڕەگەزپەرستانەی ناسیۆنالیزمی فارس – عەجەم لێگەڕێن، ئەوا دەکرێت نزیکی کولتوور و هەندێک لایەنی هاوبەشی مێژوویی بکرێنە زەمینەیەکی پتەو تا کورد و گەلانی دیکەی ئێران پێکەوە یەکسان و هاوبەش، یان وەک هاوسێ بژین.

بەڵام ئایا زۆرایەتیی زاڵ و سەردەست دەتوانێت لە زمانی کەمایەتیی ژێردەست بگات؟ ئایا دەتوانێت دەستبەرداری نەریتی سیاسی و کولتووری نێگەتیڤی سەدان ساڵەی خۆی بێت و باوەڕ بە مافی یەکسانی و بەرامبەریی خۆی و گەلانی ژێردەستی بهێنێت؟

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


1. دکتر عبدالحسین زرین کوب، دوو قرن سکوت،




هەواڵنامەی کتێب

سرگزشت حوادث وأوضاع تأريخی ايران در دوو قرن أول أسلام، چاپ ششم، انتشارات نويد (ألمان غربی) 1368، ص38، 71.

2. مرتضی راوندی، تأريخ اجتماعی ايران، حيات اقتصادی مردم ايرانيان از اغاز تا ايمروز، چاپ دوم، چاپخانه كتيبه، 1364، ص51

3. لەوانە: شۆڕشی بابەكييەكان 817–838 ، بە رابەريی بابەكی خەرمی لە ئازەربايجان. شۆڕشی ئەبو موسليم لە خوڕاسان. حەسەنی كوڕی زەيدی عەلەوی، كە دەوڵەتی عەلەوی لە تەبەرستان دامەزراند. دەوڵەتی سەفاری لە تەبەرستان، ساڵی 868–904 دەوڵەتی تاهيريان‌و راپەڕينی قەرامیتە دژی عەباسييەكان، كە بە قسەی مێژوونووسی عەباسی، ئەلتەبەريری، لە تأريخ الأمم و ألملوك، جلدی 8 دا: دەنووسێت: ڕەشە خەڵک و كورد و عەجەمی پڕوپووچ و عەرەبی پڕوپووچ بەشدارييان تێدا كردبوو)). سەرەڕای چەندان ناوەندی دەسەڵات و شۆڕش و راپەڕينی دیكە. بۆ زياتر بڕوانە:

– د. محمود اسماعيل، الحركات السريه فی الأسلام، كتاب روز اليوسف، مصر 1973

– بندلی جوزی، من تأريخ الحركات الفكريه فی الأسلام، ط3، دار الجليل، 1982

– حسين مروه، النزاعات الماديه فی الفسلفه العربيه الأسلاميه، الجزء الثانی، دار الفارابی، بيروت 1979

4. حسین مروه، سەرچاوەی پێشوو، لا12
5. (الجاو) حیله شەرعێک بوو، کە بە هۆیەوە موڵکدارە گەورەکان، بۆ خۆرزگارکردن لە ستەمی کاربەدەستان، کە لە کاتی خەراجدا لێیان دەکرا، پەنایان بۆ دەبرد. لەم رێگەیەوە زەوییەکانی خۆیان دەخستە سەر ناوی یەکێک لە خزم و نزیکانی خەلیفەی ئومەوی، یان کاربەدەستێکی گەورەی دەوڵەت. بەڵام لە ئەنجامدا موڵکەکانیان لە دەست دەچوو، بۆ نموونە: لە سەردەمی خەلافەتی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکدا خەڵکی (سواد) هەموو زەوییەکانی خۆیان بە ناوی مسلمەی کوڕی عەبدولمەلیک، برای خەلیفەوە تۆمار کرد، کە دواتر هەمووی بوو بە موڵکی کوڕ و نەوەکانی مسلمە. کاتێک خەلافەتی عەباسی هات، زەوییەکان بوونە موڵکی خەلافەت. ئەو سەردەمەی مەروان کوڕی محەمەد والی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بوو. خەڵکی مەراغا زەویوزاری خۆیان بەناوی مەروانەوە تۆمار کرد. کە دواتر بوون بە موڵکی مەروان. لە سەردەمی عەباسییەکاندا ئەم ساختەکارییە هەر بەردەوام بوو. خەڵکی زنجان ناچار بوون زەوییەکانی خۆیان بەناوی قاسمی کوڕی هاروونە رەشیدەوە تۆمار بکەن، کە بەرەبەرە بوون بە موڵکی خەلافەت. بڕوانە:
- دکتر عبدالحسین زرین کوب، دو قرن در سکوت، سەرچاوەی پێشوو، لا362
6. بندلی جوزی، مصدر سابق ص92

هەواڵنامەی کتێب

7. ابن خلدون، المقدمه، لا 286 –285، دکتر عبدالحسین زرین کوب، سەرچاوەی پێشوو، لا116

8. Michael Norberg, Asiens historia Från forntiden till 1914, Natur och Kultur, Stockholm1971, S.108-109

9. شیعە، یان شیعەگەری، مەزهەبێکی سەرەکییە لە ئاینی ئیسلامدا. لە سەردەمی ئومەوییەکاندا دەرکەوت و بە لایەنگرانی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەگوترا. چونکە شیعەکان پێیان وابوو کە عەلی، لە لایەن خوداوە، بە خەلیفەی موسوڵمانان هەڵبژێردراوە، بەڵام ئەبوبەکر و عومەر بە زۆر ناچاریان کردووە واز لەو کارە بێنێت. ئەم مەزهەبە کۆمەڵێک ڕێبازی فیکری و فەلسەفی و سیاسیی جیاواز و پێک ناکۆکی لێ کەوتەوە کە گرنگترینیان زەیدییەکان، شیعەی ئیسماعیلییە کە لە ساڵانی 961–1171 دەوڵەتی فاتمییەکانیان لە میسر دامەزراند و شیعەی دوازدە ئیمام، کە بە فراوانی لە ئێراندا بڵاو بۆوە. شیعەی دوازدە ئیمام لەو باوەڕەدان کە ئیمامەتی پلەیەکی خودایییە و دەبێت موسوڵمانان بە تەواوی گوێڕایەڵی ئیمام بکەن. ئیمام لە جیاتی پێغەمبەر، تا هاتنەوەی ئیمامی دوانزەیەم (محەمەد بن حەسەن ئەلمەهدی) کە لە دۆخێکی سەختدا دیار نەما، ڕابەری ئاین و دنیا و ڕێنیشاندەری مسوڵمانان دەبێت. مانای نادیار (باطن)ی تێکستە ئاینییەکان بۆ خەڵک لێک دەداتەوە. شیعەکان لەو باوەڕەدان کە خەلافەتی ئیسلامی دەبوو لە بنەماڵەی عەلی (حەسەن، حوسێن و کوڕ و

نـــەوەکانیان) بوایـــە. شـــیعەکان بـــە درێژایـــی مێژوویـــان بەرهەڵستکاری توندی خەلافەتەکانی ئیسلام بوون. بۆیە بەردەوام ستەمیان بەرامبەر کراوە. دوای کوژرانی حوسێن روویـان لـە کـاری نهێنـی کـرد. بزاڤـەکانیان نـاوەرۆکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت، وەک د. حوسێن مـردووە دەڵێـت، چینایەتیشـیان بـە خۆیانـەوە گرتبـوو. هەمیشـە حوکمڕانانی سوننەمەزهەبی ئیسلامی، بە توندی پەلاماری ئەم بزاڤـەیان داوە و کوشـتاری بە کۆمـەڵیان لـێ کـردوون.
بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

- احمـد کسـروی، بهـائیگری شـیعیگری صـوفیگری، انتشارات نوید 1989، ص121- 232
- علـی الشـابی، الشـیعە فـی ایـران، الجامعـە التونسـیە، 1980.
- حسـین مـروە، النزعـات المادیـە فـی الفلسـفە العربیـە الأسلامیە.

10. احمد رناسی، جنبشهای انقلابی ایران، ساربروکن، المان غربی، 1366، ص46

11. بـۆ نموونـە لـەو لایەنـە لێکچووانـەی کـە لـە نێوان شـیعەگەری و کولتـووری ساسـانیدا هـەن و بـە کولتـووری عـەرەب و ئیسـلامی رەسـمی نـامۆ بـوون: کـاری نهێنیـی رێکخستن و (التقیە) واتا شاردنەوەی بیر و مـەرام لـە دڵدا. مەسـەلەی (الوصـیە)، کـە ئیمـام پـێش مردنـی کەسـێک بـە جێگری خۆی دادەنێت تا لـە سـەر ئەوە نـاکۆکی نەکەوێتە

هەواڵنامەی کتێب

نێوان شیعەکانەوە. ئەم دیاریکردنە نەریتێکی حوکمڕانی ساسانەکان بوو. عەرەبەکان، تا سەردەمی ئومەوییەکان، کە حوکمڕانی کرایە ویراسی، بە هەڵبژاردن (الشوری) ئەم کارەیان دەرکرد. بیری هاتنەوەی مەهدی بە بەرهەمی خەیاڵی فارسەکان دادەندرێت. هەروا بیری (التئویل الباطنی) واتە مانای نادیاری شتەکان، ریشەی بۆ ئاینی مانی دەگەڕێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

د. محمود اسماعیل، الحرکات السریه فی الأسلام، کتاب روز الیوسف، مصر 1973 ص99-96

12. سالح محەمەد ئەمین (نەشیروان مستەفا ئەمین) کورد و عەجەم: مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران، چاپی یەکەم، 1992 لا، 35

ئەم کتێبە سەرنج بۆ مەترسییەکی گەورەی داهاتوو رادەکێشێت، کە پەیوەندیی بە کێشەی نێوان کورد و ئازەرەوە هەیە. چونکە سەرەڕای شوێنەواری رووداوەکانی رابردوو، بەشێکی گەورەی کوردستانی رۆژهەڵات، لە رووی ئیدارییەوە خراوەتە سەر ئازەربایجان و دەشێت لە داهاتوودا ئازەرەکان بە بەشێک لە خاک و وڵاتی خۆیانی دابنێن. تەنانەت لە سەردەمی کۆماری مەهاباد و ئازەربایجاندا، ئازەرەکان، لای بەرپرسانی سۆڤیەت، پێیان دادەگرت کە (ناوچە کوردییەکانی باکووری رۆژئاوای ئێران هەر لە کۆنەوە هی ئازەرەکان بووە) بڕوانە: ئەفراسیاو هەورامی هەندێ بەڵگە و بۆچوون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف،

له رووسییەوە کردوویە بە کوردی، رابوون، ژمارە 23ی 1992
تاقیکردنەوەی سۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیا دەریان خست کە ئەم جۆرە دابەشکردنە ئیدارییە نامەسئولە، دوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی فرەنەتەوەیی و فیدرالی، دەشێت کێشەیەکی خوێناویی لاوەکی لە نێوان نەتەوە هاوسنوورەکاندا بنێتەوە.

13. Michael Norberg, Asiens historia forntiden till 1914, Natur och Kul- tur, Stocholm, S.114-115

14. د. کمال مظهر احمد، دراسات فی تأريخ ايران الحديث و المعاصر، بغداد، 1985، ص107.

15. احمد رناسی، سەرچاوەی پێشوو، لا 200

16. Abrahamian, E.(1982) , Iran Bettween Two Revolution, (Princeton: Priceton University press), P. 142

(ئەمە لەو سەرچاوەیە راگوێزراوە کە لە پەراوێزی ژمارە هەژدەدا هاتووە)

17. دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، وەرگێڕ عبدوڵلا حسن زادە، بنکەی پێشەوا 1973 لا 87

18. Borhanedin A. Yasin, Vision or Reality, The Kurds in the Policy of the Great Powers, 1941-1947, P.56

19. لەوانە (راپەڕینی گەیلان (انقلاب گیلان)ی ساڵی 1920–1921 بە رابەری میرزا کوچک خان. راپەڕینی ئازەربایجان بە رابەری محەمەد خیابانی. راپەڕینی خوڕاسان بە رابەری محەمەد تەقی خان. راپەڕینی

هەورامان کتێب

خوزستان بە رابەری شێخ غەزعەل. راپەڕینی کوردستان بە رابەری سمکۆ. سەرەڕای خۆپێشاندانی بەردەوامی شەقامەکان و هەڕەشەی بزاڤی چەپەکان، کە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا، ئەم بزاڤە بەهێزتر بوو بوو).

20. نۆرمەن، سەفیری ئەو کاتەی بەریتانیا بە وردی باسی ئەوە دەکاتن کە چۆن ئەوان، لە ساڵی 1921دا، کۆدێتای رەزاخان و زیائەدین تەباتەباییان رێکخست و بۆچی ئەوان دواتر کۆمەکیان بە رەزاخان کرد. بۆ زیاتر بڕوانە:

Documents on British Foreing Policy, 1919-1939, First Series, Vol.Xlll, PP. 731-732

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا 174–116

21. د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا 187

22. بۆ نموونە رۆڵی رابەرایەتیی ئیمام حەسەن ئەلشیرازی لە بزاڤی تنباک (تووتن)دا. رۆڵی رابەرایەتیی ئیمام کازم ئەلخوراسانی لە بزاڤی مەشروتەدا. رۆڵی رابەرایەتیی ئیمام ئەبو ئەلقاسم ئەلکاشانی لە بزاڤی خۆماڵیکردنی نەوتدا.

بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: هادی العلوی، فصول من تأريخ الاسلام السياسی، مركز الدراسات الاشتراكيه فی العالم العربی، 1995 ص 540–440

هەواڵنامەی کتێب

23. هادی العلوی، مصدر سابق، ص 442

24. Bo Utas, Islam som politisk faktor i dagens Iran och Afganistan, Islams mangfald, Svenska Afgaska Kommitetten, 1991, s. 226-227

25. لوتسکی، تأریخ الأقطار العربیه الحدیث، دار التقدم، موسکو 1984 ص152–148

هەروا لە بارەی ژمارەی ئەو خوێندنگا و قوتابخانانەی لە باشووری کوردستاندا هەبوون، بڕوانە: رەفیق سابیر، گەشەکردنی بیری رۆشنگەری و سیاسی لە کوردستاندا 1914–1989، رێگای ئاشتی و سۆسیالیزم، ژمارە 13ی ساڵی 1988

26. دکتۆر کەمال مەزهەر، ((تێگەیشتنی راستی)) و شوێنی لە رۆژنامەی کوردیدا، بەغدا، 1978، لا. 57–58

27. سەبارەت بە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، لەم بەشەی کوردستاندا، رای جیاواز هەیە. عەزیزی شەمزینی و د.قاسملو و..تاد راپەڕینی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری بە سەرەتای ناسیۆنالیزم، لە کوردستانی بندەستی ئێران، دادەنێن. کەچی عەباسی وەلی کۆمەڵەی ژێکاف بە سەرەتای ناسیۆنالیزم دەزانێت.

ئەم رایە جیاوازانەیش شتێکی سەیر نییە. چونکە لە ئەورووپاشدا، کە سەرچاوەی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمە، رای جۆراوجۆر و لێک جیاواز سەبارەت بە پێناسەی ناسیۆنالیزم و شێوە و کاتی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم هەیە.

(بڕوانە بەشی دووەمی ئەم کتێبە).

ڕەنگە ئەوە زۆر گرینگ نەبێت کە کەسێک چۆن، لە دید و تێگەیشتنی خۆیەوە، پێناسەی دیاردەیەک دەکات و چ ناوێکی لێ دەنێت، بەڵکو لەوە گرینگتر ماهییەتی خودی دیاردەکە و هۆکارەکانی دەرکەوتنی دیاردەکەن، وەک شتێکی ئۆبجێکتیڤی. دید و تێڕوانینی ئێمە، بۆ هەر دیاردە و ڕووداوێک، تەنیا شتێکی سوبجێکتیڤییە، کە مەرج نییە هەقیقیەت و خاسییەتەکانی دیاردە و ڕووداوەکە، وەک شتێکی ئۆبجێکتیڤی، بە تەواوی دەربخات، بۆیە هەر دیاردەیەکی لەم جۆرە، بە چەندان شێوەی جۆربەجۆر پێناسە کراوە. مەسەلەکە تەنیا پەیوەندیی بە ماهییەت و سروشتی دیاردەکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەوەشەوە کە چۆن و لەکام دیدەوە و بەکام مەبەست و میتۆد و ...تاد دیاردەکە وەسف دەکرێت.

28. مرۆڤ کاتێک ڕۆژنامەکانی حکومەتی شێخ مەحموود دەخوێنێتەوە، کە ئەو دەستە ڕووناکبیرانە بەڕێوەیان دەبرد، لە چاو ئەو سەردەمەدا، ئاستێکی ئەوتۆی پێگەیشتنی سیاسیی و بیرێکی ڕوونی ئەوتۆی ناسیۆنالیزم بەدی دەکات، کە نە لە شۆڕش یان بزاڤی چەکداری ئەیلوول و نە لە حکومەتی هەرێمی ئێستای باشووری کوردستاندا بەدی نەدەکران و ناکرێن.

ئەم دیاردەیە. بەنیسبەت سەردەمی کۆماری مەهاباد و بزاڤی ئێستای کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا ڕاستە.

ئەمەیش نیشانەیەکی تێشکانی ناسیۆنالیزمە لە باشووری کوردستان.

29. کەچی لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆ، بەردەوام کۆمەڵێک وەزیری کورد، لە دەوڵەتی عێراقدا بەشدار بوون. دیارە ئەمە هەر لە بەر ئەوە نەبووە کە کورد، دوای عەرەب، دووەمین نەتەوەی عێراقە، بەڵکو ئەمەیش هەر لەبەر هۆکاری مەزهەبییە. چونکە، لە عێراقیدا، هەمیشە دەسەڵات بەدەست کەمایەتیی عەرەبی سونیمەزهەبەوە بووە و ئەمان لە بەرامبەر شیعەکاندا سودیان لە سونیبوونی کورد وەرگرتووە، وەک لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا باسی دەکەین.

30. دواتریش بزاڤی نەتەوەیی، لە کوردستانی بندەستی ئێراندا، لە ناو خوێندکارانی ناوەندە ئایینییەکان و مەلاکاندا، بەهێز بووە. سروشتیی سونەمەزهەبیی ئەو مەلایانە، ڕێگەی ئەوەی نەداوە کە لە ناو سیستمی ئایینیی-شیعەدا جێگایان ببێتەوە. ڕەنگە ڕۆڵی سیاسیی مەلا شیعەکانی ئێران، هەروا ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی پێکەوە، هاندەر بووبن تا مەلاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم جۆرە بەرچاوە بەشداری لە بزاڤی نەتەوەییدا بکەن.

31. د.عبدالرحمن قاسملۆ، کوردستان و کورد، لا98

32. بۆ زیاتر لە بارەی کۆماری کوردستان و ڕۆڵی سۆڤیەت، بڕوانە:

نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کووردستان

کورد لە گەمەی سۆڤیێتدا، چاپی یەکەم 1993

Borhanedin A.Yasssin, Vision or Reality,1995–

–د.عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد 1973

33. مێژووی میرنشینی گەلێک نموونەی لەم جۆرەی تێدایە، کە لام وایە، رەفتاری هەندێک لە میرەکانی بابان، بە تایبەتی لەسەردەمی جووتە برا سلێمان پاشا و مەحموود پاشادا، لە هەموویان شەرمهێنەرانەترە. ئەمانە لەسەر کێشەی دەسەڵات پەنایان بۆ تورک و عەجەم برد و وەک مێژوونووسی سەدەی نۆزدەیەم عەبدولقادری رۆستەمی بابان باس دەکات، لە ماوەی چوار ساڵدا، یەکێکیان بە یارمەتی لەشکری عوسمانی و ئەوی تریان بە یارمەتی لەشکری ئێرانی، شەش جار بە نۆرە بەسەر وڵاتی باباندا زاڵ بوون و وڵات لە دەستدرێژیی ئەوان تووشی وێرانی و چارەڕەشی بوو. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

عبدالقادر ابن رستم بابانی، تاریخ وجغرافیای کردستان مرسوم بە سیر الاکراد، بکوشش محمد رئوف توکلی، چاپخانەی ارژنگ 1366 یان چاپی کوردی: رەوشی کوردان، وەرگێڕانی کەریمی حیسامی. سوێد 1991

34. Bo Utas, lslam som politisk faktor i dagens Iran och Afganistan, S.223

35. ئێران بە مەبەستی لێدانی بزاڤی کورد، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، کۆمەڵێک رێکەوتن و پەیماننامەی لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بەست. بۆ

نموونـــه: پەیماننامـــەی دۆســـتایەتی و پاراســـتنی ئاســـاییش (1926) لە نێوان ئێران و تورکیـادا، ڕێکەتننامـەی سـنووریی نێوان ئێـران و تورکیا (1923)، پەیماننامـەی سـەعدئاباد لـە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و ئەفغانستان. (1937) بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

د. جـــەبار قـــادر، هاوکـــاریی دەوڵـــەتانی داگیرکـــەری کوردستان دژی گەلی کورد، رابوون، ژ. 16، 1996 سوێد.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی چوارەم

## تورکیا: ناسیۆنالیزمی عەسکەری

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسی رەچەڵەکی خێڵە بەدوو و رەوەندەکانی تورک کرا، کە بە لێشاو، لە بیابانەکانی ئاسیای ناوەڕاستەوە، روویان لە ناوچەکە کرد. بە زەبری شەڕ و کوشتار دەستیان بەسەر خاکی خەڵکی دیکەدا گرت و تیایدا نیشتەجێ بوون.

تورکە عوسمانییەکان، بەشێکی ئەو خێڵە بەدوو و رەوەندە تورکزمانانە بوون کە دواتر، لە کۆتایی سەدەی سێزدەیەمدا، لە سایەی تورکە سەلجوقییەکاندا، لە رۆژئاوای ئەنادۆڵدا، نیشتەجێبوون. لە ئەنجامی فیدراسیۆنێکی عەشیرەتی-عەسکەری نێوانیاندا دەوڵەتێکی بچوکیان دامەزراند. دوای مردنی دامەزرێنەری دەوڵەتەکە، عوسمانی یەکەم، بە ناوی دەوڵەتی عوسمانی ناسرا.

عوسمانییەکان سودێکی زۆریان لە سەلجوقییەکان وەرگرت، کە پێشتر دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزراندبوو. سەلجوقییەکان هەم ئەوانیان داڵدە دا، هەم دەوڵەتی بیزەنتییان بە رادەیەک لاواز کرد، کە عوسمانییەکان توانییان بە خێرایی چەندان ناوچەیان لە دەست دەربێنن و خۆیان تیایدا نیشتەجێ ببن.

تورکەکان، کە کۆمەڵە خێڵێکی شەڕانی و دەستوەشێن بوون، هەر زوو، بە هۆی گردبوونەوەی چڕی دەسەڵات و توندوتیژی و پەلامار و نەریتی شەڕکەرانەیان، دەسەڵاتیان زیادی کرد. لاوازبوونی دەوڵەتی بیزەنتی و دواتر لاوازبوون و نەمانی دەوڵەتی سەلجوقییەکان، بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵاتی لە ناوچەکەدا دروست کرد، کە عوسمانییەکان توانییان پڕی بکەنەوە.

بەم کارەش عوسمانییەکان بوونە زلهێزێکی ناوچەکە و تا کۆتایی سەدەی پازدەیەم ناوچەی بەڵکانیان گرت. هەروا بیزەنتییەکانیان لە هەموو ناوچەکانی ئاسیای بچووک دەرکرد. لە ساڵی 1360 دا شاری ئەدرییانۆپۆل (ئەدرینێی ئێستا) یان کردە پایتەختی خۆیان. دواتر لە ساڵی 1453 شاری کوستەنتینییەیان گرت و کردیانە پایتەختی خۆیان. ئیتر وەک زلهێزێکی ناوچەکە، مەترسییەکی گەورەیان بۆ ئەوروپا دروست کرد [(1)].

هەواڵنامەو کتێب

نەمانی دەوڵەتی عەرەبیی عەباسی و لاوازبوونی دەسەڵاتی مەغۆلەکان لە ئاسیای بچووکدا، دەرفەتی بۆ تورکە عوسمانییەکان رەخساند، تا دەست بەسەر خەلافەتی ئیسلامیدا بگرن و خۆیان بکەنە ناوەندی رەسمیی خەلافەتی ئیسلامی. ئەوان، کە تەنانەت لە زمانی قورئان و لە فەرموودەکانی پێغەمبەر نەدەگەیشتن، بوون بە هەڵگری پەیامی ئیسلام و پارێزەری ئاینیی ئیسلام. دواتریش بە

ناوی ئیسلامەوە و بە سوود وەرگرتن لە توانای ئیمپراتۆریای ئیسلامی، درێژەیان بە پیشە و هۆبی (Hobby هوایە)ی کوشتن و تالان و وێرانکردن دا. تورکە عوسمانییەکان، تا سەرەتای سەدەی شازدەیەم، گەیشتنە لوتکەی پەلهاویشتن و توانییان یۆنان، بولگارستان، سێربیا، رۆمانیا، بەشێکی مەجەرستان، ئەلبانیا، زۆربەی وڵاتانی عەرەب، ئەرمەنستان، بەشێکی فراوانی گورجستان، مێسۆپۆتامیا و کوردستان داگیر بکەن.

بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ئیمپراتۆریای عوسمانی رووی لە داهێزان کرد. دەوڵەت بەسەر ناوچە فراوانەکانی ئیمپراتۆریادا رانەدەگەیشت. دەوڵەتی عوسمانی نازناوی (پیاوە نەخۆشەکەی ئەوروپا) بەسەردا برا.

ئەو سەردەمە سەرمایەی ئەوروپایی بە رادەیەکی فراوان خۆی خزاند بووە نێو ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە و راستەوخۆ کاری لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی کردبووە. خەلیفەکانی عوسمانی لەژێر فشاری قەرز و وابەستەیی ئابووری و سیاسیی، بە دەوڵەتانی سەرمایەداریی ئەوروپاییەوە، ناچار کرابوون، بە پێی هەندێک رێکەتننامە، کۆمەڵێک ئیمتیازاتی ئابووری و یاسایی، لە هەرێمەکانی ئیمپراتۆیادا، بە کۆمپانیا ئابوورییە بیانییەکان بدەن. بە کورتی وڵاتانی سەرمایەداری، بە رادەیەک دەستیان خستبووە ناو کاروباری ئیمپراتۆریای

عوسمانییەوە، کە سەربەخۆییەکی ئەوتۆیان بۆ نەهێشتبۆوە و ئەم وڵاتە زیاتر لە نیمچە کۆلۆنیایەک دەچوو. دەزگاکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی وەک باجگرێکیان لێ هاتبوو، کە خەڵکیان دەڕووتاندەوە تا قەرزی وڵاتانی سەرمایەداریی بدەنەوە((2)).

لە سەرێکی دیکەوە بیری ناسیۆنالیستی و خەباتی رزگاربوون لە دەسەڵاتی عوسمانی، لەناو گەلانی بەلکاندا بەهێز بوو بوو. لە سەدەی نۆزدەیەمەوە گەلانی گریک، سێرب، رۆمانی و بولگاری...تاد بە نۆرە خۆیان لە کۆیلایەتیی عوسمانی ئازاد کرد. شەڕی نێوان روسیا و عوسمانی (1878) دەوڵەتی عوسمانی بە تەواوی لاواز و زەبوون کرد. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئیمپراتۆریای عوسمانی هەڵوەشێنرایەوە و زۆربەی گەلانی ژێردەستی عوسمانی رزگار بوون.

تورکە عوسمانییەکان نزیکەی 500 ساڵ ئەو گەلانەیان کۆیلە و ژێردەست کرد. بەڵام تورکەکان، وەک نەتەوەیەکی دواکەوتووی دوور لە شارستانەتی، نەیانتوانی هیچ کام لە نەتەوە ژێردەستەکانی خۆیان بتوێننەوە و بیانکەن بە تورک. زمانی تورکی شاکاری ئەوتۆی ئەدەبی و کولتووریی پێ نەنووسرا بوو تا بتوانێت، لەرێی کۆلۆنیالکردنی کولتوورییەوە، نەتەوەکانی بندەستی بتوێنێتەوە. هەروا تا سەدەی نۆزدەیەم، لە دەربارەی سوڵتاندا، زمانی عەرەبی بۆ کاروباری رەسمی و فارسی

وەک زمانی شیعر خۆیان سەپاند بوو.

لەوەیش سەیرتر تورک، وەک نەتەوەیەکی نامۆ بە شارستانەتی، نەیتوانی لە شارستانەتیی گەلە ژێر دەستەکانی خۆی (گریک، ئەرمەن، گورجی، عەرەب، بولگار، سێرب، ئاسووری، کورد...تاد) سوودێکی ئەوتۆ وەربگرێت و بە هۆیانەوە، شارستانەتییەکی پێشکەوتوو بۆ خۆی دابمەزرێنێت.

کاتێک نەتەوەیەکی دواکەوتووی دوور لە شارستانەتی، نەتەوەیەکی پێشکەوتووی خاوەن شارستانەتی ژێردەست دەکات، نەتەوە دواکەوتووە داگیرکەرەکە، وەک مارکس دەڵێت، دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی شارستانەتی و کولتووری پێشکەوتووی نەتەوە ژێردەستەکە. کەچی تورک، وەک نەتەوەیەکی شەڕکەر و نامۆ بە شارستانەتی، سوودی زۆریان لە شارستانەتی و کولتووری ئەو نەتەوانە وەرنەگرت. تورکەکان زیاتر سەرقاڵی توندوتیژی و تاڵان و کۆیلەگرتن و ژنزەوتکردن بوون. تا توانیان شارستانەتی و ژیانی مادی و ڕۆحیی ئەو گەلانەیان وێران کرد.

هەواڵنامەی کتێب

کاتێک تورکەکان وڵاتێکیان داگیر دەکرد، پێش هەموو شتێک، پەلاماری دەستەی خوێندەوار و روناکبیرانی ئەو وڵاتەیان دەدا. قوتابخانە و ناوەندە رۆشبیرییەکانیان دادەخستن، یان وێرانیان دەکردن. سەردەمی کۆیلایەتیی تورک (وەک زۆربەی ئەو نەتەوانە خۆیان ناوی دەبەن)

تاریکترین و نەزۆکترین سەردەمە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو نەتەوانەدا.

وڵاتە کۆلۆنیالییە کلاسیکییەکان لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی کۆلۆنیالکراویان تاڵان دەکرد و دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بە سەردا دەسەپاندن. بەڵام دوای خۆیان هەندێک دیاردەی شارستانەتی و کولتوورییان، بۆ وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکان بەجێ هێشت. بۆ نموونە زۆربەی ئەو وڵاتانەی بندەستی کۆلۆنیالیزمی فرەنسایی و بریتانی بوون، لە مانەوە سیستمی خوێندن، یاسا، تەندروستی، هاتوچۆ، زانکۆ و دەیان دەزگای ئابووری و بەڕێوەبردنیان بۆ بەجێما. دواتر ئەم سیستم و دەزگایانە، بە کەمێک دەستکاری و ریفۆرمەوە، بوونە بەشێک لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە. هەروا رووناکبیرانی ئەو نەتەوە ژێردەستانە، لە رێگەی زمان و کولتووری داگیرکەرانیانەوە، بە زۆر لایەنی شارستانەتی و کولتووری و سیاسیی نەتەوە داگیرکەرەکانیان ئاشنابوون و کولتووری خۆیان پێ دەوڵەمەند کرد.

کەچی تورک پاش نزیکەی 500 ساڵ داگیرکردن دوای خۆی یادگاری تیرۆر و قامچی و رەشەکوژی لە وڵاتانی بندەستیدا بەجێ هێشت. تا ئەمڕۆش خەڵکی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، کە ناوی تورک دەبیستن، جگە لەم یادگارە ((شارستانەتییەی)) تورک شتێکی دیکەیان بە بیردا نایەت.

# II

شەڕی یەکەمی جیهانی بە روخاندن و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆیریای عوسمانی، دوایی هات. زۆربەی گەلە بندەستەکانی ئیمپراتۆریا ئازاد بوون.

وڵاتانی هاوپەیمان، کە لە شەڕەکەدا سەرکەوتن، بە بەرچاوی تورکیای دۆڕاوەوە، تەواوی میراتی ئیمپراتۆریای عوسمانییان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد. لە پەیماننامەی سیڤەردا، تەنانەت،باکووری کوردستانیش بۆ تورک نەهێڵرایەوە.

بەڵام لەناوچوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی و تێکشکانی عەسکەری و سیاسیی تورک، نەیانتوانی گیانی شەڕخوازی و مەزنخوازی و رەوتی کۆلۆنیالی تورک بنەبڕ بکەن، هەروەک چۆن نەیان توانی، هەمان رەوت و گیان، لە لای ئەڵمانیای هاوپەیمانی تورکیا و دۆڕاو لە هەمان شەڕدا، لەناو ببەن. لە ئەنجامدا لە تورکیادا بزاڤی نەتەوەیی پانتۆرانیزم، کە بەرهەمی کولتووری نێگەتیڤی تورک بوو، تەشەنەی کرد و شەڕخوازانە خۆی دەرخەست. ئەو بزاڤە کەمال ئەتاتورکی هێنایە بەرهەم، کە لە ساڵی 1920 بە دواوە بوو بە سەرکردەی پان تۆرانیستەکان و دواتر بزاڤەکەش بە کەمالیزم ناسرا.

کـــەچی کولتـــووری نێگـــەتیڤی ئـــەڵمان و مێـــژووی کۆلۆنیـــالیزمی ئـــەڵمان نـــازیزم (ناســـیۆناڵ-سۆســـیالیزم) و فاشـیزم و هیتلـەری هێنایـە بەرهـەم، کـە لـە سـاڵی 1921دا دوو ساڵ دوای دامەزراندنی پارتی ناسیۆنال سۆسیالیستی کرێکاری ئەڵمانیا NSDAP بوو بەڕابەری پارتەکە[(3)].

ئەم بەراوردە، ئەگەر بە جۆرێکی ئەبستراکت (مجرد) و دابـڕاو لـە بـارودۆخی مێژوویـی و نەتـەوەیی و ئـابووری و خۆی تەماشـا بکرێت، ڕەنگە بەراوردێکی سـەیر بێت. بۆیە دەبێت هەردوو دیاردەکە، پان تۆرانیزم (کەمالیزم) و نازیزم لـــە چوارچێـــوەی نەتـــەوەیی و مێژوویـــی و جیـــۆگرافی و دەرەتانی ئابووریی هەرکام لەو وڵاتانەدا سەرنج بدرێن.

پـان تـۆرانیزم لـە وڵاتێکـی وێـران، لـەناو نەتەوەیـەکی دواکـەوتوودا، سـەری هەڵـدا بـە مەبەسـتی بـە تـوورکردنی ئیمپراتۆریای عوسمانی و تواندنەوەی ئەو نەتەوانەی، کە تـا سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، لـەژێر دەسـتی ئیمپراتۆریـای عوسمانیدا مابوونەوە. پێش  شـەڕی یەکـەمی جیهـانی و لـە کاتی شـەڕی بەلکاندا 1912-1913 تورکیا، گـەلێک لـە وڵاتـە کۆلۆنیالکراوەکـانی خـۆی، تـەواوی وڵاتـانی ئـەورووپا و بەشـێک لـە وڵاتـانی عـەرەبی، لـە دەسـت دابـوون. لـە کـاتی یەکەمین شەڕی جیهانیدا، بە تایبەتی دوای تێشکانی تورکیا لەو شەڕەدا، پانتۆرانیزم وەک کاردانەوەیەکی ئەو تێشکان و سـوکایەتییە نەتەوەییـەی کـە تـورک، بـۆ یەکـەمین جـار لـە مێـژووی نزیکـەی 500 سـاڵی خۆیـدا، بەسـەریدا هـاتبوو،

هەواڵنامەی کتێب

ڕەوتێکی توندتر و ڕەگەزپەرستانەتر و تیرۆریستانەتری بەخۆ گرت. بەڵام وزەی ئابووری و مرۆیی تورک و گیانی تۆڵەستاندنەوەیان، هەر هێندە بڕیان کرد کە پان تۆرانیزم، لە سنووری تورکیادا، خۆی بسەپێنێت و نەتوانێت، وەک نازیزم، سنووری جیۆگرافیی خۆی ببەزێنێت. چونکە تورک وەک ئەڵمان لە ئاستێکی بەرزی کولتووری و پێشکەوتنی ئابووری و پیشەسازیدا نەبوو، تا بە توانا و هێزی نەتەوەیی خۆی ئیمپراتۆریایەکی مەزنی دامەزراندبێت.

تورک لە ڕێگەی زەوتکردنی خەلافەتی ئیسلامی و بە سوودوەرگرتن لە وزە و تواتای ئابووری، مرۆیی و عەسکەریی نەتەوە غەیرەتورکەکانی نێو ئیمپراتۆریای عوسمانی، توانی ببێتە زلهێزێکی جیهانی و پەل بۆ وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بهاوێت. هەروا بنەما ئابوورییەکەی، لە بنەڕەتدا لە دەستکەوت و ئابووریی خەراج و تاڵانکردنی هەرێمە ژێر دەستەکانی عوسمانییەوە، سەرچاوەی گرتبوو، نەک لەسەر بنەمای ئابووریی پیشەسازی (سەنعەت) و بەرهەمهێنان.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کاتێک نەتەوە غەیرە تورکەکانی نێو ئیمپراتۆریای عوسمانی (جگە لە بەشێکی کورد و ئەرمەن) لە تورک دابڕان، سەرچاوەی مەزنی هێزی مرۆیی و داهاتی ئابووری و تاڵان و غەنیمەت، وشک بوو. ئیدی تورک خۆی و شمشێرەکەی و توانای ئابوورییەکەی مانەوە. بۆیە کاردانەوەی تۆڵەستێنەرانەی

تورک و کەمالیزم، لە بەرامبەر ئەو شکستە گەورەیەدا، لە سنووری تورکیادا مایەوە. کەچی ئەڵمانیا، وەک دەوڵەتێکی تاکنەتەوەیی پێشکەوتووی پیشەسازی، هەر زوو توانی بنەمای پتەوی ئابووری و عەسکەریی خۆی دابمەزرێنێتەوە و ببێتەوە زلهێزێکی سامناک، کە بە هۆی نازیزم و فاشیزمەوە، توانی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و بەشێک لە ئاسیا و ئەفریقا پداگیر بکات.

تورکە لاوەکان، یان دەستەی (اتحادوترقی) کە هەڵگری ئایدیۆلۆجیای پانتۆرانیزم بوون، لە ساڵی 1908 دا دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئەوان دەیانویست ئیمپراتۆریای عوسمانی بکەنە ئیمپراتۆریایەکی نەتەوەیی تورکی و بە زەبری ماشێنی دەوڵەت، یەک ناسنامەی نەتەوەیی تورکی لە تێکرای گەل و گروپە ئێتنیکییەکانی ناو تورکیا دروست بکەن. ئەوان دەیانەویست:

یەکەم: هەموو گەلە تورکزمانەکان (ئازەر، تورکمانەکانی روسیا و چین و بولگارستان) لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تورکیدا کۆ بکەنەوە.

دووەم: نەتەوەکانی نێو ئیمپراتۆریای عوسمانی یان بەتورک بکەن، یان لە ناویان بەرن، ئەمەیش وەک دکتۆر بلەچ شێرکۆ دەڵێت بنچینەی ئاینی نیشتمانیی تورک بوو[(4)].

هەر بەپێی ئەم ئایینە نیشتمانییە، تورک لە ساڵی 1915 دا ئەرمەنەکانیان بە کۆمەڵ لە ناو برد.

پانتۆرانیزم، کە دواتر بە کەمالیزم ناسرا، لەبەر هەندێک هۆکار، کە بەشێکیان لە سەرەوە باسکران، نەیتوانی وەک نازیزم پەل بۆ دەرەوەی تورکیا بهاوێت. بەڵام هەردوو ئایدیۆلۆجیا و براڤەکە، کەمالیزم و نازیزم، لە سنووری جیۆگرافیی دەسەڵاتیاندا کەوتنە کوشتاری بە کۆمەڵ و زۆرترین تاوانیان بەرامبەر بە مرۆڤایەتی کرد.

ئەگەر نازیزمی ئەڵمانی بەرهەمی بیر و ڕێبازی سەدان ساڵەی ئەنتی سامی ئەوروپا و بەرهەمی مێژوو و کولتووری کۆلۆنیالیی ڕۆژئاوا و ئەنجامی ئەو کوشتارە بەکۆمەڵە بێت، کە ئەوروپاییەکان لە وڵاتانی کۆلۆنیالکراوی ئاسیا، ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا کردیان [(5)] ئەوا کەمالیزم بەرهەمی موتوربەکردنی کولتووری بە دەوی و دڕندانەی تورک و ئیستیبدادی دەوڵەتی تیۆکراتیی ئاسیاییە، کە بە فاشیزمی ئەوروپایی متۆربە کراوە.

تۆرانییەکان، بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، زیاتر لە ملیۆنێک کوردیان لە کوردستانەوە بۆ ناوچە تورکنشینەکان ڕاگواست و تا ساڵی 1938 لە سنووری جیۆگرافی دەسەڵاتی خۆیاندا، زیاتر لە ملیۆنێک کوردی باکووریان کوشت [(6)]. هەروا زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ئەرمەنیان لەناو برد و ئەوەندەشیان ئاوارە کرد. دەوڵەتی کەمالیستی تورک

لە ساڵی 1922دا سەدان هەزار گریک (یۆنانی) و دەیان هەزار چەرکەس و ئاسوورییی لە تورکیادا کوشت و دەرکرد. لە ئەنجامی ئەم شەڕی جینۆسایدەدا، تورک، وەک تاکە نەتەوەی دەسەڵاتدار و دانپێداندراوی ناو تورکیا، خۆی سەپاند. لە ساڵی 1924 دا هەموو قوتابخانە و کۆمەڵە و ڕێکخراو و چاپەمەنییە کوردییەکان قەدەغە کران. ناوی کورد، تەنانەت لە کتێبە مێژوویی و فەرهەنگیەکانیشدا، بە یەکجاری هاتە سڕینەوە. بۆ سوکایەتیکردن نازناوی ((تورکی کێوی)) بە سەر کورددا بڕا. ئامانجیش ئەوە بوو، وەک میکائیڵ م. گونتێر دەڵێت کە ((کوردی تورکیا نەک لە رووی سیاسییەوە بکەنە تورک (وەک بە یاسا کردبوویان) بەڵکو لە رووی کولتووری و کۆمەلایەتیشەوە، لە ڕێگەی تواندنەوەی نەتەوەیی (ئەسیمیله کردن)ەوە، بیانکەن بە تورک ))[(7)].

وەزیری داد (عەدل) ی تورکی Esat Buzkurt لە ساڵی 1930 دا، لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا، وتی: ((تورک تاکە گەورەی وڵاتی خۆیەتی. ئەوەی کە لە نەژادی خاوێنی تورک نەبێت، دەبێت خزمەتکار و کۆیلە بێت))[(8)].

کەچی نازیزم، کە رەگەزی ئاری و بە تایبەتی رەگەزی ئەڵمانی بە بەرزترین رەگەز دادەنا، قینی رەگەزپەرستانەی خۆی ئاراستەی رەگەزی سامی و بە تایبەتی ئاراستەی جوولەکە کرد. نازیستەکان بە پێی دابەشکردنێکی بایەلۆجی- رەگەزی، کە لە حیکایەتێکی بایبڵ (تەورات و

ئینجیل) سەبارەت بە سێ کوڕەکانی نۆواس: سام، حام و جافێت سەرچاوە دەگرێت، جولەکەکانیان وەک نەوەی سام بە نزمترین و دزێوترین ڕەگەز دادەنا.

نازیستەکان، وەک هێزێکی ئەنتی سامی، زۆربەی هەوڵ و کۆششیان لە ناکۆکیی نێوان ڕەگەزی ئاری و ڕەگەزی سامیدا کۆ بوو بۆوە [(9)]. بۆیە ئەوان، دوای ئەوەی جولەکەیان لە ئەڵمانیادا نەهێشت، کەوتنە کوشتاری جولەکەکانی ئەو وڵاتانەی داگیریان دەکردن. لە ماوەی پێنج ساڵێکدا زیاتر لە شەش ملیۆن جوولەکەیان کوشت.

بە پێی بۆچوونی نازیستەکان، ئەڵمان سەرداری هەموو گەلانی دنیایە. بۆیە پێیان ڕەوا بوو، کە لە ڕێگەی دەستدرێژی و شەڕەوە، دەسەلاتی گەلی سەردار( Herre Folket) بەسەر دنیادا بسەپێنن. ئەوە بوو هەموو دنیایان بەرەو شەڕێکی گەورە پەلکێش کرد کە بە هۆیەوە دەیان ملیۆن کەس لە ناو چوون.

کەمالیزم، وەک نازیزم، بە ڕەوای دەزانی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و تیرۆرەوە، بە ئامانجی خۆی بگات. تورکەکان بۆ سەپاندنی مەزنێتی و "پیرۆزی"ی ڕەگەزی تورک، لە ڕوانگەیەکی ڕەگەزپەرستانەی تورکییەوە، کەوتنە خوێندنەوە و نووسینەوەی مێژوو. ئەوان لە ساڵانی سییەکاندا، لەژێر کارتێکردنی نازیزمی ئەڵمانی و بە مەبەستێکی ئایدیۆلۆجی، مێژوویەکی خورافی و ساختەیان بۆ خۆیان داتاشی و وەک حەقیقەتێک خستیانە ڕوو.

کەمالیستەکان، وەک ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت، دوو تێزیان دارشت: تێزی تورک لە مێژوودا و تێزی زمان-هەتاو.

بە پێی تێزی یەکەم (رەگەزی تورک ئەسڵ و سەرچاوەی هەموو شارستانەتییەکانی دنیایە). بە پێی تێزی دووەمیش (زمانی تورکی دایکی هەموو زمانەکانە)((10)). بۆ ئەم مەبەستەش، دەزگاکانی میدیا (راگەیاندن) و زانکۆ و دەزگا زانستی و کولتوورییەکانی تورکیا خرانە کار تا بیسەلمێنن، کە زمانانی سامی و هیندۆئەوروپایی لقێکن لە زمانی تورکی. هەموو شارستانەتیی دنیایش (چین، هیندستان، رۆم، گریک، میسر، میسۆپۆتامیا و ئێران...) لە ئەسڵدا شارستانەتیی تورکن. هەروا وەک چۆن نازیستەکان، بۆ سوودوەرگرتن لە ئایین (مەسیح) یان بە ئاری دانا و ئادەمیان کردە ئەڵمان، کەمالیستەکانیش، بە هەمان مەبەست، ئایینی ئیسلامیان بە ئاینێکی تورکی لە قەڵەم دا، واتا پێغەمبەر و خەلیفەکانی راشدین و قورئان هەموویان تورک بوون((11)).

هەردوو تێزی کەمالیستەکان، سەرەڕای مەبەستی ئایدیۆلۆجییان، کاردانەوەیەکی سایکۆلۆجییش بوون لە بەرامبەر هەست بە دواکەتوویی شارستانەتی و کولتووری، لە بەرامبەر تێشکانی تورک، لە یەکەمین شەڕی جیهانی و ئەو ناو و ناتۆرانەی کە ئەوروپاییەکان بە سەر تورکیاندا

بڕی بوو، کە بە پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا و بەربەریست.. تاد ناویان دەبردن. ئەم دوو تێزەی کەمالیستەکان، وەک بێشکچی دەڵێت، پووت و بێمانا بوون و بەبێ دەوڵەتێکی بە هێز، نەدەکرا بەسەر لایەنە رۆشنبیریی و زانستییەکانی تورکیادا بسەپێنێدرێن.

بەڵام کەمالیزم، کە وەک نازیزم تۆتالیتێری و فاشیست بوو، بە زەبری هێز و تیرۆر ئەم تێزانەی سەپاند. هەروا لەبەر ئەوەی مستەفا کەمال خۆی، کە وەک پێغەمبەر تەماشا دەکرا، داهێنەر (تان پاڵپشت)ی ئەو تێزانە بوو، وەک حەقیقەتێک وەردەگیران. تا ئەمڕۆش، مەگەر کەسانی بوێر و راستگۆی وەک بێشکچی بوێرن ئەو تێزانە بەدرۆ بخەنەوە.

کەمالیزم لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا دەرکەوت، بۆیە دەیەویست بەرزیی رەگەی تورک و سەرداری و مەزنیی تورک، لە پێشدا لە بەرامبەر رەگەزە نەتەوەییەکانی نێو سنووری دەسەڵاتیدا، بسەپێنێت. ئەم ئامانجەش دەبوو لە رێگەی توندوتیژی و لەناوبردن و تواندنەوەی نەتەوەکانیی بندەستییەوە، بێتە دی.

بەڵام نازیزمی ئەڵمانی، کە لە وڵاتێکی تاکنەتەوەییدا دەرکەوت، ئەو گیروگرفتە نێوخۆییەی نەبوو. دەیەویست بەرزیی رەگەزی ئاری و سەرداری و مەزنیی نەتەوەی ئەڵمان، بە سەر رەگەزی سامی و نەتەوەکانی فرەنسایی، ئینگلیز، سلاڤی و دنیادا، بسەپێنێت.

بە پێی کەمالیزم خەباتی چینایەتی یەکێتیی نەتەوەی تورک لاواز دەکات. بۆیە دەبوو، هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان، پێکەوە بۆ بەرژەوەندیی نەتەوە کار بکەن. ئەم بۆچوونە لە سالانی سییەکاندا، بە تەئسیری بیری کۆمەڵە فاشییەکانی ئەوروپایی، بەهێزتر بوو. هەموو ئەو رێکخراوانەی کە ئەندامانیان لەسەر بنەمای چینایەتیی وەردەگرت، بە پێی یاسا قەدەغە کران((12)).

نازیزمی ئەڵمانی لەبەر ئەوەی سنووری ئەڵمانیای بەزاند و پەلاماری ولاتانی رۆژئاوا و سۆڤیەتی دا، بە گەلەکۆمەکییەکی جیهانی لەناو برا. نەتەوەی ئەڵمان بە چەندان شێوە، لەوانە لەتکردنی ئەڵمانیا (ئەڵمانیای فیدراڵ، ئەڵمانیای رۆژهەلات، بەرلینی رۆژئاوا) سزا درا.

بەلام کەمالیزم دیاردەیەکی ناوچەیی بوو، لە وەیش زیاتر لە ولاتێکی ئەوروپاییدا نەبوو (تەنیا بەشێکی کەمی تورکیا، کە لە سەدا دەی سەرجەمی رووبەری خاک و ئاوی تورکیا نابێت، دەکەوێتە ئەورووپاوە). هەڕەشەی لە بەرژەوەندیی رۆژئاوا نەدەکرد، تا بە کوششێکی جیهانی لەناو ببردرێت. بۆیە توانی بمێنێتەوە. سوود لە ناکۆکیی نێوان رۆژئاوا و دەوڵەوڵەتی سۆڤیەت وەربگرێت و زۆرترین کۆمەک، لە هەردوولا، بۆ خۆی دابین بکات.

دوڵەتی سۆڤیەت پێی وابوو کە کێشەی ئەتاتورک لەگەڵ بریتانیادا، کە لە سەر ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بوو، کێشەیەکی دژی ئیمپرالیستییە. بۆیە

کۆمەکێکی زۆری ئابووری و سیاسی و عەسکەریی بە تورکیا کرد. تەنانەت نوێنەری حکومەتی ئەتاتورک لە کۆنگرەی یەکەمی گەلانی رۆژهەلآت، کە لە سێپتەمبەری (ئەیلولی) 1920 دا لە باکۆ بەسترا، بەشداری کرد[(13)].
دەوڵەتی سۆڤیەت لە سالآنی 1921–1922دا دەیەویست دەست بەسەر بەشێکی ئەرمەنستاندا بگرێت و بیخاتە سەر یەکێتیی سۆڤیەت، بۆیە لە کوشتاری ئەرمەن و کورد و تاوانی تۆرانییەکان بەدەنگ نەهات، هەروا دژی راپەڕینەکەی شیخ سەعیدی پیران راوەستا و بە بزاڤێکی کۆنەپەرستانەی دانا[(14)].

ولآتانی سەرمایەداریش، بەو مەبەستەی دەوڵەتی تورکیای کەمالی دەستەمۆ بکەن و وەک چەپەرێک، لە رووی مەترسیی سۆڤیەتدا، رای بگرن، کەوتنە هاریکاری و کۆمەکی تورکیا. ئەوە بوو ولآتانی هاوپەیمان، بۆ رازیکردنی تورکیا، پەیماننامەی سیڤەری ساڵی 1920 یان هەڵوەشاندەوە و لە پەیماننامەی لۆزانی 1923 دا چاویان لە مەسەلەی گەلی کوردستان پۆشی و چارەنووسی کوردیان بە تیرۆر و بەربەریزمی دەسەلآتی تورک سپارد. بەم کارەشیان نەک هەر کۆمەکی گەورەیان بە دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک کرد، بۆ ئەوەی سنووری دەوڵەتی تورکیا، بەم شێوەیەی ئێستای، بچەسپێنێت، بەڵکو جڵەویشیان بۆ کەمالیستەکان شل کرد تا درێژە بە کوشتاری کورد و ئەرمەن بدەن و ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم، کە نکوڵی لە بوونی

هەر رەگەزێکی دیکەی ناو تورکیا دەکات، بە زەبری تیرۆری دەوڵەت بسەپێنن.

ئەڵمانیای نازی، لە ناوەڕاستی ساڵی 1945 دا، تێکشکا و گەلی ئەڵمان و جیهان لە دۆزەخی نازیزم و فاشیزم، دەرباز بوون. هەموو ساڵێک گەلانی جیهان، بە ئەڵمانەکانیشەوە، بە شانازییەوە، یادی سەرکەوتن بەسەر نازیزم و فاشیزمدا، دەکەنەوە. هەروا تاوانی نازیستەکان بەرامبەر بە جولەکە، وەک شەڕی جینۆساید و گەورەترین تاوانی سەردەم ناو دەبەن. بەڵام کەمالیزم، کە تا ئەمڕۆ ئاین و ئایدیۆلۆجای دەوڵەتی تورکە، هێشتا وەک پەڵەیەکی رەش بە رووی مرۆڤایەتییەوە ماوەتەوە. هێشتا کەمالیزم، لە باکووری کوردستاندا، درێژە بە شەڕی جینۆساید دەدات. کەمالیزم تا ئەمڕۆش بەشێکی فراوانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی زۆربەی تورکی داگیر کردووە، کۆمەڵی تورکی وەک کۆمەڵێکی شێواو، نەخۆش و نامۆ بە دیموکراتی و شارستانەتی، هێشتۆتەوە.

# III

تیرۆریزمی تورک، تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی،

لە دەیان وڵاتی ئاسیا و ئەورووپا و ئەفریقادا، تەراتێنی دەکرد. و پێی (عەدالەتی تورک) بەسەر هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دابەش دەکرا. کەچی دوای  شەڕی یەکەمی جیهانی، سنووری تیرۆریزمی تورک، بە تەواوی تەسک کرایەوە و تەنیا لە بەشێکی کوردستان و بەشێکی ئەرمەنستاندا کەڵەکە بوو. ئەم دوو گەلە کەوتنە بەر لێشاوی تیرۆرێکی چڕو بەربڵاو. لەوەیش زیاتر پان تۆرانیستەکان تیرۆری کلاسیکیی عوسمانییان پێشخست و دیاردەیەکی نوێیان لێ زیاد کرد:

حاشا کردن لە بوونی نەتەوەکانی ژێردەستیان و هەوڵدان بۆ تواندنەوە و بە تورک کردنیان، بە زەبری کوشتن و تیرۆری دەوڵەت و دەرکردنیان لە تورکیا، یان راگوێزانیان بۆ ناوچە تورکنشینەکان. سەرەڕای هێنانی خەڵکی تورکزمان، لە دەرەوەی تورکیا و نیشتەجێکردنیان لە تورکیادا((15)).

ئەو دڕندایەتییەی دەوڵەتی تورک، بەرامبەر بە ئەرمەن و کورد نواندی، شتێکی کەم وێنە بوو لە مێژوودا: کوشتن و سەربڕینی سەدان هەزار ژن و پیر و منداڵ. بە زیندوویی سوتاندن و خنکاندن و زیندەبەچاڵکردنی سەدان هەزاری تر. سکهەڵدڕینی سەدان ژنی دووگیان.(بلەچ شێرکۆ باس دەکات کە جەندرمەی تورک کاتێک ژنە کوردێکی سکپڕیان دەبینی، پێش ئەوەی سکی هەڵبدڕن، گرەویان دەکرد، کە ئاخۆ منداڵی نێو سکی ژنەکە کوڕە یان کچ!) دڕندایەتیی

دەوڵەتی کەمالیزم، نووسەری سویدی (یۆهاننیس سالمینێن)ی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە ئەتاتوورک بە باوکی لەناوبردنی ئێتنیکی دابنێت. بە رای ئەو سوڵتانەکانی عوسمانی گەلێک لە ناسیۆنالیستی چنگ بە خوێن، ئەتاتورک، شارستانتر بوون((16)).

ئەو دڕندایەتییە دەگمەنەی دەوڵەتی تورک کۆمەڵێک هۆکاری هەبوو. وێرای سروشتی فاشییانە و رەگەزپەرستانەی ئایدیۆلۆجای کەمالیزم، کە ئاماژە بە هەندێک لایەنی درا، دەکرێت سێ هۆکاری سەرەکیی دیکە باس بکرێن:

**یەکەم: سروشتی بەدەوییانەی تورک:**

تورک، وەک خەڵکێکی بەدوو و رەوەند، بە درێژایی مێژووی کۆنی خۆیان، جگە لە کوشتن و تالان و وێرانکردن، کارێکی دیکەیان نەکردووە.

تورکەکان لە سەدەکانی دوازدەیەم و سێزدەیەمدا، گەیشتنە ترۆپکی پەلاماردان و داگیرکردن و تالانکردنی وڵاتان و بە رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا بڵاو بوونەوە. کەچی، لەو سەردەمەدا، زۆربەی خێڵە بەدووەکانی عەرەب، لەمێژ بوو لەو کارە ببوونەوە ئەو قۆناغەیان تێپەڕاند بوو، نیشتەجێی شاران بوو بوون و روویان لە شارستانەتی کرد بوو.

مێژووی سەدان ساڵەی کوشتاری بە کۆمەڵ و

تالانکردن، کولتوور و نەریتی شەڕخوازی و بەربەری، بە جۆرێک لای تورک چەسپاند، کە بەربەریزم و تیرۆر و ستەم، ببن بە بەشێک لە پێکهاتی کەسایەتیی نەتەوەیی و سایکۆلۆجیای نەتەوەیی تورک.

**دووەم: مێژووی ئیمپراتۆریای - کۆلۆنیالی تورک:**

لە سەدەی پازدەیەم بەدواوە، تیرۆری تورک مەودایەکی نوێ و شەرعییەتێکی ئاینیی بەخۆ گرت. دەوڵەتی تورکی عوسمانی، لە فیدراسیۆنێکی خێڵەکیی عەسکەرییەوە، گۆڕدرا بە ئیمپراتۆریایەکی ئاینی و تورکەکان خۆیان کردە جێگری خەلافەتی عەرەبیی ئیسلامی. سوودوەرگرتن لە ئیسلام، وەک ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت، هێزێکی نوێ و توانای بەردەوامبوونی بە دەوڵەتی عوسمانی بەخشی. چونکە دوڵەتی بەهێز، وەک ئیبن خەلدون دەڵێت، ئەسڵەکەی ئاینە.

ئیمپراتۆریای عوسمانی، لە ماوەی پێنج سەد ساڵەی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەدا، کولتووری نێگەتیڤ و شەڕانیی خۆی داهێنا. ئەو کولتوورە کەسایەتی و سایکۆلۆجیای نەتەوەیی تورکی داڕشت. واتا دەرفەتێکی بە خەڵکی تورک نەدا کەمێک لە کولتووری خوێنڕژی و زەبرپەرستتی بەداوەت داببڕێت.

**سێیەم: تەنگبوونەوەی سنووری تیرۆری کەڵەکەبووی دەوڵەتی تورک:**

تیرۆری دەوڵەتی تورک، بە درێژایی سەدان ساڵ، بۆ ئەوە دەهێندرایە بەرهەم کە بەشی دەیان نەتەوەی ژێردەستی تورک بکات. ئەو تیرۆرە زۆر و زەبەندە، کە وەک هێزێکی مادی لێ هاتبوو، دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، وەک کاڵایەکی بەرهەمهێندراو، لە ناو تورکیادا، لە بەشێکی کوردستان و بەشێکی ئەرمەنستاندا، کەڵەکە بوو.

دەبوو ئەو هەموو تیرۆرە بەرهەمهێندراوە کەڵەکە بووە، لە ناو کورد و ئەرمەندا سەرف بکرێت. ئەم دوو گەلە بەرگەی تیرۆرێک بگرن کە پێشتر، بە درێژایی سەدان ساڵ، بۆ دەیان وڵاتی دی دەهێنرایەوە بەرهەم. دەکرێ تین و تەوژمی ئەو تیرۆرە بە روبارێک بچوێنین، کە چەند سنووری رێڕەو و رۆگەکەی تەنگتر ببێتەوە، هێندە تەوژم و کاریگەری و هێزی راماڵین و وێرانکردنی زیاتر و بەهێزتر دەبێت.

بەم جۆرە تەنگبوونەوەی سنووری جیۆگرافیی تیرۆری تورک و گردبوونەوەی لە کوردستان و ئەرمەنستاندا، بوونە هۆی ئەوەی کە رادەی توندی و کاریگەریی ئەو تیرۆرە چەند قات زیاتر بن.

دەیان ساڵە دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک تیرۆری خۆی، لە بەرامبەر گەلی باکووری کوردستاندا ،خستۆتە کار و لە بە بەهانەی جیاواز و لە بەرگ و فۆڕمی جۆراوجۆردا، ئەو

تیرۆره بەرهەم دێنێتەوە. دەیان ساڵە، لە تورکیادا، ماف و کەسایەتی و کەرامەتی ئینسانی و نەتەوەیی مرۆڤی کورد، تێک دەشکێندرێن. مرۆڤی کورد لە بەرامبەر تیرۆر و ستەمی دەوڵەتی تورکدا، نە خاوەنی وڵات و زمان و مێژوو و کولتوور و کەسایەتیی نەتەوەیی خۆیەتی، نە لە ماڵ و سامان و چارەنووسی زارۆکی خۆی دڵنیایە. بە درێژایی ئەو ماوەیە دەوڵەتی تورک، بە پێی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم، حاشا لە بوونی کورد دەکات، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی فیزیکی و رۆحیی کورد دەدات. تۆ بڵێی تاوانی تۆرانیستەکان بەرامبەر بە کورد و ئەرمەن نەگاتە ئاستی تاوانی نازیستەکان بەرامبەر بە جولەکە؟

هەواڵنامەی کتێب

## IV

دەوڵەتی تورک توانی زۆرترین وزەی شەڕخوازانەی عەسکەری و مرۆیی و ئابووریی کۆمەڵگای تورک و میراتی ئیمپراتۆریای عوسمانی بخەنە کار و سوود لە کۆمەکی وڵاتانی کۆلۆنیالی و سۆڤیەت وەربگرن، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان ژێردەست بکەن و بەرەو رۆخی تواندنەوەی بەرن. لە هەمان کاتدا گەلی کورد خۆی کۆمەکی زۆری بە سەرکەوتنی کەمالیزم کرد. ئایا کەمالیزم، بەبێ کۆمەکی

خێڵ و عەشیرەت و خەڵکی دیکەی باکووری کوردستان، دەیتوانی، سەرکەتوو بێت؟

زانراوە کە مستەفا کەمال لە سەرەتای هەڵگەڕانەوەی لە سوڵتان، رووی لە کوردستان کرد و لەوێ پێگەیەکی بۆ خۆی دابین کرد. مستەفا کەمال فێڵبازانە سوودی لە سادەیی و نەفامی و نۆکەرسیفەتیی سەرۆکخێڵ و عەشیرەتەکانی کورد وەرگرت. لە سەرەتادا، بە ناوی داکۆکی لە ئیسلامەوە، زۆربەیانی بۆلای خۆی راکێشا. لە کۆنگرەی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات، کە لە مانگەکانی تەمووز و ئابی 1919 لە کوردستان بەسترا، پەنجاوچوار نوێنەر، لە پێنج ویلایەتیی کوردستانەوە، لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوون. ئەمەیش بۆ ئەتاتورک سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورە بوو. لە بەرامبەر ئەوەدا کەمال ئەتاتورک بەڵێنی بەو نوێنەرە کوردانە دابوو، کە دوای سەرکەوتن، لەگەڵ تورکدا یەکسان و بەرابەر دەبن. سەرۆکخێڵەکانی کورد، لەشکرێکی گەورەیان بۆ شەڕی دژ بە ئەرمەن و گورجستان و گریک نارد، کە رۆڵێکی گەورەی لە سەرکەوتنی لەشکری تورکدا گێڕا. کەچی هەر تەنیا سێ مانگ دوای سەرکەوتنی تورکیا لە بەرەکانی شەڕدا، ئەتاتورک لە نۆڤەمبەری 1922دا رایگەیاند (ئەو وڵاتەی کە ئێستا دامان مەزراندووە وڵاتی تورکە).

بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی رۆڵی کورد بوو، لە سەرخستنی کەمالیزمدا. لایەنەکەی دی ئەو کۆمەکە

سیاسییە بوو کە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی تورکیادا، لە ڕۆژانــی بەســتنی کـۆنگرەی لـۆزانی ســاڵی 1922دا، بــە دەوڵــەتی ئــەتا تورکیــان کــرد. لــەو کۆنگرەیــەدا، بــە پێــی بەنــدەکانی پەیماننامــەی ســیڤەری ســاڵی 1920، مەســەلەی جیابوونەوەی کورد لە تورکیا باس کرایەوە.

ئینگلیزەکــان کــە دەیانەویســت لەگــەڵ تورکەکانــدا، سەبارەت بە باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بگەنە ئەنجامێک، داوای ئەوەیان کرد کە پرس بە نوێنـەرانی کـورد لە ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکیا بکرێت، کە ئاخۆ دەیانـەوێت کوردســتان، بــە پێــی پەیماننامــەی ســیڤەر لــە تورکیــادا جیاببێتـەوە یان نا. ئـەوە بـوو تـەواوی ئەندامـە کوردەکانی ئەنجوومــەنی نەتــەوەیی تورکیــا، لــە بروســکەیەکدا بــۆ کۆنگرەی لۆزان، ڕایان گەیاند کە، تورکیا وڵاتـی تـورک و کوردە. ئەم هەڵویستەش، وەک حەسرەتیان دەڵێت خیانـەت بوو لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد[17].

ڕاســتە گــەلی کــورد لــە بــاکووردا، لــە ســەرەتای ئــەم ســـەدەیەدا، خـــەباتێکی زۆری کـــرد بـــۆ ئـــەوەی، وەک نەتــەوەکانی دیکــەی نــاو دەوڵــەتی عوســمانی، بــە مــافی نەتـەوەیی خـۆی بگـات. هـەروا دواتـر بـە ئاسـانی ملـی بـۆ سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی توورک نەدا و کەوتـە شـۆڕش و ڕاپەڕین. بەڵام هـەموو ئـەو قوربانییە زۆرەی، لە سـاڵانی 1923 تـا کۆتـایی سییەکان دران، دەسکەوتێکی نەتـەوەییان نـەبوو. تێشـکانە ڕاسـتەقینەکە لـە ڕۆژانـی دوای کـۆنگرەی

سـيڤەر و دەركـەوتنی ئەتاتوركـدا، دەسـتی پـێ كـرد بـوو. وڵاتـانی هاوپـەيمان، كـە توركيايـان ناچـاری پەيماننامـەی سيڤەر كرد، هيچ كۆمەكێكيان بە كورد نەكرد تا بتوانێت، بە پێی بەندەكانی پەيماننامەكە، مافی نەتەوەيی خۆی بەدەست بێنێت.

بەڵام مەسەلە سەرەكييەكە ئەوەيە كە ئايا كورد خۆی چـی بـۆ خـۆی كـرد، تـا بتوانێـت سـوود لـەو بەندانـەی پەيماننامەكە وەربگرێت؟

ئـەو سـەردەمە، بزاڤـی رزگـارخوازيی كـورد يـەكگرتوو نەبوو. ستروكتوری خێڵـەكی و بير و نـەريتی خێڵـەكی بە سەر كۆمەڵگای كوردستاندا زاڵ بوون.

هێشـتا هێزێكـی يـەكگرتووی كۆمەڵايـەتی و سياسـی دەرنەكـەوتبوو كـە بتوانێت، بـە پێـی پرۆگـرام و رێبـازێكی رزگاريخوازانـە، مەسـەلەی كـورد بەرەوپێشـەوە بـەرێت و زۆرتـرين خـەڵكی كورد، بـۆ سـەربەخۆ بـوون كـۆ بكاتـەوە. هێزەكانی ئەو سەردەمانەی كوردستان نەک هەر يـەكگرتوو نەبوون، بەڵكو سێ بەشيش بوون. بەشێكيان هەر لايەنگری سـوڵتان بـوون و سـوڵتانيان بـە خەليفـەی مسـوڵمانان و سـيمبوولی خۆيـان دەزانـی. بەشـێكيان لايـەنگری كـەمال ئـەتاتوورک بـوون، بەشـێكی ديكـەيان لـە بيـری رزگـاری و ئازادكردنی نەتەوەی كورددا بوون، بەڵام تا ڕادەيەكی زۆر هيوايان بە وڵاتانی هاوپەيمان و بە تايبەتی بريتانيا بوو.

بزاڤـی كـورد چەنـد ناوەنـدێكی سياسـی هـەبوو.

هەواڵنامەی کتێب

ئایدیۆلۆجیست و سەرکردە سیاسیەکانییان لە ئەستانبووڵ و هەندێ پایتەختی وڵاتانی رۆژهەڵات و ئەورووپا دەژیان. کەچی خودی بزاڤەکە لە ئەنادۆڵی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا، راستەوخۆ لە ژێر رابەرایەتیی سەرۆکخێڵەکاندا پەرەی ستاند بوو. ئەوانیش بە دوای بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان کەوتبوون. ئامادەگیی ئەوەیان تێدا نەبوو کە لە بیری نەتەوەیی بگەن. ئەو ناتەباییە، لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا، کە بزاڤی نەتەوەیی کوردی لە تورکیا لاواز کرد، رۆڵێکی تراجدیانەی لە چارەنووسی داهاتووی کوردی تورکیادا گێڕا((18)).

لە ئەنجامدا بزاڤی نەتەوەیی کورد تێکشکا. گەلی کوردستان، نەیتوانی لە یەکەمین دەرفەتی مێژوویی، کە بۆ ئازادی و رزگاربوونی نەتەوەیی رەخسا بوو، سوود وەربگرێت. کەچی نزیکەی تەواوی نەتەوەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، توانیان بە هۆی ئەو دەرفەتە مێژووییەوە، لە ستەم و کۆلۆنیالیزمی تورک رزگار ببن و دواتر دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن.

## V

نەتەوەی تورک لە ماوەی سەدان ساڵەی پەلامار و

کۆیلەکردنی گەلانی تردا، بە تایبەتی لەم دەیان ساڵەی داگیرکردنی کوردستاندا، ئازادیی خۆی لەدەست داوە.

ناسیۆنالیزمی تورک، کە لە شەڕی جینۆسایدی کورد و ئەرمەندا پێگەیشت و دەوڵەتی ناسیۆنالی تورکی چەسپاند، هیچ خەسڵەتێکی رۆشنگەری و ئازادیخوازانەی نەبوو. هەروا ناوەڕۆکێکی میلیتاری و دیکتاتۆری و شەڕخوازانەی بەخۆگرت، کە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە.

ناسیۆنالیزمی میلیتاریی تورک، کولتووری نێگەتیڤ و نەریتی شەڕخوازانەی زیاتر بەسەر کۆمەڵی تورکیادا سەپاند، بوو بە رێگر لە بەردەم گەشەکردنی دیوکراتی، هەرچەندە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە، لە تورکیادا زەمینەی سەرهەڵدانی دیوکراتی رەخساوە.

تا ئێستا کۆمەڵی تورکیا، وەک کۆمەڵێکی نادیموکرات و شێواو، کە لە رێی توندوتیژی و تیرۆ و هێزی میلیتاری، بەڕێوە دەچێت، دەرفەتی دروستبوونی ئەو هێزانە نەدراوە، کە باوەڕ بە مافی مرۆڤ و ئازادیی نەتەوەکانی دیکەی تورکیا بهێنن. (سەبارەت بە نکولێکردن لە مافی کەمەنەتەوەییەکان پارتە چەپ و راستەکانی تورکیا وەک یەکن)((19)).

ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم، بە رادەیەک هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی گەلی تورکی داگیر کردووە، کە لە بەرامبەر مەسەلەی گەلی کوردستاندا، هێزە چەپ و راستەکان، لیبڕاڵ و فاشیستەکان، عەلمانی و ئایینیەکان، تا رادەیەکی زۆر

هـاوبیر و هاوسـەنگ بـن. بـاوەڕ ناکـەم ئـەم دیاردەیـە، لـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆی تورکیـادا، شـتێکی سـەیر بێـت. چونکـە کۆمەڵی نەخۆشی تورک، هێزە گوایا دیموکرات و مارکسی و سۆسیال دیموکراتەکانی خۆی، لە شێوەی خۆی و وەک هێـزی شـێواو و نـەخۆش، هێناوەتـە بەرهـەم. پێـدەچێ سەرهەڵدانی دیاردەی ساغ، لە کۆمەڵێکی نەخۆشدا، کارێکی ئاسان نەبێت و پێویستی بە زەمان و گۆڕانکاری هەبێت.

## VI

هەوالنامەی کتێب

ئـەمڕۆ تورکیا لـە تەنگوچەڵەمـە (قـەیران)ێکی بـەربڵاوی ئـابووری، کۆمەڵایـەتی، ئایـدیۆلۆجی و سیاسـیدا دەژیـت. بەڕای من ئەم تەنگوچەڵەمەیە لە ئەنجامی دوو ناکۆکییـەوە سەریان هەڵداوە:

**یەکـەم:** نـاکۆکیی نێـوان سـتروکتووری ئـابووری و پێداویستیی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی بەرهـەمهێنانی سـەرمایەداری و نێوان سـەرخانی ئایدیۆلۆجی- سیاسـیی تورکیـا. لایـەنی یەکـەمیانی ( سـتروکتووری ئـابووری و ...) دەخوازێت زەمینەی زیاتر بۆ پێشکەوتنی سـەرمایەداری و بازاڕی ئازاد، کە ئازادیی سیاسیی گەرەکە و بۆ تێکەڵبوونی تـەواوی ئـابووری لەگـەڵ ئـەورووپادا، بڕەخسـێندرێت. کـەچی لایـەنی دووەمیـان (سـەرخانی ئایـدیۆلۆجی- سیاسـی)

دەیەوێت تورکیا لە چوارچێوەی کولتووری بە بەرێزم و ئایدیۆلۆجیای ڕەگەزپەرستیی کەمالیزمدا بهێڵێتەوە.

لە ساڵانی شەستەکان- هەشتەکاندا، کاتێک ئەم ناکۆکییە توند دەبوو، بە زەبری کودێتای عەسکەری و تیرۆری دەوڵەت خەفە دەکرا. هەر کاتێک پێداویستییەکانی بازاڕی ئازاد و گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هەندێک ئازادیی سیاسی و هەندێک ریفۆڕمی دیمۆکراتانەیان دەخستە ڕوو، هێزە کەمالیستە عەسکەرییەکان، بە زەبری کودێتای عەسکەری و تیرۆر ڕێیان لێ دەگرت.

مارتین ڤان برۆینەیسن پێی وایە کە ((کودەتا نیزامییەکانی ساڵانی 1960، 1971، 1980 هەوڵی زیندووکردنەوەی بۆچوونی خالیسی کەمالیستی بوون و بەروبوومیان هەوڵ و کۆششی تازە بوو بۆ بە زۆرەملێ تواندنەوەی کورد)) [(20)].

سەرهەڵدانی سەرەتای ئازادی و ریفۆڕمی دیموکراتی، تیرۆری کەمالیستەکانی، لەسەر کۆمەڵی تورک، بەتایبەتی لەسەر گەلی باکووری کوردستان، کەم دەکردەوە. لەو سەردەمانەدا چالاکیی جۆراوجۆری کولتووری و سیاسیی لە باکووری کوردستاندا دەستیان پێ دەکرد. گەشەیان بە هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی کورد دەدا. ئەفسانەی نەبوونی کورد، کە کۆڵەکەی کەمالیزمە، دەردەکەوت.

بەڵام ئەمڕۆ زەحمەتە تورکیا بتوانێت ئەم ناکۆکییە بە

میتۆدی جاران، واتا کۆدێتای عەسکەری، خەفە بکات. بە تایبەتی کە بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان و باری سەختی ئابووریی تورکیا و تێکەڵبوونی تورکیا لەگەڵ ئەورووپا و بەرەوپێشچوونی پەیوەندیی ئابووریی سەرمایەداری، لە تورکیادا، دەرفەتی ئەم جۆرە چارەسەرە عەسکەرییە نادەن.

بەڵام هێشتا ئەمەریکا و هەندێک وڵاتانی دیکەی ناتۆ کۆمەکێکی زۆری دەوڵەتی میلیتاریی تورک و پاراستنی دەسەڵاتی جەنەڕاڵەکانی دەکەن. بۆ ئەوەی تورکیا، وەک جەندەرمەیەکی ناتۆ لە ناوچەکەدا، بهێڵنەوە. ئەگەر کۆمەکی فراوانی عەسکەری و ئابووری و چاپۆشیی ئەو وڵاتانە نەبوایە، مەحاڵ بوو دەوڵەتی تورک بتوانێت بەم شێوە تیرۆریستییەی ئێستای، کە لە دنیادا نموونەی نییە، درێژە بە شەڕی لەناوبردنی کورد بدات. سەرکەوتنی دیموکراتی لە تورکیا، ئەو دەرفەتە ناهێڵێتەوە کە تورکیا جەندرمەیەکی ناتۆ بێت. تورکیایەکی دیموکرات دەشێت ڕێگایەکی دیموکراتیانەی شێوەی یۆنان و ئیسپانیا و ئیتاڵیا، کە ئەوانیش دەوڵەتی دیکتاتۆریی عەسکەری و فاشییان بووە، بگرێتە بەر. بەڵام ئەو کاتە کێ ڕۆڵی جەندەرمەی ناتۆ لە ناوچەکەدا ببینێت؟

**دووەم:** ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی تورکیا و گەلی باکووری کوردستان، کە بەرهەمی داگیرکردنی کوردستانە.

دەوڵەتی تورک، لە ڕێگەی ئەم ناکۆکییەوە، دەیەوێت ناکۆکی یەکەم (واتا ناکۆکی نێو کۆمەڵی تورک) داپۆشێت.

دەخوازێت نەتەوەی تورک، کە هێشتا بە ئەفیونی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم گێژ بووە، بە جۆرێک بە شەڕی گەلی کوردستان و مەترسی لەتبوونی تورکیاوە سەرقاڵ بکات، کە کێشەی خۆی لەگەڵ دەوڵەت بۆ دیموکراتی و ئازادی، لە بیر بچێتەوە. ئەو شەڕەی دەوڵەتی تورکیا، بەسەر گەلی باکووری کوردستاندا سەپاندویەتی، ڕەنگە دوا تەقەلایەک بێت کە دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت بە هۆیەوە ناکۆکی و قەیرانە ناوخۆییەکانی خۆی بشارێتەوە.

بەڵام سەختی و ئاڵۆزیی ناکۆکیی دووەم و گەشەکردنی خەباتی گەلی کورد، بە رابەرایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان، تەنگوچەڵەمە ئابووری و سیاسییەکانی تورکیایان ئاڵۆزتر کردووە. سەرخانی ئایدیۆلۆجی- سیاسیی تورکیایان بە تەواوی لەرزاندۆتەوە.

ئێستا کەمالیزم، کە ئایین و ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی تورک و کۆڵەکەی تیرۆریزمی دەوڵەتی تورکە، وەک هەر دیاردەیەکی نەخۆش، توشی بنبەست هاتووە و بەرەو نەمان دەچێت. گەلی تورک خۆی، دەیان ساڵە، بە ئاگری ئەم ئایدیۆلۆجیا رەگەزپەرستییە دەسوتێت. بەڵام پێدەچێت بە رادەیەک بەم ئایدیۆلۆجیایە گێژ کرابێت، کە نەتوانێت، لە ئێستادا، کە پرسی نەتەوەیی گەلی کوردستان بە توندی خۆی سەپاندووە، بەبێ ئەو ئایدیۆلۆجیا و ئەو کولتوورەی بەرهەمی هێناوە، هەڵ بکات. بۆیە لە ئێستادا ئاسان نییە تورک بتوانێت، بە دەستی خۆی، زنجیری کەمالیزم لە

گەردنی خۆی داماڵێت.

پێدەچێ ئەمڕۆ مەسەلەی بەزاندن و هەرەس پێکهێنانی ئەم ئایدیۆلۆجیایە، کە گەورەترین دوژمنی گەلی کورد و کۆسپی سەرڕێی گەشەکردنی دیموکراتییە لە تورکیادا، رووبەرووی گەلی باکووری کوردستان و هەندێ خەڵکی دیموکراتی تورک بوو بێتەوە.

ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم، دوای دەیان ساڵ نکوڵیکردن لە بوونی کورد، ئێستا لە ژێر زەبری خەباتی گەلی باکووری کوردستاندا، درزی تێکەوتووە. دەوڵەتی تورک ناچار کراوە لە یەکێک لە ئایەتە پیرۆزەکانی کەمالیزم، کە حاشاکردنە لە بوونی کورد، دەست هەڵبگرێت. ئەمەش سەرەتای تێکشکان و هەرەسی کەمالیزم و نیشانەی ئیفلاسی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی دەوڵەتی تورکیایە. رەنگە ئەو تیرۆرە بەربڵاوەی ئێستا دەوڵەتی تورک، لە کوردستاندا بەڕێوەی دەبات، دوا پەلەقاژەی سەرەمەرگی کەمالیزم و رەگەزپەرستی بێت لە تورکیادا.

گەلی باکووری کوردستان دوای حەفتا ساڵ ستەم و تیرۆری دەوڵەتی تورک، ئەمڕۆ بۆ پێناسی نەتەوەیی خۆی و بۆ ئازادی و یەکسانیی نەتەوەیی، خەبات دەکات. هەر بەرهەم و سەرکەوتنێکی ئەم خەباتە، ئەگەر بچووکیش بێت، کەسایەتی و باوەڕبەخۆبوونی مرۆڤی کورد بەهێزتر دەکات و ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم لە هەرەسهێنان نزیکتر دەکاتەوە.

بۆیە پشتگرتنی ئەم خەباتە ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوەیی و نیشتمانییە. بەهەمان ئەندازەێش لاوازکردنی ئەم خەباتە، کۆمەک بە درێژەدانی کۆیلایەتیی گەلی کورد و تێکشکاندنی زیاتری کەسایەتی و کەرامەتی نەتەوەیی گەلی کوردستان و کۆمەک بە تیرۆریزمی دەوڵەتی تورک و بەردەوامبوونی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم دەکات.

کاتێک گەلی باکووری کوردستان کێشەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا یەکلا دەکاتەوە و بە مافی نەتەوەیی یان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی دەگات، کێشەی دووەمی نێو تورکیا، کێشەی نێوان دیکتاتۆریا و دیوکراتی، نێوان بەربەریزم و شارستانەتی، توندتر خۆی دەردەخات و دەرفەتێکی نوێی گەشەکردنی دیموکراتی لە کۆمەڵگای تورکیادا دەڕەخسێت. چونکە دەیان ساڵە دەوڵەتی تورک، بە بەهانەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیا و شەڕی جودا خوازییەوە، تیرۆر و ستەم و حوکمی عەسکەری و فاشیزم، لە بەرگ و فۆڕمی جۆربەجۆردا، بەرهەم دێنێتەوە.

رزگار بوونی گەلی کوردستان گەورەترین بەهانەی بەرهەمهێنانەوەی تیرۆر و دیکتاتۆریا، لە دەوڵەتی تورک دەستێنێتەوە. بۆیە گەشەکردنی بزاڤی رزگاریخوازیی نیشتمانیی باکووری کوردستان، دەتوانێت کۆمەک بە هەرەسهێنانی کەمالیزم، کە سەرچاوەی تیرۆر و زەبروزەنگە، هەروا کۆمەک بە پێشکەوتنی دیموکراتی و گەشەکردنی شارستانەتی لە تورکیادا بکات.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

1– National Encyklopedin, Bra Bocker, 1995 s. 506-507

2– بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: لۆتسکی، تاریخ الاقطار العربیە الحدیث، موسکو دار التقدم 1976

3– Stora Focus 9,s.267

4– الدکتور بلەچ شێرکۆ، القضیە الکردیە،1930 ص75

5– فاشیزمی ئەوروپایی (ئەڵمانی و ئیتاڵی) بەرهەمێکی سروشتیی مێژوو و کولتووری بەربەریستانەی کۆلۆنیالیزم بوون. هێشتا هیتلەر منداڵ بوو کاتێک کۆلۆنیالیستە ئەڵمانەکان گەلی (هێرێرۆ)یان لە باشووری رۆژئاوای ئەفریقادا لە ناوبرد. بریتانیاکان، فرەنساییەکان و بەلچیکییەکان... بە کۆمەڵ کوشتاری خەڵکی ئەفریقایان دەکرد. بە سەدان نوسەر و روناکبیری ئەوروپایی ئەو کوشتارەی دەوڵەتەکانیان تیۆریزە دەکرد و بانگێشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئەم رەگەزە نزم و کورتدەستانە پێویستە لە ناو ببردرێن، یان بە هەرشێوەیەک بێت شارستانەتییان لە ناودا بڵاو بکرێتەوە. یەکێک لە نموونەی شارستانەتی بەلچیکییەکان، وەک سڤین لیندکڤیست باس

دەکات، ئەوەبوو کە کاپتێنێکی بەلچیکی، کاپتن رۆم، لە کۆنگۆ، ریزە گوڵەکانی بەردەمماڵەکەی خۆی بە کاژەڵاک (کەللەسەر) ی بیستویەک مرۆڤی کوژراوی کۆنگۆیی رازاندبۆوە. بۆ زیاتر بڕوانە:

Sven lindqvist, Utroa varenda jävlar

ئەم کتێبە بە ناوی دڕندەکان تاکبڕ بکەن، لە لایەن (رێبوار رەشید)ەوە کراوە بە کوردی و لە ساڵی 1995 لە سوێد بڵاکراوەتەوە.

6- لە ساڵانی 1925-1938 سێ راپەڕینی چەکداری لە باکووری کوردستان هەڵگیرسان: راپەڕینی ساڵی 1925 بە رابەری شێخ سەعیدی پیران. راپەڕینی خۆیبوون 1930 بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا لە ئارارات. راپەڕینی ساڵی 1938 لە دەرسیم. دوای دامرکاندنەوەی هەر راپەڕینێک تورکەکان کوشتارێکی بە کۆمەڵیان لە خەڵکی کورد دەکرد.

7- Michael M. Gunter, The Kurds in Turkey, Apolitic Dilemma, Westvie Press, USA 1990, p.43

8- Alar Kuutmann, Om Kurder, Statens invandraverk / SH, Linköping, 1983,-sid.23

9- Sven. Erik Liedman, Frán Platon till kommonismens fall, Bonnier Alba, 1993, s. 222

10- مجله دراسات کردیه، العدد 3-7 السنه الثالثه 1992، پاریس ص 31

11- هەمان سەرچاوە لا 45،35

12– Jan-Olof Pettersson, Tysnad i Turkiet, Utrikespolitiska Institutet 1971 S.7

13– جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژئاواییە، سوێد 1984 لا 90.89

14– د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، دەربارەی سروشتی راپەڕینە گەورەکەی ساڵی 1925 لە کوردستانی تورکیادا، گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژمارە دووی ساڵی 1970. (ئەم باسە دواتر، لە ساڵی 1985دا، لە کتێبێکدا بە ناوی چەند لاپەڕەیێک لە مێژووی گەلی کورد بڵاو کراوەتەوە).

15– کاتێک دەوڵەتی کەمالیستی دامەزرێندرا لە تورکیادا جگە لە تورک و کورد و پاشماوەی ئەرمەن، گەلانی دیکەی وەک چەرکەس، چاچان، گەلی دیکەی قەفقاس، کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەبەر رووسەکان هەڵاتبوون، لاز، عەرەب، گریک و مسوڵمانە سلاڤییەکانی بەلکان لە تورکیادا هەبوون. ئەتاتورک، لەم کۆمەڵە گەل و گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرە، ویستی نەتەوەی تورک دروست بکات. لە هەمان کاتدا نزیکەی ملیۆنونیوێک گریکی ئۆرسۆدۆسکی لە تورکیا دەرکرد. نیو ملیۆن مسوڵمان لە یۆنانەوە هێنران و لە تورکیا نیشتەجێ کران. هەروا تورکیا بە رووی تورکەکانی دنیادا کرایەوە. ئەمڕۆ وا دادەندرێت کە دەملیۆن تورک ریشەیان بۆ ناوچەکانی قەفقاس، پێنج ملیۆن ریشەیان بۆ سلاڤییەکان دەگەڕێتەوە. بۆ زیاتر

بڕوانە:

H.Magnus Karaveli, Landet mellan öst och vävst En historisk-politisk översikt, Turkiet Bro elller barär mellan Europa och Asien, Arena, Sveringe 1997, S.29

16- هەمان سەرچاوە، لا28

17- م.ا. حسرتیان، القضایا القومیە فی ترکیا، ترجمە: سیامد سیرتی، 1991، لا43

18- م.س. لازاریف، المساله الکردیە ((1917-1923 ترجمە د. عبدی حاجی، دار الرازی، بیروت 1991، ص107

19- Hannes Reichman- Alexander Foggensteiner, Den kurdiska knuten, Översättning: Anna Helleskog, Trycheriförlag, Täby, 1989 S.149

20- مارتین ڤان بڕوانسێن، جینۆساید لە کوردستان، وەرگێڕ: حەسەنی قازی، رابوون ژمارە: 12ی 1994، لا46 سوید

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی پێنجەم

## عێراق: دەوڵەتی ناسیۆنالی کەمایەتیی مەزهەبی

هەواڵنامەی کتێب

## کورتە سەرەتایەکی مێژوویی

لەناو ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ بە وڵاتی عەرەبی ناسراون، هەرێمی ناوەڕاست و باشووری عێراق، دوای دوورگەی عەرەب، لە هەموویان زیاتر بە مێژووی ئیسلام و کێشە و ناکۆکییە فیکری و مەزهەبی و سیاسییەکانی ئیسلامەوە بەستراون. بۆیە ئەم کێشە و ناکۆکییانە زۆرترین کاریان لە خەڵکی ئەو ناوچانە کردوون. تا ئەمڕۆ شوێنەواری قووڵیان بەجێ هێشتوون.

ئەو هەرێمانە، کە دەکەونە رۆخی بیابانەکانی دوورگەی عەرەب، لە پێش دەرکەوتنی ئیسلامەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، ئامانجی خێڵە بەدووەکانی عەرەب بوون. ئەو خێڵانە بەردەوام، بۆ تاڵان و غەنیمەت، یان بۆ پەیداکردنی لەوەڕگا بۆ ماڵاتەکانیان، روویان تێ دەکرد. لە سەردەمی فتوحاتی عەرەبیی ئیسلامیدا ئەو ناوچانە، کە کەوتونەتە نێوانی دورگەی عەرەب و ئێرانەوە، بوونە پردێک بۆ عەرەبەکان تا بە هۆیەوە بگەنە ئێران و لە وێشەوە بەرەو ناوەڕاستی ئاسیا و دورتر بڕۆن. دواتریش

هەواڵنامەی کتێب

ئەو ناوچانە بوونە ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلام. شاری کوفە کرایە جێگای (بیت المال)ی موسوڵمانان. ئیدی خێڵە بە دووەکانی عەرەب بە پۆل، لەو هەرێمانەدا، نیشتەجێ بوون و کولتوور و نەریتی خۆیان تێدا چەسپاند. شەپۆلی ئەو خێڵانە، تا سەرەتای ئەم سەدەیە و تەنانەت ساڵانێکی زۆر دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراق، هەر بەردەوام بوو.

ئەو ناوچانە، کە پێشتر بەشێک بوون لە ئیمپراتۆریای ساسانی، بوونە شوێنی پێکگەیشتنی بەدووە تازەهاتووەکان و دانیشتوانی گوند و شارەکانی ئەو هەرێمانە. هەروا بوونە مەیدانی پێکگەیشتن و لێکدانی هەردوو ئاینی ئیسلام و مانی. هەردوو کولتووری عەرەبی، کە دەیەویست خۆی بچەسپێنێت، کولتووری ئێرانی، کە دەیەویست درێژە بە خۆی بدات.

ئەمەیش تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی بەو ناوچانە بەخشی، کە دواتر بوونە ناوەندیی هەرە گرنگی فیکر و کولتووری ئیسلامی و پێگەی بەهێزی بەرهەڵستکارانی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی و داکۆکیکارانی خەلافەتی ئیسلام. عەلی کوڕی ئەبو تالیب لەوێوە، کە زۆربەی خەڵکەکە لایەنگری بوون، خەباتی دژ بە ئومەوییەکان دەکرد. حوسێن و بەشێک لە رابەرانی رۆحیی شیعەکان لەوێ شەهید کران. زۆربەی ئیمامی شیعەکان

هەر لەوێ، لە لە کەربەلا و نەجەف، کە بونەتە مەزارگەی هەرە پیرۆزی مسوڵمانی شیعە، نێژراون.

نزیکەی هەموو مەزهەب و ڕێبازە فیکری و بزاڤە سیاسییە گرینگەکانی نێو ئیسلام وەک شیعەگەری، ئەلخەواریج، ئەلموعتەزیلە، هەروا بزاڤی ڕەشەکان، قەرامیتە، ئەلغولات، زەندیقەکان، لەو ناوچانە دەرکەوتن و بە هۆیانەوە شەڕو پەلامار و پێکدادان، ڕوویان دا.

ئەو بزاڤە سیاسی و فیکرییانە و چەندانی دی، کە بەشێکیان بە درێژایی مێژووی خەلافەتی ئیسلام بەردەوام بوون، لە سەرێکەوە ناوچەکەیان کردبوو بە چاوگەیەکی گرینگی فیکری و کولتووری و سیاسی. لە سەرێکی دیکەوە خەڵکەکەیان، بە درێژایی مێژووی ئیسلام، کردبوو بە دوو بەرەی سیاسی و مەزهەبی و فیکریی سەر بە دەوڵەت و دژ بە دەوڵەت. سەرەڕای دەستەبەندی و جیاوازیی نێوان لایەنەکانی دژ بە دەوڵەت.

بەڵام لەبەر ئەوەی کێشە فیکری و مەزهەبی و سیاسییەکانی نێو دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی، بەردەوام بە توندی پەلامار دەردران و کوشتاری بە کۆمەڵیان لێ دەکەوتەوە، وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسکرا، ئەوا ئەم کێشانە، بەردەوام سروشتێکی زەبرئامێز و توندوتیژانەیان بە خۆیان دەگرت. بەرهەڵستیکردن، توندڕەوی، یاخیبوون لە دهسەڵات و پەنابردنە بەر

توندوتیژی، دیارترین نەریتی سیاسی و بەشێک لە کولتووری خەڵکی ئەو ناوچانە بوون. کەچی بۆ نموونە خەڵکی شام هەمیشە ملکەچی حوکمڕانانی ئیسلام بوون و باوەڕیان پێ دێنان و گوێڕایەڵیان بوون و بە فەرمانیان دەجوڵانەوە[(1)]. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە کێشەی سیاسی، لە مێژووی نوێی سووریادا، بۆ نموونە وەک عێراق، شێوەیەکی خوێناوی و توندتیژانەی بەخۆ نەگرتووە. هەرچەندە حیزبی بەعس، لەم دواییانە، توانی کولتووری تیرۆر و کوشتن و توندوتیژیی لە سووریادا، بڵاو بکاتەوە..

لە سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەفەویی ئێرانیدا ئەو ناوچانەی ناوەڕاست و باشووری عێراق، کە زۆربەی خەڵکەکەی شیعەن، مەیدانی پێکدادانی هەردوو ئیمپراتۆریا بوون.

سەفەوییەکان، لە سەرەتادا، وەک ناوچەیەکی سروشتیی ئیمپراتۆریای شیعەمەزهەب، دەستیان بەسەردا گرت. دواتر کەوتنە بندەستی عوسمانییەکان. بەڵام زۆربەی خەڵکەکە پەیوەندیی ڕۆحی و ئایینییان هەر لەگەڵ ئێراندا بوو. یان هەمیشە قەڵغان و چەپەری ئیمپراتۆریای شیعەمەزهەبی ئێران بوون. بۆیە عوسمانییەکان بە گومانەوە بۆیان دەڕوانین. زۆرترین ستەم و تاڵان و کوشتاریان بەرامبەر دەکردن.

تا ڕوخاندنی ئیمپراتۆریای عوسمانی، ئەو ناوچانە، بە تەواوی داخراو و گۆشەگیر و لە دنیادابڕاو بوون. لە هەر

هەواڵنامەی کێر

جۆره پرۆژەیەکی نوێی ئاوەدانی و پیشەسازی و کولتووری بە دوور بوون. لەوێ، وەک نزیکەی تەواوی عێراق، بە باشووری کوردستانیشەوە، پەیوەندیی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری و کولتوور و نەریتی خێڵەکی تیایاندا زاڵ بوون. سەرۆکخێڵ و رابەره رۆحییەکانی شیعە، لە دەوڵەت زیاتر دەسەڵاتی سیاسی و رۆحییان، لەناو خەڵکدا، هەبوو. ئینتیمای کۆمەڵایەتی بۆ خێڵ، ئینتیمای ئایینی بۆ رابەرانی ئایینی- مەزهەبی، زۆر لە ئیتیمای سیاسی و ئایینی بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەهێزتر بوون. هەروا کولتوور و نەریتی بەدەوی بە تەواوی زاڵ بوون.

کاتێک بریتانیا لە ساڵی 1914دا عێراقی داگیر کرد، رووبەڕووی بەرەنگارییەکی توندی خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراو بۆوە، کە بە درێژایی مێژوویان، بە ملنەدان و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات، لە ناوچەکانیان، راهاتبوون. سەرۆکخێڵ و رابەره رۆحییەکانی شیعە، بە تەئسیری پڕوپاگەندەی عوسمانی و رابەره شیعەکانی ئیران و بۆ پاراستنی پێگەی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی و مەزهەبییان، بوونە پێشەنگی راپەڕین و بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەی دژ بە لەشکری بریتانیا. ئەو رووداوانەش، بە نۆرەی خۆیان، کارەساتی نوێیان بۆ خەڵکی ئەو ناچانە هێنا. لە ئەنجامدا ستەمێکی نوێ، ستەمی کۆلۆنیالیزمی بریتانی جیگای ستەمی عوسمانیی گرتەوە.

دەوڵەتی بریتانیا لە عێراقدا، سەرەتا لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرای عوسمانی، دەوڵەتی عێراقی دامەزراند. لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستەکاندا بریتانیا، دوای دابەشکردنی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەر و روخاندنی حکومداریی شێخ مەحموود، باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی داگیر کرد و بە زەبری هێز و تیرۆر، لکاندی بە دەوڵەتی عێراقەوە.

ئەو قەوارە سیاسییەی بریتانیا دروستی کرد (عێراق) لە سەرێکەوە بەشێکی کوردستانی، بە دوور لە ویست و ئیرادەی گەلەکەی، پێوە لکێندرا. لە سەرێکی دیکەوە بریتانیا لە سەرەتاوە دەسەڵاتی کەمتایەتیی عەرەبی سونەی بە سەر زۆرایەتیی عەرەبی شیعەدا سەپاند. ئەویش، وەک تورکە عوسمانییەکان، کاروباری بەڕێوەبردنی وڵاتی بە عەرەبە سونەکان سپارد. شیعەکان بە تەواوی، لە حوکمڕانیی دەوڵەتی عەرەبیی عێراق، بێ بەش کران. کەچی عەرەبی عێراق لە سەدا هەشتای شیعەیە و تەنیا نزیکەی لە سەدا بیستی سونەیە[2].

کۆلۆنیالیزمی بریتانیا، لە روانگەی بەرژەوەندی و ئامانجی ستراتیجیی خۆیەوە، سنووری دەوڵەتی عێراقی دیاری کرد. بناغەی دەوڵەتەکەی، وەک وەک دەوڵەتی کەمایەتیی تایفەچیی سونەی عەرەب، دارِشت. لە تەواوی ئەم کارەیدا هیچ جۆرە فاکتەر و تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی،

مێژوویـــی، ئـــایینی، مەزهـــەبی، کولتـــووری، جیـــۆگرافی و ئینسانیی گەلانی عێراقی لە بەرچاو نەگرت. بۆیە عێراق لـە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، گەورەترین کێشەی خوێناوی نەتەوەیی و مەزهـەبی- تایفەگـەری و سیاسـیی، بـە خۆیـەوە دەبینێت. هـــەروا راگرتنـــی ئـــەم قەوارەیـــە و ســـەپاندنی حـــوکمی کەمایەتی، پێویستیی بە وابەستەیی بێگانە و بە دەسـەڵاتێکی ئیستیبدادی و دیکتاتۆری بووە و دەبێت.

بە درێژایی مێـژووی دەوڵـەتی عێـراق، جۆری حوکم و رێـژیم لـە بەغـدا هـەر چۆنێـک بـوو بێـت، کێشـەی نێـوان کوردستان و دەوڵەتی عێراق درێژەی بووە. هـەروا کێشـەی نێوان زۆرایـەتیی شیعەی ستەمدیدە و کەمایـەتیی سـونەی حـــوکمڕان، بـــەردەوام و ســـەختر بـــووە، ئەمـــڕۆ ئەم دوو کێشـــەیە، لـــە هـــەر کـــاتێکی دی، دژوارتـــر و خوێنـــاویترە و رەوایی دەوڵەتی عێراقیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

هەواڵنامەی کێبر

# I

شیعەکانی ئەمڕۆی عێراق، سەدان ساڵە، رووبەرووی ستەمی مەزهەبی-تایفەگەری بوونەتەوە. ئومەوییەکان، کاتێک خەلافەتی ئیسلامیان زەوت کرد، زاڵمانە لەگەڵ خەڵکی ویلایەتی بەسرا و کوفەدا، کە لایەنگری ئیمامی عەلی بوون، جوڵانەوە. هەروا (بیت المال)ی موسوڵمانانیان لە کوفەوە گواستەوە شام، کە ئەم کارە زیانێکی ئابووریی گەورەی بە خەڵکی هەردوو ویلایەتەکە گەیاند.

لە سەردەمی عەباسییەکاندا، ستەمی مەزهەبی بەرامبەر بە شیعەکان هەر بەردەوام بوو. دوای ئەوە، کاتێک عوسمانییەکان خەلافەتیان زەوت کرد، چەوساندنەوەی خەڵکی شیعە سەختتر بوو. چونکە شیعەکانی هەردوو ویلایەتی بەغداد و بەسرای عوسمانی، وەک لایەنگری ئیمپراتۆریای شیعەمەزهەبی ئێرانی تەماشا دەکران. بۆیە بەردەوام تووشی ستەمی مەزهەبی و چەوساندنەوە و کوشتاری بە کۆمەڵ دەهاتن.

سوڵتان سەلیم لەساڵی 1512دا بوو بە خەلیفەی عوسمانی. ئەو دەوڵەتی شیعەمەزهەبی سەفەویی بە دیاردەیەکی سامناک دەزانی. لە هەوەڵین مانگەکانی دەسەڵاتیدا، دەستووری دا کە شیعەکان، لە هەر جێیەک بن، دەبێت لەناو ببردرێن. بۆ ئەم مەبەستەیش هەندێک مەلای

سونی فەتوایان دا کە، شیعەکان لە ئایینی ئیسلام لایان داوە[3]. لەو سەردەمەدا بوو سوڵتان سەلیم، بە نێوی سونەچییەتییەوە شەڕی لە دژی سەفەوییەکان هەڵگیرساند. لە ئەنجامدا، لەساڵی 1514 دا، هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی– ئێرانی، یان سونی– شیعی، لە چاڵدێران بەشەڕهاتن. ئەو شەڕە گەورەترین زیانی مێژوویی بە نەتەوەی کورد گەیاند. چونکە، لە ئەنجامی شەڕەکەدا کوردستان، لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریادا، دابەش کرا.

زۆربەی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریایە بەوە دوایی دەهات، کە ئەگەر لەشکری ئێرانییەکان بگەیشتایەتە بەغدا دەستێکی توندی لە عەرەبە سونەکان دەوەشاند. کاتێکیش لەشکری عوسمانییەکان دەهاتەوە تۆڵەی سونەکانی لە شیعەکان دەکردەوە.

بۆیە بە درێژایی ئەو ماوەیەی عوسمانییەکان حوکمڕانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرایان کرد، تەنیا پشتیان بە عەرەبە سونەکان دەبەست (شیعەکان بۆیان نەبوو بەشداری دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەریی بکەن. ناوچەکانیان لە هەموو جۆرە پرۆژەیەکی ئاوەدانی و خوێندن و تەندروستی ...تاد بێ بەش کرابوون. دەوڵەتی عوسمانی تەنیا سونەکانی، لە ریزی سوپا و لە کۆلێجی عەسکەریی عوسمانییدا، وەردەگرت[4].

لەگەڵ ئەو هەموو ستەمە مەزهەبییەی دەوڵەتی عوسمانی لە شیعەکانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرای

هەواڵنامەی کتێب

دەکرد، کەچی کاتێک بریتانیا عێراقی داگیرکرد، شیعەکان داکۆکییان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد. ئەوان بە کارتێکردنی ئایین و فەتوای (جیهاد)، کە خەلافەتی عوسمانی رای گەیاندبوو، هەروا بە قسەی هەندێک رابەری رۆحی شیعەکانی ئێران، بە چەک بەرەنگاری لەشکری بەریتانیا بوونەوە.

هەروا لە ساڵی 1918دا شیعەکان راپەڕینێکی چەکدارییان، لە شاری نەجەف، دژی دەسەڵاتی بریتانیا هەڵگیرساند، کە زۆربەی ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاستی گرتەوە. راپەڕینی چەکداریی ساڵی 1920 (کە بە شۆڕشی بیستی گەلی عێراق ناو دەبرێت) لە بنەڕەتدا راپەڕینی خەڵکی شیعە بوو. رابەرە ئایینیەکان و سەرۆکخێڵە شیعەکان سەرکردایەتییان دەکرد.

کۆلۆنیالیزمی بریتانی، کە بە توندی ئەو راپەڕینانەی دامرکاندەوە، هەڵوێستی ستراتیجیانەی خۆی بەرامبەر شیعەکان دیاری کرد. ئەوانی بە خەڵکی گومانلێکراو و دوژمنی خۆی حیساب کردن.

کەچی رابەرە ئایینی و سەرکردە عەرەبە سونەکان، کە پەروەردەی دەستی عوسمانییەکان و تاکە باوەڕپێکراویان بوون لە هەردوو ویلایەتەکەدا، بە پیر بانگەوازی (جیهاد)ەوە نەچوون. لەوەش زیاتر، لە سەرەتاوە بە نهێنی، پەیوەندییان بە ئینگلیزەکانەوە کرد. توانییان، لە سایەی دەسەڵاتی ئەواندا، پێگە و دەسەڵاتی سیاسی و مەزهەبیی

خۆیان بپارێزن و دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان، لە سەر بنچینەیەکی مەزهەبیی سونیی دژ بە شیعە، دابمەزرێنن.

ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1920ی خەڵکی شیعەی عێراق، لە دژی بریتانیا، دوو ئەنجامی گرنگی هەبوو:

**یەکەم:** دەسەڵاتی بریتانیا لە شیعەکانی عێراق بێ ئومێد بوو. بە تەواوی پشتی بە کەسایەتییە ئایینی و سیاسی و عەسکەرییە عەرەبە سوننەکان بەست. بۆ نموونە لە ساڵانی 1920 تا 1940 بریتانییەکان 23 جار ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقیان گۆڕی. کەچی تاکە جارێک کەسێکی شیعەیان بە سەرۆکوەزیر دانەنا. زۆربەی جاریش، لە نێو دە تا دوازدە وەزیردا، شیعەکان، وەک جوولەکەکانی ئەو سەردەمەی عێراق، تاکە وەزیرێکیان هەبوو[(5)].

**دووەم:** بریتانیا شێوەی حوکمڕانیکردنی عێراقی گۆڕی. لە ئۆکتۆبەری 1920 دا، بە هاوکاریی ناسیۆنالیستە عەرەبە سوننەکان، یەکەمین دەوڵەتی ناسیۆنالی لە عێراقدا دامەزراند. کەسایەتییەکی سوننەی مەزهەبپەروەر (عەبدولرەحمان نەقیب)ی بە سەرۆکی وەزیران دانا.

ئەم بنچینە مەزهەبییەی دەوڵەتی عێراق، لە یاسای عێراق و یاسای رەگەزنامە (الجنسیە)ی عێراقدا، کە لە ساڵی 1924 دا بڕیار درا، بە زەقی رەنگی دایەوە. بە پێی ئەو یاسایە بەشێکی زۆری شیعەکانی عێراق، تا لە رووی

سیاسییەوە پایسیف بکرێن، بە (هاووڵاتی نا ئەسڵی) داندران[6]. لەو رۆژەوە تا ئێستا نووسەر و ئایدیۆلۆجیستە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب، لەوانە ساتیع ئەلحوسەری، گومان لە عەرەبایەتیی شیعەکانی عێراق دەکەن و بە ئێرانییان دادەنێن. حەسەن عەلەوی دەڵێت: (هەر لە شۆڕشی 1920 تا ئەمڕۆ رێبازێکی فراوانی پرۆژەی ناسیۆنالیستی، لە عێراقدا، هەوڵ دەدات شیعەکان لە عەرەبایەتی بێبەری بکات و بە عەجەمیان دابنێت)[7].

بە کورتی دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراق، لە سەرەتاوە لەسەر بنچینەیەکی مەزهەبیی سونی دژ بە شیعە هاتە دامەزراندن. دواتریش، لە کۆتایی ساڵی 1924دا، کاتێک کوردستانی خواروو داگیرکرا و بە عێراقەوە لکێندرا، ئەم دەوڵەتە، لە پاڵ خەسڵەتە مەزهەبییەکەیدا، سروشتێکی شۆڤێنیشی بەرامبەر بە کورد بەخۆ گرت. بەم جۆرە دژایەتیی شیعە و دوژمنایەتیی کورد و رێگرتن لە سەربەخۆیی کوردستان، بوون بە ئامانجی هاوبەشی ناسیۆنالیستانی عێراق و کۆلۆنیالیزمی بریتانیا. بریتانییەکان بۆ چەسپاندنی ستراتیجیا و پاراستنی بەرژەوەندییان، ناسیۆنالیستە عەرەبە سونەکانیان کردە داردەستی خۆیان. ناسیۆنالیستە عەرەبە سونەکانیش، بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی مەزهەبی- شۆڤێنیستیی خۆیان و داگیرکردنی کوردستان و چەسپاندنی دەوڵەتی ناسیۆنال- مەزهەبیی دژ بە کورد و شیعە، سودیان لە هێز و دەسەڵات و کۆمەکی

بریتانیا وەرگرت.

بەرای من بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لە عێراقدا، کە لە نێو عەرەبی سوننەدا سەری هەڵدا و گەشەی کرد، هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوەیەکی مەزهەبی- شۆڤێنیستی بوو: مەزهەبی بەرامبەر بە خەڵکی شیعە، شۆڤێنیست بەرامبەر بە کورد و ئاشووری و تورکمان و جوولەکە.

ئەو بزووتنەوەیە بەرهەمی سروشتیی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵی عێراق و سەرهەڵدانی چینی نوێی کۆمەڵایەتی نەبوو. هەروا بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازیی نەتەوەیی نەبوو، کە بە ئامانجی رزگارکردنی وڵات لە دەسەڵاتی بێگانە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەرکەوتبێت. بە پێچەوانەوە بریتانیا خۆی ئەرکی دامەزراندنی دەوڵەتی بۆ ناسیۆنالیستانی عێراق بە ئەنجام گەیاند. دەوڵەتەکەیشی بەو فەرمانبەر و ئەفسەرە عەرەبە سونانە سپارد، کە پێشتر لە دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، کاریان کردبوو. لەوەش زیاتر بریتانیا، بە لەشکری خۆی، باشووری کوردستانی داگیر کرد و بە دەوڵەتی عێراقییەوە لکاند. هەر خۆی لە ئاستی جیهانیدا، لە رێگەی رێکخراوی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) کە ئامرازی دەستی وڵاتە ئیمپریالیستەکان بوو، دەوڵەتی عێراقی ناساند

بۆیە بزاڤی ناسیۆنالیستیی عەرەب، کە لە کۆشی

بریتانیادا گەورە بوو، کەمترین توخمی رۆشنگەری و راسیۆنالیزم (عەقلانی) و رزگاریخوازیی بەخۆ نەگرت. وەک بزاڤێکی شۆڤێنیستی دژ بە کورد و مەزهەبچی دژ بە شیعە مایەوە. سەیریش نییە کە لەنێو ئەو بزاڤە ناسیۆنالیستییە شێواوەدا، نموونەی وەک بەعس دەربکەوێت. راستییەکەی بەعس نوێنەری سروشتیی بزاڤی ناسیۆنالیستی عەرەبی عێراقە و بە ئەمانەتەوە، پەیام و ئامانجی ئەو بزاڤە، بەرامبەر بە گەلی باشووری کوردستان و خەڵکی شیعەی عێراق، بەجێ دەگەیەنێت.

هەواڵنامەی کتێب

## II

ئەو جۆرە دەوڵەتەی بریتانیا، لە کۆتایی ساڵی 1920 لە عێراق دروستی کرد، ئاسان نەبوو سەرکەوتووانە بەردەوام بێت، چونکە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان رێژەی هاووڵاتییانی شیعە و رێژەی هاووڵاتییانی سووننەدا سەربگرێت. چۆن و تاکەی دەکرێت کەمایەتییەکی مەزهەبی حوکمڕانیی زۆرایەتییەک بکات، کە چوار ئەوەندەی خۆیەتی؟ بۆیە ئەم پارسەنگە تەواو لەنگەی نێوان رێژەی شیعەکان و سوننەکان، پێویستی بە گۆڕانکارییەک هەبوو، کە بە قازانجی زۆرکردنی رێژەی سوونەکان بێت، لە عێراقدا. لەوە دەچێت لکاندنی باشووری کوردستان بە

عێراقەوە باشترین ڕێگە بوو بێت بۆ گۆڕینی ئەو ڕێژەیە. سوننەکانی عێراق، بە کوردەوە، کە زۆرینەی سونەن، دەگاتە لەسەدا چلی هاوڵاتییانی عێراق. بەڕای من ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو، کە پاڵی بە کۆلۆنیالیزمی بریتانیاوە نا، باشووری کوردستان بە عێراقەوە بلکێنێت، نەک وەک کۆلۆنیایەکی خۆی ڕاستەوخۆ بەڕێوەی بەرێت.

پرسی کۆکس لە ئەیلوول- سێپتەمبەری 1921 دا، دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ مەلیکی عێراق، بۆ حکومەتی بەریتانیا دەنووسێت: مەلیک ترسی ئەوەی هەیە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ببێتە هۆی ئەوەی کە کوردەکانی تورکیا و ئێرانیش بچنە پاڵ ئەم دەوڵەتە، ئەمەیش گەورەترین مەترسی هەمیشەیی بۆ سەر عێراق دەبێت. هەروا مەلیک دەیەوێت بەهۆی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە زۆرایەتییەکی بەردەوامی سوننە، لەچاو شیعەدا، لە پەرلەمانی چاوەڕوانکراویدا دەستەبەر بکات[(8)].

مەلیک، وەک ناسیۆنالیستێکی عەرەب، ویستوویەتی هەم عێراق لە مەترسی کورد و دەوڵەتی داهاتووی کورد بپارێزێت، هەم دەست بەسەر بەشێکی کوردستاندا بگرێت و کورد وەک ئامرازێک بۆ پرۆژەی مەزهەبی و ناسیۆنالیستی لە دژی شیعە بەکار بهێنێت.

پێ دەچێت ناسیۆنالیستانی عەرەبی عێراق، هەر لە سەرەتاوە چاویان لە داگیرکردن و تالانکردنی کوردستان بڕی بێت. بەڵام خۆیان، بە تەنیا ئەو کارەیان پێ نەدەکرا.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوان، بە بێ کۆمەکی ڕاستەوخۆی کۆلۆنیالیزمی بریتانیی، نەیاندەتوانی حوکمڕانی بەشە عەرەبییەکەی عێراقیش بکەن. لەشکری بریتانیا خۆی ئەو کارەی بۆ دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراق کرد و باشووری کوردستانی بەعێراقەوە لکاند. لە ئەنجامدا ئەو قەوارە داتاشراوە هاتە دامەزراندن، کە تیایدا کەمایەتییەکی سونەی عەرەب حوکمڕانیی زۆرایەتیی شیعە و کورد دەکات:

**یەکەم:** لە ڕووی مەزهەبییەوە، وەک باسکرا، دەوڵەتی کەمایەتیی سونەیە، کە زۆرایەتیی شیعە دەچەوسێنێتەوە.

**دووەم:** لە ڕووی نەتەوەییەوە هەمان کەمایەتیی عەرەبی سوننەی حوکمڕان، بە ژمارە لە گەلی باشووری کوردستان ( کورد و ئاشووری و تورکمان) کەمترە. چونکە بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە تەنیا گەلی کورد لە سەدا بیستوهەشتی خەڵکی عێراقە[9]، کەچی عەرەبی سوننە نزیکەی لەسەدا پانزەی خەڵکی عێراقە[10].

بەڵام عەرەبە حوکمڕانەکانی عێراق، کەمایەتیی مەزهەبیی خۆیان، لە بەرامبەری شیعەکاندا، بەوە داپۆشیوە کە کورد سونەیە. بەم جۆرە ڕێژەی سونەکان، لە عێراقدا، بە کوردەوە لە سەدا چل دەبێت. لێرەدا گەلی باشووری کوردستان، لە بەرامبەر شیعەکاندا، کراوەتە قەڵغانی مەزهەبیی حوکمڕانە سوننەکانی عێراق.

کەچی ئەو کەمایەتییە عەرەبە حوکمڕانە، کەمایەتی خۆی، لە بەرامبەر گەلی کورددا، بەوە شاردۆتەوە کە شیعەکانی عێراق، جگە لە کوردە فەیلییەکان و بەشێکی تورکمانەکان، عەرەبن و ئەوانی عەرەب، لە عێراقدا، زۆرایەتین. لێرەدا شیعەکان لە بەرامبەر گەلی کوردستاندا، کراونەتە قەڵغانی نەتەوەیی ناسیۆنالیستانی عەرەبی عێراق.

کۆلۆنیالیزمی بریتانیا، لە ڕێگای لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، بەلای کەمەوە سێ ئامانجی گرینگی بەدەست هێنا:

یەکەم: پارسەنگی مەزهەبیی لەنێو عێراقدا، بە قازانجی زۆرکردنی ڕێژەی سوننەکان، هاتە گۆڕین. ڕێژەی شیعەکان لە عێراقدا لە نزیکەی سەدا هەشتاوە (بەبێ کورد) گۆڕدرا بە نزیکەی لە سەدا پەنجاوپێنجی هەموو خەڵکی عێراق.

دووەم: دەوڵەتی بریتانیا ڕێگەی لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان و یەکگرتنەوەی کوردستان بەست. توانی گەلی باشوور و کێشەکەی، لە چوارچێوەی عێراقدا، لە قاڵب بدات.

سێیەم: سوپاکەی خۆی لە شەڕی دژ بە گەلی کوردستان بەدوور گرت. لە جیاتییان ناسیۆنالیستانی عەرەبی کردە پۆلیسی خۆی((11)).

عێراق، کە لەسەر بنەمای ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی

دامەزرێندراوە، تەنیا بە زەبری ستەم و زۆرداری و دیکتاتۆریا رادەگیرێت. لامولیە ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە عێراق، لە دامەزراندنییەوە تا ئێستا، کەمترین دەرفەتی دیموکراتی و ژیانی دەستووری بە خۆیەوە دیتوە. کێشەی سیاسیش لە عێراقدا، هەمیشە، سروشتێکی توندوتیژانە و خوێناویی بەخۆ گرتووە. هەروا راگرتنی ئەو قەوارە ناسروشتییە، هۆکاری سەرەکیی بەرهەمهێنانەوەی ستەم و دیکتاتۆریایە. چونکە هەر کەمایەتییەکی نەتەوەیی، ئایینی، یان سیاسی، تەنیا بە هۆی تیرۆر و دیکتاتۆریاوە، دەتوانێت درێژە بە حوکمڕانی بدات.

داتاشینی قەوارەی عێراق، هەر لە سەرەتاوە، دوو جۆرە کێشە و بزاڤی مەزهەبی و نەتەوەیی، لێکەوتەوە. هەردوو راپەڕینەکەی خەڵکی شیعەی باشووری عێراق و گەلی باشووری کوردستان، لە بەهاری 1991 دا دەریان خست، کە ئەو دوو کێشەیە زەقترین کێشەی سیاسیی عێراقن و پێویستییان بە چارەسەرکردن هەیە.

## III

بزاڤی سیاسیی شیعەکانی عێراق لە بنەڕەتدا، بەرهەمی ستەمی مەزهەبیی حوکمڕانە سونەکانی عێراقە. ئەو بزاڤە تا ئەو ئەندازەیەی کە دەخوازێت ستەم لەسەر شیعەکانی

عێراق هەڵبگرێت و یەکسانی لە نێوان شیعە و سونەی عێراقدا بچەسپێنێت، بزاڤێکی رەوایە. بەڵام کاتێک ئەو سنوورە دەبەزێنێت و دەیەوێت رێژیمێکی ئیسلامی- مەزهەبیی، مۆدێلی ئێران، لە عێراقدا بسەپێنێت، ئامانجە رەوایەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چونکە بە بەهانەی لابردنی ستەمێکی مەزهەبی- سیاسی، دەخوازێت ستەمێکی دیکەی مەزهەبی- سیاسی بهێنێت. هەروا کاتێک نکوڵی لە مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی گەلی باشووری کوردستان دەکات، دەشێت لە داهاتوودا هەمان سیاسەتی شۆڤێنیستی حوکمڕانانی عێراق، بەرامبەر بە کورد، پەڕەو بکات.

بزاڤی سیاسیی شیعەکانی عێراق، لە دوای تێکشکانی راپەڕینی (1920)ەوە بە دوو قۆناغی جیاوازدا تێ پەڕیوە:

**قۆناغی یەکەم:** لە سەرەتای بیستەکانەوە تا سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوو. لەو قۆناغەدا خەباتی رێکخراو و سەرکردە سیاسی و ئاینییەکانی شیعە، بەو ئامانجە بوو کە ستەم و چەوساندنەوەی مەزهەبی، بەرامبەر بە شیعەکان، نەمێنێت. بۆیە لە بەرنامە و یاداشتنامە و تەنانەت لە راپەڕین و خۆپیشاندانەکانیشدا، داوایان دەکرد کە پۆست و کاروباری دەوڵەت، بە جۆرێکی یەکسانانە، لە نێوان کەسایەتییە شیعە و سوننەکاندا دابەش بکرێن. پرۆژەکانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری، ناوچەکانی ئەوانیش بگرنەوە. مزگەوت و مەڵبەندە ئاینییەکانی

هـــەردوولا، وەک یـــەک، بایـــەخیان پـــێ بـــدرین..تاد. بەڵام لـــەبارەی دۆخـــی سیاســـیی عێـــراق، کۆمـــەڵێک داخـــوازیی گرنگیـان هـەبوو، لەوانـە دیمـوکراتی، هـەڵبژاردنی ئازادانـەی پەرلەمان، ئازادیی رادەربڕین و و نووسین و دامەزراندنی ڕێکخـراوی سیاسـی...تاد[12]. ئـەوان لێیـان روون بـوو کـە ئەگەر داخوازییەکانیان جێبەجێ بکرێن، حوکمی تایيفەگـەری و دەسـەڵاتی کەماییـەتیی سوننی لـە عێراقدا، دواییان دێت. چونکە ئەوان، لە هـەڵبژاردنێکی ئازادانـەدا، زۆرینەی دەنگ دێنن و لە پەرلەماندا زۆرینە دەبن. بەڵام ئـەو داخوازییانـەی شیعەکان، بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتی بریتانیا و دەوڵـەتی عێراقــەوە، رەت دەکرانــەوە. ئــەو ســتەمە مەزهەبییــە، بــە جۆرەها ستەمی کۆمەڵایـەتی و چینایـەتی، تێکـەڵ بـوو بـوو. تێکرِایـــان زەمینـــەی لـــەباریان، لـــەنێو شـــیعەکاندا، بـــۆ بەرهەڵستکاری و راپەڕین، رەخساند بوو. بێزاریی خـەڵکی ســتەملێکراوی شــیعە، بــە جــۆرێکی خۆڕســکانە لەگــەڵ هەڵوێســـتی هێـــزە بەرهەڵســـتکار و چەپـــەکانی دژ بـــە کۆلۆنیالیزمی بریتانیا و دەوڵـەتی عێـراق، تێکـەڵ بـوو بـوو. بۆیــە ئــەو هێزانــە زۆرتــرین ئەنــدام و لایــەنگریان لــەناو شیعەکاندا هەبوو.

بەڵام ئەو شێوە خەباتـەی شیعەکان ئەنجامێکی نـەبوو. ئـەو زنجیـرە کودێتایـەی کـە لـە تـەمووزی 1958 دەسـتی پێکـرد، گـۆڕانێکی تـەواوی بەسـەر بـارودۆخی سیاسـی و کۆمەڵایـەتیی عێراقـدا هێنـا. سـوپای عێـراق، کـە هەمیشـە

سەرکردە دەستڕۆیشتووەکانی عەرەبی سوننە بوون، وەک هێزی یەکلاکەرەوەی بارودۆخی سیاسی هاتە مەیدان. ستەمی مەزهەبی، بەرامبەر بە شیعەکان، توندتر بوو. هێزە چەپەکانی عێراق، کە رۆژێک لە رۆژان مایەی ئومێدی خەڵکی شیعە بوون، هەڵوێستێکی بێباکانە و هەڵپەرستانەیان بەرامبەر بە توندبوونی ستەم و چەوساندنەوەی شیعەکان وەرگرت.

**قۆناغی دووەم:** ئەو بارودۆخە نوێیە کۆتایی بە شێوە خەباتی کلاسیکییانەی شیعەکان هێنا [(13)]. شێوە هۆشیارییەکی نوێی سیاسی- ئاینی لە ناویاندا دەرکەوت، کە زۆری نەبرد لە شێوەی بزاڤێکی نوێی سیاسی- ئاینیی خاوەن بەرنامە و ئامانجێکی سیاسیی جیاواز لە جاران، خۆی دەرخست. دامەزراندنی حیزبی ئەلدەعوەی ئیسلامی، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، بەرهەمی ئەو هۆشیارییە سیاسییە- ئاینییە بوو. دامەزراندنی رێکخراوی سیاس- مەزهەبیی لەو جۆرە، بۆ نموونە ئیخوان ئەلموسلیمین، زۆر پێشتر لە میسر و هەندێک وڵاتی دیکەی عەرەبیدا، لەناو سونەکاندا، دروست بوو بوو. بەلای زۆرەوە ئەو جۆرە رێکخراوە سیاسییە ئاینییانە، هاندەرێک بوون بۆ دامەزراندنی حیزبی ئەلدەعوە.

ئەو هۆشیارییە سیاسیە نوێیە، بە خێرایی، لە ناو شیعەکاندا، پەرەی گرت و شێوەی بزاڤێکی رێکخراوی

جەماوەریی بەخۆ گرت[14]. لە ئەنجامدا چەندان ڕێکخراوی نوێی خاوەن بەرنامە و ئامانجی وێکچووی سیاسی و ئاینی، لە ناو شیعەکاندا، هاتنە دامەزراندن. بزاڤی شیعەکان، لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1977 دا، کە بە توندی سەرکوت کرا، خۆی وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە، بۆ سەر دەسەڵاتی بەعس، دەرخست.

سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، وزە و هیوایەکی نوێی بەبەر بزاڤی سیاسی- ئاینیی شیعەکانی عێراقدا کرد.

مەسەلەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و ویلایەتی فەقیهـ لە خەون و تیۆرییەوە گۆڕدرا بە واقیع و ڕاستی. بۆ ئەم ئامەنجەش هەموو هێزە سیاسییە- ئیسلامییەکان، بە کۆمەک و هاندانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە بەرەیەکدا بە ناوی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، یەکیان گرت و بەرنامەیەکی تایبەتیان، بۆ شێوەی ڕێژیمی ئیسلامی عێراق، داڕشت. لەو بەرنامەیەدا هەڵوێستی خۆیان لەبارەی شێوەی حوکمڕانی، دیموکراتی و مەسەلەی گەلی کوردستان..تاد ڕوون کردۆتەوە.

هێزە سیاسییەکانی شیعە، کە خۆیان بە جێگری ڕێژیمی بەعس دەزانن، پرۆگرامێکی ڕیالیستانە و دیموکراتانەیان بۆ مەسەلەی دیموکراتی و چارەسەری مەسەلەی گەلی باشووری کوردستان نییە. ئەوان دەخوازن ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆجیای خۆیان، بە هەندێک تیز و بۆچوونی

گومڕاکارانە، بشارنەوە. بۆ نموونە: ئیسلام دژی چەوسانەوە و ستەمی نەتەوەییە. موسوڵمانان سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەییان یەکسان و بران..تاد. ئەمانە هەمان تێزی گومراکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، کە جگە لە ستەم و چەوساندنەوەی کورد و درێژەدان بە داگیرکردنی کوردستان، شتێکی دیکەیان بە ئەنجام نەهێناوە.

هەقیقەتی ئەم ((برایەتی)) و ((یەکسانییە)) ئیسلامییە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو هێزانە، تەنانەت جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی کارتۆنیش بە گەلی کورد ڕەوا نابینن و بە سەرەتایەکی دەزانن بۆ لەتکردی عێراق.

ئەو بۆچوونەیان دەیسەلمێنێت کە ئەو هێزانە، بە هەمان عەقڵییەتی شۆڤێنستیانەی ناسیۆنالیستانی فارس و عەرەب، بۆ مەسەلەی گەلی کوردستان دەڕوانن. کاتێکیش دەسەڵات دەگرنە دەست، دەشێت بە هەمان شێوازی ئەوان لەگەڵ گەلی کوردستاندا ڕەفتار بکەن.

لەو حاڵەتەدا، لەوانەیە کێشەی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی عێراق، توندتر و خوێناویتر بێت. چونکە کینەی شۆڤێنستانە تێکەڵاوی کینەی مەزهەبیی دەبێت. ئەم جارەیان کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی کورد، بە ناوی خوا و بەپێی فەتوای ئایینی حەڵاڵ دەکرێت. ئایەتوڵڵا شیرازی، کە رابەرێکی سیاسیی شیعەکانی عێراقە، دەڵێت: (ئەگەر ڕێژیمێکی ئیسلامی هاتە دامەزراندن و کورد لە دژی ڕاپەڕین، ئەوا فەتوا دەدەم پەلاماریان بدرێت، چونکە کەس

مافی ئەوەی نییە لە دژی ڕێژیمێکی ئیسلامیی ڕاست ڕاپەڕێت)[(15)].

سەرکردەکانی بزاڤی سیاسیی شیعەی عێراق، کە ناسیۆنالیستانی عەرەبی عێراق بە عەجەم و تەبەعییەی ئێرانیان دادەنێن، لە ناسیۆنالیستانی عەرەب شۆڤێنیستانەتر، بۆ پرسی کورد و مافی گەلی کوردستان دەڕوانن. ئەوان، بەلای زۆرەوە، بۆ سڕینەوەی ئەو تۆمەتە و سەلماندنی عەرەبایەتیی خۆیان، کە بۆیان بۆتە گرێیەکی دەروونی، ئەو توندڕەوییە پێشان دەدەن.

لام وایە ئەم هەڵوێستەی هێزە ئیسلامییەکانی عێراق، بەرامبەر بە مافی نەتەوەیی کورد، لە چەند بنەمایەکەوە سەرچاوەی گرتووە:

1- بنەمای بیری ناسیۆنالیستیی عەرەب لە عێراقدا، کە لە جەوهەردا، بیرێکی شۆڤێنیستانە و ڕەگەزپەرستانە و مەزنخوازانەیە. هەردوو بیر، بیری ناسیۆنالیستی عەرەب و بیری شیعەی سیاسی، بەرهەمی هەمان کولتوور و نەریتی سیاسیی یەک کۆمەڵن.

2- ئەو هێزە ئیسلامییانە لە بیر و شارستانەتیی نوێ و عەقڵانییەت و دیموکراتی دابڕاون. ئەوان لەناو بیری دواکەوتووانەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە کراوەتە سیستمێکی ئایدیۆلۆجی دژ بە دیموکراتی و مافی مرۆڤ و ئازادیی هەر کەمایەتییەک، چەقیان بەستووە.

3- گرێکوێرەی سایکۆلۆجیی نەتەوەیی، کە لە ئەنجامی بە عەجەمدانانیان، لە لایان دروست بووە.

4- ئایدیۆلۆجیای شۆڤێنیستیی فارس-عەجەم، کە ئەو هێزە سیاسییە ئیسلامییانە، بە هۆی پەیوەندیی دێرینی مەزهەبی، رۆحی، کولتووری و سیاسییان لەگەڵ ئێران، کاری لەو هێزە سیاسییانە کردووە. هەروا ئێران، هەمان ئایدیۆلۆجیا، بە ناوی ئایینەوە، بەرامبەر بە گەلانی غەیرەفارس پەیڕەو دەکات، لەم رووەشەوە کاری لەم هێزانە کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

بزاڤی سیاسیی شیعەکان لە کاتێکدا بە توندی بزاڤ و ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی ڕەت دەکاتەوە و بە دەستکردی ئیمپرالیزمی دەزانێت، کەچی خۆی هەمان هەڵوێستی ناسیۆنالیستانی عەرەب و فارس، بەرامبەر بە کورد، وەردەگرێت. ئەمەیش شتێکی سەیر نییە. چونکە ئایدیۆلۆجیای ئایینی (ئیسلامی) یەکەمین ئایدیۆلۆجیایەک نییە کە دەیەوێت، بە ناوی رەتکردنەوەی ناسیۆنالیزمەوە، رەوایی خۆی بسەلمێنێت. کەچی خۆی هەمان هەڵوێستی شۆڤێنیستانەی ناسیۆنالیستیان دێنێتەوە بەرهەم. بۆ نموونە هەڵوێستی زۆربەی سۆشیال دیموکراتەکانی ئەورووپا بەرامبەر بە سەربەخۆیی گەلانی وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکان.

ڕەفتــاری شۆڤێنیســتانەی کۆمۆنیســتانی ڕووس، چــین و سێرب بەرامبەر بە گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتەکانیان...تاد. ئــەو دیاردانــە دەیســەلمێنن کــە ئایــدیۆلۆجیا، هــەر ئایدیۆلۆجیایەک بێت، بە تەنێ ناتوانێت بیر و بۆچوونی شۆڤێنیســتانە و مەزنخوازانــە لای خــەڵکی نەتــەوەی سەردەست نەهێڵێت. ئەو بیر و بۆچوونە، کە دەربڕی بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیی نەتەوەی سەردەستە، ڕیشەیەکی قووڵی لەناو کۆمەڵدا هەیە. دەتوانێت سەر لە نوێ، لە فۆرمێکی دیکەدا و بە نێوێکی دیکە، خۆی دەربخاتەوە. چونکە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە بەهۆی ستەم و ناعەدالەتی و داگیرکردن ڕاگیراون.

دەربــازبوون لــە شــۆڤێنیزم و بیــری داگیرکەرانــە، پێویستی بە گۆڕنکاریی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیــە. هــەروا ئاســتێکی دیــاریکراوی شارســتانەتی و دیموکراتی دەخوازێت، کە تا ئێستا نە کۆمەڵی عێراق و نە کۆمەڵی تورکیا و ئێران و سووریا پێی گەیشتوون.

هەوالنامەی کورد

# IV

کاتێـک باشـووری کوردسـتان بـە عێراقـەوە لکێنـدرا، کوردستان بەهۆی داگیرکردن و پەلاماردانی ئیمپراتۆریای عوسـمانی و ئێرانـی، شـەڕی میرنشـینی، شـەڕی یەکـەمی جیهـانی، تووشـی وێرانکارییـەکی گـەورە هـاتبوو[16]. لـەو سـەردەمەدا هێشـتا پەیوەندییـەکانی عەشـیرەتی لـە کوردسـتاندا زاڵ و پەیوەندییـەکانی بەرهـەمهێنانی سەرمایەداری ساوا بوون. بیر و هۆشیاریی نەتەوەیی لاواز بوون. بنەماڵەی میر و شێخەکان، کە ئاڵا هەڵگری خەباتی دژ بە داگیرکەران بوون، یان لە لایەن تورکەکانەوە، یان لە لایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانییەوە بە توندی پەلامار درابوون. دەسەڵات و توانای سیاسییان لاواز کرابوو، کە دواترینیان تێکشـکاندنی حکومـەتی شـێخ مـەحموود و دەستەبەسەرکردنی شێخ بوو.

بورجوازیی کورد، کە لە سایەی بۆرجوازیی بەهێزتر و دەستڕۆیشتووتری بێگانە و نفوزی سەرمایەی ئەورووپادا سەری هەڵدابوو، لە رووی ئابوورییەوە لاواز و لە رووی سیاسییەوە پەرشوبڵاو بوو. بۆیە لەوە لاوازتر بوو بتوانێت، وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆی رێک بخات و سەرکردایەتیی بزاڤی گەلی باشووری کوردستان بکات.

ئـەم هۆکارانـە و تـاڵانکردن و دادۆشـینی ئـابووریی

کوردستان بە تەواوی ڕێگەی پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ڕێگەی گەشەکردنی سەربەخۆیانە و سروشتییانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییان بڕی بوو. کۆمەکیشیان بە مانەوەی پەیوەندییە فیودالّی و خێڵەکییەکان لە باشووری کوردستاندا، کردبوو. لەپاڵ ئەمانەدا کۆلۆنیالیزمی بریتانی، لە کوردستان و عێراقدا، لایەنگری بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە فیۆداڵییەکان بوو. زەوییە کشتوکاڵییەکانی لەسەر سەرۆکخێڵەکان تاپۆ کرد تا پێگەی ئابووری و سیاسییان بە هێز بکات، لە هەمان کاتدا پشتگیریی سیاسیی و نۆکەری ئەو سەرۆکخێڵە/ فیودالانە بۆ خۆی دابین بکات.

بەڵام بە هۆی لاوازیی سیستەمی فیودالّی و دواکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، زۆربەی فیوداڵە نوێیەکان, زیاتر چاویان لە کۆمەک و پارەی دەوڵەت بوو. واتا ئەوان مشەخۆر بوون نەک بەرهەمهێنەر. دەوڵەت، نەک زەوی و ئاژەڵداری، سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ئەوان بوو. ئەمەش وای لێ کردبوون کە لە بەردەم دەوڵەتدا چاولەدەست و پەرپووت بن و سیفەت و کەسایەتییەکی نۆکەرانەیان هەبێت. ئەو نۆکەرسیفەتیەی بەشیکی ئەم ئاغا و فیۆدالانە دواتر, لە کاتی شەڕی نێوان دەوڵەتی عێراق و گەلی باشووری کوردستاندا، زەقتر دەرکەوت، وەک دوایی باسی دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو دۆخە دەرفەتی نەدا کە ناسیۆنالیزمی کورد، وەک ئایدیۆلۆجیا و بزاڤێکی بەهێزی سیاسی، بڵاو ببێتەوە و هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی و ئینتیما بۆ نەتەوە و وڵات، جێگای هەست و هۆشیاریی خێڵەکی و ئینتیما بۆ خێڵ بگرنەوە. ناسیۆنالیستانی کورد، کە زۆربەیان ئەو رووناکبیرانە بوون لە قوتابخانە نوێیەکانی عوسمانی و ئەستەنبوڵ خوێندبوویان، رۆڵێکی گرینگی کولتووری و رووناکبیرییان, لە حکومەتی شێخ مەحموودا, گێڕا، بەڵام نەیانتوانی لە بواری سەرکردایەتیی سیاسیی بزاڤی ناسیۆنالیستیدا کاریگەر بکەن. لە دوا ئەنجامدا بڕیاری سیاسی هەر بە دەست سەرکردایەتیی شێخ مەحموودەوە بوو. هەروا ئەوان، لە بواری رێکخستنی سیاسی و دامەزراندنی رێکخراوێکی ناسیۆنالیستیدا، کارێکی ئەوتۆیان بە ئەنجام نەگەیاند((17)).

بەو جۆرە تا کۆتایی سالانی سییەکان و سەرەتای سالانی چلەکان رێکخراوێکی ناسیۆنالیستی لە باشووری کوردستاندا دروست نەبوو((18)).

دوای کودەتای تەمووزی 1958 لە عێراق، گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر ئەو ئەو دۆخەدا هات. عەبدولکریم قاسم، کە رابەری کودێتایەکە بوو، لە سەرەتاوە دەسەڵاتی سیایی فیودالەکانی پەلامار دا و دەسەڵاتێکی بۆرجوازیی نیشتمانیی

له عێراقدا دامەزراند. بۆ تەواوکردنی ئەو کارە سیاسییە، قاسم له دەسەڵاتی ئابووریی فیوداڵەکانی دا و یاسای دابەشکردنی زەوی دەرکرد. بە پێی یاساکە، دەبوو زەویی دەرەبەگەکان بە سەر جوتیاراندا دابەش بکرێن. فیوداڵەکانی کوردستان و عێراق بە توندی دژی ئەم یاسایە، کە قەت لە کوردستاندا جێبەجێ نەکرا، راوەستاون.

له هاوینی 1961 دا فیوداڵەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن و هەندێ ناوچەی دی، لە دژی حکومەتی قاسم پەنایان بۆ چەک برد و لەشکریان کۆکردەوە.

حکومەتی قاسم لە کاتێکدا ویستی لە کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی فیوداڵەکان نەهێڵێت، لە هەمان کاتدا سیاسەتێکی شۆڤێنیستانەی بەرامبەر بە کورد دەست پێ کرد. سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بێ ئەوەی هیچ بەرنامەیەکی بۆ خەباتی چەکداری هەبێت، بە ئامانجی سوودوەرگرتن لە هەل و دەرفەتەکە، سواری شەپۆلەکە بوو، هەلپەرستانە ویستی رابەرایەتیی لەشکری چەکداریی ئاغاکان بکات((19)).

ئەم بزاڤە چەکدارییەی، کە دواتر ناوی شۆڕشی ئەیلوولی لێ نرا، شێوەی بزاڤێکی چەکداریی عەشیرەتی/ نەتەوەیی وەرگرت. بزاڤەکە لە سەرەتادا بەو مەبەستە بوو کە پێگەی لاوازی ئابووری و سیاسیی فیوداڵەکانی کورد بپارێزێت، کەچی لە دژی دەوڵەتێک بوو کە سیاسەتێکی

شۆڤێنیستانەی بەرامبەر کورد دەست پێ کرد بوو، ئەمەش رووالەتێکی نەتەوەیی دا بە بزاڤەکە چەکدارییەکە.

بەڵام بزاڤەکە چەکدارییەکە، پێگەی خێڵ و عەشیرەتەکانی لە کوردستاندا بەهێز کرد. ئەوان هێزی چەکداریی سەرەکی بوون و چارەنووسی بزاڤەکە کەوتە دەست ئەوان. مەکتەبی سیاسیی پارتی ویستی خۆی رابەرایەتیی بزاڤە چەکدارییەکە بکات و چارەنووسەکەی دیاری بکات. بەڵام لەگەڵ سەرۆکی پارتی، مەلا مستەفای بارزانی، تووشی کێشە و ناکۆکی هات. لەبەر ئەوەی پارتی دیموکرات، پێشتریش کێشە و گرفتە نێوخۆییەکانی خۆی، بە جۆرێکی دیموکراتیانە چارەسەر نەکردبوو، کێشەکە ئالۆزتر بوو[20]. لە سایەی بزاڤی چەکداری و زاڵبوونی کولتووری خۆسەپاندن و خێڵەکیی کورددا، شێوەیەکی چەکدارانەی بەخۆ گرت. ئەمەش سەرەتای تراجیدیایەکی نەتەوەیی داهێنا، تراجیدیای شەڕی نێوخۆ و لەتبوونی گەلی باشووری کوردستان، کە هێشتا هەر بەردەوامە.

مێژووی کورد تەنیا مێژووی داگیرکردن و خەبات دژی داگیرکەران نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مێژووی شەڕی خێڵ و میرنشینە کوردەکانیشە، کە بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا لە شەڕ و پێکداداندا بوون.
ستروکتوری ئابووریی خێڵ، لەسەر ئەو داهاتە

وەستاوە کە خێڵەکە دەیهێنێتە بەرهەم. بەشێکی لە داهاتی کشتوکاڵی و بەشێکی دیکەی لە سامانی ئاژەڵدارییەوە دێت. سروشتی شاخاویی کوردستان و کەمی زەویی کشتوکاڵی و مێرگ و لەوەڕگا و دواکەتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بوونەتە هۆی ئەوەی کە خێڵەکانی کوردستان ساڵانە داهاتێکی ئابووریی دیاریکراو، یان کەمیان هەبێت و هەر خێڵێک بەردەوام چاو ببڕێتە سامان و داهاتی خێڵە دراوسێیەکەی و هەوڵی تاڵانکردنی بدات. مێژووی شەڕی خێڵەکی لە کوردستاندا جگە لە شەڕی زەوتکردنی سامان و زەوی و لەوەڕگا و بەرهەمی کشتوکاڵی و دەسەڵات و خۆسەپاندن شتێکی دی نییە. ئەم دیاردەیە هەستی خاوەندارییەتی و ڕێزگرتن لە خاوەندارییەتی، لە کۆمەڵی کوردستاندا، لاواز کردووە. لە ئەنجامدا، وەک ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت، ڕێگەی نەداوە هەستی دادپەروەری لە کوردستاندا دروست ببێت.

هەرخێڵێک کاتێک دەسەڵاتی لە خێڵە دراوسێیەکەی بەهێزتر بووە، ڕێگەی بە خۆی داوە سامان و داهاتەکەی تاڵان بکات، بێ ئەوەی بیر لە ماف و ڕەنج و شەکەتیی ئەوی دی بکاتەوە. بۆیە هەر خێڵێک ویستوویەتی، بە هەر شێوەیەک بێت، تەنانەت ئەگەر بە نۆکەریی بێگانە و جاشایەتیش بێت، سنووری خێڵەکەی خۆی بپارێزێت. ئەو هێندەی لە دەسەڵات و ستەمی خێڵە دراوسێ بە زەبرەکەی، کە وەک شمشێری دیمۆکلیس بەسەر سەرییەوە بووە،

ترساوە ئەوەندە هەستی بە مەترسیی داگیرکەری بێگانە نەکردووە. یان لە بەرامبەر هەڕەشەی خێڵی دراوسێیدا، داگیرکەری بە دوژمنی سەرەکیی خۆی نەزانیوە، بۆیە غەریزەی خۆپاراستن وەک خێڵ، پاڵی پێوەناوە تا پەنا بۆ داگیرکەر ببات. لە ڕێگەی کۆمەکی عەسکەری و لەشکری داگیرکەرەوە، پارێزگاری لە خۆی بکات، بگرە دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکات و نەیارانی خۆی ڕاو بنێت.

ئەو دیاردەیە، کە یەکێکە لە زەقترین نەریت و کولتووری نێگەتیڤی خێڵ، لە سایەی بزاڤی چەکداریی باشووری کوردستاندا زیندوکرایەوە و هێنرایەوە بەرهەم.

هەواڵنامەی کتێب

* * *

دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، لە ماوەی دەیان ساڵدا، ستروکتووری ئابووریی کوردستانی بە تەواوی هەڵتەکاندوە. دەرفەتی ئەوەی نەداوە کە پەیوەندییەکانی ئابووریی سەرمایەداری لە کوردستاندا گەشە بکەن. پشگوێخستنی ئابووری و شەڕی داسەپاوی دەوڵەت، بە سەر کوردستاندا و وێرانکردنی گوندەکان، ئابووریی کوردستانیان بە تەواوی داتەپاندووە و زەمینەی مانەوە و بەردەوامبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی خێڵەکییان ڕەخساندووە.

دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستاندا، حکومەتە یەک

لە دوای یەکەکانی عێراق، بە تایبەتی بەعس کە خۆی سروشتێکی خێڵەکی هەیە، بە هەمان میتۆدی بریتانییەکان هەوڵێکی بەردەوامیان داوە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی فیداڵ و سەرۆکخێڵەکان، تا لە دژی بزاڤی نەتەوەیی کورد بەکاریان بهێنن.

تێکڕای ئەمانە خەسڵەت و نەریتی خێڵەکییان لەنێو کوردەواری و لەنێو سەرکردایەتیی بزاڤی سیاسیی کورد، لە باشووری کوردستاندا، بەهێز کردووە. عەقڵ و کولتووری خێڵیان بەسەر بیری سیاسی و کۆمەڵی کوردستاندا سەپاندووە.

ئەگەرچی فیوداڵ و عەشایەر لە کوردستاندا، بنەمای ئابووریی بەرهەمهێنەرانەی خۆیان، کە لە داهاتی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە دێت، لە دەست داوە، بە تایبەتی دوای وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، کەچی توانای ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەرییان بە هێزتر بووە. بەشێکیان لە ڕێگەی جاشایەتیی دەوڵەتی عێراق و بەشێکی دیکەیان لە سایەی بزاڤی چەکداری و سیاسیی کوردەوە ئەم دەرەتان و دەسەڵاتەیان بۆ دابین کراوە. ئەمانە کراونەتە فیوداڵی عەسکەری، یان ئاغای شەڕ، یان بازرگانانی خوێن.

ئەمە دیاردەیەکی نوێ و سامناکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، لە باشووری کوردستاندا، کە پێچەوانەی ڕەوتی سروشتیی گەشەکردنی کۆمەڵە. چونکە دەسەڵاتی

سەرۆکخێڵ و فیوداڵەکان، بنەمایەکی ئابووریی نییە، کە پشت بە بەرهەمی کشتوکاڵی و داهاتی زەوی و سامانی ئاژەڵداری ببەستێت. بەڵکو داهاتی سەرەکیی ئەوان ئەو پارە مفتەیە کە یان بە جاشایەتی، یان لە سایەی گوایا شۆڕشدا بە دزی و راو و رووت و گەندەڵی دەستیان دەکەوێت.

ئەم دیاردەیە، کولتوور و نەریتی نۆکەرایەتیی، لای سەرۆکخێڵەکان پەرە پێدا و بردییە نێو ئەندامانی عەشیرەتەکانەوە، کە لە ساڵانی هەشتاکاندا، بەشێک لە چەورەی شاریشی گرتەوە. لەو سەردەمەدا ئەندامانی خێڵەکانیش فێری مشەخۆری و پاتاڵخۆری کران. ئەوان مانگانە داهاتێکی ئابووریی مفتیان، لە رێگەی سەرۆکەکانیانەوە، بۆ دابین کرا، کە بەبێ رەنج و ئارەقرشتن و بەبێ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ دەستیان دەکەوت.

پاش وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، دیاردەی چەکهەڵگرتن بۆ پارە لەشکرێکی بەربڵاوی چەکداریی پێک هێنا، کە بە مەزەندەی بەرەی کوردستانی، لە کۆتایی هەشتاکاندا، لە دووسەد هەزار کەس زیاتر بوون. بەعس بە پێی بەرنامەی خۆی و بەمەبەستی گۆڕینی نەفسییەت و رەوشتی مرۆڤی کورد و تێکشکاندنی کەسایەتی و کەرامەتی، هەروا بە ئامانجی شێواندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و رۆحیی کورد، چەکهەڵگرتن و جاشایەتیی لە

هەواڵنامەی کتێب

کوردستاندا، کردە مەیدانێکی فراوانی کار. سەدان هەزار کەسی تەوەزەل و چەورە، نانی ژیان و خۆشگوزەرانییان بۆ دابین دەکرا، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن کە بەم کارەیان خیانەت لە نەتەوەکەیان دەکەن.

دوای راپەرین پارتی و یەکێتی، هیچ گۆڕانێکیان بەسەر ئەو دۆخەدا نەهێنا. لەجیاتییان درێژەیان بە دیاردەکە دا. لەو بوارەشدا، وەک گەلێک بواری دی، کەوتنە بەرهەمهێنانەوەی کولتووری بەعس. ئەوان، کە دەستیان بەسەر ئابووریی کوردستاندا گرت، دیاردەی چەکهەڵگرتنیان کردەوە هەمان مەیدانی نانپەیداکردن بۆ زۆربەی ئەو چەکدارانەی سەردەمی بەعس. بە تایبەتیی کاتێک بارودۆخی ئابووری رووی لە سەختی کرد و بێکاری و نەداری بە تەواوی پەرەی گرت، دزی و تالآن و راوڕووت و خۆدەوڵەمەند کردن، لەسەر حسابی خەڵکی کورد، تێکۆشەرانی دوێنێش گرتەوە و بوو بە رێباز و نەریت و کولتووری حیزبەکان و رووناکبیرانی هەلپەرست و شاعیرانی دەربار.

ئەو شێوە بزاڤە چەکدارییەی 37 ساڵە (1961–1998) لە باشووری کوردستاندا درێژەی هەیە، نەیتوانی ببێتە بزاڤێکی رزگاریخوازیی راستەقینە و وڵات لە داگیرکەر رزگار بکات. هەروا بە رای من دەسکەوتێکی ئەوتۆشی بۆ

کورد بە دەست نەهێنا، کە لە ئاستی ئەو قوربانی و وێرانکارییەدا بێت کە بەسەر نەتەوەکەمانی هێنا. لەوەیش زیاتر ئەو بزاڤە چەکدارییە کولتوورێکی خێڵەکی و شەڕانی و توندوتیژی و کۆمەڵێک دیاردە و میتۆدی ترسناکی بە سەر کۆمەڵی کورد و بزاڤی رزگاریخوازیی باشووری کوردستاندا سەپاندوون، لەوانە:

**یەکەم:** پەنابردنە بەر چەک بۆ چارەسەرکردنی هەر جۆرە کێشە و گرفتێکی سیاسیی، بۆتە تاکە رێگا. هەر گرووپ و حیزبێک بە ئاسانی رێگە بەخۆی دەدات، هەر کاتێک بتوانێت و بیەوێت پەنا بۆ چەک بەرێت. ئەم دیاردەیە کۆمەڵگای باشووری کوردستانی لەت لەت کردووە، توندوتیژی کردۆتە دیاردەیەکی رۆژانەی ناو کۆمەڵ و هیچ نرخ و جێگایەکی بۆ فیکر و دیالۆگ، قبوولکردنی یەکتری و لێبوردەیی، نەهێشتوەتەوە.

**دووەم:** خەباتی چەکداری، بەو شێوەی لە باشووری کوردستاندا کراوە، سروشتێکی خێڵەکییانەی داوەتە بزاڤی نەتەوەیی کورد. دەسەڵاتی چەند بنەماڵە و خێڵێکی، بە زەبری چەک و ستەم و نۆکەرایەتیی داگیرکەر، نەک بە زەبری زانست و توانای ئابووریی بەرهەمهێنەرانەیان، بە سەر کۆمەڵگای کوردا سەپاندووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نەریت و کولتووری خێڵایەتی بەهێزتر بن و

خۆیان بە سەر بیری سیاسی و کولتووری سیاسیی کورد و عەقڵییەتیی سەرکردایەتیی بزاڤی کورددا زاڵ بکەن.

**سێیەم:** حیزب جێگەی خێڵ، رابەر و سەرۆک و سکرتێری کشتیی حیزب جێگای سەرۆک خێڵیان گرتۆتەوە، بەڵام بە جیاوازییەکی بچوکەوە، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە ئەندامان و کوڕانی عەشیرەتی نوێ/ حیزب لە بەرەبابی جۆراوجۆرن و خەڵکی ناوچەی جیاوازن و بە دیالێکتی جیاوازیش دەپەیڤن. بەڵام لە سایەی ئەم پەیوەندییە نوێیەدا، کە ناوی حیزبایەتیی لێنراوە و تیایدا تەبایی بەرژەوەندیەکان دروست بووە، نەریت و پەیوەندییەکانی خێڵ بە فراوانترین شێوە بەرهەم دەهێندرێنەوە. بەرژەوەندیی خێڵ/ حیزب و بنەماڵە، پێش بەژەوەندیی نەتەوە و نیشتمان دەخرێن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانیش هەر بەم نەریت و کولتووره پەروەردە دەکرێن.

**چوارەم:** چەکهەڵگرتن بۆ بزاڤی کورد، یان بۆ دەوڵەتی عێراق، بە مەبەستی پارە و راوڕوت، کۆمەڵێک ئاغای شەڕ و بازرگانی خوێنی پێ گەیاندووە، کە ئەگەر شەڕ و پیاوکوژی و نۆکەری نەبێت، رەنگە ئەوان کارێکی دیکەیان پێ نەکرێت. هەروا چەکهەڵگرتن لە کوردستاندا، بۆتە سەرچاوەیەکی ئابووریی گەورە و بۆتە تەمبەڵخانەیەک کە

هەواڵنامەی کتێب

هەزاران کەسی تەوەزەل و بکوژ بە هۆیەوە ژیان و خۆشگوزەرانیی خۆیان دابین دەکەن.

ئەم دیاردەیە نەفسییەت و کەسایەتیی مرۆڤی کوردی تێکداوە، ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتووری و ئابووریی کوردستانی شێواندووە و کوردستانی کردۆتە کۆمەڵگای ستەم و توندوتیژی، یان کۆمەڵگای خوێن.

گەلی کورد، لە باشووری کوردستان، لە سایەی نزیکەی چل ساڵی شەڕی چەکداری و شەڕی نێوخۆدا وەک کێوی و نیمچە وەحشی لێ هاتووە. بە ژیانی شارستانەتی و مەدەنی و دەستووری/ قانوونی نامۆ کراوە و توانای لێبووردەیی نەماوە. پەنابردنە بەر توندوتیژی و مرۆڤکوشتن، بە هۆی بچووکترین کێشەی شەخسی و کۆمەڵایەتییەوە، بوونەتە دیاردەیەکی رۆژانە. چونکە بە درێژایی ئەو ماوەیە شەڕەکە هەمیشە لە کوردستان و بەبەرچاوی خەڵکی کوردەوە بووە. چەند نەوەیەک لەناو شەڕ و خوێن و توندوتیژیدا گەورە بوون. (شەڕی کورد لەگەڵ دەوڵەت و هێزی جاشی کورد، شەڕی نێوخۆی نێوان هێزە چەکدارەکان). کام نەتەوەی دنیا بەرگەی نزیکەی چل ساڵ شەڕی نێوخۆ، ئەویش لە پێناو هیچدا، نەک لە پێناو سەربەخۆبووندا، دەگرێت؟

بە کورتی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد، لە باشووری

کوردستاندا، ناوەڕۆک و ئامانجی رزگاریخوازانەی خۆی لەدەست داوە، واتا بزاڤێک نییە کە ئامانجی رزگارکردنی مرۆڤ و خاکی کوردستان بێت. بەڵکو گۆڕدراوە بە دەسەڵاتێکی فاسید. بۆیە بەم دابەشبوون و سەرکردایەتی و بەرنامە و کولتووره سیاسی و شێوە حوکمڕانییەی ئێستایەوە، زۆر زەحمەتە بتوانێت دەسکەوتێکی ئەوتۆ بۆ گەلی بەدەست بێنێت. لەوەیش زیاتر دەشێت رێگرێکی بەردەم دیموکراتی و پێشکەوتنی بزاڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی بێت، لە کوردستاندا. چونکە بزاڤێکی روخێنەرە، نەک بنیاتنەر. ئامرازی شکستییە، نەک سەرکەوتن. سەرچاوەی ستەم و ژێردەستی و دواکەوتنە، نەک داد و ئازادی و پێشکەوتن. ئەم بزاڤە، کە بە رای من لە قەیرانێکی سیاسی و ئایدۆلۆجی و ئەخلاقیدا دەژێت، هەر تەنیا بەرهەمی بارودۆخی دواکەوتووی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کوردستان و ئەنجامی نەبوونی دەستوور و دەزگای قانوونی نییە، بەڵکو خۆی ئامرازێکە بۆ سەپاندن و هێشتنەوەی ئەم دواکەوتنە مادی و رۆحییەی کۆمەڵی کوردستان. چونکە بزاڤێکی شێواوی لەم جۆرە، تەنیا لەناو کۆمەڵێکی شێواو و دواکەوتوودا، لە سایەی نەبوونی قانوون و دەستوور و دەزگای نەتەوەیی و لێپرسینەوە و ئێرادەیەکی یەکگرتوودا، دەتوانێت بەم شێوەی ئێستای بەردەوام بێت و دەست بەسەر چارەنووس و سامانی وڵاتدا بگرێت..

# V

عێراق قەوارەیەکە لەسەر بنچینەی ستەم دامەزرێندراوە. چەند گروپێکی جۆربەجۆری ئێتنیکی و مەزهەبی و ئایینی، بێ ئەوەی هیچ رابردوویەکی پێکەوەژیانی ئارامانەیان بووبێت، لەناو چوارچێوەیەکی دەستکرددا، کۆ کراونەتەوە. بە جۆرێکی نایەکسان و نابەرامبەر پێکەوە ژیانێکی هاوبەشیان بە سەردا سەپێندراوە. ئەم قەوارەیە تەنیا بەزەبری ستەم و داپڵۆسین و دیکتاتۆریا دەتواندرێت پارێزگاری بکرێت و رابگیرێت. بۆیە تا ئەو کاتەی مانەوەی عێراق، بە شێوەی ئێستا و بە پێی ئەم پرینسیپەی ئێستا ئامانج بێت، ژیانی دیموکراتی و دەستووری و پاراستنی مافی مرۆڤ، لە عێراقدا، مەحاڵ دەبن. چونکە ئەم جۆرە پێکەوەژیانە پێویستی بە پرنسیپێکی نوێی عەدالەتخوازانە و یەکسانانە هەیە، کە پشت بە ئازادیی دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلانی عێراق ببەستێت. بەڵام تراجیدیاکە لەوەدایە کە هەموو هێزەکانی عێراق، سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەیی، ئایین- مەزهەبی و ئایدیۆلۆجییان، پێ لەسەر پاراستنی ئەو قەوارەیە دادەگرن، بێ ئەوەی باسی مافی یەکسانبوونی گەلانی عێراق بکەن.

ئایا ئەم هەڵوێستە یەکگرتووەی هێزە پێک ناکۆکەکانی

عێراق لە کوێوە هاتووە؟ یان ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتە هۆی ئەوەی قوربانی و جەلاد، کۆیلە و سەردار، یەک جۆرە هەڵوێستیان بەرامبەر بەم مەسەلەیە هەبێت؟

دیارە سەبارەت بە ناسیۆنالیستانی سوننیی حوکمڕان هۆکارەکە ئاشکرایە، چونکە ئەوان تاکە سودمەند و براوەن. بەڵام پرسیارەکە بە نیسبەت هێزە سیاسیەکانی شیعە و کوردەوە، پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە.

هێزە ئیسلامییە شیعەکان بەرهەمی هەمان ئەو کولتوور و نەریتە سیاسییەن، کە نەتەوەکەیان و ئیمپراتۆریا مەزهەبییەکەیان، بە درێژایی سەدان ساڵ، هێناویانەتە بەرهەم. ئەو هێزانە، ئەگەرچی ئایدیۆلۆجیایەکی ئایینی-مەزهەبییان هەیە، بەڵام زۆربەیان لە ناوەرۆکدا هێزی ناسیۆنالیستین، یان بەشێکن لە بزاڤی ناسیۆنالیستیی عەرەبی عێراق. بەڵام دۆخێکی کولتووری و مەزهەبی و کۆمەڵایەتیی تایبەتدا، ناوەرۆکێکی ئایینی- مەزهەبیی پێ داون. بۆیە ئەوان، وەک هەر هێزێکی ناسیۆنالیستیی نەتەوەی سەردەست و داگیرکەر، باوەڕیان بە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەی بندەستیان نییە. ئەوان وەک ناسیۆنالیستانی هەر نەتەوەیەکی دنیا، دەیانەوێت دەسەڵاتیان بە سەر هەموو ئەو ناوچانەدا بسەپێنن کە بە خاکی خۆیانی دەزانن. کێشەی ئەو هێزانە و هێزە بەرهەڵستکارەکانی دیکەی عێراق، لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، لە بنەڕەتدا ،پەیوەندی بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسییەوە

هەیە. واتا کێشەیەک نییە لە پێناوی چەسپاندنی دیموکراتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادیی گەلانی عێراق..تاد.

بەڵام بۆچی هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان سوورن لە سەر پاراستنی قەوارەی وڵاتێک، عێراق، کە بۆ کورد، کراوەتە دۆزەخ؟

ئایا هێزە کوردییەکان، دوای دەیان ساڵ شەڕی چەکدارییان، دوای بە ئەنفالکرانی کورد و لەناوچوونی زیاتر لە نیو ملیۆن مرۆڤی کورد و کیمیابارانی کوردستان و وێرانکردنی چوار هەزار گوند، چۆن دەتوانن، داکۆکی لە هێشتنەوەی کورد لەناو عێراقدا بکەن؟ بە تایبەتی کە دەرفەتێکی دەگمەن بۆ رزگاربوون رەخساوە.

بەرای من ئەم رێبازە لە سەرێکەوە ئەنجامی ناکۆکی و کورتبینیی هێزە سیاسییەکانە، لە سەرێکی دیکەوە بەرهەمی کارتێکردنی سیستەمی ئایدیۆلۆجیی ناسیۆنالیزمی عەرەبە، کە بۆتە بەشێک لە سیستەمی ئایدیۆلۆجیی بزاڤی نەتەوەیی کورد. سەرکردایەتیی بزاڤی کورد، لە چوارچێوەی سیستەمی ئایدیۆلۆجیی نەتەوەی سەردەستدا، بۆ چارەنووسی سیاسیی گەلی کوردستان، دەڕوانێت. قبووڵکردنی ئایدیۆلۆجیای پێکەوەژیانی نابەرامبەر و ژێردەستبوونی ئەو نەتەوە داگیرکەرانە، لە ئایدیۆلۆجیا و عەقڵی سیاسیی کورددا، شێوەیەکی ئاسایی و تا رادەیەک حەتمیی وەرگرتووە.

عێراق بەم شێوەیەی ئێستای ناتوانێت تاسەر بەردەوام بێت. کێشەی مەزهەبیی نێوان کەمایەتیی سونیی حوکمڕان و زۆرایەتیی شیعەی ستەملێکرا، هەروا کێشەی نێوان دەوڵەتی عێراق و گەلی کوردستان، تا دێت ئاڵۆزتر دەبن. لاموایە چارەسەرکردنی ئەم دوو کێشە خوێناوییە دەبێت یان پشت بە مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی شیعە و کورد ببەستێت، یان عێراق بۆ سێ کۆماری فیدرالیی یەکسانی سونی، شیعی، کوردستانی، بگۆڕدرێت.

لە مێژووی حەفتا ساڵەی دەوڵەتی عێراقدا دەیان جار شێوەی حوکم و دەسەڵاتی سیاسی هاتنە گۆڕین، کەچی ئەو دوو کێشەیە بەردەوام سەختتر و خوێناویتر بوون. ئاخۆ دەبێت چەند جاری دی، دەسەڵاتی سیاسیی لە عێراقدا بێتە گۆڕین، تا ئەو هێزە دیموکراتە دەربکەوێت، کە باوەڕ بە ئازادی و مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس بێنێت و ملیۆنان کەس نەکاتە قوربانی جوگرافیایەکی لەرزۆک؟

# سەرچاوە و پەراوێزەکان


1- الدكتور علی الوردی، دراسه فی طبیعه المجتمع العراقی، مصدر سابق ص 367

2- عبدالكريم الازرى، مشكله الحكم فی العراق، لندن 1991. ص 29 و 72.

3- حسن العلوی-الشیعه والدوله القومیه فی العراق (1914-1990) ط2-1990 ص51-52

4- العقيد الركن احمد الزبيدی-البناء المعنوی للقوات المسلحه العراقیه، بیروت، دار الروض، ط 1-1990 ص74.

5- احمد الزبیدی-سەرچاوەی پێشوو ل75.

6- لە بارەی (هاووڵاتیی ئەسڵی)بڕوانە بەشی دووەمی ئەم کتێبە، پەراوێزی ژ.11

7- حسن العلوی، سەرچاوەی پێشوو ل46.

8- جرجیس فتح الله، النفط قرر مصير كردستان السیاسی-مجله الثقافه الكرديه-لندن-العدد 2، 1990 ص35.

9- م. س. لازاریف، الكرد ولمساله الكرديه، الثقافه الجديده، العدد 155 حزيران 1984 ص61.

10- بە رای هەندێک عەرەبی غەیرە شیعیە لە عێراقدا (سونی و مەسیحی و سابیئییانەی کە خۆیان بە عەرەب دەزانن) تەنیا نزیکە لە سەدا هەژدەی خەڵکی عێراقن. بڕوانە: حسن العلوی، سەرچاوەی پێشوو لا45.


هەواڵنامەی کتێب

11- عەزیز شەریف پێی وایە کە کۆلۆنیالیزمی بریتانی، بەو مەبەستە کوردستانی خوارووی بە عێراقەوە لکاند و خۆی راستەوخۆ وەک کۆلۆنیایەک بەڕێوەی نەبرد، تا خۆی لەو خەرجییە زۆرە بە دوور بگرێت، کە داگیرکردن گەرەکییەتی. بۆیە بریتانیا حوکمڕانانی عێراقی وەک پۆلیس بەکارهێنا تا عێراق، بە کوردستانیشەوە، بپارێزن.

بڕوانە: عزیز شریف، المساله الكرديه فى العراق، الطبعه الثالثه، مطبعه الشهيد جعفر 1988 ص13.

12- بۆ نموونە فەتوای ئیمام خالصی لە ساڵی 1922دا، پەیماننامەی رابەری رۆحیی ئەو کاتەی شیعەکان، شێخ محەمەد حەسەن کاشیف ئەلغەتاء، لە ئاداری 1935دا، هەروا بەرنامە و ئامانجی هەردوو حزبی ئەلوەتەنی (الوطنى) و ئەلنەهزە (النهضە) کە رابەرەکانیان و زۆربەی سەرکردە و ئەندامانیان شیعە بوون. بۆ زیاتر بڕوانە: حسن العلوی سەرچاوەی پێشوو.

13- رەنگە یاداشتنامەکەی ئیمامی شیعەکان (ئەلحەکیم) کە لە شوباتی 1964دا بۆ دەوڵەتی عێراقی ناردووە، دوا تەقەلای بێ سوودی رابەرە رۆحییەکانی شیعە بوبێت، تا لەو رێگایەوە، سنوورێک بۆ ستەمی مەزهەبی دابندرێت.

بۆ زیاتر بڕوانە: حسن العلوى،-سەرچاوەی پێشوو لا253.

14- شەهید محەمەد باقر ئەلسەرد، وەک رابەری رۆحی و ئایدیۆلۆجیستی بزاڤی سیاسیی شیعەکان، رۆڵێکی گەورەی لە گەشەپێدانی ئەم بزاڤەدا هەبوو.

15–فالح عبدالجبار، المادیه والفكر الدینی المعاصر– نظره نقدیه، مركز الابحاپ والدراسات الاشتراكیه، ط الاولى 1985 ص148.

16– لە كاتی شەڕی یەكەمی جیهانیدا، كوردستان كرایە مەیدانێكی بەرینی شەڕ، بەمەیش گەلێك شار و شارۆچكەی كوردستان وێران كران. بۆ نموونەن بە پێی سەرژمێری بریتانیا لە شاری سلێمانیدا، كە چاوگەی دەركەوتنی ناسیۆنالیزمە لە باشووری كوردستاندا، لە كۆی 3205 خانوو كە لە ساڵی 1913دا لە شاردا هەبوون 1813 خانوویان كاول كران. لە ژمارەی 1159 دوكان 687 دوكان روخێندران. بڕوانە: الدكتور كمال مظهر احمد، دور الاكراد فی ثوره العشرین العراقیه، بغداد 1978 ص35.

17– مستەفا پاشا یاملكی، كە لە حكومەتی شێخ مەحموددا وەزیری پەروەردە و فێركردن بوو، رێكخراوێكی سیاسیی بە ناوی (جەمعییەتی كوردستان)ەوە دامەزراندن. دەڵێن رێكخراوە تا ساڵی 1925 بەردەوام بووە. بەڵام لەوە ناچێت توانیبێتی رۆڵێك لە ژیانی فیكری و سیاسیی ئەو سەردەمەدا بگێڕێت. بڕوانە: جلال الطالبانی، كردستان والحركه القومیه الكردیه، بغداد 1970 ص59.

18– كۆمەڵەی هیوا، كە لە ساڵی 1939 دا هاتە دامەزراندن و رەفیق حیلمی سەرۆكی بوو، بە یەكەمین رێكخراوی ناسیۆنالیستی، لە باشوری كوردستان دادەندرێت، كە ئامانجی سەربەخۆیی و یەكخستنی

کوردستان بوو. بەڵام ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی 1944دا ناکۆکیی سیاسی و ئایدیۆلۆجیی تێکەوت و هەڵوەشایەوە. ئەمەیش نیشانەی لاوازیی دەستەی ناسیۆنالیستی کورد دەردەخات. دامەزراندنی پارتی لە ساڵی 1946دا زیاتر ئەم لاوازییەی ناسیۆنالیستان دەسەلمێنێت. چونکە پارتی، وەک هێزێکی عێراقی و ئۆتۆنۆمیخواز بوو. هەروا باوەڕبەخۆنەبوون و لاوازیی پێگەی کۆمەڵایەتی و فیکریی ئەو دەستە ناسیۆنالیستە، بەرەو ئەوەی بردن کە دوو کەسایەتیی ناودار بارزانی، کە لە سۆڤییەت دەژیا بکەنە سەرۆک و کاکە زیادی حەویزی بکەنە جێگری سەرۆکی پارتی، تا لە سایەی ئەواندا پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان بە هێزتر بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

19- بڕوانە: یاداشتەکانی نووری شاوەیس، هەروا بڕوانە: مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، 1992

20- سەرکردایەتیی پارتی، ویستی سەرۆکی پارتی لاببات. سەرۆکی پارتیش، بە لەشکرێکی گەورەوە، لە بادینانەوە هات بۆ ناوچەی ماوەت و بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتیی داگیر کرد. زۆربەی سەرکردایەتی پارتی ڕوویان لە ئێران کرد. پێشتریش، لە ساڵی 1959 دا، سکرتێری پارتی، هەمزە عەبدووڵڵا، بە جۆرێکی نادیموکراتانە و بە زەبری هێز، هاتە لابردن.

# پاشبەند

## هەندێ سیمای هاوبەشی دیکەی دەوڵەتانی ناسیۆنال خێڵەکی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

بزاڤی ناسیۆنالیستی تورک، فارس و عەرەبی عێراق و سووریا، ریشەی خۆیان بۆ مێژووی سەردەمە گەشەدارەکانی نەتەوەکانیان، سەردەمی ئیمپراتۆریا و مەزنخوازی دەگێڕنەوە. خۆیان بە درێژەپێدەری ئەو مێژووە و زیندووکەرەوەی ئەو سەردەمە زێڕینانە دەزانن، بۆیە میراتی مێژوویی، کولتووری و سیاسیی نەتەوەکانیان، کردۆتە بناغەی فیکری- ئایدیۆلۆجیی خۆیان. ئەم مێژووە، سامانێکی گەورەی نەتەوەییە، کە ناسیۆنالیستانی ئەو وڵاتانە پشتی پێدەبەستن و بە بەشێکی مەزنی سەروەریی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن. دەیانەوێت لە بیر و هۆشیاری و سایکۆلۆجیای نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی گەلەکانیادا بیان هێڵنەوە.

لە دیدی ئەوانەوە کوردستان بەشێکی سروشتیی خاک و وڵاتەکەیانە! بەم پێیە دەستبەسەرداگرتنی کوردستان، بە زەبری هێز و تیرۆر، دادۆشین و تاڵانکردنی، سەپاندنی جۆری رێژیمی سیاسی و سیستمی ئابووری و کولتووریی خۆیان بە سەر کورددا، بەشێکە لە سیستمی ئایدیۆلۆجییان.

هەروا دیاردەی داگیرکردنی کوردستان، لای خەڵکەکانیان، بە لیبرِاڵ و دیمکرات و چەپەکانیشەوە، کراوەتە دیاردەیەکی سروشتی. سەرەنجام بێباکبوونیان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و دانانی کورد وەک هاووڵاتی پلە دوو، بوونەتە بەشێک لە ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتانە.

بێباکبوونی هێزە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتانە، لە ئاست کورد و مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستاندا، تەنیا بۆ کورد کارەسات نییە، بەڵکو بۆ خودی ئەو هێزانە و بۆ پرۆژەی دیموکراتی و لیبرِاڵ و چەپیش کارەساتە. چونکە ئەوان لە کاتێکدا ئاوا بێباکانە، یان لە هەندێ حاڵەتدا تەنانەت بەهەمان عەقڵییەتی رەسمیی دەوڵەتەکانیان، بۆ مەسەلەی چارەنووسی سیاسی، کولتووریی و نەتەوەیی خەڵکی دی دەڕوانن، ئەوا راستگۆیی و رەوایی پرۆژەی خۆیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. هەروا خۆیان، لە جیاتی ئەوەی ببنە هۆکارێکی نوێی گۆڕینی عەقڵ و رێبازی سیاسی و کولتووری باو، دەبنە ئامرازێکی دیکەی بەرهەمهێنانەوە و سەپاندنی هەمان عەقڵ و رێباز و کولتوور. بەمەش یارمەتیدەرێک دەبن بۆ گۆڕینی گەلەکانیان (لە پاڵ کورددا) بۆ بابەت (ئۆبجێکت)ێکی دیکەی پەلامار و تیرۆر و ستەمی دەوڵەت. واتا دەوڵەت، بۆ درێژەدان بە ستەمی نەتەوەیی، لە تێزی فیکری و ئایدیۆلۆجیی شۆڤێنیستانەی ئەوانەوە، زێدە هێز(فائض القوه) و رەوایی ئەخلاقی و سیاسیی وەردەگرێت.



هەواڵنامەی کتێب

بەڵام ئەو ستەم و تیرۆرەی کە لە دژی کورد دەهێندرێنە بەرهەم و بوونەتە میکانیزمێکی دەوڵەتی، تەنیا لە سنووری کوردستاندا بەند نەبوون و نابن، بەڵکو وەک هەر میکانیزمێکی دیکەی دەوڵەتی، لە تەواوی سنووری جیۆگرافیای دەسەڵاتی دەوڵەتدا، کاری خۆیان دەکەن. واتا بەرهەمهێنانی ستەم و تیرۆر دژی کورد، تەنیا ئەوەندە لە سنووری پەلاماردانی کورددا ماونەتەوە تا هێندراونەتە بەرهەم و بوونەتە میکانیزم و ڕێبازی دەوڵەت. بەڵام دوای ئەوە کۆنترۆڵ نەکراون و ناکرێن، بۆیە گەلانی سەردەستیش، بوونەتە قوربانیی ئەو ستەم و تیرۆرە. بەرای من تێنەگەیشتن لەم راستییە، تەنگژە (دیلێما-مەئزەق)ێکی بۆ ئایدیۆلۆجیا و بزاڤی سیاسیی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دروستکردووە.

ئەگەر داگیرکردنی کوردستان و ئەو ستەمە فراوانەی ئە دەوڵەتانە بەرامبەر بە کورد دەیکەن، ئەنجامی کولتوور و نەریتی سیاسی و مێژووی ئیمپراتۆریاکانیان بێت، ئەوا داگیرکردن و ستەمەکە، بوونەتە هۆکارێکی دیکەی بەردەوامبوونی ئەو کولتوور و نەریتە سیاسییە. چونکە ئەو داگیرکردنە، خۆی لە خۆیدا، شێوەی داپڵۆسین و تیرۆر و کولتووری تایبەت بە خۆی هێناوەتە بەرهەم و بۆتە هۆکارێکی دیکەی شێواندنی ژیانی سیاسی و کولتووریی ئەو نەتەوانە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو دەوڵەتە ناسیۆنال خێڵەکییانە، بە هۆی داگیرکردنی کوردستانەوە، دەرفەتی ئەوەیان لە بەردەم نەتەوەکانیاندا نەهێشتۆتەوە، کە بە جۆرێکی سروشتی، گەشە بە کولتوور و ژیانی سیاسیی خۆیان بدەن. خولیا و ئامانجی راگرتنی کوردستان بە بندەستی، لەنێو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتانەدا، بوونەتە هۆکارێکی نێگەتیڤی دیکە، کە لە پاڵ ئەو هۆکارە مێژووییانەی لە بەشەکانی دیکەدا باس کران، راستەوخۆ کاریان لە سروشت و رێبازی سیاسیی ئەو دەوڵەتانە کردووە. دەرفەتی گونجاوی زیاتریان بۆ تیرۆر و دیکتاتۆریا و بەمیلیتارکردن رەخساندووە. لە ئەنجامدا بوونەتە کۆسپێکی دیکە لە رێی پێشکەوتن و دیموکراتیدا .

داگیرکردن و کۆلۆنیالیزم بە هۆی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ستەم و تیرۆر و دیکتاتۆریا رادەگیرێت. ئەمە لای گەلە ژێردەستەکە دیاردەی دژ بە کۆلۆنیالکردن، یان داکۆکی و بەرهەمهێنانەوەی داکۆکی دەخوڵقێنێت. ئەو دوو دیاردە پێکناکۆک و دژ بە یەکە، جەوهەری ناکۆکیی نێوان هەردوو لایەنە دژەکە پێکدێنن. پەرەگرتن و توندبوونی هەر یەکێکیان دەشێت، لەم یان لەو قۆناغەدا، گەشە بەوی دیکەیان بدات. لە هەمان کاتدا هەردوو دیاردەکە، بە درێژایی دەیان ساڵ، راستەخۆ کار لە کەسایەتی و سایکۆلۆجیای نەتەوەیی و کولتووری هەردوو نەتەوە داگیرکەر و داگیرکراوەکە، کۆلۆنیالیست و

کۆلۆنیالکراوەکە دەکەن.

داگیرکردن کەمترین دەرفەت بۆ دیموکراتی و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ ناهێڵێتەوە، چونکە دیموکراتی کۆتایی بە داگیرکردن دەهێنێت. کەچی توندوتیژی و تیرۆر و دیکتاتۆریا و میلیتاریزم، زەمینەی بەردەوامبوونی داگیرکردن خۆشتر دەکەن.

دیاردەی توندوتیژی و تیرۆر، لە وڵاتانی داگیرکەردا، لە بنەڕەتدا لە دژی گەلە ژێردەستەکە و بە مەبەستی بەردەوام بوونی داگیرکردنەکە دەهێدنرێنە بەرهەم. بەڵام ئەم دیاردانە، وەک وتمان، لە سنووری گەلە ژێر دەستەکەدا نامێننەوە و تەنیا لە دژی ئەو پەیڕەو ناکرێن، بەڵکو وەک میتۆد و شێواز، نەتەوەی سەردەستیش دەگرنەوە. بۆیە دەکرێت بپرسین:

کام وڵاتی ڕۆژهەڵات نێوین (جگە لە سودان کە لەوێش گیروگرفتی نەتەوەیی و ئاینی هەیە) هێندەی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دەوڵەتی دیکتاتۆری، تیرۆریستی و میلیتاری و شەڕخوازانەیان بە خۆیانەوە دیوە؟

ئەگەر بەهانەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات و ڕێگرتن لە جوداخوازی نەبوایە، ئایا ئەو دەوڵەتانە دەیانتوانی هێندە بێباکانە و بێ بەربەست، پەنا بۆ توندوتیژی و داپڵۆسین و ئیستیبداد ببەن؟

ئەگەر کۆلۆنیالکردنی کوردستان نەبوایە، کام مەسەلەی

دی دەیتوانی پاکانە بۆ مێژووی حەفتا ساڵەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی تیرۆر و داپڵۆسین و حوکمی میلیتاری، لەو وڵاتانەدا، بکات؟

ئەگەر بە ناوی مەترسی کورد و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتەوە نەبوایە، ئایا ئەو نەتەوانە ئەو هەموو بێدادی و ستەمەیان لە دەوڵەتە ناسیۆنالەکانیان قبوول دەکرد، کە بەرامبەریان دەکرێت، لە کاتێکدا کە زۆربەی ئەو دەوڵەتانە، بە هەزاران رۆڵەی ئەو نەتەوانەیان، لە شەڕی دژ بە کورددا، بە کوشت داون.

بۆچی تەنیا لە عێراق و سووریادا، دوو حیزبی نایسیۆنالیستی شۆڤێنی و تیرۆریستی، وەک بەعس، دەسەڵاتی سیاسی دەگرنە دەست؟ لەوەیش زیاتر بۆچی شۆڤێنیزم، لەو دوو وڵاتەدا، لە هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی بەهێزترە؟

هەواڵنامەی کتێب

نەتەوەیەک کاتێک نەتەوەیەکی دیکە ژێردەست دەکات، ئەوا لە ئەنجامی ئەم ژێردەستکردنە و بەردەوامبوونیدا، بێئاگایانە تووشی جۆرەها شێواندنی کولتووری، سایکۆلۆجی و رۆحیی دەبێت. گیانی مەزنخوازی، شۆڤێنیستی و بەسوکروانین بۆ خەڵکی دی، لە لای زیاد دەکەن و دەبنە بەشێک لە کەسایەتی و سایکۆلۆجیای نەتەوەیی و کولتوورەکەی. ئەوان دەبنە دیلی مێژوویەکی پڕ ستەم. کولتوور و مێژووی داپڵۆسین و مەزنخوازی و

شـۆڤێنیزم دێننــەوە بەرهــەم. بەمــەیش ئــازادیی خۆیــان لەدەست دەدەن*.

ئایا ئەو هـەموو توندوتیژی و بەربەرییەتـەی لەشکری هەرکەسێک نەتەوە داگیرکەرەکەی کوردستان، بەرامبەر بە ئێمـە دەینوێنن، کـارێکی رێکەوتـە، یـان ئـەنجامی دڕنـدەیی رێژیمی سیاسیی ئەو وڵاتانەیە؟ یاخود بەشێکە لە کولتوور و نەریت و مۆڕاڵی نەتەوەیی داگیرکەر و کۆلۆنیالیست، کە هێشتا زەمینـەی بەردوامبوونیان هـەر ماوە و لە فۆڕمی نوێدا خۆیان دێننەوە بەرهەم.

## II

کۆلۆنیـالیزم و داگیرکـردن لـە بنەڕەتـدا پشـت بـە هێـز دەبەسـتن. بۆیـە بەرهەمهێنانــەوە و گردبوونــەوەی هێــز، گەرەنتییــەکی گــەورەی بــەردەوامبوونی کۆلۆنیــالیزم و داگیرکردنن. لێرەدا هێز لـەوە دەردەچێت کە تـەنیا ئامرازی خۆپاراستن بێت، بـەڵکو دەبێتـە ئامرازێکیش بۆ پـەلامار و سـەرکوتکردن و تیرۆر. واتـا هێز، خۆی لـە خۆیدا، دەبێتـە بەهایەکی موتڵەق، دەبێتە ئامانج.

بـەڵام کاتێـک هێـز لـە ئـامرازی خۆپاراسـتنەوە دەبێتـە ئامرازی پەلاماردان، لە هۆکارەوە دەبێتە ئامانج، ئەوا هێنـدە دەهێندرێتـە بەرهـەم، کـە وەک هـەر کـاڵا (شـمەک)ێکی زۆر

هەواڵنامەی کتێب

بەرهەمهێندراوی دی، کەڵەکە دەبێت و لە سنووری خۆی زیاد دەبێت. سەرەنجام، وەک هەر شمەکێکی بەرهەمهێنراوی کەڵەکە بوو، بارگرانی دروست دەکات و پێویستی بە ناردنە دەرەوە دەبێت.

داگیرکردنی دەیان ساڵەی کوردستان بۆتە هۆیەکی کەڵەکەبوونی هێز لای دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، کە سەرەنجام ئەو هێزانەیان ناردۆتە دەرەوەی سنووری خۆیان:

ـ تورکیا لە ساڵی 1974 دا هێزە لە خۆزیادەکەی ناردە قوبرس و تا ئێستایش داگیری کردووە. هێرشی عەسکەریی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باشووری کوردستان و سروشتی شەڕفرۆشانەی تورکیا، کە هێشتا جەنەڕاڵەکان بەڕێوەی دەبەن، هێندە ئاشکران، کە پێویست بە باسکردن ناکەن.

ـ سووریا لەبەر هەمان هۆکار، رەنگە لەبەر هۆکاری روو بە روو بوونەوەی ئیسرائیلیش، لە ساڵی 1976 دا لوبنانی داگیرکرد و زیتر لە سی ساڵ تییدا مایەوە.

ـ ئێران، لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا، سێ دوورگەی کەنداوی فارسی داگیرکرد و تا ئێستا دەستی بەسەردا گرتوون.

ـ عێراق لە ساڵی 1980 دا هێزە بەرهەمهێندراوە لەخۆ زیادەکەی، بە شەڕفرۆشتن بە ئێران، دواتریش بە داگیرکردنی کوێت، خەرج کرد.

ئایا ئەم دیاردانە ڕێکەوتن و هیچ پەیوەندییان بە داگیرکردنی کوردستان و هۆکاری مێژوویی داگیرکردن و کولتووری ئەو سێ نەتەوەیەوە نییە؟

ئایا بە درێژایی ئەم چارەکە سەدەیەی دوایی کام دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی نێوین (جگە لە ئیسرائیل کە لە حاڵەتی خۆپاراستن- پەلامار دایە) هێندەی ئەم دەوڵەتانە دیاردەی ناردنە دەرەوەی هێز، واتا شەڕفرۆشتنی پێوە دیار بووە؟

ئەم دیاردەی نارنەدەرەوەی هێز و ئەم گیانی شەڕخوازییەی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، ئەگەر لە داگیرکردنی کوردستان و لە رابردووی مێژوویی ئەو نەتەوانەوە سەرچاوەیان نەگرتبێت، لە کوێوە هاتوون؟

بەڵام کەڵەکەبوونی هێز و بەرهەمهێنانەوە و ناردنە دەرەوەی هێز، تەنیا مەترسی بۆ گەلی کوردستان و گەلانی دراوسێ نییە بەڵکو، لەهەمان کاتدا، هەڕەشە لە چارەنووسی نەتەوەی سەدەستیش دەکات. چونکە بە هۆیەوە خۆی تووشی شەڕ دەبێت: شەڕی وڵاتانی دراوسێ، کە دەکەونە بەر پەلاماری دەوڵەتەکەی، شەڕی نێوخۆ کە بەسەر نەتەوەی بندەستدا دەسەپێندرێت.

ئەمەیش باجێکی دیکەیە کە نەتەوەی داگیرکەر دەیدات و بە هۆیەوە لە ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بێ بەش دەبێت. لە هەمان کاتدا ئەم مەسەلەیە، ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ئاشتی و ئارامیی ناوچەکە و جیهانیش دەکات.

کەواتا وەک چۆن رزگاربوونی کوردستان بە قازانجی نەتـەوەی کـوردە، بـە هـەمان شـێوە بـە قـازانجی نەتـەوە سەردەست و داگیرکەرەکانی کوردستان و بگرە بە قازانجی ئاشتی و ئارامیی ناوچەکەیشە، چونکە:

یەکـەم: رزگـاربوونی کوردسـتان بەهانـەی مانـەوەی دیکتاتۆریا و ئیستیبداد لە تورکیا، ئێران، سوریا و عێراق و سـتەمی نەتەوەیـی و مەزهەبـی، ناهێڵێـت و دەرەتـانی سـەرهەڵدانی دیمـوکراتی و پارێزگـاریی مـافی مـرۆڤ، لـەو وڵاتانەدا، دەڕەخسێنێت.

دووەم: نەتـەوە سەردەسـتەکان، دەرفـەتێکی نوێیـان بـۆ دەڕەخسێت، تا خۆیان لە کولتووری ستەم و داپڵۆسین و شـۆڤێنیزم دەبـاز بکـەن. لەسـایەی ژیـانێکی ئـارام و ئاشتییانەدا، رووە و دیموکراتی و پێشکەوتن بڕۆن.

سێیەم: ئاشتی و ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە، کە بەهۆی مـەیلی خۆسـەپاندن و کۆیلـەکردنی کـورد و کەڵکـەبوونی هێـزی عەسـکەریی ئـەو دەوڵەتانـەوە لـە مەترسـی دان، دەپارێزرێن.

..........................................

*** لە باسێکی دیکەدا ئەم مەسەلەیە زیاتر روون کراوەتەوە. بڕوانە:**

**رەفیق سابیر، بەرەو مێژوو، بەشی چوارەم، سوێد** 1991

هەواڵنامەی کتێب

# ئەنجام

ئیسلام، وەک هەر ئاینێکی دی، هیوایەکی نوێی بە مرۆڤ بەخشی. لە هەمان کاتدا گۆرانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی بە سەر کۆمەڵی دوورگەی عەرەبدا هێنا. عەرەب، بە هۆی ئیسلامەوە، لە قۆناغی جەهالەت و بەداوەتەوە، گوێزرایەوە بۆ قۆناغی شارستانەتی، لە نەتەوەیەکی پێش مێژووەوە، هێنرایە نێو ناوەندی مەیدانی مێژوو.

بەڵام ئیسلام هەر لە سەرەتاوە مەحکومی دوو شت کرا: سروشتی خێڵایەتی- بەداوەتی کۆمەڵی دوورگەی عەرەب، گۆڕینی ئیسلام لە ئایینێکی ئاسمانییەوە بۆ ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت.

ئەگەر گۆڕینی ئیسلام بۆ بزاڤێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت یاریدەدەرێکی گەورەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام بوو بێت، لە کۆمەڵگایەکی بەدەویدا، کە توندوتیژی و شەڕ رەگەزی سەرەکی کولتوورەکەی بوون، ئەوا خودی ئەم پرۆسێسەم زەمینەی ناکۆکی و

ناتەبایی لەنێو موسوڵمانانداندا رەخساند.

هەروا ئیسلام، لە ئەنجامی بە ئایدیۆلۆجیابوون و خۆبڵاوکردنەوە، بە زەبری توندوتیژی، هێز، شەڕ و داگیرکردن، وەک ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی، خۆی لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری خێڵەکیدا گونجاند. لە سەرێکی دیکەوە خەڵکی خێڵەکیی دورگەی عەرەبی کردە ئامرازێکی بەکار و سەرەکیی خۆی. لە بەرامبەر ئەمەدا خەڵکەکەش، بە کولتوور و نەریتی دێرینی بەدەوییانە و زەبرپەرستانەیانەی خۆیانەوە، ئاینیی ئیسلامیان کردە ئامرازێکی دەستی خۆیان، بۆ بەرژەوەندیی خۆشیان، بەکاریان هێنا. بە ناوی ئیسلامەوە توانییان درێژە بە کولتووری بە دەوییانە و غەزو و تاڵان بدەن.

دواتریش، کاتێک خێڵە بەدووە عەرەبەکان بە وڵاتانی جۆربەجۆردا بڵاو بوونەوە و تیایاندا نیشتەجێ بوون، شەپۆلی خێڵە بەدوو و رەوەندەکانی تورک و مەغۆل روویان لە ناوچەکە کرد. ئەو خێڵانەش، هەر بەپێی هەمان نەریت و بە هەمان شێوەی خێڵە بەدووە عەرەبەکان، سودیان لە ئیسلام بینی. ئەوانیش تا توانییان بە ناوی ئیسلامەوە وڵاتانی دیکەیان تاڵان و وێران کرد. ئەو شارستانەتییەی مسوڵمانەکان دایانمەزراند بوو، تورکەکان و مەغۆلەکان وێرانیان کرد و گەلانی بندەستی خۆیان بەرە و تاریکترین سەردەم برد.

له ماوەی زیاتر لە دوازدە سەدەدا، سێ ئیمپراتۆریای ئیسلامیی مەزن لە ناوچەکەدا دەرکەوتن:

ئیمپراتۆریای عەرەبیی ئیسلامیی سوننەمەزهەب، ئیمپراتۆریای عوسمانیی سوننەمەزهەب و ئیمپراتۆریای ئێرانیی شیعەمەزهەب. ئەم سێ ئیمپراتۆریایە، لەگەڵ جیاوازیی سەردەم و تایبەتمەندیی کولتووری و ئێتنیکی و ڕێبازی سیاسی و شێوازی حوکمڕانییاندا، سێ خەسڵەتی هاوبەشیان هەبوو:

1- هەرسێک ئیمپراتۆریا ستروکتووری کۆمەڵایەتییان، خێڵ و بە داوەت بوو، واتا خێڵە بەدووەکان هێزی سەرەکی و داینەمۆی ئەم سێ ئیمپراتۆریایە بوون.

2- هەرسێک ئیمپراتۆریا ڕەوایی بوونیان، بەهانەی داگیرکردن و ستەم و کوشتاری نەیارانی خۆیان، لە ئاینیی ئیسلامەوە وەردەگرت. واتا سیستمی ئایدیۆلۆجی و فیکری و زانینییان لەسەر بنچینەی ئاین دەمەزراندبوو.

3- هەرسێک ئیمپراتۆریا لە بنەڕەتدا پشتیان بە ئابووریی غەنیمەت و تالان، یان ئابووریی خەراجی بەست بوو.

هەروا هەرسێک ئیمپراتۆریا، بە نۆرەی خۆیان، هەموو کوردستان، یان بەشێکی کوردستانیان، داگیر کردبوو.

دیاردە لە پاڵ ئەم سێ ئیمپراتۆریایەدا، کۆمەڵە دەوڵەتێکی دیکە، لە پەراوێزی ئەواندا لە ناوچەکەدا،

دەرکەوتن. ئەوانیش هەمان ستروکتووری کۆمەڵایەتی و سیستمی ئایدیۆلۆجیی ئیمپراتۆریاکانیان هەبوو.

ئەو کولتوور و نەریتە سیاسییەی ئیمپراتۆریا ئیسلامییە تیۆکراتییەکانی عەرەبی، عوسمانی و ئێرانی (بە دەوڵەتەکانی پەراوێزیشیانەوە) لە مێژوویی خۆیاندا هێنایانە بەرهەم، بوونە بەشێک لە ژیانی فیکری، کولتووری و سیاسیی گەلانی ناوچەکە. دواتر دەوڵەتانی ناسیۆنالی تورک، فارس و عەرەب، ئەم کولتوور و نەریتە سیاسییەیان، سەرلەنوێ لە فۆرمێکی دیکەدا، هێنانەوە بەرهەم. بەڵام لەگەڵ جیاوازییەکدا ئەویش ئەوەبوو، کە سروشت و سیستمی ئایدیۆلۆجیی دەوڵەت، لە ئاینییەوە گۆڕدرا بە ناسیۆنالیستی.

هەر بەم پێیە ستەمی دەوڵەت، بە پلەی یەکەم دژی غەیرەدین و غەیرەمەزهەب نەبوو. بەڵکو، بە پێی سروشتی ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستی، لە دژی نەتەوە و کولتووری لەخۆ جیاواز، واتا لە دژی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئەو دەوڵەتانە بوو. ئەو نەتەوانەی بە دوور لە ویست و خواستی خۆیان، بۆ نموونە کورد، خرانە نێو چوارچێوەی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک، فارس و عەرەب و کرانە ((موالی)) نوێی نێو ئەم دەوڵەتانە. وەک موالییەکانی ناو ئیمپراتۆریاکانی ئیسلام، بە هاووڵاتیی پلە دوو تەماشا دەکران و هەر ستەمێک بەرامبەریان، لە دیدی زۆرایەتیی دەسەڵاتدار و بە ناوی بەرژەوەندی نەتەوە و پاراستنی

هەواڵنامەی کتێب

یەکبوونی خاکی وڵاتەوە، بە ڕەوا داندراوە و دادەندرێت.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ،بیری رۆشنگەری و ئازادی و یەکسانی گەیشتنە وڵاتانی بندەستی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێران. ئەو بیرانە، لە سەرەتادا، بزاڤێکی بەهێزی کولتووری و سیاسییان دروست کرد. روناکبیرانی ئەو وڵاتانە، بە ئیلهاموەرگرتن لەو بیرانە، کەوتنە خەبات بۆ ئازادی و ریفۆرم و دابینکردنی ژیانێکی دەستووری. بەڵام نە بارودۆخی نێوخۆ و نە هۆکاری دەرەکی، بە قازانجی گەشەکردنی ئەو بیرانە بوون. هێشتا زەمینەی گونجاوی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری، بۆ ئەو جۆرە بیرانە نەڕەخسا بوون. هەروا هۆکاری دەرەکی، بەهێزبوونی نفوزی ئابووری و سیاسیی سەرمایەداریی جیهانی و کۆلۆنیالیزم لەو وڵاتانەدا، بە قازانجی بیری رۆشنگەری و بزاڤی دیموکراتی نەبوون. بۆیە هەر زوو ئەم بیرە نوێیانە، لەناو کولتووری ستەم و داپڵۆسیندا، نقوم کران. لەو دۆخەدا ناسیۆنالیزم، لە هەر کام لەو وڵاتانەدا، بە شێواوی و فەلەجی لە دایک بوو، چونکە نە بەرهەمی گەشەکردنێکی سروشتیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی بوو، نە ناسیۆنالیزمێکی خۆڕزگارکار بوو. بەڵکو ناسیۆنالیزمێکی پەیڕەوکار و پاشکۆ بوو، کە تاکە ئامانجی ئەوە بوو یان دەست بە سەر زۆرترین میراتی جیۆگرافیی ئیمپراتۆریادا

بگرێت، بۆ نموونە تورکیا و ئێران. یان سنووری دەوڵەتی ناسیۆنال، کە کۆلۆنیالیزم دیاری کردبوو، بپارێزێت بۆ نموونە عێراق و سووریا. بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجانەش، ناسیۆنالیستانی ئەو وڵاتانە، نەک هەر پشتیان کردە هەر پرۆژەیەکی رۆشنگەری و دیموکراتی و ژیانی دەستووری، بەڵکو بوونە جەللادێکی ئەو نەتەوە و کەمە نەتەوەییانەی کە کەوتبوونە نێو سنووری جیۆگرافیی دەوڵەتەکانیان. چونکە دەیانویست یەکبوونی جیۆگرافیی دەوڵەتەکانیان، بە هۆی یەکبوونی پێناس (هەویە- شوناس)ی نەتەوەیی و کولتوورییەوە بپارێزن. ئەمەش تەنیا لە رێگەی پەلاماردان و لەناوبردنی لایەنی ئێتنیکی و کولتووریی جیاوازەوە دەهاتە دی.

دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی ئەورووپایی، کە رەنگرێژی ئەم سیاسەتە بوون، کۆمەکیان بەو هێز و لایەنانە کرد، کە ئامادە بوون بەرژەوەندیی ستراتیجی و ئابووریی ئەوان بپارێزن. بەو جۆرە ناسیۆنالیستانی ئەو وڵاتانە، بە مەبەستی سەرخستنی پرۆژەی ناسیۆنالیستیی خۆیان و بۆ پاراستنی سنووری جیۆگرافیی دەوڵەتەکانیان، کە بەشێکی وڵاتی خەڵکی دیکەی پێوە لکێندرابوو، بوونە پۆلیس و جەندرمەی کۆلۆنیالیستان. لە بەرامبەر ئەوەشدا دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی، زۆرترین کۆمەکیان بەو هێز و دەوڵەتە ناسیۆنال خێڵەکییانە و بە چەسپاندنی سنوورەکانیان کرد.

لە ئەنجامدا ناسیۆنالیزم و سیستمی ئایدیۆلۆجیی

هەواڵنامەی کتێب

دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک، فارس و عەرەبی عێراق و سووریا، بە کولتووری نێگەتیڤی کۆلۆنیالی متوربە کران.

ئەو دەوڵەتە ناسیۆنال خێڵەکییانە، کە جۆرە پاشماوەیەکی ئیمپراتۆریایین، هەمان خەسڵەتی خێڵەکیی ئیمپراتۆریاکانیان وەرگرتووە. وەک ئەوان ئایدیۆلۆجیایەکی خۆبەموتڵەقکراویان هەیە، کە لە جیاتیی ئەوەی ئایینیی بێت ناسیۆنالیستییە. هەریەکەیان، دیسان وەک ئیمپراتۆریاکانیان، بە نۆرەی خۆی، بەشێکی کوردستانی داگیر کردووە. تالانکردنی کوردستان بەشێک لە ئابووریی غەنیمەت و خەراجیی ئەم دەوڵەتانە پێک دێنێت.

بەڕای من سیستمی ئایدیۆلۆجی و نەریت و کولتووری سیاسیی ئەو دەوڵەتانە، بەرهەمێکی متۆربەکراوی کولتووری نێگەتیڤی ئیمپراتۆریاکانی ناوچەکە و کولتووری نێگەتیڤی کۆلۆنیالین. ڕەنگە لەبەر ئەمە بێت کە ئەو دەوڵەتانە، لە هەندێک ڕووەوە، هەم لە ئیمپراتۆریاکان و هەم لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی توندوتیژتر و و شەرخوازانەتر بوون. تا ئێستاش کەمترین ڕەگەزی ڕۆشنگەرییان پێوە دیار نییە. مەسەلەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و باوەڕبوون بە مافی ئازادی و خۆبڕیاردانی چارەنووسی گەلان، بەوان نامۆن.

بۆیە ڕێبازی سیاسی و بەربەریزمی زیاتر لە حەفتا ساڵەی ئەو دوڵەتە ناسیۆنال خێڵەکییانە، بەرامبەر بە گەلی کوردستان بە ئەندازەیەک دڕندانەیە، کە زەحمەتە لەگەڵ

هیچ دەوڵەتێکی کۆلۆنیالدا، بەراورد بکرێن. ئەمەش هەر ماهییەت و ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆجیا و ڕێبازی سیاسیی ئەم دەوڵەتانە دەرناخات، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئاستی کۆمەڵایەتی, شارستانەتی و سروشتی کولتووری زاڵی ئەو نەتەوە سەردەستانەش پیشان دەدات.

ئەم نەتەوانە، لە مێژووی بەلای کەمی ئەم حەفتا ساڵەی خۆیاندا، ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەیان هێناونەتە بەهەم، کە دەتوانن پارێزگاریی ستروکتوور و کولتوور و نەریتەکانیان و پارێزگاریی سنووری دەوڵەتەکانیان بکەن. ئەمەش لە لایەکەوە تراجیدیایەکی نەتەوەیی و ئینسانیی بۆ ئێمەی کورد داهێناوە. لە لایەکی دیکەوە چەپەرێکی گەورەی لە بەردەم پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی, کولتووری و بە شاریستانەتیبوونی ئەو وڵاتانەدا دروست کردووە.

بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە دیسان خۆی دەسەپێنێتەوە:

ئایا زۆرایەتییەکی دەسەڵاتدار، کە لە مێژووی خۆیدا قەت ڕێزی لە مافی کەمایەتیی ئاینی، مەزهەبی و نەتەوەیی نەگرتووە، دەتوانێت لە زمانی کەمایەتیی بێدەسەڵات تێ بگات؟.

ناوەڕاستی دیسەمبەری 1997

ئۆپسالا- سوید

# سەرچاوەكان

## بە كوردی


1- د. جەبار قادر، هاوكاریی دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان دژی گەلی كورد، رابوون، ژمارە 16، 1996

2- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی كوردی نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژئاواییە، سوید 1984

3- رەفیق سابیر، بەرەو مێژوو، سوێد 1991

4- رەفیق سابیر، گەشەكردنی بیری رۆشنگەری و سیاسیی لە كوردستاندا(1898-1914) رێگای ئاشتی و سۆسیالیزم، ژمارە 13، 1988

5- ساڵح محەمەد ئەمین (نەوشیروان مستەفا) كورد و عەجەم، مێژووی سیاسیی كوردەكانی ئێران، 1992

6- سڤێن لیندكڤیست، درِندەكان تاكبڕ بكەن، وەرگێڕ: رێبوار رەشید، سوێد 1995

7- د. عبدالرحمن قاسملۆ، كوردستان و كورد، وەرگێڕ: عەبدوڵڵا حسن زادە، بنكەی پێشەوا 1973

8- عبدالقادر كوڕی رۆستەمی بابان، رەوشی كوردان مێژووی كوردان، وەرگێڕ: كەریمی حیسامی، سوێد 1991

9- د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، ((تێگەشتنی راستی)) و شوێنی لە رۆژنامەی كوردیدا، بەغدا 1978

10- د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، دەربارەی سروشتی راپەڕینە گەورەكەی ساڵی 1925 لە كوردستانی توركیادا، گۆڤاری

کوردستان، ژ.2، 1970
11– مارتین ڤان برووننەسێن، جینۆساید لە کوردستان، وەرگێڕ: حەسەنی قازی، رابوون ژ.12، 1994
12– مارتین ڤان برووننەسێن، ئاغا و شێخ دەوڵەت، وەرگێر: کوردۆ، بەرگی یەکەم، بنکەی رۆژ، سوێد، 1996
13– مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، 1992

## به عەرەبی و فارسی

1 – احمد الزبیدی– البناء المعنوی للقوات المسلحه العراقیه، بیروت، دار لاروضه، الطبعه الاولی–1990
2 – أبن خلدون، المقدمه، دار العوده، بیروت 1981
3 – الدکتور بلەچ شێرکۆ، القضیه الکردیه، 1930
4 – بندلی جوزی، من تأریخ الحرکات الفکریه فی الأسلام، ط 3، دار الجلیل، 1982
5 – حسین مروه، النزعات المادیه فی الفلسفه العربیه الأسلامیه، الجزء الثانی، دار الفارابی، بیروت 1979
6 –حسن العلوی، الشیعه والدوله القومیه فی العراق (1914–1990)
7 –جرجیس فتح الله، النفط قرر مصیر کردستان السیاسی–مجله الثقافه الکردیه – لندن –العدد 2 أذار 1990
8 – جلال الطالبانی، کردستان والحرکه القومیه الکردیه، بغداد 1970

9 – رجاء حسين الخطب، العراق بين 1921 –1927، دراسه فى تطور العلاقات العراقيه البريطانيه، جامعه بغداد
10 – سمير أمين–برهان غليون، حوار الدوله والدين، المركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، ط1 1996
11– دكتور السيد عبدالعزيز سالم، تأريخ العرب فى الجاهليه، مؤسسه شباب الجامعه، 1988
12– صادق جلال العظم، ذهنيه التحريم، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكيه فى العالم العربى، نيقوسيا 1994
13–عبدالكريم الازرى، مشكله الحكم فى العراق، لندن 1991
14– عزيز شريف، المسأله الكرديه فى العراق، ط 3، مطبعه الشهيد جعفر 1988
15– على الشابى، الشيعه فى ايران، التونس، 1980
16– الدكتور على الوردى، دراسه فى طبيعه المجتمع العراقى، المكتبه الحيدريه 1996
17– الدكتور على الوردى، مهزله العقل البشرى، طبعه2 دار كوفان لندن 1994
18– فالح عبدالجبار، الماديه والفكر الدينى المعاصر، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكيه فى العالم العربى، ط.1 1985
19– القرآن الكريم لەگەڵ وەرگێرانی بە زمانی کوردی، وەرگێر: مامۆستا محەمەد ساڵح ئیبراهیمی. ناشر: ستاد منطقه2 کشوری سازمان تبلیغات اسلامی، 1421 ئێران
20– د. كمال مظهر أحمد، دراسات فى تأريخ أيران الحديث والمعاصر، بغداد، 1985
21 – د. كمال مظهر أحمد، دور الاكراد فى ثوره العشرين

العراقيه، بغداد 1978
22 – لوتسكى، تأريخ الاقطار العربيه الحديث، دار التقدم، موسكو 1984
23 – لورانت شابرى، آن شابرى، سياسه واقليات فى الشرق الادنى، ترجمه د.ذوقان قرقوط، مكتبه مدبولى القاهره
24 – م. ا. حسرتيان، القضايا القوميه فى تركيا، ترجمه: سيامند سيرتى، 1991
25 – د.محمود اسماعيل، الحركات السريه فى الاسلام، روز اليوسف، مصر 1973
26 –دراسات كرديه، پاريس، العدد7–3 السنه الثالثه 1992
27 – م. س. لازيف، الكرد والمسأله الكرديه، الثقافه الجديده، العدد 155 حزيران 1984
28 – م. س. لازايف، المسأله الكرديه (1917 –1923) ترجمه د. عبدى حاجى، دار الرازى، بيروت 1991
29 – هادى العلوى، فصول من تأريخ الاسلام السياسى، نيقوسيا، – قبرص 1995
30 – احمد رناسى، جنبشهاى انقلابى ايران،المان غربى، 1366
31 – احمد كسورى، بهائيگرى شيعيگرى صوفيگرى، انتشارات نويد 1989
32 – ج. ج. ساندرز، تأريخ فتوحات مغول، ترجمه ابو قاسم حالت، انتشارات امير كبير، تهران 1361
33 – دكتر عبدالحسين زركين كوب، دوو قرن سكوت، چاپ ششم، أنتشارات نويد (المان غربى) 1368
34 – مرتضى راوندى، تأريخ أجتماعى أيران، حيات اقتصادى مردم أيرانيان أز أغاز تا ايمروز، چاپ دوم، 1364

هەولێرنامەی کتێب

# سەرچاوەکان بە ئینگلیزی و سوێدی


1 -Bauder,Ingegerd, Iran under shaher och mullor, Inte bara Shi,a En bok om Iran, Stocholm 1992

2 - Bruinessen Martin van, Agha, Shaikh and State: On the Social Political Organization of Kurdish, London 1982-

3 - Gunter, Michael M., The Kurds in Turkey, A political Dilemma, Westview Press, USA, 1990

4 - Hjärpe,Jan, Araber och arabism, Raben Prisma, Svergige 1994

5 - Johansson, Rune, Nationer och nationalism: Teoretiska och empiriska aspekter, Den problematiska etniciteten, Sven Tägil (red), Lund University Press 1993

6 - Karaveli, H. Magnus, Landet mellan öst och vast En historisk- politisk öersikt, Turkiet Bro eller barriär mellan Europa och Asien, Arena, Sverige 1997

7 - Kuutmann, Alar, Om Kurder, Statens invandraverk/SH, Linköping 1983

8 - Lamb, Harold, Djingis khan, Översättare: Claes Gripen-berg, Raben & Sjögren Stockolm

9 - Liedman, Sven-Erik, Från Palaton till Kmmmunismens fall, Bonnier Alba 1993

10 - National Encyklopedin-14, Bra Böcker 1994

11 - Norberg, Michael, Asiens historia Från forntiden till 1914, Natur och kultur, Stoockholm 1971

12 - pettersson, Jan-Olof, Tysnad i Turkiet, Utrikespolitiska Institutet 1971

13 - Reichman, Hannes-Alexander Foggensteiner, Den kur-diska knuten, Översättning: Anna Helleskog, Tryckeriförlaget, Täby-Svrige 1989

14 - Svanberg, Ingvar Svanberg (red), Turkiet Bro eller bar- riär mellan Europa och Asien,Arena,Svergie 1997

15 - Utas, Bo, Islam som politisk factor i dagens Iran och Afganistan, Islams mangfald,Svenska Afganskakommitten, 1991

16 - Wiberg, Håkan,Identitet och konflikt, Stat Nation Konflikt, Bra Böcker, 1996

17 - Yasin, Borhanedin A., Vision or Reality, The kurds in the Policy of the Great Powers, 1941-1947, Lund University Press, 1995